# گی دو موپاسان

# دووو هاوڕێ

# و

# چەند چیرۆکێکی دی

و: حەمە کەریم عارف

## پێڕست


١ – دوو هاوڕێ

٢ – کورسی چاککەرەوە

٣ – دونی

٤ – سەرە پەتکێک

٥ – گورگ

٦ – ترس

٧ – بیرتا

٨ – پاسەوان

٩ – سەودایەک

١٠ – لە قیتاردا

١١ – سالوک

١٢ – شەفاعەتکار

١٣ – مارەیی

١٤ – سەربهوردی کارەکەرێک

١٥ – غوسڵی تەعمید

١٦ – کامەرانی

١٧ – بەسەر ئاوەوە

١٨ – دەست

١٩ – تاپۆ

٢٠ – ئەو کێیە

٢١ – کێ دەزانێ

له رۆژی وەرگێران (اليوم العالمى للترجمه ) پیروزبایی تایبەت لە ماموستا حەمە کەریم عارف بە تایبە تی و لە وەرگیرانی دەست پاک بە گشتی دەکەم، کە وا بە روح وهزری خزمەتکردنی مروڤەوە ئەم پیشەیەیان هە ڵبژاردووە .وابزانم جاریک بە زمانی ئەڵمانی سەبارەت بە وەرگێر(المترجم) قسەیەکی (وتاریکی) مونتسکیوی روح القوانين_م خویندەوە کە دەڵیت : وەرگێڕ (المترجم) بیرناکاتەوە ، یان وەرگێڕ لە جیاتی خەڵکی بیردەکاتە وە ..یانی بە ئیشی تەرجەمەی بیر ورای خەڵکەوە مەشغولە، وازی لە بیرکردنەوەی خوی هیناوە ..بەڵام کاتێک هەول وتیکوشان ورۆژ وشەونخوینیەکانی کەسیکی وەک ماموستا حەمە کەریم عارف دەبینم لە مەشغول بوونی بە تەرجەمەی ئەم هە موو بەرهەمە دانسقە وشاکارە نەمرانەی جیهانی بۆ سەر زمانی نیشتیمان و نەتەوەیەکی لە جیهان پەراوێزخراو ولەبیرکراو ..بە دەست خوم نییە کەوا لە ئاست ئەم دەربرینەی گەورە یاساناسیکی وەک مونتسکیوی فەرەنسی وجیهانی، بێویژدانیە کە ببینم، ئاخر هەر بەڕاست کەسیکی وەک ماموستا حەمە کەریم کە وا نیزکەی 40 سالیکە کاری وەرگێران دەکات بیری نە کردووەتەوە ..؟ ماموستا حەمە کەریم عارف نەک هەر بیرکردنەوەی وەلا نەناوە بەڵکو لە ئاست دواکەوتویی وبیکەسی نەتەوەکەی بیرکردنەوە خەو وخوراکی لێحەرام کردووە .. هەر سەبارەت بە وەرگێڕان پێمخوشە لە سەر ئەم رەئیەی بیرمەند وباسکاری ناوداری مەغربی عبدوسەلام بنعبدالعالی کە دەڵێت: وەرگێڕان وەک نەشتەرگەری قەیسەری وایە بو منداڵ هینانە دنیا (لە دایک بوون) . یانی وەرگێڕان وەک ئەوە وایە کە وا منداڵێک(دەقیک) بە سروشتی نایەتە دنیا( وەرناگێڕدرێت) بەڵکو بە واسیتەی عەمەلیەی قەیسەری (تەرجەمەوە) دکتور(المترجم) دەیهێنیتە دنیا ( تەرجەمەی زمانیکی تری دەکات).. ماموستا حەمە کەریم عارف شوکور ئەم دکتورە ناشیئە نیە (کەم ئەزموونە نیە) کە وا منداڵێک بەتە شەوهی خولوقی (التشوهات الخلقيه) بێنێتە دنیا یانی (ماموستا حەمەکەریم عارف هەتا ئیستا کاریکی نەکردووە لە مەجالی تەرجەمە کەوا جێی خوی نەگرتبێت)، ماموستا حەمە کەریم تا ئیستا ئەو کارانەی من لیم بینیوە لە مەجالی وەرگێڕان جێگای رەزامەندی وخوشحالی وسود پێگەیاندن بووە ..بەو هیوایەم ماموستا حەمە کەریم عارف تەمەنی زور بێت وهەمیشە پڕ بەرهەمی سودمەندبێت ..

دەیڤید سەلیم ١/ ١٠/ ٢٠٢١

# دوو هاوڕێ

پاریس ئابلۆقە درابوو، برسیەتی زۆری بۆ هێنابوو. چۆڵ بووبوو، چۆلەکە وتەیر وتوش بە سەربان و گوێسەبانانەوە نەمابوو، گەڕەک وبان چۆڵ وهۆڵ بوو. خەڵکی لە برسا هەموو شتێکیان دەخوارد.

بەیانی ڕۆژێکی خۆرەتاوی کانوونی دووەم، مسیو موریسوی سەعاتچی، کە ناوبەناو خەفارەتی دەگرت (خەفارەتگر: ئەمانە بە فەرەنسی پێیان دەگوتن پانتوفلارد، ئەو پیرە پیاوانە بوو کە لە ماوەی ئابلۆقەی سالانی ١٨٧٠ – ١٨٧١ ی فەرەنسا لە لایەن ئەڵمانەوە، نەدەبران بۆ بەرەکانی شەڕ، بەڵام لە ناوخۆدا، بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، خەفارەتیان پێدەگیرا.)

بە خەمباری بە شەقامە سەرەکییەکەدا ڕێی دەکرد، هەردوو دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نابوو، لە برسا قوڕەی سکی دەهات، لە ناکاوا لە بەردەم کەسێکی دیدا کە ئەویش پیاسەی دەکرد، وەستا، کە لێی ورد بووەوە برادەرێکی خۆی دەرچوو. مسیو سوڤاج بوو، یەکێک بوو لەو دۆست و ناسیاوانەی کە زۆرجار لە ڕەخی ڕوبار تووشی دەبوو.

موریسو، بەر لە شەڕ، هەموو سپێدەیەکی زوو دار حەیزەرانەکەی هەڵدەگرت، باوڵێکی تەنەکەی بە کۆڵیا دەدا و لە ئەرگانتوی سواری قیتار دەبوو و لە کولومب دادەبەزی و لەوێندەرەوە تا گراڤی مارانت بە پێیان دەڕۆیی. هەرکە دەگەییە ئەوێندەر بە پەت وقولاپ دەکەوتە ڕاوە ماسی و ئێوارەیەکی درەنگ دەزڤڕییەوە.

هەموو ڕۆژێکی یەک شەمموان، پیاوێکی تۆکمەی ڕووخۆشی لەوێندەر دەبینی کە نێوی سوڤاچ بوو. ئەم پیاوە بەزاز بوو، لە شەقامی نوتردام دولوریت دووکانی هەبوو، ئەویش وەکو ئەم مەراقی ڕاوە ماسی بوو. زۆرجار نیوەی ڕۆژەکەیان لە تەنیشت یەکەوەو بەدەم ڕاوە ماسییەوە بەسەر دەبرد. ئیدی ناسیاویان کەوتە بەین. هەندێ ڕۆژ هیچ قسەیەکیان بەیەکەوە نەدەکرد. هەندێ ڕۆژی دی قسەیان دەکرد، بەڵام چونکە هاو زەوق و هاو هەست بوون، بەبێ قسەش لێکدی حاڵی دەبوون و بەینیان خۆش بوو.

لە وەرزی بەهارا، دەوروبەری سەعات دەی بەرلە نیوەڕۆ، وەختایەک خۆر دنیای زێڕ وەشان دەکرد، تەنکە هەڵم سەری ڕوبارە ئارامەکەی دەگرت و دەگەڵ رەوتی ئاوەکەدا نشێو دەبووەوە و بەسەر شان و ملی ماسیڤانە سەرگەرمەکاندا دەڕژا، موریسو، ڕووی دەکردە دراوسێکەی ودەیگوت: " چ ڕۆژێکی خۆشە! " وسوڤاچ، بەرسڤی دەدایەوە:- وێنەی نییە.

ئیدی ئەمە بەس بوو، بۆ ئەوەی دۆستایەتیان خۆشبێ و قەدری یەکدی بگرن.

لێ لە وەرزی پاییزدا، دەمە خۆرئاوا، کە زەردەپەڕ ئاسۆی ئاڵ دەکرد ولە کلکەی هەورە ئاڵەکانەوە، بە جۆرەها شێوە دەڕژایە ڕوبارەکەو، ئاسۆی ئاڵ دەکردو وەکو گڕ لە نێوان جووتە هاوڕێکەدا بەرز دەبووەوە، هەموو ئەو دار و درەختانەی زێڕوەشان دەکرد، هەنگێ سوڤاچ تەمەشای موریسوی دەکرد و بەدەم بزەیەکەوە دەیگوت:- کە دیمەنێکی جوانە!

موریسو، بە شادییەوە، بێئەوەی چاوی لە تەپەدۆری قولاپەکەی کە بەسەر ئاوەکەوە سەمای دەکرد بگوازێتەوە دەیگوت:- باشە ئەمە لە پیاسە وگەڕانی سەر جادە باشتر نییە؟

هەرکە ئەو بەیانییە یەکتریان ناسییەوە، زۆر بە گەرمی دەستی یەکدییان گوشی وئەو دیدارە کە زۆر لە ڕابردوو، لە جاران جیاواز بوو، هەستی جۆشدانەوە. سوڤاچ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا ولە بن لێوانەوە گوتی:- چەند ڕۆژگارێکی ناخۆشە!

موریسو، برۆکانی وێکهێنایەوەو بە کەسەرەوە گوتی:- بەتایبەتی لەم کەشەدا! کە ئەمە یەکەم ڕۆژی خۆرەتاوی ئەمساڵمانە.

بەڕاستی، ئاسمان شین وساماڵ و پرشنگدار بوو.

ئەوسا، خەمین وخەواڵۆ شانبەشانی یەکدی کەوتنە ڕێ، موریسو، بەدەم ڕێوە گوتی:- دەنگ وباسی ڕاو؟ خۆزگەم بەو زەمانە، چەند خۆشبوو!

سوڤاچ پرسی:- کەی جارێکی دی بچینە ڕاوە ماسی؟

خۆیان کرد بە کافەیەکی بچووکا و بە دوو قوڵی بوتڵێ شەرابی " ئەفسنت " یان خواردەوە و ئەوسا بە سەر شۆستەکان کەوتن.

موریسو، لە ناکاوا وەستا وگوتی:- چۆنە بۆتڵێکی دیکەش هەڵدەین؟

سوڤاچ گوتی:- من ئامادەم.

خۆیان بە بارێکی دیکەدا کرد. وەختایەک وەدەرکەوتن تا ڕادەیەک سەرخۆش بوون. دنیا فێنک بوو، شنەبایەکی نەرم لە ڕووی دەدان. سوڤاچ، وەستا، هەوا فێنکەکە هێنایە جۆش وگوتی:- چۆنە بڕۆین بۆ ئەوێندەر؟

- بۆچی؟
- بۆ ڕاوەماسی.
- لە کوێ؟
- لە گراڤ ودورگەکەی خۆمان. بارەگاو بنکە سوپاییەکانی پێشەوەی لەشکری فەرەنسی لە نزیکی کولومپە. منیش کۆلۆنێل دومولان دەناسم، بێگومان بە ئاسانی ڕێمان دەدەن کە بڕۆین.

موریسو، لە کەیفان لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی، بۆیە گوتی:- زۆر باشە، لە گەڵت دێم.

لێکدی هەڵبڕان، دوای ماوەیەک هەرکەسە و بە کەرەستەی ڕاوی خۆیەوە هاتەوە.

دوای یەک سەعات، دوو بەدوو ملی ڕێگایان گرت و پاشان گەیینە ئەو ڤێلایەی کە کۆلۆنێلی تیا دەژیا، کۆلۆنێل بە ڕووخۆشی داواکەی قەبووڵ کردن. ئیدی بە مۆڵەتنامەوە بەڕێکەوتن.

بەپەلە لە بنکەکانی پێشەوە تێپەڕین وبە شاری چۆڵ و هۆڵی کولومپ دا ڕەت بوون، خۆیان لە نێو ئەو ڕەزانەدا بینییەوە کە بەرەو ڕوباری سین شۆڕ دەبوونەوە. دەوروبەری سەعات یازدە بوو.

لە کەرخی بەرانبەرا، شاری ئەرجانتوی لە گۆڕستان دەچوو، بەرزاییەکانی ئورجیمون وسانوا، دەیڕوانی بەسەر هەموو دەڤەرەکەدا. بەڵام ئەو دەشتەی بەرانبەری کە تا نانتیر دەڕۆیی چۆڵ وهۆڵ بوو. جگە لە دار گێلاسی ڕووت وقووت هیچی تری لێنەبوو.

سوڤاچ، قامکی بۆلای بەرزاییەکان ڕاکێشا وبە چپەوە گوتی:- پرۆسییەکان لەو سەرەوەن!

لە هەنبەر ئەو چۆڵەوانیە سامناکەدا هەستیان بە نیگەرانیەکی زۆر دەکرد.

پرۆسییەکان! کەسیان تا ئەو ڕۆژە هیچ پرۆسییەکیان نەبینی بوو، بەڵام هەستیان دەکرد، کە چەند مانگێکە گەمارۆی پاریسیان داوە، وڵاتەکەیان وێران دەکەن، تاڵان وچەپاوی دەکەن، خەڵکەکەی دەکوژن و برسی دەکەن، بەبێ ئەوەی ببینرێن هەست بە بوونیان دەکرێ. هەرچەندە لەم میللەتە سەرکەوتووە دەترسان، بەڵام لە ناخی ناخەوە زۆریان ڕق لێی بوو.

موریسو، بە دەمەلاڵکێوە گوتی:- دەی باشە ئەگەر تووشی یەکێکیان بووین، چ بکەین؟

سوڤاچ، بە ڕاوێژە پاریسیە تەنز ئامێزەکەی خۆی گوتی:

- چی دەکەین، ماسیەکی سورەوەکراوی پێشکەش دەکەین.

وێڕای ئەوەش، دوو دڵ بوون لەوەی کە لە گوندەکە هێوەتر بڕۆن ودەرباز ببن، بێدەنگیەکە زۆر سامناک بوو.

ئەنجام سوڤاچ، زاتی وەبەرخۆ نا وگوتی:- دەی، با بڕۆین چش! بەڵام دەبێ بە پارێزەوە بڕۆین!

ئیدی بەناو ڕەزێک کەوتن، بە ماتە مات و لە سەر چۆکان، بە وریایی لەم دەوەنەوە بۆ ئەو دەوەن، دادەگەڕان.

هێشتا دەبوا بە دەشتاییەکی ڕووتەنا تێپەڕن تا بگەنە کەنار ڕوبارەکە..

موریسو، ڕوومەتی نا بە ئەرزەکەوە تا دڵنیا بێ کە کەس لەو دیار ودەڤەرەدا نییە. هەر هەردووکیان بوون، کەسی دی لەو ناوە نەبوو، دڵنیابوون و دەستیان بە ڕاوە ماسی کرد.

دورگەی مارانت لە بەرانبەریان بوو، لە کەنارەکەی ئەوبەری هاوێر کردبوون. ئەو خانۆچکەیەی کە جاران خوارنگەیەکی تیابوو، چۆڵ دیار بوو، پێدەچوو چەند ساڵێک بێ چۆڵ کرابێ.

سوڤاچ، یەکەم ماسی گرت. موریسو، دووەمی گرت. ئیدی ناو بە ناو قولاپەکانیان هەڵدەکێشا و ماسییەکی بچووکی زیوینی پێوە هەڵدەپلا. بە ڕاستی ڕاوە ماسییەکی خۆش بوو. ئیدی بە دڵ و بە گیان ماسییەکانیان لەو توورەکە تۆڕیانە دەنا کە لە بەرپێیانا ولە قەراخ ئاوەکە بوو. زۆر دڵیان خۆش بوو، ئەو خۆشییەیان بیر دەکەوتەوە کە لە مێژ بوو، لێیان قەدەغە کرابوو.

هەتاوەکە خۆش بوو، تیشکە گەرمەکەی بەسەر شان و ملیاندا دەڕشت، ئیدی نە گوێیان لە هیچ بوو، نە بیریان لە هیچ شتێک دەکردەوە. لە هەموو دنیا دابڕابوون. سەرقاڵی ڕاوە ماسی بوون.

لە ناکاوا دەنگێکی بەهێز بەرزبووەوە، دەتگوت لە ژێر ئەرزەوە هەڵقوڵا، ئەرزەکەی لەراندەوە، نەخێر دەنگی مەترەلۆز دووبارە بەرز بووەوە.

موریسو، ئاوڕی دایەوە، لەوبەری کەنارەکەوە، لە سەمتی چەپا، شاخی " ڤالیریان "ی بەدی کرد، سەرەکەی سپی دەچووەوە، دووکەڵی باروت سەرەکەی داپۆشی بوو، دووکەڵەکە تازە بوو. نەخێر زنجیرە دووکەڵێکی دیکەش بەرز بووەوە، ئەوسا گرمەیەکی دی هەستا. نەخێر گرم و هۆڕ دەستی پێکرد، ناوبەناو شاخەکە دووکەڵی مەرگی لێ بەرزدەبووەوە و لوتکەکەی سپی دەکرد و بەرەبەرە بەرز دەبووەوە و بەری ئاسمانی ئارامی دەگرت.

سوڤاج، شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:- هەم دەستی پێکردەوە.

بەڵام موریسو، کە بە نیگەرانییەوە، دەیڕوانییە، تەپەدۆری قولاپەکەی کە بەرەبەرە ڕۆدەچوو. موریسو کە پیاوێکی هێمن و ئاشتیخواز بوو، کە ئەو شەڕ و فەرتەنە و خوێن ڕێژییەی بینی ڕقی هەستا و لەبن لێوانەوە گوتی:- نازانم ئەم کەر پیاوانە چ لەزەتێک لە یەکدی کوشتن دەبینن!

سوڤاج، لە لای خۆیەوە گوتی:- ئەمانە لە حەیوان خراپترن!

موریسو، کە تازە ماسیەکی زینابەی ( زینابە: جۆرە ماسییەکی سپییە) گرتبوو، هەڵیدایە:- تا حکومەتان هەبێ، ئەم حاڵە هەر بەردەوام دەبێ.

سوڤاج، قسەکەی پێبڕی وگوتی:- بەڵام کۆماری فەرنسا شەڕی ڕانەگەیاندووە، شەڕی هەڵنەگیرساندووە.

مۆریسۆ قسەکەی پێبڕی وگوتی:- لە سەردەمی پاشایەتی و پاشاکانماندا شەڕ لە دەرێ ڕا هەڵدەگیرسا، کەچی لە سەردەمی کۆماریدا، شەڕ لە ناوەوە هەڵدەگیرسێت!

ئەم جووتە هاوڕێیە بەکاوەخۆ وەکو دوو کەسی سادە وبێوەی گەنگەشەی مەسەلەی سیاسی وشەڕیان دەکرد و هەردووکیان قەناعەتیان وابوو کە ئازادی مەحاڵە. لەو کاتەدا لە سەر چیای ڤالیریانەوە، ماڵەکانی فەرەنسا تۆپباران دەکران، خەڵکەکەی دەکوژران، تەڕو وشک پێکەوە دەسووتاو هەزار ویەک خەون وشادی چاوەڕوانکراو لەبار دەبران، هەڵدەوەرین، لێرەو لە شارو وڵاتانی دیدا، ژان و سوێی لەبن نەهاتوو، دەچووە دڵی ژنان وکچان ودایکانەوە.

سوڤاج گوتی:- ئیدی ئەوە ژیانە!

موریسو، بە پێکەنینەوە گوتی:- نا، بڵێ ئەوە مردنە!

لە ناکاوا، لە ترسا ڕاچڵەکین، دەنگی پێیان هاتە گوێ. کە ئاوڕیان دایەوە، چوار زڕتە زەلامیان بەدی کرد، چوار زەلامی چەکدار، یەک جۆرە جلکیان لەبەردا بوو، کڵاوی عەسکەرییان لەسەر بوو، لوولەی تفەنگەکانیان کردبووە ئەمان.

پەت و قولاپەکانیان لە دەست بەر بوو و لە ڕوبارەکەدا نقوم بوون، لە چاو تروکانێکا هەردووکیانیان قۆڵبەست کرد و لە بەلەمێکیان نان وهەواڵەی ئەو دوڕگەیەیان کردن کە وایان دەزانی کەسی تێدا نییە. لە پشت ئەو خانووەوە کە وایان دەزانی چۆڵە، نزیکەی بیست سەربازیان، سەربازی پروسییان بینی.

کابرایەکی کەتەی زەلامی توکن، بە بەرەواژی لە سەر کورسییەک دانیشتبوو، قلیانێکی گەورەی بەدەستەوە بوو و دەیکێشا، بە زمانێکی فەرەنسی ڕەوان لێی پرسین:- ئێ، بەڕێزینە ڕاوەکەتان چۆن بوو، باش بوو؟

لەو کاتەدا، سەربازێک هاتە پێشەوەو توورەکەیەکی تۆڕی پڕ لە ماسی هێنا و لە بەردەم ئەفسەرەکە داینا.

ئەفسەرەکە بە پێکەنینەوە گوتی:- بەهبەه! وادیارە ڕاوێکی باشتان کردووە. بەڵام مەسەلەکە ڕاو نییە. باش گوێ بگرن:- وادیارە ئێوە بە بیانووی ڕاوە ماسییەوە بۆ سیخۆڕی بۆ ئێرە نێردراون. بۆیە دیلتان دەکەم و گوللەبارانتان دەکەم. ئێوە بە بیانووی ڕاوە ماسییەوە بۆ جاسووسی هاتوون، بەڵام کەوتنە بەردەستی مە. ئەمە هەڵەی خۆتانە، هیچ خەتایەکی ئێمەی تیانییە، چی بکەین لە شەڕداین... بەڵام گومانی تیا نییە کە بە بەرەکانی

پێشەوەدا هاتوون، دەبێ وشەی نهێنیتان پێ بێ، دەنا ئیزن نەدەدران کە بگەنە ئێرە، وشە نهێنییەکەم پێ بڵێن، لێتان دەبوورم و ئازادتان دەکەم.

جووتە هاوڕێ، مات وخەمبار بە تەنیشت یەکەوە وەستابوون، ئازایان لە ترسا ولە حەژمەتا دەلەرزی.

ئەفسەرەکە لە سەری ڕۆیی:- کەس بە مەسەلەکە نازانێت و بە سەلامەتی بۆ ماڵی خۆ دەگەڕێنەوەو نهێنی یەکەش ئاوەو ئاو دەچێت، ئەگەر نهێنییەکە نەدرکێنن، یەکسەر دەکوژرێن، ئیدی بۆ خۆتان سەرپشک بن.

جووتە هاوڕێ، ورتەیان لێوە نەهات، متەقیان لەخۆ بڕی.

ئەفسەرەکە، بەهەمان هێمنی، دەستی بۆ لای ڕوبارەکە ڕاکێشا و لەسەری ڕۆیی:- باش بیربکەنەوە، دوای پێنج خولەکی دیکە نقومی ئەم ئاوە دەبن. دوای تەنیا پێنج خولەک! هەڵبەتە کەس و کار و ماڵ و منداڵتان هەیە!

هێشتا گرم و هۆڕی تۆپباران لە چیای ڤالیریانەوە بەردەوام بوو. ماسیڤانەکان، بە کڕی لە جێی خۆ وەستابوون. یارۆی ئەفسەر بە زمانی ئەڵمانی هەندێک فرمانی دا. ئەوسا، بۆ ئەوەی لە جووتە دیلەکەوە نزیک نەبێ، شوێنی کورسیەکەی گۆڕی. دوازدە سەرباز هاتن، لە بیست شەقاوی جووتە برادەرەکە، وەستان، تفەنگەکانیان لە شانیان هێنایە خوارەوە.

ئەفسەرەکە دووبارە گوتی:- تەنیا یەک خولەکی دی موڵەتتان دەدەم.

ئەوسا لە ناکاوا هەستا، لە جووتە فەرەنسییەکە نزیک بووەوە، قۆڵی موریسوی گرت، دووری خستەوەو بەدەنگێکی نەوی پێی گوت:- کوا بەپەلە وشەی نهێنییەکەم پێ بڵێ. نایەڵم برادەرەکەت پێ بزانێ، هەنگێ ئازادتان دەکەم، گوایە بەزەییم پێتاندا هاتووەتەوە.

لێ موریسو وەڵامی نەدایەوە.

یارۆی پروسی، ئەوسا سوڤاجی بردە لاوەو هەمان پێشنیازی بۆ ئەویش کرد، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. جووتە هاوڕێ دووبارە لە تەنیشت یەکەوە ڕیز بوون. یارۆی ئەفسەر فەرمانی دەرکرد. سەربازەکان تفەنگەکانیان سوار کرد.

موریسو، لەو دەمەدا چاوی بە توورەکە ماسییەکە کەوت، کە چەند هەنگاوێک لەولای ئەوانەوە لە سەر سەوزە گیایەکە دانرابوو. ماسییەکان لە بەر تیشکی هەتاوەکە دا دەبریقانەوەو هێشتا هەر هەڵدەپلان. ترسێک بە ئازایدا هات، بەخۆی نەوەستا، ڕوندک لە چاویا قەتیس مان.

لە بن لێوانەوە گوتی:- بە دوعا مسیۆ سوڤاج!

سوڤاج بەرسڤی دایەوە:- بە دوعا مسیۆ موریسو!

دەستیان دەنێو دەستی یەکدی نا و، سەراپایان کەوتە لەرزین.

ئەفسەرەکە هاواری کرد:- ئاگر!

هەر دوازدە گوللەکە لەیەک ئاندا تەقێنران.

سوڤاج، یەکسەر بە دەما ڕما. بەڵام موریسو، کە لەو کەلەگەت تر بوو، لار بووەوە، بە دەوری خۆیا سوڕایەوە، ڕووەو ئاسمان وبە پشتا کەوتە سەر هاوڕێکەی و خوێن لە سینگییەوە و لە کونی کراسەکەیەوە فیچقەی دەکرد.

ئەوسا ئەفسەرەکە، فەرمانی تازەی دەکرد.

سەربازەکانی بڵاوەیان کرد و پاشان بە پەت و بەردەوە گەڕانەوە، لە لاقی مردووەکانیان بەست و بۆ کەناری ڕوبارەکەیان هەڵگرتن، چیای ڤالیریان، هەر دەیگرماند، تۆپەڵە دووکەڵێک سەری لوتکەکەی گرتبوو.

دوو سەرباز موریسویان هەڵگرت، یەک لاقی وئەویدی سەری گرتبوو، دووانی دیکەش، بە هەمان شێوە " سوڤاج " یان هەڵگرت. ئەوسا، کەوتنە دۆژەنکێ بە هەر دوو جەنازەکە و، بە هەموو هێزی خۆیانەوە تووڕیان دان، بە حەواوە خولانەوەو ئەوسا بە ئەستوونی کەوتنە ڕوبارەکەوەو بەردەکان کردیانە کارێک کە لە پێشا لاقیان لە ئاوەکەدا نقوم ببێت.

ئاوەکە شڵپەی لێهەستا، هەڵچوو، کەمێک بەرز بووەوە، ئەوسا ئارام بووەوە، ئیدی وردە شەپۆلان بەرەو کەنارەکە کشان وکەمێک خوێناویان بە سەرەوە بوو.

ئەفسەرەکە، بە دەنگێکی نەوی، بەبێ ئەوەی بە ئاستەمیش شلوێ ببێت گوتی:- ئێستا نۆرەی ماسیەکانە.

ئەوسا بەرەو خانووەکە ڕۆیی. لە ناکاوا چاوی بە توورەکە ماسییەکەی سەر سەوزە گیایەکە کەوت. هەڵیگرت تەمەشای کرد، ئەوسا بزەیەکی کرد و بانگی کرد:- ویلهلم!

سەربازێک کە بەرکۆشەیەکی سپی لە بەر بوو بە پەلە هات. کابرای ئەفسەر، توورەکە ماسییەکەی، بەری ڕەنجی جووتە کوژراوەکەی، بۆ هەڵدا و ئەمری پێکرد:- یەکسەر ئەم ماسیانەم، کە هێشتا زیندوون، بۆ سوور بکەوە، بێگومان ژەمێکی خۆش وبە لەزەتە!

دوای ئەو قسەیە، لە جێگاکەی خۆی دانیشتەوەو، دەستی بە قلیان کێشان کردەوە.

١٨٨٣/٢/٥

# کورسی چاککەرەوە

پێشکەشە بە لیون هینیک

ئەمە لە دوای ئێوارەخوانی کردنەوەی ڕێوڕەسمی دەستپێکی وەرزی ڕاو وشکار، لە موڵکەکەی مارکیز دوبرتران ڕووی دا. یازدە ڕاوچی و هەشت ئافرەتی زۆر گەنج، پزیشکی ناوچەکە، هەموو لە دەوری مێزێکی گەورەو ڕوناک، ئاوەدان بە جۆرەها میوەو گوڵ، دانیشتبوون.

قسەوباس هاتەسەر ڤیان وعەشق، گەنگەشەیەکی گەرم دەستی پێکرد، گەنگەشەی ئەوەی کە ئاخۆ ئینسان لە ژیانا یەک کەڕەت دەکەوێتە داوی عەشقەوە یان چەند کەڕەتێک. زۆر نموونە لە مەڕ ئەو خەڵکانە هێنرایەوە کە لە ژیانیاندا تەنیا یەک کەڕەت بە جدی عاشق بوون، هەروەها کۆمەڵێک نموونەش دەربارەی خەڵکانێک هێنرایەوە، کە چەند جارێک و زۆر بە قووڵی عاشق بووبوون. زۆربەی پیاوەکان قەناعەتیان وابوو کە عەشق و ڤیان وەکو نەخۆشییە، لەگینە چەند جارێک تووشی هەمان کەس ببێت و، تەنانەت ئەگەر تەگەرەیەک، یان بەرهەڵەستێکی بێتە ڕێگا و نەگات بە مەعشوقەکەی، بشیکوژێت. هەرچەندە ئەم بۆچوونە قابیلی گەنگەشە بوو، بەڵام ئەو ژنانەی کە زیاتر شاعیرانە بیریان دەکردەوە، تا لۆژیکیانە و واقیعبینانە، تەکەزیان لەسەر ئەوە دەکرد کە خۆشەویستی ڕاستەقینە، خۆشەویستی گەورە تەنیا یەک کەڕەت تووشی بەشەر دەبێت، ئەم عەشقەش وەکو هەورە بروسکە وایە، لە هەر دڵێک بدات ئیدی بەتاڵی دەکاتەوە، ڕایدەماڵێ، دەیسووتێنێ و ئیدی جێگای هیچ هەستێکی دیکەی بەهێزی تیا نابێتەوە، هیچ خەونێکی دیکەی تیا ناڕوێ.

بەڵام مارکیز، کە لە ژیانیا، عەشقی زۆر جەڕباندبوو، بە توندی ڕووبەڕووی ئەم بۆچوون و باوەڕە بووەوە:- من دڵنیاتان دەکەم کە دەشێت مرۆڤ، پتر لە جارێک، بە کوڵ و بە دڵ عاشقێنی بکات. ئێوە بەڵگەتان بۆ ئەوەی کە عەشق یەک کەڕەتە ودووبارە نابێتەوە، ئەو خەڵکانەیە کە عەشق کوشتوونی. کە لە ڕای عەشقا خۆیان کوشتووە. وەڵامی من بۆ ئێوە ئەمەیە کە ئەگەر ئەو گەوجانە خۆیان نەکوشتبا، دەرفەتی ژیانیان لە کیس خۆیان نەدابا، بێگومان چاک دەبوونەوەو سەرلەنوێ تێ هەڵدەچوونەوە تا ئەو کاتەی بە مەرگی ئاسایی دەمردن.

عاشقان، وەکو مەیگوسارانن، ئەوەی مەی بخواتەوە، لە سەری بەردەوام دەبێت، تەرکی ناکات، خۆشەویستیش وایە، ئەوەی جارێ خۆشەویستی بکات، بەردەوام دەبێ لە سەری. ئیدی ئەمە تەبع و تەبیعەتی بەشەرە.

هەموو ڕوویان کردە پزیشکەکە وئەویان کرد بە داوەر، ئەم پزیشکە، دکتۆرێکی پیری پاریسی بوو ولەم گوندەدا گیرسابووەوە، تکایان لێکرد، ڕەئی خۆی لەو بارەیەوە بڵێت.

بەڵام هیچ ڕاو بۆچوونێکی لەو بارەیەوە نەبوو، گوتی:- وەکو مارکیز گوتی، مەسەلەکە تەبع وتەبیعەتە. سەبارەت بە من، ئاگام لە خۆشەویستیەک هەیە کە پەنجا و پێنج ساڵی تەواو، بە بێ پسانەوەو تا مردن بەردەوام بوو.

مارکیزە، چەپڵەیەکی لێدا وگوتی:- کە شتێکی جوانە! چ بەختەوەرە ئەو کەسەی بەو جۆرە خۆشەویستی دەکات! هیچ شادمانییەک هاوتای ئەو شادیە دەکاتەوە کە ئینسان پەنجا و پێنج دانە ساڵ لە ناوجەرگەی گەرم و گوڕی سۆز و گودازێکی وەهادا بژی! دەبێ ئەو پیاوەی بەو جۆرە خۆشویستراوە، چەند بەختەوەر بووبێ! ئەوەیە ژیان.

پزیشکەکە بزەیەکی کرد وگوتی:- بەڵێ خانم، تۆ باشی بۆ چووی، یارۆی مەحبووب پیاو بوو. هەمووتان دەیناسن، " شوکیبە "ی دەرمانخانەچییە. ئافرەتەکەش دەناسن، ئەو پیرەژنە کورسی چاککەرەوەیە بوو کە هەموو ساڵێک دەهات بۆ کۆشک. جا سەبرم لێبگرن، تا بە ڕوونی بۆتانی بگێڕمەوە.

یەکسەر جۆش وخرۆشی ئافرەتەکان دامرکایەوە، ڕوخساری گرژ ومۆنیان دەیگوت:- ئۆف!

وەکو ئەوەی خۆشەویستی تەنیا بۆ خەڵکانی هەستیار وجوان بێ، تەنیا ئەو جۆرە ئافرەتانە شایستەی خۆشەویستی خەڵکی پایەبەرز وبە شکۆ بن.

پزیشکەکە، لە سەری ڕۆیی:- سێ مانگێک لەمەوبەر، بانگ کرام بۆ سەرینی ئەو پیرەژنە کە لە جێگادا کەوتبوو. شەوی پێشوو، بە عارەبانەکەی خۆی، کە لە جیاتی ماڵیش بە کاری دێنا، گەیی بووە ئەوێندەر، ئەو ئەسپە ڕایدەکێشا کە بە چاوی خۆتان دیتوتانە، دوو سەگی ڕەشی زەلامی لە گەڵدا بوو، کە هەم هاودەمی بوون و هەم پاسەوان. قەشە لەوێ بوو، تازە گەیی بووە ئەوێندەر... ڕووی لێناین کە وەسێتەکەی جێ بەجێ بکەین. جا بۆ ئەوەی دوا داوا و ئارەزووی خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ گێڕاینەوە. چیرۆکێک بوو کە بە عەمراتم چیرۆکی وا سەیر وتایبەتی بە سوێم نەبیستبوو.

داک و بابی کورسی کۆنیان چاک وتازە دەکردەوە. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، ماڵ و ماوایەکی جێگیری بە خۆیەوە نەبینی.

بە منداڵی، بە جلکی شڕۆڵەوە دەسوڕایەوە، چڵکن و پڵکن، لە گەڵ داک و بابیا، لە قەراخ گوندان و بە دیار کەند و لەندانەوە لایان دەدا، عەرەبانەکەیان دەکردەوە، ئەسپەکەیان بەڕەڵڵا دەکرد تا بۆ خۆی بلەوەڕێ، سەگەکەیان وەدەر دەکەوت و دەم و قەپۆزی دەنایە سەر هەردوو دەستی. کچە بچووکەکەش، خۆی لە نێو سەوزەزارو گیایەکەدا دەگەوزاند، داک وبابی لە ژێر سێبەری دار بناوان دا، هەموو کۆنە کورسی و تەختە شکاوەکانی دەڤەرەکەیان چاک دەکردەوە. کەس لەو ماڵە گەڕۆکەدا قسەی نەدەکرد. دوای چەند قسەیەکی کەم سەبارەت بەوەی کێهەیان بەناو گوند بکەوێ و بە سەر ماڵەکاندا بگەڕێ و هاوار بکات:- ماڵێ کورسیە کۆنی هەبێ چاکی بکات.

هەنگێ دەکەوتنە، بادان و ئامادەکردنی تەرکە وشولان، هەرکاتێ کچۆڵەکە دوور بکەوتاوە یان دەگەڵ کوڕیژگەیەکی گوندەکەدا تێکەڵاو با، بابی بە تووڕەیی گازی دەکرد:- بەنیاز نیت بێیتەوە، هەی نەگریسی بەد فەڕ!

ئەوە قسەی هەرە خۆشبوو کە دەگەڵ ئەو کوێژۆڵەیەدا دەکرا. وەختایەک گەورە بوو، دەیاننارد بۆ کۆکردنەوەی کورسیە شکاوان. ئیدی بەدەم گەڕان و گەڕەکاو گەڕەک کردنەوە، کوڕانی دەناسی و دۆستایەتی دەگەڵیاندا پەیدا دەکرد، بەڵام ئەمجارەیان کەس و کاری کوڕەکان، بە تووڕەیی بانگی منداڵەکانی خۆیان دەکرد:- ئەهای ئەوە بۆ نایەیتەوە هەی شەیتانی بازاڕی! خوام لەو خوایە بتبینم، دەگەڵ سەرگەردانان قسە بکەی!

زۆرجار کوڕیژگەکان، بەردیان تێدەگرت.

کە ژنان، چەند دراوێکیان بە خێر وسەدەقە داێی، جوان و قایم هەڵیگرت. ڕۆژێک، کە تەمەنی یازدە ساڵان بوو، لە کاتێکا بەم دەڤەرەدا ڕەت دەبێ، لە پشت گۆڕستانەکەوە، تووشی " شوکیە " ی بچووک دەبێت، دەگریا،

چونکە هاوڕێیەکی دوو فلسی لێدزی بوو، ئیدی فرمێسکەکانی ئەو منداڵە دێهاتیە زۆر کاری تێدەکات، کە بەلای ئەو کیژەوە، کە بە ئەقڵ و خەیاڵی ئەو کیژە، یەکێک بوو لە منداڵە هەمیشە شاد و بەختەوەرەکان. لەو کوڕە نزیک بووەوە، کە بە سەدەمی گریان و خەمباریەکەی زانی، هەر پارەیەکی پێ بوو، کە حەوت فلوس بوو، دایێ، هەڵبەتە وەریگرت و ڕوندکەکانی سڕی. کیژێ خەریک بوو لە کەیفان باڵی دەگرت، زاتی وەبەرخۆ نا و کوڕەی ماچ کرد. بەڵام کوڕەکە کە مژوولی تەمەشای پارەکەی ناو دەستی بوو، ڕێگەی لێنەگرت. وەختایەک کیژێ بینی کوڕەکە نە ڕێگەی لێگرت و نە لێی دا، جارێکی دیکەش ماچی کرد، بە دڵ و بەگیان باوەشی پێداکرد. پاشان هەڵات.

ئەم کیژە کلۆڵە چی لە مێشکا بوو؟ ئایا لە بەر ئەوەی هەموو پارەکەی خۆی دایێ، ڕمووەدەی بوو، یان لەبەر ئەوەی یەکەمین ماچی میهرئامێزی دابوویێ؟ ئیدی نهێنی و ڕاز، چ بۆ منداڵ و چ بۆ گەوران هەمان شتە.

بە درێژایی چەند مانگێک هەمیشە خەوی بەو گوێ قەبرستان و بەو کوڕەوە دەبینی. جا بە ئومێدی ئەوەی کە جارێکی دی بیدینێتەوە، کەوتە پارە دزین لە دایک وباوکی، فلسێک لێرە و یەکێک لەوێ، ئیدی لە پارەی چاککردنی کورسی بوایە، یان لە کڕینی ئەو شتانە بوایە کە بەویان سپاردبوو.

وەختایەک کیژێ بۆ ئەو دەڤەرە زڤرییەوە، دوو فرانکی لە بەرکا بوو، بەڵام ئەمجارەیان منداڵەکەی بە شێوەیەکی دیکە بینی، لە پشت جامخانەکەی دووکانەکەی بابیەوە، بە جلکی زۆر خاوێنەوە، لە نێوان شووشەیەکی سوور و یەکێکی دیدا کە کرمێکی درێژی تیابوو، وەستا بوو.

ئەمە کردیە کارێ کە هێندەی دی خۆشی بوێ، جوانی ئاوە ڕەنگینەکە و پرشنگی شووشەکان زۆر سەرنجیان ڕاکێشا.

ئیدی، بیرەوەرییەکی لە دڵی خۆدا هەڵگرتبوو کە لە سڕینەوە نەدەهات. وەختایەک لە ساڵی داهاتووا، لە پشت قوتابخانەکەوە بینی، دەگەڵ هاوڕێکانیا هەڵماتێنی دەکرد، پڕی دایێ، باوەشی پێدا کرد و بە توندی کەوتە ماچکردنی، تەنانەت کوڕەی تاین ترسا و کەوتە هاوار کردن. جا بۆ ئەوەی هێوری بکاتەوە، هەرچی پارەیەکی پێبوو دایێ. سێ فرانک و بیست سەنت بوو. ئەمە پارەیەکی زۆر بوو، کوڕەکە بە حەپەساوی لەم هەموو پارەیەی دەڕوانی.

پارەکەی وەرگرت و ڕێگەی دا بە ئارەزووی خۆی نەوازشی بکات.

ئیدی کیژێ بە درێژایی چوار دانە ساڵ لە سەر ئەم کارەی بەردەوام بوو، هەر پارەیەکی هەبوایە دەیدایێ، کوڕەش، بە ڕەزامەندییەوە لە بری ئەو پارانە ماچی دەدایە. ئیدی جارێ سێ فلسی دەدایێ، جارێ دوو فرانک و جارێکی دی دوازدە فلسان (ئەو جارەیان کیژێ لە حەژمەتاندا گریا، بەلام چ بکات، ساڵەکەی نەهات بوو) دوایەمین جار پێنج فرانکی دایێ، پارەیەکی گەورەی بازنەیی بوو، کوڕە زۆر دڵی پێخۆش بوو، لە خۆشیا پڕ بە زار پێکەنی.

کیژێ تەنیا بیری لەو دەکردەوە، کوڕەش بە تاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوی دەکرد، کە کیژێی دەبینی بە غاردان بەرەو پیری دەچوو، کە کیژێ ئەمەی دەبینی دڵی لە خۆشیا دادەخورپا و خەریک بوو باڵی دەگرت.

پاشان کوڕە دیار نەما، نێردراوبوو بۆ قوتابخانەی ناوەندی. کیژێ بە تاقیب و پرسیاران ئەوەی زانی. پاشان بە زیرەکی خۆی کارێکی وایکرد کە داک و بابی ڕێگای خۆیان بگۆڕن، تا لە کاتی پشووی هاوینەدا بەم دەڤەرەدا تێبپەڕن. لەم کارەیدا سەرکەوت، بەڵام دوای یەک دانە ساڵ، لە حیلە و حەواڵەی بەردەوام. بەوجۆرە دوو دانە ساڵ نەیتوانی کوڕەی تاین بدینێت، خەریک بوو نەیناسیێتەوە، زۆر گۆڕابوو، گەورەو جوان بووبوو، قاتێکی کەشخەی لە بەردا بوو، بە قوپچە زێڕینەکەیەوە، زۆر بە شەخسیەت بوو. کوڕە خۆی لە گێلی دا، وای نواند نەیدیتووە، بە کەش وفش و لووتبەرزییەوە بەلایا تێپەڕی.

کیژێ لە سۆنگەی ئەمەوە دوو دانە ڕۆژ گریا. ئیدی لەو ساتەوە یەک سەعات لە دەستی کول وکۆڤان ڕەها نەبوو.

کیژێ هەموو ساڵێک دەهاتەوە، بە بەردەمیا ڕەت دەبوو بە بێئەوەی زاتی ئەوە بکات کە تەنانەت سڵاوێکی لێبکات، بێئەوەی کوڕە لە خۆی بگرێ تەمەشایەکی بکات، سووکە ئاوڕێکی لێبداتەوە.

کیژێ خۆشی دەویست، خەریک بوو بۆی دین و هار دەبوو... کیژێ بۆی گێڕامەوە: " ئەمە یەکەم پیاو بوو لە لەم دنیایەدا بینیم جەنابی دکتۆر! نەمدەزانی ئاخۆ پیاوی دی هەن یان نا.

داک و بابی کیژێ مردن، درێژەی بە هەمان پیشەی وان دا، بەڵام لە جیاتی یەک سەگ، دووانی ڕاگرت، دوو سەگی زەلامی دڕ، کوڕ نەبوو ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

ڕۆژێک، بۆ ئەم گوندە، کە دڵی هەر لێرە بوو، گەڕایەوە، ئافرەتێکی گەنجی بینی لە دووکانەکەی " شوکیە " وە هاتەدەرێ، قۆڵی کردبوو بە قۆڵی خۆشەویستەکەی ئەمدا، ئەمە ژنی بوو، ژنی هێنابوو.

کیژێ ئێوارەی ئەو ڕۆژە خۆی خستبووە، حەوزە ئاوەکەی مەیدانی شارەوانییەوە. ئیدی سەرخۆشێکی مەست، کە درەنگ بۆ ماڵ گەڕابووەوە فریای کەوتبوو، دەری هێنابووەوە و بۆ دەرمانخانەکەی بردبوو. ئیدی شوکیەی کوڕ، هەر بە جلکی ماڵەوە هاتبوو بۆ چارەسەر کردنی، بەبێئەوەی وا بنوێنێ کە دەیناسێت. جلکەکانی کیژێی داکەند و وشکی کردەوە وشێلای، ئەوسا بە ڕاوێژێکی توند گوتی:- تۆ شێتی! ئینسان نابێ بەم ڕادەیە بێ ئەقڵ بێت!

ئەو قسانە بەس بوون بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە. ئاخری قسەی دەگەڵدا کرد! بۆ ماوەیەکی زۆر دڵی بە ئەو قسانە خۆشبوو.

شوکیە، هیچ پارەیەکی، هەقی ئەو چارەسەرەی لێوەرنەگرت، هەرچەندە کیژێ زۆری هەوڵدا پارەی بداتێ.

ئیدی هەموو ژیانی بەو جۆرە قەتیا. بەدەم کورسی چاککردنەوە، هەر بیری لە شوکیە دەکردەوە. هەموو ساڵێک لە پشت جامخانەی دەرمانخانەکەوە دەیبینی. بەردەوام هەندێ دەرمانی لەو دەکڕی. بەو جۆرە هەم لە نزیکەوە دەیبینی و هەم قسەی دەگەڵ دەکرد و هەم بە بەردەوامی پارەی دەدایێ.

وەکو لە هەوەڵەوە پێمگوتن، ئەم بەهارە مرد. دوای ئەوەی هەموو ئەم چیرۆکە خەمناکەی بۆم گێڕایەوە، تکای لێکردم، تکای لێکردم کە بەری ڕەنجی هەموو تەمەنی، ڕادەستی ئەو پیاوە بکەم، کە ئەم بە دڵ و بەگیان خۆشی ویستبوو، دەیگوت لە پێناوی ئەودا کاری کردووە و زۆرجار لە دەمی خۆی گرتووەتەوە، تا شتێک بۆ ئەو

پاشەکەوت بکات و دڵنیا ببێت، بەلای کەمەوە، ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە، دوای مردنی ئەم، بیری لێدەکاتەوە، یادێکی دەکاتەوە.

ئیدی دوو هەزار وسێ سەد و بیست و حەوت فرانکی دامێ، بیست و حەوت فرانکم، بۆ ڕێ و ڕەسمی کفن و دفنەکەی، بۆ قەشەکە بە جێهێشت و باقیەکەیم لە گەڵ خۆدا هێنا. ڕۆژی دوایی چووم بۆماڵی شوکیە. خۆی و ژنەکەی لە هەنبەر یەکا دانیشتبوون و تازە خەریک بوو لە خواردنی فراڤین دەبوونەوە. هەردووکیان قەڵەو، خۆش ڕەنگ و ڕوو، بۆنی دەرمانی نوژداریان لێدەهات. ئیدی غروور و خۆپەسندیان پێوە دیار بوو.

خوڵکی دانیشتنیان کردم، شەرابیان بۆ دانام، بە ڕاوێژێکی خەمناک دەستم بە قسان کرد، دڵنیا بووم خۆیان پێناگیرێت و دەگرین.

هەرکە شوکیە زانی کە ئەو سەرگەردانە، ئەو کورسی چاککەرەوە گەڕۆک و دەربەدەرە، خۆشی ویستووە، بە توورەیی لە جێی خۆی ڕاپەڕی، تووڕە وەکو ئەوەی ناو و باوی ئەوی دزی بێ، ڕێز وحورمەتی لە نێو پیاو ماقولاندا شکاندبێ، ناوی زڕاندبێ و، ژیانی لەکەدار کردبێ.

بەڵام ژنەکەی کە ئەویش هەر تووڕە بوو، بە تەوسەوە کەوتە پرتە و بۆڵە: " ئەو سواڵکەرە! ئەو بەرەڵڵایە! ئەو هیچ و پووچە! " لەوە زیاتر هیچ وشەیەکی دی بۆ نەدەهات.

شوکیە، هەستایە سەر پێیان، بەپەلە کەوتە هاتو چۆ بە پشت مێزەکەدا، کڵاوە قووچە یۆنانیەکەی هاتبووە سەر گوێی. بە دەمە لاڵکێوە گوتی:- شتی وا چۆن دەبێ دکتۆر؟ ئەم شتانە بۆ پیاو قەباحەتە! چار چییە؟ ئەگەر ئەوسا، ئەوسای کە لە ژیانا بوو بەمەم دەزانی، شکاتی پۆلیسم لێدەکرد و وام بە گرت دەدا کە بە عەمراتی بەر نەبوایە! سەرم لە ئاکامی ئەم هەوڵە خێرخوازییەی خۆم سوڕما، نەمدەزانی چ بڵێم یان چ بکەم، بەڵام چارم نەبوو، دەبوایە ئەرکەکەی خۆم تەواو بکەم، دەستم بە قسان کردەوە. گوتم:- ڕای سپاردم هەموو میراتەکەیتان ڕادەست بکەم کە بریتیە لە دوو هەزار و پێنج سەد فرانک. بەڵام چونکە ئێوە ئەوەتان پێ خۆش نییە، وا باشە ئەم پارانە بدرێ بە هەژاران.

ئیدی ژن و مێرد، دامرکانەوەو بە حەپەساوی لێیان ڕوانیم. پارەکەم لە بەرکم دەرهێنا، پارەیەک بوو لە هەموو شوێنێک کۆکرابووەوە، تێکەڵەیەک بوو لە زێڕ و پارە، ئەوسا لێم دووبارە کردنەوە:- قەرارتان بە چییە؟

خاتوو شوکیە لە پێشا هاتە قسان:- مادامێ ئەمە دوا ئاواتی ئەو ژنە بووە... پێم وایە زەحمەتە ڕەفزی بکەین.

بەڵام مێردەکەی کە تیا مابوو، گوتی:- بە هەرحاڵ دەتوانین بەو پارەیە شتێک بۆ منداڵەکانمان بکڕین.

بە ڕاوێژێکی وشکەوە گوتم:- کەیفی خۆتانە.

کابرا (شوکیە) لە سەری ڕۆیی:- کوا، مادام ڕایسپاردوویت، قەیدی نییە، وەریدەگرین، با بزانین بەڵکو دەیخەینە کارێکی خێرخوازییەوە.

پارەکەم دایە و خواحافیزیم لێکرد و ڕۆیشتم.

ڕۆژی دوایی شوکیە هاتە دیدەنیم و لە ناکاوا گوتی:- بەڵام ئەو... ئەو ژنە عەرەبانەکەشی لێرە بە جێهێشتووە... تۆ چی لێدەکەی؟

- هیچ، ئەگەر دەتەوێ، بیبە بۆ خۆت.
- زۆرچاکە. زۆرم پێویستە. دەیکەم بە کوختەیەک لە ناو باخەکەمدا.

ئەوەی گوت و وەدەرکەوت. بەڵام من گازم کرد وگوتم:- خۆ ئەسپەکەی و هەردوو سەگەکەشی لە پاش بە جێماون، ناتەوێن؟

هەڵوەستەیەکی کرد وگوتی:- نەخێر! چییان لێبکەم؟ چییان لێدەکەی بیکە.

پێدەکەنی. دەستی هێناو و تەوقەی دەگەڵ کردم. چ بکەم! لە شوێنێکی وا سنووردارا ناکرێ دکتۆر دژایەتی دەرمانخانەچی بکات.

سەگەکانم لەلای خۆم گلدانەوە، ئەو قەشەیەش کە حەوشە وبانێکی گەورەی هەبوو، ئەسپەکەی بۆ خۆی برد. بەڵام شوکیە عەرەبانەکەی وەکو کوختە و کەپر بەکار دەبرد. بە پارەکەش پێنج بەشی لە سکەی ڤیتاردا کڕی.

ئەمە تاقە ڤیانی قووڵ بوو کە لە ژیانما سودفەیم کرد.

دکتۆرەکە، بێدەنگ بوو.

هەنگێ مارکیزە، بە چاوانی تەژی ڕووندکەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:- بەڕاستی، تەنیا ژنان دەزانن خۆشەویستی بکەن!

١٨٨٢/٩/١٧

**دونی**

## پێشکەشە بە لیون شاپرون

مسیۆ مارامبو، ئەو نامەیەی هەڵپچڕی کە دونی خزمەتکاری بۆی هێنا.

دونی پیاوێکی چوار شانەی ڕووخۆش بوو، بیست ساڵ بوو لەوماڵەدا کاری دەکرد، لە هەموو دەڤەرەکەدا وەکو خزمەتکار ونۆکەرێکی زۆر چاک ونموونەیی باسدەکرا.

دونی پرسی:- وادیارە ئاغام دڵی خۆشە. ئاخۆ خەبەرێکی خۆش گەییوەتە ئاغام؟

مارامبو، دەوڵەمەند نەبوو. کابرایەکی دەرمانگەری دێهاتی بە قەناعەت و سەڵت بوو، بە دەرامەتێکی کەم دەژیا، کە لە ڕێگەی دەرمانفرۆشتنەوە بە دێهاتیان، بە زەحمەت بەدەستی دەهێنا.

بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ کوڕم. جەنابی مالوا، و ئەو پیاوەی کە هەڕەشەم لێکردبوو دەیدەمە دادگا پەشیمان بووەتەوە، سبەینێ پارەکەم بۆ دەنێرێت. پێنج هەزار فرانک بۆ بابایەکی سەڵتی پیری وەکو من خراپ نییە.

مارامبو، لە خۆشیا دەستەکانی لێکدی هەڵسوون. ئەم پیاوە بە تەبیعەت قانیع بوو، زیاتر خەماوی بوو تا شاد، توانای کاری بە درێژای نەبوو، سەبارەت بە کارەکانی خۆشی هەندێ بێموبالات و خەمسارد بوو.

خۆ ئەگەر هەندێک بە هەڵپە بوایە و سوودی لە بۆشایی مردنی هەندێک لە هاوکارەکانی خۆی، کە لە پێگە و پایەی گرینگدا بوون، وەر بگرتایە و بچووبا شوێنە بەتاڵەکانی ئەوانی پڕ بکردباوەو مشتەرییەکانی ئەوانی بۆ خۆی ڕابکێشابوایە، بێگومان دەیتوانی دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنێ و خوشگوزەران بژی. بەڵام شەڕە شەقی گواستنەوەو ئەو کارانەی کە دەبوایە لەو پێناوەدا بیکردبان، ژێوانیان دەکردەوە. دوای دوو ڕۆژ بیرکردنەوە، دەیگوت:- دەی گوێ مەدەیە! گرینگ نییە! بۆ جارێکی دی. چاوەڕوان دەکەم. هیچ زەرەرێک لە چاوەڕوانی ناکەم. لەوەیە شتێکی باشترم بێتەڕێ. کەس نازانێ خێر لە چیدایە.

بەڵام دونی بە پێچەوانەوە، بەردەوام هانی ئاغای دەدا. بە تەبیعەت کەسێکی چالاک و چەلەنگ بوو، بەردەوام دەیگوت:- من بەش بە حاڵی خۆم، ئەگەر بچووکترین دەستمایەم هەبوایە، سەروەت و سامانێکی زۆرم پێکەوە دەنا. هەزار فرانکێکم بەدەستەوە بوایە، بەسم بوو، دەبووم بە بازرگان.

مارامبو، بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، بزەیەکی دەهاتێ و دەردەچوو بۆ باخچە چکۆلەکە و دەستی بە ڕاوێچکە و پیاسە دەکرد، دەستەکانی لە پشتی دەنان و بەدەم خەون و خەیاڵانەوە دەهات و دەچوو.

دونی، وەکو پیاوێکی دڵخۆش بە درێژایی ڕۆژ دەستری، گۆرانی میللی و فولکلۆری دەچڕی. تەنانەت بە دەم ئیش و کاریشەوە، بەدەم پاککردنەوە و سڕینی شووشەی هەموو پەنجەرەکانی ماڵەکەشەوە، پڕ بە زار گۆرانی خۆی هەر دەگوت.

مارامبو، زۆرجار بەدەم پێکەنینەوە پێی دەگوت:- کوڕی خۆم تۆ ئەگەر بەم چەلەنگییە کار بکەی، سبەینێ هیچ کارێک نابێ کە بیکەی.

ڕۆژی دوایی، دەوروبەری سەعات نۆی دانی بەیانی، کابرایەکی پۆستەچی، چوار نامەی دایە دەست دۆنی کە بیدات بە ئاغای. یەکێک لە نامەکان زۆر سەنگین بوو. مارامبو، دەرگای ژوورەکەی لە سەر خۆی داخست و تا عەسر نەهاتە دەرەوە. ئەوسا چوار نامەی دایە خزمەتکارەکەی کە بۆ پۆستەخانەی بەرێ. یەکێک لە نامەکان بۆ مالوا بوو، زیاتر لەوە دەچوو وەسڵی وەرگرتنی پارەکە بێ.

دونی، هیچ پرسیارێکی لە ئاغای نەکرد. ئەو ڕۆژە دونی بە پێچەوانەی دوێنێوە کە دڵی خۆش بوو، خەمبار و دڵتەنگ دیار بوو.

شەو داهات. مارامبو، وەکو هەمیشە، لە کاتی خۆیا چووە ناو جێگا و خەوی لێکەوت. بەڵام غەڵبە غەڵب و ژاوە ژاوێکی نامۆ بێداری کردەوە. یەکسەر لە ناو جێگاکەیدا دانیشت و گوێی هەڵخست. بەڵام لە ناکاوا دەرگای ژوورەکەی کرایەوە، دونی هاتە ژوورەوە، مۆمێک بە دەستێکیەوەو چەقۆیەک بە دەستەکەی ترییەوە بوو، چاوەکانی دەرپۆقی بوون، گۆناکانی، لێوەکانی گرژ بووبوون. لەوە دەچوو نیازێکی خراپی هەبێت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. حایر و حەپەساو. مارامبو، وایزانی بەدەم خەوەوە هاتووە و ئاگای لە خۆ نییە، لەزگ بوو هەستێت و فریای بکەوێت، کەچی خزمەتکارەکە فوویەکی لە مۆمەکە کرد و کوژاندییەوە و پەلاماری جێگاکەی دا. . ئاغای هەر دوو دەستی بردە پێشەوە تا خۆی لەو جەزرەبەیە بپارێزێ کە بە پشتا خستی. هەوڵیدەدا دەستی خزمەتکارەکەی بگرێت، وای وێنا دەکرد، تووشی جۆرە شێتایەتیەک بووە، بۆیە بەم شێوەیە تێی بەربووەو پڕی دەداتێ.

یەکەم چەقۆ بەر شانی کەوت، دووەم بەر تەوێڵی کەوت، سێیەم بەر سینگی کەوت. ئاغا، شێتانە بەرەڤانی دەکرد، لە تاریکیەکەدا پەلی دەهاوێشت، لاقی دەوەشاند و هاواریدەکرد:- کوڕە دونی! دونی! ئەوە شێت بووی، دونی؟

لێ دونی، زیاتر شێلگیر دەبوو، بەدەم هەناسە بڕکێوە زیاتر پەلاماری دەدا، ئەگەر بە سەدەمی لەقەیەک یان بۆکسێکەوە کەمێک دوور بکەوتبایەوە، خێرا و بە توورەییەکی زیاترەوە دەگەڕایەوە سەر ئاغای. مارامبو، دوو چەقۆی دی بەر لاقی و یەکێک بەر زگی کەوت. لێ لە ناکاوا بیرۆکەیەکی خێرای بە مێشکا هات و هاواریکرد:- بەسە، دونی بەسە، هێشتا پارەکەم وەر نەگرتووەتەوە.

دونی یەکسەر دەستبەردار بوو، ئاغای لە تاریکیەکەدا گوێی لە خیزە خیزی سینگی بوو.

مارامبو، بەپەلە لە سەری ڕۆیی:- هیچم وەر نەگرتووەتەوە. مالوا لە بەڵێنەکەی خۆی ژێوان بووەتەوە و دەچێتە دادگا. هەر لە بەر ئەوەش نامەکەم پێدای کە بۆ پۆستەخانەی ببەیت. ئەگەر باوەڕ ناکەی بڕۆ ئەو نامەیەی سەر مێزەکەم بخوێنەوە.

بە هەرحاڵ، ئەو شقارتەیەی سەر تەپڵەکەکەی بەردەم تەختە خەوەکەی هەڵگرت و مۆمەکەی داگیرساند.

ئازای لە خوێنا هەڵکشابوو. پەڵە خوێن، دیوارەکەی سوور کردبوو. چەرچەف و پەردەکان وهەموو شتێک سوور بووبوو. " دونی " ش کە سەراپای شەڵاڵی خوێن بوو، بەبێ جووڵە لە ناوەندی ژوورەکەدا ڕەق ڕاوەستابوو.

مارامبو، کە ئەمەی بینی وایزانی مردووە، لە ترسا بورایەوە. لەگەڵ ڕۆژهەڵاتنا وەخۆ هاتەوە. ماوەیەکی پێچوو، تا بە تەواوی وەهۆش هاتەوە و بویەرەکەی بیر کەوتەوە. لە ناکاوا هێرش و پەلامارەکانی دونی و برینەکانی خۆی وەبیر هاتەوە، ترسێکی گەورە سەراپای داگرت، چاوەکانی نوقاندن تا هیچ نەبینێت. دوای چەند خولەکێک ترسەکەی ڕەوییەوەو هێور بووەوە، کەوتە بیرکردنەوە، چونکە یەکسەر نەمردبوو، مانای وابوو، دەشێت دەرباز بێت. هەستی بە بێتاقەتی، بێتاقەتیەکی زۆر دەکرد، بەڵام ئازاری زۆر نەبوو، هەرچەندە هەندێک لە برینەکانی، وەکو ئەوەی نقورچی لێبگریت، دەکزانەوە. هەروەها هەستی دەکرد خەریکە لە سەرما ڕەق دەبێتەوەو ئازای تەڕەو بە جۆرێ پێچراوەتەوە وەکو ئەوەی لە قومات نرابێ. بیری کردەوە کە ئەم تەڕییە هی خوێنە ڕژاوەکەیەتی، نیگەرانیەکی زۆر دایگرت، نیگەرانی ئەو خوێنە سوورەی کە لەبەری ڕۆیی بوو و هەموو نوێنەکانی تێوە چووبوو. کە بیری لەو دیمەنە ترسناکە دەکردەوە هێندەی دی دەشڵەژا، بەتووندی چاوانی دەنوقاندن، بەڵام وەکو ئەوە بوو کەسێک بە خۆرتی بیانکاتەوە.

دونی چی لێ بە سەر هاتووە؟ تۆ بڵێی هەڵاتبێت!

ئەدی ئەم، مارامبو، ئێستا چ بکات؟ هەستێت؟ داوای کۆمەک بکات؟ بەڵام هەرکە لە جێی خۆی بجوڵێت، بە دڵنیاییەوە زامەکانی دەکولێنەوەو هێندەی خوێن لە بەر دەڕوات تا دەمرێت.

لە ناکاوا گوێی لە دەنگی دەرگاکەی بوو کە دەکرایەوە. لەزگ بوو دڵی بوەستێت. دونی بوو، بێگومان بۆ کوشتنی ئەو هاتووە. هەناسەی لە خۆ بڕی، بۆ ئەوەی دونی وابزانێ مردووە و لێبووەتەوە.

هەستی کرد چەرچەفەکەی لەسەر لا دەبرێت ودەستێک دەخرێتە سەر سینگی و نەبزی دەگرێت. ئازارێکی تیژ لە نزیکی سمتی ڕایچڵەکاند. یەکێک خەریک بوو دەیشۆرد، زۆر بە هێواشی ئاوی پاکی پێدا دەکرد. ئەمە مانای وابوو کە تاوانەکە ئاشکرا بووە و یەکێک بە دیارییەوەیە و دەرمانی دەکات. ئۆخژنێکی گەورەی لە دڵ و دەروون گەڕا، بەڵام حەزی نەدەکرد، کارێکی وەها بکات کە خۆی کەشف بکات و وا بنوێنێ کە وەهۆش هاتووەتەوە، بە ئاستەم چاوێکی، یەک چاوی کردەوە، زۆر بە پارێزەوە چاوی کردەوە. سەیری کرد دونی، دونی بەخۆی بە دیارییەوە ڕاوەستاوە! خودایا ڕەحم بکە! بلەز و دووبارە چاوی نوقاندەوە.

دونی! چێ دەکرد! چی گەرەکە؟ چ ئوینێکی دیکەی لەبن سەرە؟ چی دەکرد؟ بێگومان دەیشۆرد بۆ ئەوەی شوێنەواری برینەکان بسرێتەوە! و تۆزێکی دی لە ناو باخەکەدا چاڵێکی سێ مەتری هەڵدەکەنێ و لە چاڵەکەی دەنێ و وای دادەپۆشێت کە کەس نەیدۆزێتەوە! یان لە ژێر زەمینەکەدا و لە ژێر کوپەڵە شەرابە نایابەکانا، دەیشارێتەوە.

مارامبو، کەوتە لەرزین، هێندە بە توندی ڕادەجفری کە ئازای دەهەژی. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:- تەواو تیاچووم، تیاچووم و ئەولاتریش!

بەوپەڕی نائومێدی چاوەکانی نوقاند، تا دوا وەشاندنی چەقۆیەکە نەبینێ. بەڵام بەر چەقۆ نەدرا. دونی، بەرزی دەکردەوەو برینەکەی دەبەست. پاشان بە دڵ و بەگیان کەوتە بەستنی برینەکەی لاقی، ئەم برین پێچییە لە ئاغایەوە کە دەرمانگەر بوو، فێر بووبوو. ئیدی ئەزموونی تەواوی لەو پیشەیەدا پەیدا کردبوو، گومان لەوەدا نەبوو. خزمەتکارەکەی دوای ئەوەی هەوڵی کوشتنی دابوو، نها هەوڵیدەدا، فریای بکەوێ و لە مردن ڕزگاری بکات.

مارامبو، بە دەنگێکی لەرزۆک بە خزمەتکارەکەی گوت:- بۆ شۆردن و پاککردنەوەی برینەکان ئاوی پاک و دیتۆڵ بەکار بێنە.

دونی گوتی:- وام کردووە قوربان.

مارامبو، هەر دوو چاوی کردنەوە.

ئیدی شوێنەواری خوێن نە بەسەر جێگاکەوەو نە لە ژوورەکەدا و نە بەسەر دونی بکوژیشەوە نەما. بریندارەکە، لە سەر چەرچەفێن سپی و خاوێن ڕاکشابوو. دونی و مارامبو، تەمەشای یەکیان کرد. لە ئەنجامدا مارامبو، بە سۆزەوە گوتی:- تاوانێکی گەورەت کرد.

دونی، بەرسڤی دایەوە:- قوربان هەنوکە بیر لەوە دەکەمەوە کە بۆتی قەرەبوو بکەمەوە. ئەگەر سکالام لەسەر تۆمار نەکەیت، بەڵێنت دەدەمێ کە وەکو جاران بە دڵسۆزی خزمەتت دەکەم.

کاتەکەی، هی ئەوە نەبوو، خزمەتکارەکە تووڕە بکات، مارامبو بەدەم چاو نوقاندنەوە گوتی:- سوێندت بۆ دەخۆم کە سکاڵات لە سەر تۆمارناکەم.

( ٢ )

دونی، ئاغاکەی ڕزگارکرد. شەو وڕۆژ بە دیارییەوە دەبوو. ژووری نەخۆشەکەی بەجێ نەدەهێشت. ئیدی دەرمانی دەکرد، نەبزی دەگرت، بە خەمخۆرییەوە لێدانی دڵی دەژمارد، ئیدی وەکو پەرستارێکی کارامە و بە دڵسۆزی و وەفاداری کوڕێکی خۆیەوە دەرمانی دەکرد و پێی ڕادەگەیی وخزمەتی دەکرد. زوو زوو لە حاڵی دەپرسی:- هەنوکە حاڵت چۆنە گەورەم؟

مارامبو، بە دەنگێکی کزەوە بەرسڤی دەدایەوە:- تۆزێ باشترم کوڕی خۆم، سوپاست دەکەم.

وەختایەک بریندارەکە شەوان خەبەری دەبووەوە، زۆرجار ئێشکگرەکەی دەبینی، لە سەر کورسییەکەی دانیشتووە، دەگری وبەبێدەنگی ڕوندکەکانی دەسرێت.

دەرمانگەری دێرین، ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە هەموو تەمەنیا ئەو نەوازش و مدارایەی بە خۆوە نەبینی بوو. لە هەوەڵەوە، لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو:- هەرکە چاک بوومەوە ئەم نەگریسە لە کۆڵ خۆ دەکەمەوە.

بەرەبەرە، ڕوو لە چاکبوونەوە بوو، بەلام ڕۆژ بە ڕۆژ، بڕیاری لە کۆڵ کردنەوەی خزمەتکارەکەی، بکوژەکەی دوا دەخست. خەمی ئەوەی بوو کە کەس بەو شێوەیە خزمەتی نەکات، ئەمە جگە لەوەی ئەم هەتیوە چاو بەرخواری بوو و دەترسا شکاتی لێبکات لە بەر ئەمە مارامبو بە حیسابی خۆی داشی سوار بوو. ئاگاداریشی کردبووەوە کە سکاڵانامەیەکی لە لای دادنووس داناوەو پێی گوتووە کە ئەگەر هەر بویەرێکی تازە ڕوویدا، ئەوا سکاڵاکەی بدات بە دادگا.

مارامبو، پێی وابوو ئەم تەگبیرە، لە هەر زێدەگاڤیەکی تازەی دەپارێزێ و وا لە دونی دەکات بە دڵ و بەگیان خزمەت و مدارای بکات. بۆیە دوو دڵ بوو لەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. وەکو چۆن جاران دوو دڵ بوو لەوەی دەرمانخانەیەکی باشتر بکڕێ بەو ئاوایە دوو دڵ بوو لە دەرکردنی خزمەتکارەکەشی.

هەموو جارێ لە دڵی خۆیدا دەیگوت:- جارێ با ڕۆژی خۆی بێت.

دونی، وەکو خزمەتکارێکی نموونەیی لە سەر کاری خۆی بەردەوام بوو. مارامبو چاک بووەوە، ئەوی لەلای خۆی هێشتەوە. بەڵام بەیانییەک لە کاتێکا تازە لە خواردنی تێشت بووبووەوە، لە ناکاوا لە موبەقەکەوە گوێی لە غەڵبە غەڵبێک بوو. بەپەلە چوو، سەیری کرد دونی خۆی ڕادەپسکێنێ و دەیەوێ خۆی لە دەستی دوو پۆلیسان دەرباز بکات.

یارۆی خزمەتکار هەر کە چاوی بە ئاغاکەی کەوت، دەستی بە گریان و هاوار کرد:- ئاخری خەبەرت لێدام گەورەم، ئەمە کارێکی باش نییە، بەتایبەتی کە بەڵێنت دابوومێ. تۆ خاوەنی بەڵێنی خۆت نەبووی جەنابی مارامبو. ئەمە باش نییە، شەرمە!...

مارامبو، بە سەرسامی و خەمینی دەستی هەڵبڕی و گوتی:- کوڕی خۆم، باوەڕم پێبکە، سوێنەم بە خوا من خەبەرم لێنەداویت. ئاگام لەوە نییە کە ئەم پۆلیسە بەڕێزانە چۆنیان زانیوە کە تۆ هەوڵی کوشتنی منت داوە.

پولیسەکە ڕاچڵەکی:- جەنابی مارامبو گوتت هەوڵیداوە بتکوژێ؟

یارۆی دەرمانگەر، بە حەپەساوی بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ... بەڵام نە خەبەرم لێداوە و نە شکاتم لێکردووە... کەم و زۆر باسم نەکردووە... بەزاتی خوا خەبەرم لێنەداوە... لەو کاتە بە دواوە زۆر بە باشی خزمەتی دەکردم...

یارۆی پۆلیس، لێبڕاوانە گوتی:- باشبوو بەمەم زانی. دادگا تا ئێستا بەمەی نەزانیوە، لە ئێستا بە دواوە مامەڵەیەکی جدی دەگەڵ ئەم کێشەیەشدا دەکات. من ڕاسپێردراوم کە خزمەتکارەکەت بگرم، چونکە تۆمەتبارە بەوەی دوو مراوی لە بەڕێز دوهامیل دزیوە و شایەدی بە سەرەوە هەیە. داوای بوردن لە تۆ دەکەم جەنابی مارامبو. ئەم خەبەرەی تۆش دەگەیەنم.

ئەوسا ئاوڕی لای پیاوەکانی دایەوە و ئەمری پێکردن:- ئادەی با بڕۆین!

جووتە پۆلیسەکە " دونی " یان دایە پێش.

( ٣ )

پارێزەرەکە لە بەرەڤانیەکەی خۆیدا هۆی ئەم بویەرەی گەڕاندبووەوە بۆ شێتی و گوتبووی هەر دوو بویەرەکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. بە تەواوەتی ڕوونی کردبووەوە کە دزی هەر دوو مراوییەکە و ئەو هەشت چەقۆیەی لە مارامبو دراون، زادەی هەمان ئەقڵیەتن. زۆر زیرەکانە ئەو حاڵەتی ئەقڵ لە دەست دانە دەمکیەی سەلماندبوو کە بێگومان ئەگەر لە نەخۆشخانەیەکی باشا و بۆ ماوەی چەند هەیڤێک چارەسەر بکرێ چاک دەبێتەوە. هەروەها بە جۆش و خرۆشەوە باسی دڵسۆزی بەردەوامی خزمەتکارەکەی دەرهەق بە ئاغاکەی کردبوو، کە بەر چەقۆشی دابوو، بە ئانقەست ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو زادەی هاڕوژانێکی شێتانە بووە.

ئەو قسانە کاریان لە مارامبو کرد، لە ناخەوە هەژاندیان، ڕوندک زایبە چاوانی. پارێزەرەکە هەستی بەوە کرد، هەر دوو باسکی کردنەوە، ئاسینە ڕەشە درێژەکانی وەکو هەر دوو باڵی شەڤشەڤۆک (شەمشەمە کوێرە) کرانەوە و، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- تەمەشا کەن، تەمەشا، تەمەشاکەن قازیانی بەڕێز. تەمەشای ئەم ڕوندکانە بکەن. لەوەی زیاتر چ دەربارەی موەکیلەکەم بڵێم؟ ئاخر چ وتەیەک وچ بەڵگەیەک وچ لۆژیکێک، هاوتای ئەم فرمێسکانەی ئاغای دەکاتەوە. لە قسەکانی من بەهێزترن. لە یاسا بەهێزترن. هاوار دەکەن: خۆشبوون لەو کەسەی کە بۆ سەعاتێک ئەقڵی لە دەست داوە!

داوای بەزەیی، بۆ دەکات، داوا دەکات لێی خۆشبن!

ئەوسا بێدەنگ بوو، دانیشت.

یارۆی قازی ئاوڕی لای مارامبوی دایەوە کە شایەدییەکەی دەرهەق بە خزمەتکارەکەی زۆر باش بوو و لێی پرسی:- بەڵام بەڕێز، تەنانەت ئەگەر وامان دانا تۆ ئەم پیاوەت بە شێت زانی، ئەمە مانای وا نییە کە لەلای خۆت ڕایبگری، چونکە ئەم شێتییە گریمانەییە ئەوە ناگەیەنێ کە خەتەر نییە.

مارامبو، بەدەم سڕینی چاوەکانییەوە، بەرسڤی دایەوە:- چ بکەم جەنابی قازی؟ ئیدی زەمانەکەی وایە، لەم زەمانەدا خزمەتکار بە ئاسانی دەست ناکەوێ... لەو باشترم دەست نەدەکەوت.

ئیدی دونی تەبرێ بوو و لە سەر حیسابی ئاغاکەی خرایە شێتخانەیەکەوە.

١٨٨٣/٦/٢٨

# سەرەپەتکێک

دێهاتیان بە خۆ و ژنەکانیانەوە، لە هەموو ڕێگاکانی چوار دەوری " غودرفیل " وە، بۆ ناو باژێرۆکی ناوبراو دادەگەڕان، ڕۆژ ڕۆژی بازاڕکردن بوو. پیاوان، لە پێشەوە، ملیان دادەنەواند وڕێیان دەکرد، لاقە درێژو بەهێزەکانیان، بەهۆی کاری سەخت و دژوارەوە شێوا بوون، بە هۆی داچەقاندنی هەوجاڕەوە شانی چەپیان بەرز بووبووەوە وسمتیان خوار بووبوو، بەهۆی دروێنەی گەنمەوە لاقیان لێکدی بڵاو بووبووەوە... ئێلەکە شین و بریقەدار وڕەخشانەکانیان کە دەتگوت واڕنیش کراوە، یەخەکان وسەری ئاسینەکانیان، بە داوی سپی نەخشێنرابوون، بەجۆرێ لە دەوری سینگە تەق و ڕەقەکانیان هەڵئاوسابوو، لە تۆ وایە بالۆنێکە وخەریکە دەفڕێ و سەرێک و دوو دەست و دوو لاقیان لێوە دەرهاتووە.

هەندێکیان، پەتیان لە ملی چێڵێک یان گوێرەکەیەک کردبوو و ڕایان دەکێشا. ژنەکانیان لە دوای حەیوانەکانەوە دەڕۆیشتن و سەرو تەرەکەی تازەیان بەدەستەوە بوو، بە حەیوانەکانیاندا دەکێشا، تا خێراتر بڕۆن. ئیدی سەبەتە و زەمیلەی گەورەیان بە قۆڵێنانەوە کردبوو، لێرەوە سەری مریشک و لەوێندەرەوە سەری سۆنەیەکی لێ هاتبووە دەرێ. هەرچەندە لە پیاوەکان خاوتر ڕێیان دەکرد، بەڵام لەوان چەلەنگتر بوون، بەدەنیان وشک و ڕاست بوو، سینگ و بەرۆکە تەختەکانیان بە شاڵێک داپۆشی بوو، سەرو لەچکی سپیان لەسەر کردبوو و سەرو کڵاوی قووچیشیان بە سەرا لە سەر کردبوو.

پاشان عەرەبانەیەکی تاک ئەسپە بە لەقە لەق تێپەڕی. دوو پیاو بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و عەرەبانەکە دەی هەژاندن، ژنێکیش لە بنەبانی عەرەبانەکەدا ڕۆنیشتبوو، توونـد خۆی بە عەرەبانەکەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی زۆر هەڵی نەتەکێنێت.

مەیدانی غودرفیل، جمەی دەهات، پڕ بوو لە بەشەر و حەیوانات. ئیدی شاخی گا و گوتاڵ و شەپقەی قووچ و تووکنی گوندیانی دەوڵەمەند و کڵاوقۆری دێهاتیان، بە سەر ئاپۆڕای خەڵکەکەوە دیار بوو. ئیدی هەرا و زەنایەک بوو سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسی، دەنگ و هاواری بەشەر، باڕە و بۆڕەی گا و چێڵ و پەز، حەپە و قروسکەی سەگ و کسۆکان، هەمووی تێکەڵ بووبوو، پیاو مێشکی سەری دەچوو، هەندێجار قاقای پڕ شادمانی پیاوێکی گوندی، یان بۆڕەی دوور و درێژی چێڵێکی بەستراوەی پاڵ دیواری ماڵێک، بەرز دەبووەوە و بە سەر هەموو هەرا و زەنا و ژاوە ژاوەکانی دیدا زاڵ دەبوو. هەر هەموو ئەمانە بۆنی گەوڕانی لێ هەڵدەقولا: شیر، پەیین، ئاڵف و گیا و ئارەقە، ئیدی ئەو بۆنە ناخۆش و نەنگینە بەشەری و حەیوانیەی لێ بەرز دەبووەوە کە تایبەتە بە جووتیاران.

هوشکورن، کە خەڵکی بریوتیە بوو، تازە گەیی بووە غودرفیل و لەو کاتەدا کە بەرەو مەیدانەکە دەچوو، بەدەم ڕێوە پەتکێکی بچووکی بینی. هوشکورن، کە وەکو هەموو نورماندییەکی ڕەسەن کابرایەکی بە قینات و کار قایم بوو، بیری لەوە کردەوە، هەر شتێک کەڵکی خۆی دەبێت. بە زەحمەت دانەوییەوە، چونکە باداری لەگەڵ بوو و جومگەکانی ئازاریان هەبوو، پەتکە باریکەکەی هەڵگرت، خەریک بوو پەتکەکەی لوول دەکرد، سەیری کرد جەنابی مالاندان، کە زیندرو بوو، لە بەر ماڵەکەی خۆیدا وەستاوە و تەمەشای ئەم دەکات. کاتی خۆی لە سەر هەوسارێک بەینیان تێک چووبوو و چونکە هەردووکیان کینەکێش و ڕکوونی بوون، هەر ئاشت نەبووبوونەوە.

هوشکورن، زۆری بەلاوە ناخۆش بوو کە نەیارەکەی بەو حاڵەوە، کە بۆ پەتکێک دانەوی بووەوە، بیدینێ، ئیدی بلەز پەتەکەی خستە ژێر ئێلەکەکەیەوە و پاشان لە گیرفانی پانتۆڵەکەی پەستا. ئەوسا بە درۆوە وەکو ئەوەی لە شتێک بگەڕێ، چاوی بە ئەرزەکەدا گێڕا و پاشان سەری دانەواندەوە و بەرەو بازاڕەکە کەوتە ڕێ.

ئیدی زوو بە زوو و لە ناو ئاپۆڕا و هەرا وزەنا وغەڵبە غەڵبی لە پەستا و بێپسانەوەی سەواو مامەڵەی خەڵکەکەدا ون بوو. گوندییەکان دەستیان بە چێڵەکاندا دێنا، دوور دەکەوتنەوە، پاشان دەگەڕانەوەو حایرو حەپەساو لەوە دەترسان هەڵبخەڵەتێنرێن، بۆیە زاتیان نەدەکرد بڕیار بدەن، چاویان دەبڕییە چاوی فرۆشیارەکە و هەوڵیاندەدا بزانن کە چ ئۆینێکی لەبن سەردایە و حەیوانەکەی چ عەیبێکی هەیە..

بەڵام ژنەکان، زەمیلە و سەبەتەکانیان لە بەر پێی خۆیاندا دانابوو، مریشک و پەلەوەرەکانیان لێ دەرهێنابوون و لاقیان بەستبوون و لە ئەرزەکەیان دانابوون، هەموو چاویان زەق کردبووەوە و پۆپنەکانیان قوت کردبووەوە. ژنەکان مامەڵەیان دەکرد، پێیان لە سەر نرخی دڵخوازی خۆیان دادەگرت، هەندێجار لە ناکاوا بەو نرخە قاییل دەبوون کە پێیان دەدرا ومشتەرییەکەیان، کە هێدی هێدی دوور دەکەوتەوە بانگ دەکرد:- کوا جەنابی ئەنتیم وەرە، بیبە، خێری لێبدینی. ئەوسا وردە وردە مەیدانەکە چۆڵ دەبێ و دەنگی زەنگی کڵێساکە، کاتی نیوەڕۆ ڕادەگەیەنێت و، ئەوانەی لە دوورەوە هاتبوون بە سەر کاروانسەرا ومیوانخانەکاندا دابەش دەبن.

لە کاروانسەراکەی گوردان دا، هۆڵە گەورەکەی پڕ بوو لەوانەی نانیان دەخوارد، حەوشە بەرینەکەی پڕ بوو لە هەموو جۆرە عەرەبانەیەک. عەرەبانەی دوو چەرخی تاک ئەسپی، عەرەبانەی کورسی دار، عەرەبانەی دی کە کەس ناوی نەدەزانی، هەر هەمووی لە زڕ و زبڵا زەرد هەڵگەڕابوون، کۆن و پینەکراو، هەر دوو مژانەکانیان وەکو دوو بازوو دەچوون بە ئاسماندا، یان پێشەکەیان دەچوو بە عاردیدا و پاشەکانیان دەچوو بە ئاسماندا.

لە هەنبەر ئەو خەڵکەدا کە لە دەوری مێزەکان دانیشتبوون و نانیان دەخوارد، سۆپایەکی گەورە نێڵە نێڵ دەگڕا، تینی گەرماکەی دەیدا لە پشتی ئەوانەی لە ڕیزی دەستە ڕاستا دانیشتبوون. سێ ڕیز شیشی گۆشتی مریشک و کۆتر و ڕانی بەرخی بە سەرەوە بوو. ئیدی بۆنی خۆشی گۆشتی برژاو، لە ئاگردانەکەوە بەرز دەبووەوە و ئیشتیای دەکردەوە.

هەموو جووتیارەکان لێرە، لە لای وەستا گوردان نانیان دەخوارد، ئەم پیاوە هەم خاوەنی کاروانسەراکە بوو هەم بازرگانی ئەسپان بوو، پیاوێکی زۆر لێزان و دەوڵەمەند بوو. ئیدی هەر قاپە خواردن بوو تێدەپەڕی و بەتاڵ دەبووەوە، ئەمە جگە لە شەرابی زەردی سێو. . ئیدی هەر کەسە و باسی سەوا و مامەڵەی خۆی دەکرد، چی فرۆشتووە و چی کڕیوە، پرسیاری وەختی داس و درەو دەکرا. کەشەکە بۆ سەوزەوات لە بار بوو، بەڵام هێشتا بۆ گەنم زوو بوو.

لە ناکاوا، لە ناو حەساری کاروانسەراکەدا دەنگی دەهۆڵ بەرز بووەوە. هەموو خەڵکەکە، جگە لە چەند کەسێکی بێموبالات، لە جێی خۆ هەستان، بەرەو دەرگاکە و بەرەو پەنجەرەکان تاویان دا، هێشتا پارووەکانیان لە دەما بوو و دەستماڵ سفرەکانیان بە دەستەوە بوو.

دوای ئەوەی یارۆی چیرڤان (جارچی) لە دەهۆڵ کوتان بووەوە بە دەنگێکی پچڕپچڕ و ناڕێک هاواریکرد:- هەموو خەڵکی غودرفیل و هەموو ئەوانەی کە لە بازاڕەکە بوون، ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم بەیانییە، لە سەر ڕێگای بوزفیل، لە نێوان سەعات نۆ بۆ دە دا، یەکێک جزدانەکەی لێکەوتووە، جزدانەکەی چەرمێکی ڕەشە و پێنج

سەد فرانکی تیایە لەگەڵ کۆمەڵێک دوکیۆمێنتی بازرگانیدا. تکایە هەرکەسێک دۆزیویەتیەوە، یەکسەر بیهێنێت بۆ شارەوانی یان بیباتەوە بۆ بەڕێز فورتونی ئولبراک، لە مانزفیل. پاداشتی بیست فرانکی دەدرێتێ.

ئەوسا کابرای چیرڤان ڕۆیی. ئیدی لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵەکە و دەنگی کابرای جارچی دەهات کە بەرە بەرە کز دەبوو.

ئیدی خەڵکەکە کەوتنە باسی بویەرەکە و ئەگەری ئەوەی کە ئاخۆ ڕێزدار ئولبراک جزدانەکەی دۆزیوەتەوە یان نا. ئیدی فراڤین خورا و تەواو بوو.

تازە خەریک بوو لە قاوە خواردن دەبوونەوە کە عەریف پۆلیسێک، لە دەرگاوە پەیدا بوو. هەر لە بەر دەرگاوە پرسی:- ئەرێ بەڕێز " هوشکورن " خەڵکی بریوتیە، لێرەیە؟

هوشکورن، لەوبەری مێزەکەوە ڕۆنیشتبوو، وەڵامی دایەوە:- بەڵێ، لێرەم، ئەوەتام!

عەریفەکە لە سەری ڕۆیی:- کاک هوشکورن، بێزەحمەت لە گەڵما نایەی بۆ شارەوانی؟ بەڕێوەبەر دەیەوێ قسەت لە گەڵدا بکات.

یارۆی دێهاتی، غافڵگیر و نیگەران، بەیەک بین قاوەکەی هەڵدا و بە کوورە کووڕ هەستا و بە خاوە خاو کەوتە ڕێ و لە بەر خۆیەوە دەیگوت:- ئەوەتام! ئەوەتام!

و دوای عەریفەکە کەوت.

بەڕێوەبەر، لە سەر کورسییەک دانیشتبوو و چاوەڕوانی دەکرد. هەر خۆیشی دادنووسی دەڤەرەکە بوو. پیاوێکی زەلامی بە ویقار و دەماوەر بوو. پێی گوت:- جەنابی هوشکورن، ئەم بەیانیە بینراوی کە لە سەر ڕێگای بوزفیل، ئەو جزدانەت دۆزیوەتەوە کە جەنابی ئولبراکی خەڵکی مانزفیل بزری کردووە.

یارۆی دێهاتی، حەپەسا، ئەو تۆمەتەی زۆر لەبەر گران بوو، بە بێهیچ سەدەمێک ئەو گومانەیان لەو کردبوو.

- من... من ئەو جزدانەم هەڵگرتووەتەوە؟
- بەڵێ، تۆ.
- بە شەرەفم هەر بەو مەسەلەیەشم نەزانیوە.
- ئاخر بینراوی.
- بینراوم؟ من؟ کێ بینیومی؟
- جەنابی مالاندان، زیندرو.

کابرای پیرەمێری بیر کەوتەوە، لە فیکەی خۆی حاڵی بوو، لە داخا سوور بووەوە.

- ئاخ! ئەو بێ ویژدانە بینیمی! بینیمی کە ئەم پەتە بچکۆلەیەم هەڵگرتەوە فەرموو جەنابی بەڕیوەبەر.

ئەوسا دەستی بە گیرفانیا کرد و سەرە پەتکێکی لێ دەرهێنا.

لێ بەڕێوەبەر، بە نەباوەڕی سەری لەقاند:- یانی جەنابی هوشکورن دەتەوێ وام تێبگەیەنی کە مالاندان، کە پیاوی درۆ نییە، ئەم پەتەی لێبووە بە جزدان؟

یارۆی دێهاتی، بە تووڕەیی دەستی بەرز کردەوە، ڕووی وەرگێڕا و تفێکی کرد، بۆ ئەوەی بەرەڤانی لە شەرەف و ئیحتوباری خۆی بکات گوتی: - بەڵام ئەوە حەقیقەتەکەیە جەنابی بەڕێوەبەر، باوەڕبکە ئەوە حەقیقەتەکەیە، بەگیانی خۆم ئەوە حەقیقەتەکەیە.

بەڕێوەبەر لە سەری ڕۆیی:- دوای ئەوەی جزدانەکەت هەڵگرتووە، ماوەیەکی زۆر چاوت بە قوڕەکەدا گێڕاوە تا بزانی ئاخۆ هیچ پارەیەکی لێکەوتووەتە ئەرزەکە یان نا.

کابرا خەریک بوو لە داخا ولە ترسا دەبورایەوە.

- ئاخر چۆن!... چۆن بوختانی وا دەکرێ!... چ خودا بەرداره بەم درۆیانە ناوی پیاوێکی پاک و بێگەرد بێتە زڕاندن! شتی وا چۆن دەبێ!

بەڵام بێهودە، باوەڕیان پێنەکرد.

ئەوسا لەگەڵ جەنابی مالاندان دا ڕووبەڕوو کرانەوە. مالاندان هەمان قسەی خۆی دووبارە کردەوە. نزیکەی یەک دانە سەعات مشت و مڕ و شەڕە جوێنیان کرد. جەنابی هوشکورن داوای کرد بیپشکنن، هیچیان پێ نەگرت.

لە ئەنجامدا بەڕێوەبەر ئیزنی دا، ئاگاداری کردەوە کە خەبەر بە دادگا دەدات و داوا دەکات ئەمری خۆی دەر بکات.

خەبەرەکە بڵاو بووەوە. وەختایەک یارۆی پیرەمێر لە شارەوانی وەدەرکەوت، خەڵکەکە لە دەوری خڕ بوونەوە و زۆر بە جدی و بە تەوسەوە پرسیار پێچیان کرد. ئەویش حاڵ و حیکایەتی پەتکەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش بە نەباوەڕییەوە پێدەکەنین.

ڕۆیی، هەموو خەڵکی ڕایان دەگرت، ئەویش ئاشنا ورۆشناکانی خۆی ڕادەگرت وحاڵ و حیکایەت و بەسەرهاتی پەتکەکەی بە وردی دەگێڕایەوە و گیرفانەکانی بۆ هەڵدەگێڕانەوە تا بیسەلمێنێ کە هیچی پێ نییە.

پێیان دەگوت:- هەی فێڵبازی گەورە!

ئیدی پەست و تووڕە دەبوو، زۆری لە بەر گران بوو کە باوەڕیان پێنەدەکرد، نەیدەزانی چ بکات، بەردەوام حیکایەتەکەی خۆی دەگێڕایەوە.

شەو داهات، وەختی ڕۆیشتن هات. دەگەڵ سێ دراوسێی خۆیدا وەڕێکەوت، ئەو شوێنەی نیشاندان کە پەتەکەی لێ هەڵگرتبوو. بە درێژایی ڕێگا، حاڵ و حیکایەتەکەی دەگێڕایەوە.

شەوێ بە ناو گوندی بریوتیە کەوت، تا هەمووان لە حاڵ و حیکایەتەکە ئاگادار بکاتەوە. تووشی کەسێک نەبوو کە باوەڕی پێبکات. بە درێژایی شەو بە داخەوە تلاوەتەوە.

ڕۆژی دوایی، دەوروبەری سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ، ماریوس بوسیل، کە وەرزێر و ڕەنجبەر بوو لە لای جەنابی بروتون، بروتونش مەزرا و موڵکدارێکی خەڵکی ئیموفیل بوو، جزدانەکە، بە هەموو دوکیومێنت و پارەکەی ناوییەوە، بۆ بەڕێز ئولبراکی خەڵکی مانزفیل دەگێڕێتەوە. گوتبووی لە ڕێگا دۆزیویەتیەوە و چونکە خوێنەواری نییە، بردۆیەتییەوە بۆ ماڵەوەو داویە بە ئاغای.

هەواڵەکە لە هەموو دەڤەرەکەدا بڵاوبووەوە. ئەم هەواڵە گەییە هوشکورن، کە خێرا کەوتە گەڕان بە ناو خەڵکیدا و دەستی بە گێڕانەوەی حاڵ و حیکایەتەکەی خۆی و ئەم ئاکامەی ئێستا کرد.

سەرکەوت! دەیگوت:- من ئەوەندەی خەفەتم بە درۆیەکە دەخوارد، خەفەتم بە خودی مەسەلەکە نەدەخوارد. ئاخر زۆر ناخۆشە بەهۆی بوختان و درۆیەکی نەهەقەوە خەڵکی لێت بکەونە گومانەوە.

ئیدی بە درێژایی ڕۆژەکەش هەر باسی بویەرەکەی دەکرد، بۆ ڕێڤینگانی سەر ڕێگایان، بۆ مەشروب خۆری ناو بارەکان، بۆ ئەوانەی کە ڕۆژانی یەکشەممە لە کڵێساکانەوە دەهاتنە دەرێ، بۆ دۆم و خەڕاتی گێڕایەوە. خەڵکانی غەوارەی ڕادەگرت وبۆیانی دەگێڕایەوە. نها برێک ئاسوودە بوو، بەڵام هێشتا شتێک، کە خۆیشی بەتەواوەتی نەیدەزانی چییە، نیگەرانی دەکرد. خەڵکی کە گوێیان لێدەبوو، گاڵتەیان پێدەهات. پێناچوو قەناعەتیان پێی بێ و باوەڕی پێبکەن. هەستیدەکرد لە پاشملەی دەڵێن.

لە سێ شەممەی داهاتوودا، چوو بۆ بازاڕی غودرفیل، هیچ ئیشێکی لە بازاڕ نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە حاڵ و ماجەراکەی خۆی بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. مالاندان، کە لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیدا وەستابوو، کە ئەوی بینی بەوێدا ڕەت دەبوو، پێکەنی. بۆچی؟

ئەوسا کابرایەکی فەلاحی خەڵکی کریکتوی ڕاگرت، بەڵام کابرای فەلاح دەرفەتی نەدا حیکایەتەکەی تەواو بکات، مستێکی دۆستانەی بە ورگیا کێشا و بە ڕوویا هەڵشاخی وگوتی:- بڕۆ هەی فێڵبازی گەورە! ئەوسا پشتی تێکرد و ڕۆیی.

هوشکورن، واقی وڕما، زیاتر نیگەران بوو، باشە بۆچی بە فێڵبازی گەورەی ناو برد؟

وەختێک لە کاروانسەراکەی گوردان دانیشت، سەر لە نوێ کەوتە باسکردنی مەسەلەکە. کابرایەکی دەلاڵی خەڵکی مونتیفیلییە گوتی:- دە دەی دەی ئەمە فێڵێکی کۆنە، من دەیزانم، ئەو پەتە بیانووە!

هوشکورن لە بن لێوانەوە گوتی:- باشە ئەم قسەیەت لە چییە؟ ئەدی جزدانەکە نەدۆزرایەوە؟

لێ یارۆی دەلاڵ گوتی:- واز بێنە برادەر، ئەمە فێڵێکی ئاشکرایە، ئەمە نمایشە، یەکێک دەیدۆزێتەوە و یەکێک دەیداتەوە، ئیدی بەو شێوەیە مەسەلەکە پەردەپۆش دەکرێ و دێزە بەدەرخۆنە دەکرێ!

کابرای دێهاتی خەریک بوو لە داخا شەقی دەبرد. ئەنجام لە فیکەی خۆی حاڵی بوو. بەوە تۆمەتباریان دەکرد، کە گوایە لە ڕێگای هاودەستێکی خۆیەوە جزدانەکەی گەڕاندووەتەوە.

ویستی تووڕە ببێت. بەڵام هەموو ئەوانەی لەوێ بوون لە قاقایان دا.

خواردنەکەی بۆ تەواو نەکرا، هەستا ڕۆیی، خەڵکەکە لە دواوە بە قێز و بێزەوە تەمەشایان دەکرد.

بۆ ماڵ گەڕایەوە، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. لەزگ بوو لە داخا شەق بەرێ، سەیر ئەوە بوو وێڕای ئەوەی وەکو پیاوێکی نورماندی بە فەند و فێڵ دەیتوانی ئەو تۆمەتەی دەیاندایە پاڵی بکات و بگرە وەکو فێڵێکی سەرکەوتوو خۆی پێوە با بدات، کەچی نەیدەتوانی بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ، چونکە بە فێڵبازی ناوی دەکردبوو. هەستی دەکرد، ئەم گومانە ناڕەوایە، ناخی ناخی بریندار دەکات.

ئیدی کەوتەوە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی، هەموو ڕۆژێ دەیگێڕایەوە و هەر جارەی هۆیەکی تازەی بۆ زیاد دەکرد... ئیدی هەموو زیکر و فیکری هاتە سەر حیکایەتی ئەم سەرە پەتە، تا زیاتر بەرەڤانی لە خۆی دەکرد و زیرەکانەتر گەنگەشەی دەکرد، خەڵکەکە کەمتر باوەڕیان پێدەکرد.

لە پاشملە دەیانگوت:- ئەمە بیانووی درۆزنانە، خۆ درۆ باجی لە سەر نییە.

هەستی بەوە دەکرد، لە پاشملەی دەگوترێ، زۆری لە بەر گران بوو، خەفەتی دەخوارد، هەرچییەکی دەکرد بێفایدە بوو.

بە ئاشکرا دەپووکایەوە.

ئەهلی ڕابواردن و سوعبەت داوایان لێدەکرد حیکایەتی (سەرە پەتەکە) بگێڕێتەوە، تا پێی ڕابوێرن، وەکو چۆن داوا لە سەربازێک دەکرێ، چۆنیەتی ئەو هێرشە بگێڕێتەوە کە بەشداری تیا کردووە، بەو ئاوایە داوایان لەم دەکرد کە حیکایەتەکەی بگێڕێتەوە.

ئاوەزی بە تەواوەتی تیک چووبوو، ڕۆژبە ڕۆژ لاوازتر دەبوو. لە ئاخر و ئۆخری هەیڤی کانوونی یەکەمدا نەخۆشکەوت ولە جێگادا کەوت. لە سەرەتاکانی هەیڤی کانوونی دووەمدا، بەدەم ئاوزینگەوە، تەکەزی لە سەر بێگەردی و بێتاوانی خۆی دەکرد و دەیگوت:- تەنیا سەرەپەتکێک بوو... پەتێکی بچووک... ئەگەر باوەڕ ناکەی فەرموو ئەوەتا جەنابی بەڕێوەبەر.

١٨٨٣/٢/٥

# گورگ

بەبۆنەی جەژنی قەشە هوبیرەوە، لە نک بارون رافیل دانیشتبووین، مارکیز دارفیل، دوای نانی ئێواریٚ ئەمەی بۆ گێڕاینەوە.

ئەو ڕۆژە کەڵەکێویەکمان ڕاو کردبوو. لەنێو هەموو دەعوەتکراوەکانا تەنیا مارکیز لەو ڕاو و شکارەدا بەشداری نەکردبوو، چونکە ئەو ئەهلی ڕاو نەبوو و ڕاوی نەدەکرد.

بە درێژایی ئەو ئێوارە خوانە ئاوەدانە، باس هەر باسی پاکتاوکردن و قڕکردنی حەیوانات بوو، تەنانەت ژنەکانیش بە تاسەوە گوێیان لەو حیکایەتە خوێنینانە دەگرت کە جێگەی باوەڕ نەبوون. ئەوانەی کە قسانیان دەکرد، بەدەم قسانەوە ساتی هێرش وشەڕی نێوان پیاوەکان و حەیوانەکانیان بەرجەستە دەکرد، دەستیان بەرز دەکردەوە و بە دەنگی بەرز بویەرەکەیان دەگێڕایەوە.

ئاغای دارفیل، دەماوەرێکی چاک بوو، بە ڕاوێژێکی شاعیرانە و زۆر کاریگەر شتی دەگێڕایەوە. زۆرجار ئەم حیکایەتەی گێڕابووەوە، زۆر بە ئاو و تاو دەیگێڕایەوە، بۆ وشەی هەڵبژاردە دانەدەما و دیمەنەکەی لە بەرچاوی گوێگران بەرجەستە دەکرد.

- من بەڕێزینە، قەت ڕاوم نەکردووە، باوکیشم ڕاوی نەکردووە و تەنانەت باپیرەم و باوکی ئەویش ڕاویان نەکردووە. باپیرە گەورەم کوڕی پیاوێک بوو، بە قەد هەمووتان ڕاوی کردووە لە ساڵی ١٧٦٤ دا مردبوو، جا با بۆتانی بگێڕمەوە چۆن.

ناوی جان بوو، ژنی هەبوو و منداڵێکی هەبوو، ئەو منداڵە باپیرەی باپیرەم بوو. ئەمە لەگەڵ برا بچووکەیدا، کە ناوی فرانسوا دارفیل بوو، لە دەڤەری لورین، لە کۆشکەکەی خۆمانا کە لە ناوەندی لێرەوارێکا بوو دەژیا.

فرانسوا دارفیل، ئەوەندە ئاشقە ڕاو بوو کە ژن هێنانی لە بیرکرد وەهەر بە سەڵتی مایەوە. خۆی و براکەی ساڵ دوازدەی مانگ، بێوچان، بێئەوەی بێزار بن، هەر ڕاویان دەکرد. ئیدی ڕاو بۆ ئەوان هەموو شتێک بوو، تەنیا حەزیان لە ڕاو بوو، تەنیا لە ڕاو و دنیای ڕاو حاڵی دەبوون، بابەتی بەر و دوایان باسی ڕاو بوو و لە پێناوی ڕاودا دەژیان.

ئیدی ئەم عەشقە توونده تێکەڵ بە خوێنیان بووبوو. پێوەی دەسووتان، بەجۆریٚ باڵی بە سەریاندا کێشابوو، کە جێگای بۆ هیچ شتێکی دیکە نەهێشتبووەوە.

هیچ کەسێک بۆی نەبوو، لە کاتی ڕاوا، بە هیچ بیانوویەک بێزاریان بکات. باپیرە گەورەم لە کاتێکا لە دایک بوو بوو کە بابی خەریکی ڕاوی ڕێوییەک دەبێت. بەڵام جان دارفیل دەستبەرداری ڕاوەکەی نابیٚ بە تووڕەیی دەڵێت:- شەیتان بە نەعلەت بیٚ، ئەم گەوجە دەیتوانی چاوەڕوان بکات تا ڕاوەکە تەواو دەبوو!

بەڵام فرانسوای برای، پێدەچوو لەو زیاتر عاشقە ڕاو بێت، هەرکە لە خەو ڕادەبوو، پێش هەموو شتێک دەچوو سەرێکی تاژییەکانی دەدا، پاشان سەری ئەسپەکانی دەدا، ئەوسا دەچوو، بە ساچمەزەن بەر دەبووە تەیرەکانی دەوروبەری کۆشکەکە، تا کاتی ئەوە دەهات بچێتە ڕاوی حەیوانێکی گەورە.

لە دەڤەرەکە پێیان دەگوترا جەنابی مارکیز و جەنابی مارکیزە چکۆل. پیاو ماقولانی ئەو زەمانە گوێیان بەو شتانە نەدەدا بە پێچەوانەی پیاو ماقولانی ئێستاوە، کە دەیانەوێ لەقەبەکان بە گوێرەی گەورەیی و بچووکی ڕیز بکەن. وەکو چۆن کوڕی جەنەڕاڵ بە میرات و لە ڕۆژی لە دایک بوونەوە سەرهەنگ نییە، کوڕی مارکیز، بە زەرروورەت کۆنت نییە و، کوڕی فیکونت بارون نییە. (فیکونت شەریفێکە لە بارون گەورەتر و لە کۆنت بچووکترە. مارکیز لە هەموویان مەزنترە.)

با بێمەوە سەر باپیرەکانم...

وادیارە زۆر باڵایان بەرز بووە، زۆر تووکن و دڵڕەق و بەهێز بوون. بچووکەکەیان کە لە برا گەورەکەی درێژتر بوو، دەنگێکی گەورە وگڕی ئەوتۆی پێوە بوو، کە هاواری بکردایە گەڵای دار ودرەختەکانی ناو لێرەوارەکە دەهەژین. هەڵبەتە بە گوێرەی ئەفسانەیەک کە خۆی پێوە ڕادەنا.

دیارە دەبێ دیمەنی ئەم دوو زەبەلاحە وەختایەک سواری ئەسپە زەلامەکانیان دەبوون تا بچنە ڕاوێ، زۆر جوان بووە.

لە ناوەندی زستانی ١٧٦٤ دا، دنیا زۆر سارد دەبێت و گورگان بە ڕادەیەک دڕ دەبن کە پەلاماری ئەو دێهاتیانە دەدەن کە درەنگ بۆ ماڵ دەگەڕانەوە و بە شەوان بە دەوری ماڵەکاندا دەسوڕانەوە و لە خۆرئاواوە تا خۆرهەڵات بەردەوام دەیانلوراند و پەلاماری تەویلانیان دەدا و هەر حەیوانێکیان تیا بوایە دەیانخوارد.

خێرا قاوێ داکەوت، کە گوایە گورگێکی گەورە، بۆر باوێکی مەیلەو سپی پەیدا بووە، دوو منداڵی خواردووە و قۆڵی ژنێکی بچڕیوە و هەرچی سەگی دەڤەرەکە هەیە، هەمووی خنکاندووە، گوایە بە بێترس بە سەر پەرژین و تەیمانی ماڵاندا بازی دەدا و لووتی بە بنی دەرگای ماڵانەوە دەنا تا بۆن بکات. هەموو خەڵکی دەیانگوت هەستیان بە هەناسەی کردووە، کە گڕی چراکانیانی لەراندووەتەوە. ئیدی ترس لە هەموو دەڤەرەکەدا بڵاو بووەوە. هەر کە ئێوارە دادەهات ئیدی کەس نەیدەوێرا لە ماڵ بێتە دەرێ.

برایانی دارفیل، بڕیاریان دا ئەو گورگە بدۆزنەوەو بیکوژن، ئیدی هەموو پیاو ماقولانی دەڤەرەکەیان دەگەڵ خۆدا بۆ گەڕی ڕاوی گەورە دەبرد.

بەڵام فایدەی نەبوو. بێهودە بەنێو لێرەوارەکانا دەگەڕان و دەوەنەجاڕەکانیان تەی دەکرد، گورگەی بەدفەڕ لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو. گورگانیان دەکوشت، بەڵام هەمان گورگ نەبوو. جا ئەم گورگە وەکو ئەوەی بیەوێ تۆڵە بکاتەوە، هەر ڕۆژێ تاقیب بکرایە، بۆ شەوەکەی پەلاماری چەند ڕێبوارێکی دەدا، یان چەند پەزێکی دەخوارد، هەمیشەش ئەم کارەی لە شوێنێکی دوور لەو شوێنە دەکرد، کە بە ڕۆژەوە تاقیبی ئەویان تیا کردبوو.

ئەنجام شەوێک دزەی کردبووە ناو تەویلەی کۆشکەکەی دارفیلەوەو دوو پەزی قەڵەوی خواردبوو.

برایانی دارفیل، زۆر تووڕە دەبن وئەمە بە بێڕێزی و ئالنگاری ڕاستەوخۆ دەزانن. هەرچی سەگی دڕ ودڕندە و فێرە ڕاوی حەیواناتی ترسناکیان هەیە لە گەڵ خۆدا دەیانبەن و دەچنە ڕاو، لە بەرەبەیانەوە تا ئەو کاتەی هەتاوی ئاڵ، لە پشت درەختە زەلام و ڕووتەکانەوە ئاوا دەبێت، لێرەوارەکان دەدەنە ژێر پێوەو گورگەی تاین نادۆزنەوە.

ئەنجام، بە تووڕەیی، بە سواری ئەسپەکانیان دەزڤڕنەوە، سەریان لە زیرەکی ئەم گورگە دەسوڕمێ کە چۆن خۆی دەرباز دەکات، لە کاتێکا کە ئەوان هەموو تەمەنی خۆیان لە ڕاو وشکار بە سەر بردووە. بە هەرحاڵ لە ناکاوا ترسێکی گونگ دایگرتن.

برا گەورەکە گوتی:- ئەم حەیوانە، حەیوانێکی ئاسایی نییە. وا هەستدەکەم وەکو ئینسان بیردەکاتەوە.

برا بچووکەکە بەرسڤی دایەوە:- هەقە بە قەشە باشیەکەی زاوامان بڵێین، دوعا بە سەر یەکێک لە فیشەکەکاندا بخوێنێ، یان داوا لە کاهینێک بکەین، نوێژی لە سەر بکات.

بێدەنگ بوون.

ئەوسا جان لە سەری دەڕوات:- تۆ تەمەشای خۆر بکە بزانە چەند سوورە! وادیارە گورگە زەلامەکە ئەمشەو کەتنێکی گەورە دەکات.

هەرکە لە قسەکەی بووەوە ئەسپەکەی جەنەی بەست، ئەسپەکەی فرانسواش کەوتە جووتە وەشاندن. بێشەیەکی چڕ وچوغوردی پڕ لە گەڵای وشکیان هاتەڕێ، حەیوانێکی بۆر باوی زەلام، لە بەردەمیانەوە دەرپەڕی و بەناو لێرەوارەکەدا بە غار بۆی دەرچوو. لە خۆشیا هاواریان لێ بەرز بووەوە، ئەوسا هەرکەسە وخۆی بە سەر یاڵ و ملی ئەسپە زەلامەکەیا دا و خۆی دانەواندەوە و بۆی دەرچوو، بە هاندان و هاوار و مامێز لێدانەوە ئەسپەکانیان تاو دەدا. جووتە سواری کارامە ولە زەبر، بە جۆرێ بۆی دەرچوون، لە تۆ وایە ئەوان، ئەو ئەسپە زەلامانەیان لە نێوان ڕانی خۆدا هەڵگرتووەو بە ئاسمانەوە دەفڕن.

بەوجۆرە وەکو با بۆی دەرچوون، جەنگەڵە چوغووردەکەیان دەبڕی، بە دۆڵاندا نشێو دەبوونەوە، هەورازیان دەبڕی و خۆیان بە خەرەندە تەنگەکاندا دەکرد و بۆقی ڕاویان لێدەدا تا دەست و پێوەند وسەگ و تاژیەکانیان ئاگادار بکەنەوە.

لێ لە ناکاوا، لە گەرمەی ئەو تەکان و تاوانە دا، سەری باپیرم بەر لقێکی گەورە دەکەوێ و سەری شەق دەبێ، لە ئەسپەکەی بەر دەبێتەوەو دەمرێت، ئەسپەکەی جەنە دەبەستێ، دەترسێ، دەڕەوێتەوەو لە تاریکی لێرەوارەکەدا ون دەبێت.

برا بچووکەکەی یەکسەر دەوەستێ، خۆی هەڵدەداتە خوارەوە، براکەی هەڵدەگرێتەوە، دەبینێ مۆخ و خوێن لە برینەکەیەوە دەچۆڕێ.

بەدیار جەنازەکەوە دادەنیشێت، سەرە شێواو وخوێناویەکەی دەنێ بە هەر دوو ئەژنۆیەوەو چاو دەبڕێتە ڕوخسارە وشکەکەی برا گەورەکەی.

بەرەبەرە ترس دایدەگرێت، ترسێکی دەگمەن کە پێشتر کەم و زۆر هەستی بەو جۆرە ترسە نەکردبوو، ترس لە تاریکی، ترس لە تەنیایی، ترس لە بێشە چۆڵەکە و لە گورگە زەبەلاحەکە کە تازە، تۆڵەی خۆی لێ کردبوونەوە و برا گەورەکەی کوشتبوو.

تاریکیەکە سات بەسات تاریکتر دەبوو، چاو چاوی نەدەبینی، سەرما لە کێشا نەبوو، دارەکان قرچە قرچیان پێکەوتبوو. فرانسوا هەستا، سەراپای دەلەرزی، نەیدەتوانی لەوەی پتر لەوێندەر هەڵبکات، هەستی دەکرد خەریکە

هەرەس دێنێت. دنیا کش ومات، هیچ دەنگێ نەدەهاتە گوێ، نە دەنگی سەگ وتاژیەکان، نە دەنگی شەیپور و بۆقی ڕاوکردن نەدەهات، هەموو دەنگەکان لە کەل و ئاسۆی نادیارا ئاوا بووبوو. ئیدی ئەو بێدەنگیە خەمناکە و لەو شەوە سارد و سەهۆڵینەدا، یەجگار بەسام وترسناک بوو.

به هەر دوو دەستە زەلامەکانی، جەنازە قورسەکەی جان هەڵدەگرێ، دەیخاتە سەر زینەکە تا بۆ کۆشکی بەرێتەوە. ئەوسا بە خەمباری و بێحەواسی وەکو ئەوەی سەرخۆش بێ، بۆ ماڵ دەکەوێتە ڕێ. هەست بە ترس و سەرسامیەکی سەیر دەکات.

لە ناکاوا تاپۆیەکی گەورەبە ڕێگاکەدا، کە سات بەسات پتر لە تاریکیا غەرق دەبوو، تێپەڕی. ئەو تاپۆیە گورگەکە بوو. یارۆی ڕاوچی لە ناکاوا ڕدەجفرێ، تەزوویەکی سارد وەکو دلۆپە ئاوێک، بە گازەرای پشتیا دادەچۆڕێ. وەکو ڕەبەنێک، نیشانەی خاچ دەکێشێت، هاتنەوەی کوت و پڕی گورگەکە و سوڕانەوەی بەو دیار و دەڤەرەدا، شپرزەی دەکات. بەڵام دووبارە چاوی بە جەنازەکە دەکەوێت، کە لە بەردەمیا و بە سەر ئەسپەکەوە ڕاکشاوە و سارد بووەتەوە. لە ناکاوا ترسەکەی ڕەوییەوەو بە تووڕەیی، لە حیرس و تووڕەییدا دەلەرزی، ئەسپەکەی بەر مامێزان دا و دووی گورگەکە کەوت.

ئیدی بە دوای گورگەکەدا، بەناو دۆڵ و لێرەوار و جەنگەڵان کەوت، بێشەی وای دەبڕی کە قەت نەیدیتبوو، چاوی بڕی بووە ئەو پەڵە سپیەی، کە بەناو تاریکیەکەدا هەڵدەهات.

ئەسپەکەشی وەکو ئەوە بوو، هێزێکی نادیار وگونگ بیجولێنێت... ملی بەرز گرتبوو، ڕاستەوڕاست غاری دەدا، ئیدی سەر ولاقی مردووەکە، بەسەر ئەسپەکەوە شۆڕ بووبوونەوە و بەر دار وتاوێران دەکەوت. ئیدی کە سەری بەر دار و درەختان دەکەوت، قژەکەی هەڵدەکەنرا، هەنیەی کە بەر لق و پۆپان دەکەوت بریندار دەبوو و خڵتانی خوێن دەبوو، مامێزی پێڵاوەکانی توێکڵی دارەکانی بریندار دەکرد.

لە ناکاوا، سوارەکە وئەسپەکەی لە لێرەوارەکە دەرچوون و بەناو شیوەڵەیەک کەوتن. مانگ تازە لە چیاکانەوە هەڵدەهات. شیوەڵەکە، بەردەڵان بوو، گاشە بەردێک بەری گرتبوو و ڕێگاکە دەرنەدەچوو، گورگەکە یەکسەر بایدایەوە.

فرانسوا، لە خۆشیا هاوارێکی ئەوتۆی کرد کە وەکو تەشبریق دەنگی دایەوە، بە شمشێرەکەیەوە خۆی لە ئەسپەکەی هەڵدایە خوارەوە.

گورگەکە، پشتی کووڕ کردەوە و خۆی گیڤ کردەوە، چاوەکانی وەکو ستێران دەبریقانەوە. بەڵام پێش ئەوەی شەڕەکە دەست پێبکات و تێک بگیرێن، یارۆی ڕاوچی لە زەبر، براکەی داگرت، لە پاڵ تاوێرێکا داینا و بەردێکی نایە پاڵ سەری کە یەک پارچە خوێن بوو و وەکو کەسێکی کەڕ بدوێنێ، هاواری بە گوێیدا کرد:- تەمەشا، جان گیان، تەمەشای ئەمە بکە!

ئەوسا خۆی بە سەر دڕندەکەدا دا. وای هەستدەکرد هێندەی هێز وتوانا هەیە کە کێوێک هەڵکەنێ، کە بە دەستەکانی بەردێک بهاڕێت، حەیوانەکە دەیویست پڕی بداتێ و ورگی هەڵبدڕێت. بەڵام ڕاوچییەکە، لە ملی نەوی و توونذ گرتی، تەنانەت چەکیشی بەکار نەبرد، ئیدی وردە وردە خەریک بوو دەیخنکاند و بەدەم ئەو کارەوە بە خۆشحاڵییەوە گوێی لە هەناسە و لێدانی دڵی دەگرت کە بەرەو وەستان دەچوو. پێدەکەنی، زیاترو زیاتر گوشاری دەخستە سەر ملی گورگەکە و، بە دەم هاواری شادییەوە دەیگوت:- تەمەشاکە جان، تەمەشاکە!

هەنگێ، گورگەکە لە هەر بەرەڤانییەک کەوت، لە پەل و پۆ کەوت. گیانی دەرچوو.

فرانسوا، هەڵیگرت و بردی لە بەر پێی براکەیا فرێی دا و، بە ڕاوێژێکی میهرەبانەوە دەیگوت:- هانێ، هانێ، ئەمەش تۆڵەی تۆ جان گیان، ئا ئەوەتا! بەچاوی خۆت ببینە!

ئەوسا هەر دوو جەندەکەکەی، بەبان یەکەوە نایە سەر زینەکە و کەوتەوە ڕێ.

گەییەوە کۆشک، هەم شاد بوو هەم خەمبار، کە باسی کوشتنی گورگەکەی دەگێڕایەوە، لە کەیفان لە کەوڵی خۆی نەدەحەجمی و کە بویەری مردنی براکەی دەگێڕایەوە، لە داخا دەگریا و ڕدێنی خۆی دەڕنییەوە.

پاشان، وەختایەک باسی ئەو ڕۆژە دەهاتە پێشێ زۆرجار بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە دەیگوت:- ئەگەر جانی داماو بیدیتبا چۆن ئەو گورگەم خنکاند، دڵنیام بە شادییەوە سەری دەنایەوە!

بەڵام بێوەژنی ئاوەڵزاواکەم، بە جۆرێ ڕاوی لە بەرچاوی تاقە کوڕەکەی خست، کە ئەم ڕقە پشتاوپشت و بابەل باب هات تا گەییە من!

مارکیز دارفیل بێدەنگ بوو. ئەوسا یەکێک لە ئامادەبووان لێی پرسی:- ئەم حیکایەتە خەیاڵییە، وانییە؟

یارۆی گوتیار گوتی:- سوێندت لە سەرم نییە، سوێندت بۆ دەخۆم کە هەر هەمووی، لە هەوەڵییەوە تا کۆتایی واقیعی و دروستە.

ژنێک بەدەنگێکی ناسک گوتی:- گرینگ نییە، خەیاڵی بێ یان واقیعی، چەند خۆشە پیاو ئەم جۆرە سۆزانەی هەبێت.

١٨٨٢/١١/١٤

# ترس

## پێشکەشە بە: ا.ج.ک. ویسمانس

دوای شام سەرکەوتینە سەر کەشتیەکە. دەریای سپی ناوین لە بەردەمماندا ئارام، لە تۆ وایە ناجولێت، تریفەی مانگ بە سەریەوە عەکس دەبووەوە. کەشتیەکە هێدی هێدی دادەگەڕا، دووکەڵێکی ڕەشی پێچاوپێچی بە ئاسماندا دەکرد، ئاسمان ئەستێرە باران بوو، لە تۆ وایە بە بار ئەستێرەی پێ وەرکراوە. ئاوە سپیەکە لە دوامانەوە بە هۆی سوڕانەوەی خێرای پانکەکانی کەشتیەکە، یەکپارچە کەفاو بوو، هەندێک تیشکی دەدایەوە لە تۆ وایە تریفەی مانگە و قوڵپ دەدا.

شەش یان هەشت پیاو بووین، هەموو بێدەنگ لە فکران ڕاچوو بووین، چاومان بڕی بووە ئەفریقای دوور کە بۆ ئەوێندەر دەچووین. کاپتنەکە کە لە ناوماندا دانیشتبوو وجگەرەی دەکێشا، لە ناکاوا دەستی بە هەمان گەنگەشە کردەوە کە لە کاتی شێودا، کرابووەوە.

- بەڵێ ئەو ڕۆژە زۆر ترسام. کەشتیەکەم شەش دانە سەعات بەو تاوێرەوە کە تێی چەقی بوو مایەوە و شەپۆلی دەریا بە هەموو هێز وقوەتیەوە خۆی پێدا دەکێشا. ئیدی خۆمان وشانسمان ئەو شەوە کەشتیەکی بار هەڵگری بریتانی کە ڕەژووی بار کردبوو، فریامان کەوت و هەڵیگرتین.

هەنگێ پیاوێکی کەتەی زەلام، دەم و چاو سووتەڵ، مەند و بە ویقار لەو پیاوانە بوو کە وات وێنا دەکرد، زۆر دیار ودەڤەرانی نادیار گەڕاوە، ڕووبە ڕووی مەترسی وتالوکەێن بەردەوام بووەتەوە، چاوە مەنگەکانی، زۆرێکیان لەو دیمەنە غەریبانەی کە دیتبوونی، لە قوڵایی خۆدا هەڵگرتبوو، بە ڕواڵەت لە پیاوێکی کارامە و ئازا دەچوو، بۆ یەکەمجار هاتە قسە وگوتی:- جەنابی کاپتن گوتت ترسایت، من باوەڕ ناکەم ترسابیت، تۆ وشەکە بە هەڵە بەکار دەبەی، گوزارشت لەو هەستە ناکەی کە لەو دەمەدا دایگرتوویت. پیاوی ئازا هەرگیز لەو خەتەرە ناترسێت کە دێتە ڕێی، ڕاستە هەڵدەچێ، دەشڵەژێ، نیگەران دەبێ، بەڵام ترس شتێکی ترە.

کاپتنەکە بە پێکەنینەوە گوتی:- سەیرە! دڵنیابە کە ترسام.

کابرای ڕەشتاڵە، بە ڕاوێژێکی نەرم وهێدی گوتی:- ڕێگەم بدە با بۆتی ڕوون بکەمەوە! ترس ( کێ زۆر ئازایە لەگینە تووشی ترس ببێت ) شتێکی سامناکە، هەستێکی زۆر بە سامە، وەکو هەرەسی ڕۆح وایە، بیر ودڵ گرژ دەکات، تەنیا ناوەکەی، ناوهێنانی، لەرزت لێدێنێت. بەڵام پیاوی بوێر، نە لە هەنبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشا و نە لە هەنبەر ڕووبەڕوو بوونەوەی مردنی ئەسح دا و نە لە هەنبەر هیچ خەتەر و تالوکەیەکدا تووشی ئەو حاڵەتە نابێت. ئەمە لە هەندێ بۆنە و حاڵەتی نائاساییدا، لە ژێر هەندێ باندۆر وکاریگەری گۆنگا، لە هەنبەر هەندێک خەتەری ئاڵۆزا، ڕوو دەدات، ترسی ڕاستەقینە، زیاتر لە بێداربوونەوەی ترسی خەیاڵی و زۆر کۆن دایە. پیاوێک ئەگەر باوەڕی بە تاپۆیان هەبێت و وا وێنا بکات بەشەوان تاپۆ دەبینێت، هەڵبەتە هەست بە ترس، بە هەموو مانای ترس، دەکات.

من دە ساڵێک لەمە پێش، بە ڕۆژی ڕوناک ترسم کەشف کرد. پار زستانیش، لە شەوێکی کانوونی یەکەمدا هەستم پێکرد. هەرچەندە من لە ژیانی خۆما، بە زۆر تالوکە و مەترسیاندا تێ پەڕیوم و تووشی هەندێک ڕیسکان بووم کە لە کاتی خۆیدا کوشندە دیار بوون. زۆرجار شەڕم کردووە. ڕێگر و دزان بە نیمچە مردوویی بە جێیان

هێشتووم. لە ئەمریکادا، بە شۆڕشگێڕو یاخیان لە قەڵەم داوم و ئەمری ئیعدامیان بۆ دەرکردووم. لە کەناراوەکانی چین دا، لە سەر کەشتیەکەوە تووڕیان دامە دەریاوە. هەموو جارێک وام وێنا دەکرد کە تەواو ئیدی دەمرم و دەبڕێمەوە، کەچی خێرا زندوو دەبوومەوە، وەکو ئەوەی نە بام دی بێ نە باران، هەڵدەستامەوە.

بە هەرحاڵ، ئەمە ترس نییە.

من لە ئەفریقیا هەستم بە ترس کرد، هەرچەندە سەر بە وڵاتانی باکوورە، هەتاو وەکو چۆن مژ و دوومان دەڕەوێنێتەوە، بەو ئاوایە دەیڕەوێنێتەوە وقووتی دەدات. جا دیقەت بدەن بەڕێزینە، ژیان لە لای ڕۆژهەڵاتیان ناکاتە هیچ، هیچ بایەخێکی نییە، یەکسەر خۆیان ڕادەستی قەدەر دەکەن، خۆیان بە خوا دەسپێرن. شەوانیان ساف و دوورە لەو ترس و نیگەرانیانەی کە زاڵە بەسەر مێشکی خەڵکانی وڵاتە ساردەکانەوە. لە ڕۆژهەڵاتا ڕەنگە پیاو هەست بە دوو دڵی و سڵکردنەوە بکات، بەڵام ترسی لە لا نییە، ترس لە لای وان باو نییە.

دەی باشە با بۆتانی بگێڕمەوە کە لە ئەفریقیادا چیم بەسەر هات: لە باشووری ئورگلا ( شارێکی جەزایرە ) بەناو لمەڵان و گردۆڵکە گەورە لمەکاندا تێدەپەڕیم، ئورگلا، سەیرترین ناوچەی جیهانە. بەخۆتان لمەڵانەکان دەزانن، لمەڵانە تەختانیە بەرینەکانی کەناراوەکانی ئوقیانووسی ئەتڵەس دەزانن. زۆر چاکە! ئەوە بێننە بەرچاوی خۆتان کە خودی ئوقیانووسەکە، بووە بە لمەڵانێک لە ناوەندی باهۆزێکا. باهۆزێکی بێدەنگ شەپۆلانی تەپ و تۆزی زەردباو بێننە بەرچاوی خۆتان. شەپۆلی چی، هەریەکەیان بە بەرزی چیایەک، ئەم شەپۆلانە یەکسان نین، جۆراوجۆر و جیاوازن، خۆری باشوور کڵپە و بڵێسەی سووتێنەری خۆی بە سەر ئەم دەریا تووڕە و بێدەنگەدا دەڕێژێ. ئیدی دەبێ بەسەر ئەم شەپۆلە زێڕینانەدا هەڵگەڕێی و داگەڕێی و بەبێ وچان و بەبێ هیچ سێبەرێک، ئەم هەوراز ونشێوە بکەیت. ئەسپەکان بەدەم هانکە هانکەوە، تا بن دەستیان لەم گردۆڵکە لمانە ڕۆدەچێ و دادەخزێ و ئەوسا دەردەچێتەوەو بەقەد پاڵی گردۆڵکەیەکی دیدا هەڵدەگەڕێ.

دوو دۆست بووین، هەشت سەربازی فەرەنسی و چوار سارەڤانمان بە خۆ و وشترەکانیانەوە دەگەڵدا بوو. قسەمان نەدەکرد، گەرما وماندوویەتی شپرزەیان کردبووین، تینوویەتی وەکو ئەو بیابانە ئاگرینە وشکی کردبووین. لە ناکاوا یەکێک لە پیاوەکان نیمچە هاوارێکی کرد، هەمووومان ڕاوەستاین. دیاردەیەکی گۆنگ غافڵگیری کردین، دیاردەیەک کە تەنیا خەڵکی ئەو دیار ودەڤەرە دوورانە دەیانزانی چییە.

لە شوێنێکی نزیکی ئێمەوە، لە شوێنێکەوە کە نەدەهاتە دەست نیشانکردن، دەنگی لێدانی تەپڵێک دەهات، تەپڵی گردۆلکە لمینەکە بوو، بە ئاشکرا دەنگی دەهات، گرمە گرمەکەی جارێ بەرز وجارێ نزم دەبووەوە، ئەوسا دەوەستا، دەستی بە لێدان دەکردەوە، لێدانێکی غەریب.

ئەو عەرەبانەی لە گەڵما بوون، حایر وحەپەساو تەمەشای یەکتریان دەکرد. یەکێکیان بە زمانەکەی خۆی گوتی:- مردن بە سەرمانەوە دەسوڕێتەوە!

هاوڕێکەم، تۆ بڵێ براکەم، لە سەر ئەسپەکەیەوە کەوتە خوارەوە، سەری بە پێشا کەوتبوو، گڕە وگەرمای هەتاوەکە بردبووی.

دوو دانە سەعاتی ڕێک من هەوڵمدا فریای بکەوم و ڕزگاری بکەم، لێ فایدەی نەبوو. دەهۆڵە شوێن نادیارەکە، هێشتا هەر لە گوێما دەنگیدەدایەوە، دەنگدانەوەیەکی گونگ ونامەفهووم. هەستم بە ترس کرد، ترسێکی ڕاستەقینە، ترسێکی قیزەون، دەگەییە سەر ئێسقانەکانم. دۆشداماو لە هەنبەر ئەو جەنازە ئازیزەدا، لەو شیوەڵە ئاگرینەدا،

که کەوتبووە نێوان چوار گردۆڵکە لمەوە و تیشکی هەتاوەکە خەریک بوو دەیسووتاند. لە کاتێکا ئێمە بە سەدان فرسەق لە نزیکترین گوندی فەرەنساوە دوور بووین، دەنگی دەهۆڵە، بە خێرایی لە گوێماندا دەنگی دەدایەوە.

ئەو ڕۆژە، لە ڕازی ترس حاڵی بووم، بەڵام لە بۆنەیەکی تردا باشتر پەیم پێبرد.

کاپتنەکە، قسەکەی پێبڕی:- ببورە قوربان، ئەدی تەپڵەکە چی لێهات؟ چی بوو؟

کابرای گەشتیار گوتی:- نازانم، کەسیش نایزانێ. ئەو ئەفسەرانەی کە زۆرجار، ڕێکەوتی ئەو ڕیتمە غەریبە دەکەن، هۆیەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەو دەنگ و دەنگدانەوانەی کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی گردولکە لمینەکان، یان ئەو گەردیلە لمانەی بەر قەڵناشک و بنچک و کۆمەڵە گیای وشکەوە بوو دەکەوتن، ئەو دیاردەیە بە زۆری لە نزیک ئەو ڕووەکانەوە ڕووی دەدا، کە گەرمای هەتاو وشکی کردبوونەوەو هەڵی قرچاندبوون.

ئیدی ئەم تەپڵە تەنیا جۆرە تراویلکەیەکی دەنگی بوو و هیچی دی. من پاشان بەمەم زانی.

جا با بویەر و بەسەرهاتی دووەمی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە.

ئەمەیان. زستانی بووری، لە بێشەیەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا دا ڕوویدا. ئاسمان هێندە تاریک بوو، کە دنیا دوو سەعات زووتر لە کاتی ئاسایی خۆی بوو بە تاریکە شەو. دەلیلەکەم پیاوێکی دێهاتی بوو کە لە نزیکی منەوەو بە ڕێگایەکی تەنگاو، بە ژێر چرە کاژستانێکا ڕێی دەکرد، کە بایەکە خۆی بە لق وپۆپەکانیا دەکرد. دەیانلوراند، لە بەینی لق و پۆپی دار کاژەکانەوە، گەواڵە هەورم دەبینی کە بلەز تێدەپەڕین، هەورێن سەرگەردان لە تۆ وایە لە بەر شتێکی سامناک هەڵدێن. هەندێجار بەهۆی هەڵکردنی بایەکی توندەوە، لێرەوارەکە هەر هەمووی بە ئاراستەی بایەکە دەنەوییەوە ونالین وئاخینێکی بە کول و کۆڤانی لێبەرز دەبووەوە. هەرچەندە خێرا ڕێم دەکرد و جلکی ئەستوورم لەبەر بوو، کەچی سەرمام بوو.

قەرار وابوو، لە لای پاسەوانی دارستانێک، کە ماڵەکەی زۆر لێمانەوە دوور نەبوو، نانی ئێوارە بخۆین وهەر لەوێ بنووین. من بەنیازی ڕاو بۆ ئەوێندەر دەچووم.

دەلیلەکەم جارجار چاوی هەڵدەبڕی و لە بەرخۆیەوە دەیگوت:- کە کەشێکی خراپ و ناخۆشە.

ئەوسا کەوتە باسی ئەو خەڵکانەی بۆ لایان دەچووین. باوکەکە دوو ساڵ لەوەپێش، ڕاوچییەکی سەرپێچی کاری کوشتبوو، ئیدی لەو ساتە بە دواوە هەمیشە خەمناک بوو، دەتگوت دنیای بە سەردا ڕوخاوە، ئەو پیاوە دوو کوڕی خێزانداری هەبوون کە لە گەڵ ئەودا دەژیان.

تاریکییەکە لە کێشا نەبوو، بەردەم و دەوروبەری خۆم نەدەبینی. ئیدی، پێکا هەڵپژانی لق و پۆپی درەختەکان، شەوەکەیان پڕ کردبوو لە هەرا و هەنگامە و لورینی بەردەوام. ئەنجام ڕوناکیەکم لێ بەدیار کەوت، زۆری نەبرد کە دەلیلەکەم لە دەرگایەکی دا. دەنگێکی تیژی ژنانە وەڵامی داینەوە، ئەوسا دەنگێکی پیاوانە، دەنگێکی گڕ پرسی:

- کێیە؟

دەلیلەکەم خۆی ناساند، وەژوور کەوتین، دیمەنێکمان بینی کە قەت لە بیر ناچێت.

پیرەمێرێکی پۆڕ سپی، نیگا سەرگەردانی چاو زەق، بە تفەنگێکی سوارەوە لە ناوەندی مووبەقەکەدا وەستابوو، دوو گەنجی باهۆدار، بە سەرو تەورزینەوە، لە بەردەرگاکە ئێشکیان دەگرت. لە دوو سووچی ژوورە تاریکەکەدا دوو ژنم بەدی کرد کە بە چۆکا هاتبوون و ڕوویان کردبووە دیوارەکە.

هۆی چوونەکەی خۆمانمان بۆ ئەوێندەر بۆ ڕوونکردنەوە. یارۆی پیرەمێر تفەنگەکەی بە دیوارەکەوە هەڵپەسارد و ئەمری کرد کە ژوورێکم بۆ ئامادە بکەن. جووتە ژنەکە لە جێی خۆیان نەجوڵان، کابرا لە ناکاوا گوتی:- قوربان، دوو ساڵێک لەمە پێش، ڕێک لەم شەوەدا زەلامێکم کوشت، پار ئەم حەلانە هاتەوەو بانگی کردم، بۆیە ئەمشەویش چاوەڕوانی ئەوم.

ئەوسا بە ڕاوێژێک، کە هێنامیە پێکەنین، گوتی:- بۆیە ئاسوودە نین.

بە گوێرەی توانا دڵنەواییم کرد، تێم گەیاند کە زۆر خوشحاڵم لەو شەوەدا گەییومەتە ئەوێ، تا بە چاوی خۆم ئەو ترسە خورافی وخەیاڵییە بدینم. ئیدی چەند چیرۆکێکم بۆ گێڕانەوە و توانیم ترسی زۆربەیان بڕەوێنمەوە و تا ڕادەیەک هێوریان بکەمەوە.

سەگێکی نیمچە کوێری بە سمێڵ، لە نزیکی سۆپاکەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، لە کەسانێک دەچوو کە دەمنناسین.

لە دەرێ ڕا باران و باهوڕە وباهۆزی تووند خۆی بە دیوارەکانی ئەم ماڵە بچووکەدا دەکێشا، لە شووشەی بچووکی پەنجەرەکەوە، کە لە دەلاقە دەچوو، لە ناکاوا لە بەر تیشکی تەشبریقەکە، کۆمەڵێک دارم بەدی کرد کە هۆڕە بایەکە شکاندبوونی. وێرای ئەو هەوڵەی لە گەڵیانم دابوو، هەستم دەکرد ترسێکی قووڵ باڵی بە سەریاندا دەکێشا و هەرکە لە قسان دەوەستام، گوێیان بۆ دەنگێن دوور هەڵدەخست. کە لە دیتنی ئەو ترسە گەوجانە و بێ مانایەیان وەڕەز وبێتاقەت بووم، ویستم ئیزنیان لێبخوازم و بنووم. لە ناکاوا یارۆی پیرەمێر لە سەر کورسییەکەی ڕاپەڕی و دووبارە دەستی دایەوە تفەنگەکەی و لەبن لێوانەوە و بە پچرپچڕی و بە دەنگێکی ترساو دەیگوت:- ئەوەتا! ئا ئەوەتا! گوێم لە دەنگیەتی!

ژنەکان دووبارە کەوتنە سەر چۆکان و ڕوویان کردە دیوارەکە، جووتە کوڕەکەش دووبارە دەستیان دایەوە تەورزینەکانیان.

دووبارە دەستم بە دڵنەواییان کردەوە. لە پڕ سەگەکە لە خەو ڕاپەڕی، سەری بەرز کردەوە، ملی قوت کردەوە، چاوە نیمچە کوێرەکەی بڕییە ئاگرەکە، ئەوسا حەپەیەکی خەمناکی کرد، لەو حەپانەی کە ڕێبوارانی شەو، لە لادێدا، پێی ڕادەچڵەکن.

هەمووان چاویان بۆ لای سەگەکە وەرگێڕا، سەگەکە لە جێگای خۆی و لەسەر هەر دوو پاشووی وەستابوو، وەکو ئەوە بوو تاپۆیەکی نادیار، نەناس، ترسناکی بەدی کردبوو، مووی لەشی وا گرژ بووبوون دەتگوت سوژنە. یارۆی پیرەمێرد، برۆی وێک هێنایەوەو دەم و چاوی تێکنا و هاواری کرد:- سەگەکە هەستی پێدەکات! ئا هەستی پێدەکات! چونکە کە کوشتم ئەویش لەوێ بوو.

ئیدی هەر دوو ژنە شپرزەکەش گوێ بە گوێی حەپینی سەگەکە کەوتنە هاوار.

بەدەست خۆم نەبوو موچوڕکەیەکم بە قالبیدا هات. دیمەنی سەگەکە لەم شوێن و کاتەدا و لە ناو ئەو خەڵکە شپرزەیە، بەڕاستی بایسی ترس بوو.

سەگەکە، نزیکەی یەک دانە سەعات بەو دەقەوە، بە بێ جووڵە وەڕی. ئیدی ترسێکی سامناک بەرەبەرە بەسەر منیشدا زاڵ دەبوو، چوار پەلی سست دەکردم، ترس لە چی؟ چ بزانم؟ تەنیا ترس بوو و هیچی دی.

هەموو مات و بێدەنگ، ڕەنگ زەرد و ترساو چاوەڕوانی بویەرێکی ترسناک بووین، گوێمان هەڵخستبوو، دڵمان، بە کەمترین جووڵە ڕادەچڵەکی... سەگەکە کەوتە سوڕانەوە بەناو ژوورەکەدا، بۆنی بە دیوارەکانەوە دەکرد و دەیقروسکاند. ڕەفتاری ئەم سەگە خەریک بوو مێشکی تێکدەداین.

هەنگێ دەلیلەکەم، یانی ئەو پیاوەی بۆ ئێرەی هێنابووم، خۆی دا بەسەر سەگەکەدا، تەواو ترسی لێنیشت، دەرگای حەوشەیەکی چکۆلەی ڤەکرد وسەگەکەی تووڕ دایە دەرەوە.

یەکسەر بێدەنگ بوو، ئێمە بێدەنگیەکی ترسناک باڵی بە سەردا کێشاین. لە ناکاوا هەموومان ڕاچڵەکین، هەستمان کرد، بوونەوەرێک بە پاڵ دیوارەکەی دەرێ ڕا، بەرەو لێرەوارەکە دەڕوات، ئەوسا بە بەر دەرگاکەدا، کە پێدەچوو بە دەستە لەرزێ سەحی بکاتەوە، بۆ ماوەی دوو خولەک حەپەساین، گێژ وحۆل بووین، گوێمان لە هیچ نەدەبوو. ئەوسا گەڕایەوە و دەستی بە دیوارەکەدا دێنا، وەکو منداڵ بە ئەسپایی و بە نینۆکەکانی دیوارەکەی دەڕنی. لە ناکاوا سەرێک لە بەردەم شووشەی دەلاقەکەدا بەدیار کەوت، سەرێکی سپی، دوو چاوی بزی هەبوو، لە چاوی هۆڤیانی دڕندە دەچوو. دەنگێکی لە دەم دەرچوو، دەنگێکی گۆنگ، چپەیەکی گازن ئامێز.

هەنگێ دەنگی تەقینەوەیەک لە مووبەقەکەوە بەرزبووەوە. پاسەوانە پیرەکە تەقەی کرد، جووتە گەنجەکە ڕاپەڕین بلەز دەلاقەکەیان گرت و مێزە گەورەکەیان نا بە دەرگاکەوە.

سوێندتان بۆ دەخۆم کە گوێم لە دەنگی فیشەکەکە بوو، کە چاوەڕوانم نەدەکرد، ترسێکی وەها نیشتە سەر دڵ و ڕوح و جەستەم کە بە عەمراتم ترسی وام بە خۆوە نەبینی بوو، هەستم کرد ئازام خاوبووەوە، هەرەسم هێنا، خەریک بوو لە ترسا بمرم.

تا سپێدە بەو حاڵەوە ماینەوە، نە دەمانتوانی لە جێی خۆ بجوڵێین و نە فزە بکەین. ترسێکی لە ڕادەبەدەر بەنجی کردبووین. زاتمان نەکرد مێزەکە، لە بەر دەرگاکە لابەرین، تا لە درزێکی سەرووی دەرگاکەوە گزینگی هەتاومان لێ دەرنەکەوت.

لە پەنای دیوارەکەی بەرانبەر دەرگاکەدا، سەگە پیرەکە یەک تەختە کەوتبوو، گوللەکە دەم و چاوی هەڵگرتبوو. لە حەوشەکە هاتبووە دەرێ و لە بن دیوارەکە چاڵێکی هەڵکەندبوو.

کابرای ڕەشتاڵە بێدەنگ بوو. ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- من ئەو شەوە تووشی هیچ مەترسییەک نەبووم، بەڵام حەزدەکەم هەر هەموو ئەو ساتانەم، کە ڕووبەڕووی زۆر مەترسی و تالوکەی ترسناک بوومەتەوە، وەبیر بێتەوە، نەک ئەو ساتەی کە فیشەکەکە نرا بەو سەرگڤنەوە کە لە دەلاقەکەوە بەدیار کەوت.

١٨٨٢/١٠/٢٣

سەرچاوە: صديقان و قصص اخرى: قصص للناشئه و الكبار/ تاليف غى دو موباسان، ترجمة سيلفانا الخورى، مەراجعة كاظم جهاد – ابوظبى: هيئة ابوظبى للسياحة و الثقافة، مشروع " كلمة " ٢٠١٢.

# بیرتا

هاوڕێ پیرەکەم (ئینسان هەندێجار دۆست وهاوڕێی بە تەمەنتر لە خۆی دەبێت) دکتۆر بونیە زۆرجار دەعوەتی دەکردم کە سەری بدەم و چەند ڕۆژێک لە ماڵی ئەوا، لە شارۆچکەی ریوم بە سەر بەرم. من دەڤەری " ئۆفرینی " م نەبینی بوو، بۆیە لێبڕام دەعوەتەکەی قەبووڵ بکەم و لە ناوەڕاستی هاوینی ساڵی 1876 دا سەری بدەم.

بە قیتاری بەیانی گەییمە ئەوێندەر، دکتۆر بونیە، لە سەر شۆستەی وێستگەکە وەستابوو، قاتێکی کەوەیی لە بەر وکڵاوێکی خڕی ڕەشی لبادی لە سەر بوو، قەراخەکەی پان و سەرەکەی قووچ بوو، لە دووکەڵکێشی سۆپا دەچوو. لە کڵاو وشەپقەی ڕەژووەوانان دەچوو. دکتۆر بەم جلانەوە بە جەستە باریک وچاکەتە کاڵ وسەرە گەورە وسپیەکەیەوە لە پیرەمێرێکی بەگوڕ دەچوو.

بە هەمان گەرم و گوڕی و شادمانی ئەو دێهاتیانەوە باوەشی پێدا کردم کە زۆر تاسەی دیداری برادەرەکانیان دەکەن. بە شانازییەوە دەستەکانی بە دەوری خۆیدا گێڕاو گوتی:- ئەمە ئاقار ودەڤەری ئوفرینی یە! جگەلە زنجیرە چیایەک، هیچی دیم لە بەردەمی خۆمدا نەبینی، لوتکەکانیان لە قوچەکێک دەچوون کە سەرەکانیان لێ کرابنەوە، دیار بوو شوێنەواری کۆنە گڕکانی دامرکاوەن.

ئەوسا قامکی بەرزکردەوە وئاماژەی بۆ ناوی وێسگەکە کرد کە بە بەرزییەوە هەڵواسرابوو وگوتی:- ریوم، مەڵبەندی قازییان و شانازی دادڤانی، کە هەق وابوو مەڵبەندی دکتۆران بوایە.

لێم پرسی:- بۆچی؟

بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە:- بۆچی؟ تۆ ئەگەر ئەم وشەیە هەڵگێڕیتەوە دەبێت بە موری " Mori " کە موریر دەگەیەنێت، واتە مردن، هەر لە بەر ئەمەش لەم شارۆچکەیە ئاکنجی بووم کوڕی باش.

ئەوجا، بەدەم دەست هەڵگلۆفتنەوەو خۆشحاڵ بە نوکتەکەی خۆی پێشم کەوت.

هەرکە فینجانێک شیر و قاوەم خواردەوە، وەدەرکەوتم بۆ ئەوەی سەردانی شارە کۆنەکە بکەم. زۆر دڵبەندی ماڵەکەی کابرای دەرمانخانەچی و خانووە بەناوبانگەکانی دی بووم. زۆرم بە دڵ بوون، هەرچەندە هەموویان ڕەش بوون، بەڵام ڕووکارەکانیان کە بەردی حەلان بوو، لە جوانیا توحفە بوو. زۆر دڵبەندی پەیکەرەکەی عەزرای پاکیزە، شەفاعەتکاری قەساباں بووم. چیرۆکێکی ڕیسک ئامێزی خۆشم لەمبارەیەوە بیستووە، پاشان دەیگێڕمەوە. ئەوسا دکتۆر بونیە پێی گوتم:- بە یارمەتیت پێنج خولەکێک دەچمە سەردانی ئافرەتێکی نەخۆش و پاشان دەتبەم بۆ هەردو وباسکی " چاتیل گویون " تا بەر لە فراڤین لە بەرزییەوە دیمەنی گشتی شارەکەت نیشانبدەم و زنجیرە چیای پوی دی دوم " Puyde Dome " بدینی، لە سەر شۆستەکە چاوەڕێم بکە و خێرا دێمەوە بۆ لات.

لە بەردەم یەکێک لە خانووە گوندییە کۆن و تاریک، داخراو و بێدەنگ و زۆر خەمناکەکان دا بە جێی هێشتم. ئەم خانووەم زۆر بەلاوە خەمناک بوو، دڵ بە دیمەنی دەگوشرا، دوای تۆزێک سەدەمی ئەمەم بۆ بەدیار کەوت. پەنجەرە گەورەکانی نهۆمی یەکەم، تا ناوەندیان بە تەختە گیرابوو، تەنیا بەشی سەرەوەی پەنجەرەکە دەکرایەوە، وەکو ئەوە بوو، نەویستری خەڵکانی حەپسی ناو ئەم سەندوقە بەردینە تەمەشای ناو جادەکە بکەن.

که دکتۆر هاتەوە، سەرنجەکەی خۆم پێگوت، وەڵامی دامەوە:- باشی بۆ چوویت، ئەو بوونەوەرە داماوەی لەم شوێنەدا حەپسە، نابێ دەرەوە بدینێت. ئەم داماوە کیژێکی شێتە، یان بە گوتەیەکی دی کەودەنە، یان ئێوەی خەڵکی نورماندی گوتەنی گەمژەیە " Niente " ئاخ! ئەمە چیرۆکێکی خەمناکە، جۆرە نەخۆشییەکی دەگمەنە، حەز دەکەی بۆتی بگێڕمەوە؟

قایبل بووم. لە سەری ڕۆیی وگوتی:- نزیکەی بیست ساڵێک لەمە پێش، خاوەنی ئەم ماڵە، کە مەعمیلی خۆم بوون، منداڵێکیان بوو، منداڵەکە کیژێک بوو وەکو هەر کیژێکی دی. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم هەستمکرد ئەم بوونەوەرە بچووکە لە باری جەستەییەوە زۆر ئاسایی و بە جوانی گەشە دەکات، بەڵام لە باری زەینی و ئەقڵییەوە، هیچ گەشەیەکی نەدەکرد. لە جێی خۆی چەقی بوو. زۆر زوو پێی گرت، بەڵام کەم وزۆر زمانی نەگرت. لە هەوەڵەوە وامزانی کەڕە، پاشان بۆم دەرکەوت هەموو شتێک بە باشی دەبیستێت، بەڵام هیچ تێناگات. بە دەنگی تووند و بەرز ، ڕادەچڵەکی ودەترسا بەبێئەوەی لە سەدەمی ئەو دەنگانە تێبگات.

گەورە بوو، تا بڵێی جوان بوو، بەڵام لاڵ بوو، لاڵ بوو چونکە توانای تێگەیشتنی نەبوو. بە هەموو شێوەیەک هەوڵمدا تروسکەیەکی بیرکردنەوەی بخەمە مێشکەوە، بەڵام فایدەی نەبوو. وام مەزەندە دەکرد، لە کاتی شیر خواردنا، کاتێ دایکی مەمکی دەدایە، دایکی دەناسێتەوە، بەڵام هەرکە لە شیر بڕدرایەوە، ئیدی دایکیشی نەدەناسییەوە. هەرگیز نەیتوانی یەکەم وشەیەک کە منداڵ زمانی پێدەگرێ وفێری دەبێ، دوا وشەیەک کە سەربازان لە مەیدانی شەڕا و بەدەم ئاوزینگەوە دەیدرکێنن، وشەی " دایکە " بڵێت. جارجار بڵمە بڵمێکی دەکرد و هیچی دی.

ئەگەر کەش و هەوا خۆشبایە، بەردەوام پێدەکەنی و سووکە هاوارێکی دەکرد، زیاتر لە جریوە جریوی چۆلەکان دەچوو تا لە دەنگی بەشەر. خۆ ئەگەر دنیا هەور و هەڵا بوایە، باران بوایە دەگریا، گریانێکی خەمناک و ترسناک، زیاتر لە قروسکە و نوزە نوزی ئەو سەگانە دەچوو کە دەکەوتنە حاڵی تۆپین.

حەزیدەکرد خۆی لە سەر سەوزە گیا، وەکو بێچووی حەیوانات، بگەوزێنێ، وەکو شێتان غار بدات، هەموو بەیانییەک کە تیشکی ڕۆژ لە ژوورەکەی دەدا، دەکەوتە چەپڵە لێدان. وەختایەک پەنجەرەی ژوورەکەیان دەکردەوە دەستی بە چەپڵە لێدان دەکرد ولە سەر جێگاکەی جینگڵی دەدا تا یەکسەر جلەکانیان لەبەر دەکرد.

لەوە دەچوو، خەڵکەکە لە یەکدی جیا نەکاتەوە، دایکی لە دایەنەکەی، باوکی لە من، عەرەبانچییەکەی لە ئاشپەزەکە جیا نەدەکردەوە.

دایک و باوکە داماوەکەیم خۆش دەویست. زۆربەی ڕۆژەکان سەرم دەدان. زۆرجار لەگەڵ ئەواندا نانم دەخوارد. ئەمە کردیە کارێک هەست بکەم کە بێرتا ( ناویان نابوو بێرتا ) خەریک بوو وردە وردە خواردنەکانی دەناسییەوە، ئەمیانی پێ خۆش بێ و ئەویانی لا ناخۆش بێ.

ئەوکاتەی تەمەنی دوازدە ساڵان بوو. بەڵام هێندە بە دار و بار بوو لە کیژێکی هەژدە ساڵان دەچوو، باڵای لە من درێژتر بوو.

ئیدی بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە ئیشتیای خواردنی بکەمەوە، لەو ڕێگایەوە، ئیدراکی هەندێک جیاوازی سادە بخەمە مێشکییەوە، ناچاری بکەم لە ڕێگەی جیاکردنەوەی تامی خواردنەکانەوە، بگاتە بیرکردنەوە، یان بەلای کەمەوە، بگاتە ئەو جیاکردنەوە خۆڕسکەی کە لە بیرکردنەوەوە نزیکە.

دەبوایە دوای ئەوە، چاودێری بکەین تا بزانین بە لای چ خواردنێکا مایلە، تا ئەو خواردنەی بۆ دابنەین، خواردنێک کە دەگەڵ ئارەزووی خۆیدا بگونجێت و بزانین چ کاردانەوەیەکی عەقڵی لە لا دروست دەکات.

ڕۆژێک دوو قاپم لە بەردەمیا دانا، یەکێکیان شۆربای تیا بوو و ئەویتریان ( کەرە بە فانیلیا ) کە زۆر شیرین بوو. وام لێکرد تامی هەردووکیان بکات، دوا بە دوای یەک تامیان بکات. هەنگێ وازم لێهێنا، بە کەیفی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت. قاپە کەرەکەی خوارد. بە ماوەیەکی کەم وام لێکرد زۆر نەوسن بێ، لە ڕادەبەدەر خوو بداتە خواردن، ئیدی وای لێهات خواردن بوو بە خولیای شەو و ڕۆژی، هەموو ئارەزوویەکی بوو بە خواردن. جۆرەکانی خواردنی دەناسی و بە تەواوەتی جیای دەکردنەوە. دەستی بۆ ئەو خواردنانە دەبرد کە حەزی لێدەکردن و بە تامەزرۆییەوە تێی بەردەبوو، ئەگەر خواردنەکەیان لە بەر دەستی لا ببردایە، دەگریا.

هەنگێ بیرم لەوە کردەوە فێری ئەوەی بکەم لە سەر نەزمی زەنگێک بە خۆی بڕوات بۆ ژووری نانخواردن. ئەم کارە وەختێکی زۆری برد! بەڵام من بە مەرامی خۆم گەییم. لە زەینە ئاڵۆزەکەیا جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان دەنگ و تامدا چێبوو، واتە جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان دوو هەستدا دروستبوو، واتە جۆرە پەیوەندییەکی فیکری دروست چێبوو، ئەگەر بتوانین ئەم پەیوەندییە غەریزییە لە نێوان دوو ئەرکی ئۆرگانیکیدا بە فیکر ناو ببەین.

لەو ئەزموونەی خۆم بەردەوام بووم، ئیدی فێرم کرد – هەڵبەتە بە زەحمەتێکی یەجگار زۆر- چۆن بە تەمەشاکردنی سەعاتە چاڵمەکە، کاتی نانخواردن بزانێت.

ماوەیەکی زۆر هەوڵم لە گەڵیا دا کە دیقەتی میلەکانی سەعاتەکە بدات، لێ فایدەی نەبوو، بەڵام ئاقیبەت توانیم سەرنجی بۆ زەنگی سەعاتەکە ڕابکێشم. هەستام زەنگی نانخوارنەکەم هەڵوەشاندەوە، ئیدی هەمووان، کە بەندۆڵی مسینی سەعاتەکە زەنگی سەعات دوازدەی لێدەدا، هەڵدەستان بۆ نانخواردن.

پێشتر بێهودە هەوڵم لە گەڵیا دابوو کە لێدانی سەعاتەکە بژمێرێت. هەرکاتێ گوێی لە لێدانی سەعاتەکە بوایە بە پەلە بەرەو دەرگاکە دەچوو. بەڵام بەرەبەرە هەستی بەوە کرد کە هەر لێدانێکی سەعاتەکە، بە مانای هاتنی کاتی نانخواردن نییە. زۆرجار کە گوێی لە دەنگی سەعاتەکە دەبوو، چاوی هەڵدەبڕی و سەیری سەعاتەکەی دەکرد.

کە ئەوەم لێ بینی، هەموو ڕۆژێ نیوەڕوان و لە سەعات شەشی ئێوارێدا دەچووم بۆ ماڵیان و لەو کاتەدا دەستم دەخستە سەر ژمارە دوازدە و ژمارە شەش، واتە لەو کاتەدا ئەو کارەم دەکرد کە ئەو چاوەڕوانی دەکرد. زۆری نەبرد هەستمکرد بە وردی پەیگیری، جووڵەی هەر دوو میلەکەی سەعاتەکە دەکات، کە زۆرجار لە حوزووری ئەودا دەم جوڵاندن.

دوای ئەم ئەزموونە هەستمکرد، توانیم مەسەلەی زانینی کات یان بە گوتەیەکی دی هەستکردن بە کات چووە زەینییەوە ڕێک وەکو ئەو ماسییە شەبوتەی کە لە ڕێگەی پێدانی خواردنەوە لە کاتێن دیاریکراوا، وای لێکرا هەست بە کات بکات.

ئیدی لەمە بەدواوە، هەموو سەعاتەکانی ماڵەکە سەرنجیان ڕادەکێشا، لێیان ورد دەبووەوە، گوێی لە دەنگیان دەگرت، چاودێری تێپەڕبوونی کاتی دەکرد. بەڵام شتێکی سەیر ڕوویدا، زەنگی یەکێک لە سەعاتە چاڵمە جوانەکان، مۆدی لویسی شازدەیەم لە کار کەوت. ئەم سەعاتە بە دیار جگاکەیەوەو بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، هەستی بەوەکرد. نزیکەی بیست خولەکێک چاوی بڕییە سەعاتەکە و چاوەڕوانی زەنگی سەعات دەی کرد. لێ

که میلی سەعاتەکە، لە ژمارە دە تێپەڕی، چونکە گوێی لە هیچ نەبوو، واقی وڕما، زۆر حەپەسا، وەکو یەکێک کارەساتێکی گەورە بیهەژێنێ و باشاری لە بەر ببڕێ، دۆشداما. ئەوسا بە سەبر و هەدارێکی سەیرەوە، بەدەم چاوەڕوانییەوە تا سەعات یازدە لە بەردەم ئەو ئامێرە چکۆلەیەدا ڕۆنیشت تا بزانێ چ ڕوودەدات. هەڵبەتە گوێی لە هیچ نەبوو. لە ناکاوا تووڕەییەکی شێتانە، باڵی بە سەردا کێشا، ڕێک وەکو یەکێک خاپێنرابێ و ئاواتەکانی بە فیڕۆ چووبن یان کەسێک ڕووبە ڕووی ترسێکی نادیار بووبێتەوە، یان مرۆڤێکی دلۆڤان و میهرەبان ڕووبەڕووی کۆسپێکی دژوار بووبێتەوە، مقاشی سۆپاکەی هەڵگرت و تا هێز لە بازوویدا بوو کێشای بە سەعاتە چاڵمەکەدا و لە چاو تروکانێکا ورد وخاشی کرد.

کەواتە مێشکی کاری دەکرد، حیسابی دەکرد، هەرچەندە بە شێوەیەکی گۆنگ و لە مەودایەکی تەنگدا کاری دەکرد. جا چونکە نەمتوانی بوو کارێکی وەها بکەم وەکو چۆن سەعات وکاتی جیا دەکردەوەو دەناسی، بەو ئاوایە خەڵکیش جیا بکاتەوەو بناسێتەوە، دەبوایە بۆ ئەوەی جووڵەیەکی زەینی لە لا دروست بکەین، ئاوڕێک لە سۆز و ئارەزووەکانی، سۆز و ئارەزوو بە مانا مادیەکەی وشە، بدەینەوە.

زۆری نەبرد، بەڵگەیەکی دروستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەرکەوت، بەڵام بەڵگەیەکی دڵتەزێن.

بیرتا، زۆر جوان بوو، نموونەیەکی ئایدیالی جێندەری خۆی بوو، جۆرە ڤینۆسێکی خوای جوانی بوو، بەڵام ڤینۆسێکی بێ مێشک وفام. ئەو کاتە تەمەنی شازدە ساڵان بوو، لە ژیانما ئافرەتی وام نە لە ڕووی کەماڵی مێیاتیەوە، نە لە ڕووی بەژن و باڵای زراڤەوە، نە لە ڕووی سەر و سیمای جوان و هاوسەنگەوە نەبینی بوو... گوتم ڤینۆس، بەڵێ ڤێینۆسێکی سەوزەڵە... نە باریک نە گۆشتن، بە دار وبار، دوو چاوی درشتی گەش، شین وەکو گوڵە کەتان، دەم پانی لێو ئەستوور، دەمی ژنێکی ئارەزوو بزوێن، دەمێک خوا دایناببوو بۆ ڕامووسان.

بەیانییەک باوکی بە ڕوخسارێکی غەریبەوە خۆی بە لاما کرد، دوای ئەوەی جێی خۆی خۆشکرد و ڕۆنیشت، بێئەوەی وەڵامی ڕۆژباشەکەم بداتەوە گوتی:- دەمەوێ دەربارەی شتێکی زۆر هەستیار قسەت دەگەڵدا بکەم... ئایا دەتوانین... ئایا دەتوانین بیرتا بە مێرد بدەین؟

لە سەرسامیا ڕاچڵەکیم و هاوارم کرد:- بیرتا بە مێرد بدەن؟... بەڵام ئەمە مەحاڵە!

گوتی:- بەڵێ... دەزانم... بەلام دکتۆر تۆ باش بیر لەمە بکەوە... ڕەنگە ئەگەر منداڵی ببێت... لەوەیە ئەمە بیهەژێنێت، ڕەنگە لە خۆشیا... کێ دەڵێ هەستی دایکایەتی مێشکی ناکاتەوە؟

تەواو حەپەسام... خۆ قسەکەی دروستە... ڕەنگە ئەم بویەرە تازەیە، ئەم غەریزە سەیرە، غەریزەی دایکایەتی، کە لە ناخی حەیوانیشا هەیە، وەکو چۆن لە ناخی ژنانیشدا هەیە، ئەو غەریزەیەی وا لە مریشک دەکات، کە خۆی بخاتە بەردەمی سەگ تا بەرگری لە جووجەڵەکانی بکات. لەوەیە ئەم غەریزەیە شۆڕشێکی لێبکەوێتەوە، ببێتە مایەی شۆڕشێک لەم مێشکە وشکەدا و دەزگا ڕاوەستاوەکەی بیرکردنەوەی بخاتەوە ئیش.

یەکسەر بویەرێکی خۆمم بیرکەوتەوە، من چەند ساڵێک لەمە پێش دیڵە سەگێکی بچکۆلەم هەبوو، سەگی ڕاوی ( تاژی ) ئەم تاژییە زۆر گەمژە بوو، هیچ سوودێکم لێنەبینی. کە تەرەکی و بێچووی بوو، لە شەو ورۆژێکا ناڵێم زۆر گۆڕا و مێشکی کرایەوە، بەڵام وەکو زۆر سەگی دیکەی ئاسایی لێهات.

هەرکە ئەوەم بیرکەوتەوە، زیاتر کەڵکەڵەی بە مێرد دانی بیرتام کەوتە سەر، نەک لە بەر ئەوەی خۆشم دەویست، نەک لە بەر خاتر ئەوەی دۆست و ئاشنای دایک و باوکە بەلەنگازەکەی بووم، بەڵکو زیاتر فزوڵ و کونجکاوی زانستی هاندەرم بوو. ئاخۆ چ ڕوو دەدات؟ هەڵبەتە ئەمە کێشەیەکی دەگمەن بوو. لە بەر ئەوە بە بابەکەیم گوت:- ڕەنگە هەق بە تۆ بێ... دەتوانین هەوڵێکی بۆ بدەین... تاقیبێ بکە... بەڵام... بەڵام... بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ پیاوێک پێی ڕازی بێ.

بە چپەوە گوتی:- با، پیاوێکم دۆزیوەتەوە.

سەرم سوڕما، لە بن لێوانەوە گوتم:- پیاوێکی باشە... هاوکوفی خۆتانە؟

بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ...

- ئەها، دەتوانم بزانم کێیە و ناوی چییە؟
- بۆ ئەوە هاتووم ناوەکەیت پێ بڵێم و ڕاوێژت پێبکەم، " گاستون دی بویز دی لوسیل " ە.

لەزگ بوو هاوار بکەم:- هەی داماو!

بەڵام زمانی خۆم گرت. دوای بێدەنگییەکی کەم گوتم:- بەڵێ... زۆر چاکە... پێم خراپ نییە.

پیاوەی بەلەنگاز، تەوقەی دەگەڵ کردم وگوتی:- مانگی داهاتوو بە مێردی دەدەین.

گاستون دی بویز دی لوسیل، گەنجێکی دەستبادی گەندەڵ، لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوو، هەرچی میراتێ کە بنەماڵەکەی بۆیان بەجێ هێشتبوو، بە فیڕۆی دابوو، قەرزی دنیای لە سەر کەڵەکە بووبوو، ئێستاش لات پاڵەوانی خوا، لە ڕێگەیەک دەگەڕا کە پارە پەیدا بکات.

ئیدی ئەم ڕیگەی دۆزی بووەوە.

بەهەرحاڵ، کوڕێکی قۆز، بەدار و بار بوو، بەڵام زۆر دێهاتیانە ئەهلی ڕابواردن بوو، بەڵام پێموابوو مێردێکی گونجاوەو دەشێت ئەگەر بە کەڵک نەهات، بە مووچەیەکی مانگانە لە کۆڵ بکرێتەوە.

بۆیە هاتوچۆی ئەم ماڵەی دەکرد تا ئاشقێنی دەگەڵ ئەم کیژە گەمژەو جوانەدا بکات وخۆشەویستی خۆی بۆ بنوێنێت. گوڵی بۆ دەهێنا، دەستەکانی ڕادەمووسی، لە بەر پێیا دادەنیشت، بە چاوانی میهرەبانەوە لێی دەڕوانی، بەڵام کیژێ هەستی بە هیچ هەوڵێک لەم هەوڵانەی کوڕەی نەدەکرد، لە خەڵکەکەی دەوروبەری خۆی جیای نەدەکردەوە. زەماوەندەکە ئەنجام درا.

بەخۆت دەزانی کە ئەمە چەند مایەی کونجکاوی من بوو. ڕۆژی دوایی چووم بۆ دیتنی بیرتا، تا ڕوخساری بخوێنمەوە وبزانم ئاخۆ هیچ گۆڕانێکی بە سەر هاتووە یان نا. بەڵام هەر وەکو خۆی بوو، بیری هەر لای سەعاتە چاڵمەکە وخواردن بوو. بەڵام کوڕەکە بە پێچەوانەوە، زۆر بایەخی پێدەدا، دەیویست بە سووکە نەوازشەوە دڵی ژنەکەی خۆشبکات، وەکو چۆن ئێمە نەوازشی بێچووە پشیکان دەکەین... لەوە باشتری شک نەدەبرد.

ئیدی زوو زوو هاتوچۆی ئەم ژن و مێردە تازەیەم دەکرد، هەستم کرد ئەم ژنە گەنجە مێردەکەی دەناسێتەوە، بە نیگای نەوسنەوە تەمەشای دەکات، کە جاران، تەنیا سەیری شیرینەمەنی بەو تامەزرۆییەوە دەکرد.

پەیگیری ڕەفتار وجووڵەکانی دەکرد، دەنگی پێی بە سەر پلیکانەکانەوە یان لە ژوورەکانی دیکەوە دەناسییەوە، کە ئەو دەهاتە ژوورەوە، ئەم چەپڵەی لێدەدا. ڕووی دەگەشایەوە... ئارەزوویەکی سێکسی بە ڕوخسارییەوە دەر دەکەوت. بە هەموو جەستەی، بە هەموو ڕوحیەوە، بە ڕوحە کڵۆڵ و نەخۆشەکەیەوەو بە هەموو دڵێکییەوە خۆشی دەویست، بە هەموو دڵە بەستە زمانەکەیەوە، دڵی حەیوانێکی بە ئەمەک و پیزان.

ئەلهەقی ئەوە وێنەیەکی جوان وسادەی ئاشقێنییەکی سادەی سۆزی سێکسی بوو، سۆزێکی زندوو، ئەو سۆزەی کە تەبیعەت بە بوونەوەرانی بەخشی بوو، پێش ئەوەی بەشەر بیئاڵۆزێنێ و بیشێوێنێت.

بەڵام پیاوەی تاین، زوو لەم ئافەریدە جوانە لاڵە، پڕ سۆزە بێزار بوو، بە ڕۆژەوە تەنیا چەند سەعاتێکی کەم لەلای دەمایەوە، پێی وابوو، ئەوەندە بەسە کە شەوانی خۆی بۆ ئەو تەرخان بکات.

ژنەی بەلەنگاز لە بەیانییەوە تا شەوێ چاوەڕوانی دەکرد، چاوی لە سەعاتە چاڵمەکە نەدەگواستەوە، تەنانەت گوێی بە کاتی نان خواردنیشی نەدەدا، چونکە دەیزانی هەمیشە لە دەرەوە نانی دەخوارد، لە ( کلیرمون، لە شاتیل گویون و لە رویا ) و لە هەر شوێنێک ڕێکبکەوتبا نانی دەخوارد، هەر بۆ ئەوەی نەیەتەوە بۆ ماڵ.

تەواو لاواز بوو، مێشکی لە هەر بیرۆکەیەکی دی، لە هەر ئارەزوویەکی دی، لە هەر چاوەڕوانییەکی دی، لە هەر ئومێدێکی گۆنگ، لە هەر هەموو ئەمانە سڕدرایەوە. ئیدی ئەو سەعاتانەی مێردەکەی نەدەبینی، دیار نەدەبوو، بوون بە سەعاتی عەزاب بۆ ئەو. پیاوە زۆری پێنەچوو، کە بە شەوان بۆ ماڵ نەدەهاتەوە، شەوانی لە گازینۆی دی رویادا، دەگەڵ هەندێ ژناندا بەسەر دەبرد، بەرەبەیان دەگەڕایەوە. ژنەی بێنەوا، تا ئەو نەهاتباوە نەدەچووە ناو جێگا، مات وخەمین، بێ جووڵە لە سەر کورسییەک دادەنیشت، چاوی دەبڕییە هەر دوو میلە مسینەکەی سەعاتە چاڵمەکە، کە بە کاوەخۆ، بەڕێک و پێکی بە سەر مینا سیرامیکیەکەی سەعاتەکەدا، ئەو مینایەی ژمارەکانی لە سەر نەخشێنرابوو دەسوڕانەوە.

لە دوورەوە گوێی لە ڕەوتەی ئەسپەکەی دەبوو، لە ناکاوا هەڵدەستا، هەرکە کابرا وەژوور دەکەوت بیرتا تاپۆ ئاسا قامکی بەرز دەکردەوە، ئاماژەی بۆ لای سەعاتەکە دەکرد، وەکو ئەوەی پێی بێژێت:- تەمەشا چەند دێر کەوتووی!

ئیدی بەرەبەرە لە ئاستی ئەم بوونەوەرە گەوجە عاشق و پڕ غیرەیەدا هەستی بە ترس دەکرد، وەکو هۆڤیان تووڕە دەبوو، تەنانەت شەوێک لێی دا.

نادریان بە شوێن منا. ئیدی دەگریا ئەمما گریان، دیار بوو دووچاری ئازار و تووڕەیی و هەڵچوونێکی وەها بووبوو کەس سەری لێدەرنەدەکرد، کوڕ هەیە بزانێ چی لەو مێشکە پاشکەوتووانەدا دەگوزەرێ؟ لەو دەروونە نەخۆشانەدا دەگوزەرێ؟!

بە مۆرفینێک هێورم کردەوە. پێمگوتن نابێ جارێکی دی ئەم پیاوە بدینێ، چونکە بۆم دەرکەوت کە ئەم شووە دەیکوژێت.

پاشان... پاشان شێت بوو. بەڵێ ئازیزم، ئەم گەمژەیە شێت بوو. بەردەوام بیری لە پیاوەکەی دەکردەوە، هەمیشە چاوەڕوانی دەکرد. ئیدی شەو و ڕۆژ، چ لە خەوا با و چ بێدار بوایە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد.هەستم کرد ڕۆژ بە ڕۆژ دەچروسێتەوە، بە هیچ جۆرێ چاو لە سەعاتەکە ناگوازێتەوە. ئیدی داوام کرد سەعاتەکە لا

ببەن، بەوجۆرە لە ژماردنی سەعاتەکە و وەبیرهاتنەوەی هەر بیرەوەرییەکی گۆنگی کۆن مەحرومم کرد. ئیدی کارم بۆ ئەوە دەکرد بەرەبەرە ئەو بیرەوەرییە ئاڵۆزانەی لە لا بکوژێنمەوە، کە بە هەوڵێکی زۆر هەڵم گیرساندبوو.

ڕۆژێک ئەم ئەزموونەم لە گەڵیا کرد، سەعاتەکەی خۆمم دایە. وەریگرت و ماوەیەک لێی ڕاما، ئەوسا هاوارێکی ترسناکی کرد، لە تۆ وایە ئەم ئامێرە چکۆلەیە، یادگەی، کە خەریک بوو دەنووست، بێدار کردەوە.

ئەمرۆکە لاوازە... لە ڕادەبەدەر لاوازە، پیاو لێی دەترسێت، چاوە گەشەکانی بە قوڵا چوون، وەکو حەیوانێک لە قەفەزا بێ بەردەوام دێ و دەچێ، وەستانی نییە.

پێمگوتن، پەنجەرەکان بگرن، لە دەرەوە کەتیبەیان بۆ بکەن، کورسیەکان بە ئەرزەکەوە بچەسپێنن، بۆ ئەوەی لە پەنجەرەکەوە، بە ئومێدی هاتنەوەی پیاوەکەیەوە، تەمەشای دەرێ نەکات. سەد حەیف ومخابن بۆ داک و بابە کلۆڵەکەی، بە ڕاستی ژیانێکی تاڵیان هەبوو.

گەیشتینە سەر گردەکە، دکتۆر ئاوڕی دایەوەو گوتی:- لێرەوە تەمەشای ریوم بکە.

دیمەنی شارە تاریکەکە لە دیمەنی شارانی کۆن دەچوو. لە پشتی شارەوە تا چاو هەتەر دەکات، دەشتێکی سەوز بوو، لە درەختا سەوز دەچووەوە، دەشتێکی ئاوەدان بە گوند و باژێرۆکان، مژ ودوومانێکی شینباو باڵی بەسەریا کێشابوو ودیمەنێکی ئەفسووناوی بە ئاسۆ دەبەخشی. بە دەستە ڕاستا، لە دوورەوە، چیای بەرز، بە زنجیرەیەک لوتکەی بازنەیی و لوتکەی تەختانیەوە کە دەتگوت بە شمشێر پەڕێنرابوون، دیار بوو. دکتۆر کەوتە ژماردنی ناوی شارۆچکە و لوتکەکان و چیرۆکی هەر یەکێکیانی بۆ دەگێڕامەوە.

بەڵام من گوێم لێنەدەگرت، هەموو هۆش وگۆشم لەلای کیژە شێتەکە بوو، ڤگە لەو هیچی ترم نەدەبینی. لە بەرچاوی خەیاڵی من وەکو ڕوحێکی خەمین، بە سەر ئەم دیار ودەڤەرە بەرینەدا دەسوڕایەوە.

لە ناکاوا لێم پرسی:- ئەدی مێردەکەی؟ چی بەسەر هات؟

هاوڕێکەم، کە کەمێک حەپەسا، دوای سووکە دوو دڵییەک گوتی:- لە ڕویا دەژی، بەو مووچەیە دەژی کە ئەمان بۆیان بڕییەوە. خۆشحاڵە، بۆ خۆی خەریکی ڕابواردنە.

لەو کاتەدا کە هێدی هێدی وبە خەمینی وبێدەنگییەوە دەگەڕاینەوە گالیسکەیەکی ئینگلیزی مۆدێل، بلەز لە دوامانەوە هات، ئەسپێکی ڕەسەنی لە ژێر بوو، بە یورغە دەڕۆیی.

دکتۆر قۆڵی گرتم وگوتی:- ئەوە خۆیەتی!

تەنیا شەپقەیەکی لبادی کەوەییم بینی کە بە سەر گوێچکەی دا و بە سەر دوو شانی پاندا خوار بووبووەوە و ئەوسا لە ناو چڕە تەپو تۆزێکدا ون بوو.

# پاسەوان

کۆمەڵێک بووین، دوای شێو دانیشتبووین و باسی ڕاو وشکارمان دەکرد.

لە ناکاوا دۆستێکی دێرین و ئازیزی هەموومان، جەنابی بونفاسی ڕاوچی لە زەبر وکارامە، مەیگوسار و ئەهلی خواردنەوە، کە پیاوێکی بەهێز وڕووخۆش و، ئەرباب وخۆشمەشرەب، زۆر زیرەک وفاما و بەردەبار، پڕ حیکمەت و بە فەلسەفە بوو، هەمیشە ڕوو خۆش وئەهلی نوکتە وقسەی نەستەق، نەیدەزانی خەم چییە، خەمی لە هیچ نەدەخوارد... لە ناکاوا گوتی:- من چیرۆکێک دەزانم، چیرۆکی ڕاوێک، بە گوتەیەکی دی کارەساتی ڕاوێکی دەگمەن، جیاواز لەو کارەسات و حیکایەتانەی کە هەموومان لەو بارەیەوە بیستوومانە ودەیزانین، تا ئێستا نەم گێڕاوەتەوە، لە بەر ئەوەی پێم وابوو، نابێتە مایەی دڵخۆشی هیچ کەسێک.

چیرۆکێکی خۆش نییە، مەبەستم ئەوەیە لەو چیرۆکانە نییە کە دڵ دەکەنەوە، سەرنج ڕادەکێشن و ئۆخژن لە دڵ ودەروون دەگێڕن. بە کورتی ئەمە چیرۆکەکەیە.

ئەو کاتانە تەمەنم نزیکەی سی و پێنج ساڵان بوو، کەس بە قەد من ئاشقە ڕاو نەبوو، شێت و شەیدای ڕاو و شکار بووم. موڵکێکی دوورە ئاوەدانی و تەریکم لە دەوروبەری " جومبیج " هەبوو، هەر چوار نکاڵی دارستان و بێشەڵان بوو، بە ڕاستی ڕاوگەی کەروێشکان بوو. ساڵانە دەچووم و چوار پێنج ڕۆژان لەوێندەر دەمامەوە. هەر بە تەنیا دەچووم، چونکە خانووەکەم هێندە بچووک بوو، بە کەڵکی ئەوە نەدەهات، دۆستێ، برادەرێ لەگەڵ خۆدا ببەم.

ئیدی پاسەوانێکم بۆ ئەو موڵک و مەزرایە ڕاگرتبوو، کۆنە پۆلیسێکی خانەنشین بوو، پیاوێکی پیاوانە، مەرد و ڕەند، بە زەبر وزاکون، دڵسۆز بوو لە کار و ئەرکی خۆیدا. پیاوێکی بێباک، زۆر توند بوو لە گەڵ ئەو ڕاوچیانەدا کە لە موڵک و ڕاوگەی خەڵکیدا ڕاو و شکاریان بکردایە. لە دووری گوند و بە تەنیا لە خانوویەکی بچووکا دەژیا، خانووی چی، کوختەیەک بوو، لە ژێر زەمینەکەدا دوو ژوور بوو، یەکێکیان مووبەق بوو و ئەویتریان گەنجینە بوو، قاتی یەکەمیش بریتی بوو لە دوو ژوور. یەکێکیان کە تەنیا جێگەی تەختە خەوێک وکۆمەدییەک و کورسییەکی تیا دەبووەوە بۆ من تەرخان کرابوو. ژوورەکەی دی هی پاسەوانەکە، هاپۆ کاڤالییە بوو... ئا بیرم نەبوو کە وتم بە تەنیا دەژیا، نا برازایەکی لە گەڵدا بوو. ئەمە کوڕیژگەیەکی سەرەڕۆی، چواردە ساڵان بوو. دەچوو لە گوندێکی ئەو دەڤەرە، کە سێ کیلۆمەتران لە خۆیانەوە دوور بوو، ئازووقە و پێداویستی دیکەی دەهێنا و لە ئیش و کاری ڕۆژانەشا یارمەتی مامی دەدا.

ئەم کوڕیژگەیە، یەکێکی درێژ داهۆڵی، کۆمی، کەپوو دەنووکە داڵاشی، قژ زەردی، قژ تەنک بوو، دەتگوت مریشکی پەروەریوە. کە یەکێک لە دوورەوە دیتبای وای دەزانی کەچەڵە. پێیەکانی گەورە، دەستەکانی زەلام، لە دەستی زەبەلاحان دەچوو.

چاوەکانی کەمێک خێل بوون، نەیدەتوانی ڕاستەوڕاست سەیری کەس بکات. لە بەرچاوم زیاتر لە حەیوانێکی بۆگەن دەچوو تا لە بەشەر بچێت... ئیدی ئەم هەتیوە شوومە لەوە دەچوو لە خێڵی چەقەڵ یان ڕێوی بێ!

لە سەر پلیکانە چکۆلەکەی نێوان قاتی خوارەوە و سەرەوە، کە زیاتر لە کولانە دەچوو، دەخەوت.

بەڵام لەو ماوە کورتەدا کە لەم جەناحەدا دەمامەوە، ئەم کوختەیەم ناو نابوو جەناح، ماریوس دەستبەرداری کولانەکەی دەبوو بۆ پیرەژنێکی خەڵکی گوندی ئیکورسڤیل، ئەم پیرەژنە ناوی سیلیست بوو، دەهات چێشتی بۆ من لێدەنا، چونکە خواردنەکەی خاتوو کاڤالییە، نە خۆش بوو و نە بەشی دەکرد.

ئێستا کە کاراکتەرەکان و شوێنەکەتان بۆ ڕوون بووەوە، با بێمە سەر باسی ڕیسکەکە.

ئەمە لە ساڵی ١٨٤٥ دا، لە ڕۆژی پازدەی ئوکتۆبەرا ڕوویدا، ئێستاش ئەو بەروارەم لە بیرە و هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. بە سواری ئەسپ لە " روان " وە بەڕێکەوتم، تاژییەکەم، (بوک) بە دوامەوە بوو، تاژییەکی یەجگار باش بوو، زەلام، سینگ پان، دەم گەورە و گورج و گۆڵ، بزێو و نەسرەوت، وەکو سەگی پۆلیسی بۆنی بە بن ڕووەک و دەوەنەکانەوە دەکرد.

جانتا سەفەرییەکەم لە تەرکی ئەسپەکەم نابوو، تفەنگەکەم بە قایشە چەرمەکەیەوە لە شان کردبوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی سارد و تەزی بوو، بایەکی ساردی ناخۆشی دەهات، گەواڵە هەورێن چڵکن ئاسمانی تەی دەکرد.

لە کاتێکا بە هەڵدێری " کانتیلو " دا هەڵدەگەڕام، دۆڵە بەرینەکەی " سین " م دەبینی، کە ڕوباری سین، وەکو مار، بە پێچاوپێچ بە ناوەندیا دەڕۆیی، ڕوان لە دەستە چەپا بوو، بورج و قوببەی زەنگی کڵێساکانی چووبوون بە ئاسماندا، بە دەستە ڕاستا، تا هەتەری چاو، بەرزایی و شاخی چڕە دارستان بوو. پاشان دارستانی " رومار " م بڕی، تاوێ بە هێواشی ڕێم دەکرد و تاوێ بە یۆرغە. ئەنجام دەوروبەری سەعات پێنج گەییمە جەناحی ناڤبری کە هاپۆ کاڤالییە و سیلیست لەوێ چاوەڕوانیان دەکردم.

دە ساڵێک بوو کردبووم بە عادەت لە هەمان کات و ڕۆژا و بە هەمان شێواز دەچووم بۆ ئەوێندەر، هەمان ئەو کەسانە و بە هەمان ڕاوێژ و هەمان ئەو وشانە پێشوازی و خێرهانینیان دەکردم.

- ڕۆژ باش قوربان... حاڵت چۆنە، باشیت شوکر؟

کاڤالییە، زۆر کەم دەگۆڕا. دەتگوت کۆنە دارە، بەرگەی ڕۆژگاری دەگرت، بەڵام سیلیست، بە پێچەوانەوە، ڕۆژگار کاری تێدەکرد، بە تایبەتی لەم چوار ساڵەی دواییدا، بە ڕادەیەک گۆڕابوو کە بە ئاسانی نەدەناسرایەوە، پشتی کووڕ بووبووەوە، هەرچەندە هێشتا هەر گورج وگۆڵ و بە گوڕ بوو، بەڵام بە کۆمە کۆم ڕێی دەکرد، ئەم ژنە دڵسۆز و وەفادارە، هەرچەند دەگەڕامەوە، زۆر نیگەران دەبوو، بەدەم خاتر خوازییەوە دەیگوت:- قوربان کێ دەزانێ لەوەیە ئەمە دوا دیدارمان بێ، کێ دەڵێ دیدار بە قیامەت نابین.

بە هەرحاڵ دوعا خوازییەکەی ئەم کارەکەرە کڵۆڵە، ئەم دوعا خوازیە خەمناکە وئەم لارە ملیەی لە هەنبەر مەرگی حەتمی و ئەجلی نزیکیا هەموو ساڵێک، بە شێوەیەکی غەریب دڵی دادەلەرزانم.

لە ئەسپەکە دابەزیم، دوای ئەوەی تەوقەم دەگەڵ کاڤالییەدا کرد، ئەسپەکەمی برد بۆ ئەو بینا بچووکەی کە کردبوومان بە تەویلە.

لەم کاتەدا خۆم بە مووبەقەکەدا کرد، " سیلیست " لە دوای منەوە خۆی بە مووبەقەکەدا کرد کە هەم مووبەق بوو و هەم ژووری سفرە ونان خواردن.

پاشان، پاسەوانەکەش هات، بە یەکەم نیگادا زانیم کە چڕ وچارەی تەواو نییە. دیار بوو ماندوو، شپرزە و، نیگەرانە. پێمگوت:- ها کاڤالییە، چ حاڵە؟ کەیفت قنجە؟

لە بن لێوانەوە گوتی:- نە باشم و نە خراپ... بەڵام زۆر شت هەن بەدڵم نییە.

پرسیم:- وەکو چی برادەر، کوا بۆمی بگێڕەوە.

لێ سەری لەقاند وگوتی:- نا، جارێ نا قوربان، نامەوێ، هێشتا پێڵاوی ماندوویەتیت دانەکەندووە،تا بە کێشە و ئاریشەکانی خۆم سەر ودڵت بگرم.

بەڵام زۆرم لێکرد، لێ بە هیچ کلۆجێ قاییل نەبوو بەر لە نان خواردن بۆمی بگێڕێتەوە، بەڵام من بە سەرو سیمایدا بۆم بەدیار کەوت کە کێشەکەی گەورەو جدییە، ئیدی نەمدەزانی بڵێم چی، بۆیە گوتم:- ئەدی دەنگ و باسی ڕاو؟ هەیە، نییە، باشە، خراپە؟

- سەبارەت بە ڕاو! بەڵێ هەیە، هەیە... بەدڵی تۆیە، شوکر بۆ خوا چاوکراوە بووم!

زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد، هێندە بە جدی بوو کە ڕواڵەتێکی کۆمیدی پەیدا کرد، سمێڵە ئەستوورەکەی کە بۆز بووبوو، بەسەر لێویا شۆڕ بووبووەوە.

لە ناکاوا هەستم کرد، برازاکەی دیار نییە، گوتم:- ئەدی ماریوس؟ لە کوێیە؟ بۆچی دیار نییە؟

پاسەوانەکە داچڵەکی. چاوی لە دوڕ چاوم بڕی وگوتی:- باشە قوربان! حەزدەکەم هەر ئێستا حاڵ و حیکایەتەکەی ئەوت بۆ باسبکەم، بەڵێ حەزدەکەم... خەمباری من بە هۆی ئەوەوەیە. .

- ئاە! ئاە! باشە لە کوێیە؟
- لە تەویلەکەیە قوربان. چاوەڕوانی ئەوە بووم بێتە دەرێ.
- باشە چی کردووە؟

بەڵام پاسەوانەکە، کەمێک پەشۆکا، دەنگی گۆڕا، ڕوخساری گرژ بوو، چرچ و لۆچی تێکەوت. ئەوسا بە کاوەخۆ دەستی بە قسان کردەوە:- هەستم کرد ئەم زستانە، یەکێک لە لێری " روزوریە " دا بە دزییەوە و بە تەڵە ڕاو دەکات. بەڵام کابرام بۆ نەگیرا، قوربان، چەندین شەو خۆم بۆ نایەوە، فایدەی نەبوو. ئەوسا ڕاو لە قۆڵی ئیکور شفیلەوە دەستی پێکرد، لە داخا نەخۆش کەوتم. کابرای دز لە هیچ شوێنێکەوە سەر وسۆراخی نەبوو. لەوە دەچوو ئەو نامەردە ئاگای لە هەموو هەوڵێکی من هەبێت!

بەڵام ڕۆژێک کە پانتۆڵەکەی " ماریوس " م بە فلچە پاک دەکردەوە، ئەو پانتۆڵەی یەک شەممووان لە بەری دەکرد، دوو فرانکم لە گیرفانی دۆزییەوە. ئەم هەتیوە ئەو پارەیەی لە کوێ بوو؟

هەشت ڕۆژی تەواو من بیرم لەمە دەکردەوە. هەستم کرد دەردەچێ، ڕێک لەو کاتانەدا دەردەچوو کە من وەڗوور دەکەوتم تا بنووم... بەڵێ قوربان، هەنگێ کەوتمە تاقیبی، بەڵام بێئەوەی گومان لە هیچ شتێک بکەم. ئیدی ڕۆژێک لە بەردەمیا ڕاکشام، گوایە دەخەوم. هەرکە ئەو ڕۆیی، دوور و نزیک دووی کەوتم، کەس نییە وەکو من شوێن پێیان هەڵبگرێ قوربان!

بەو جۆرە گرتم، بەڵێ " ماریوس " م گرت کە لە موڵک و مەزراکەی تۆدا بە تەڵە ڕاوی دەکرد، بەڵێ ماریوس بە خۆی... برازایەکەی من... منی پاسەوانی تۆ!

ئیدی خوێنم هاتە جۆش، هێندەم لێدا لەزگ بوو بیکوژم... ئاە! بەڵێ لێمدا! هەڕەشەم لێکرد کە لە بەرچاوی تۆدا هێندەی تری لێبدەم، بەم دەستانەی خۆم لێی دەدەم، تا عیبرەت وەربگرێ.

تەمەشا بزانە لە داخا چۆن بووم بە داسک ودەرزی. تۆ بەخۆت دەزانی ئەم جۆرە خەمە کێو لە بن دێنێت. ئەگەر تۆ لە جێگەی من بوای چیت دەکرد... ها! ئەم هەتیوە نە داکی هەیە نە باب، جگە لە من هیچ خزم و خوێش و پشت و پشتیوانێکی نییە! ئیدی گرتمە ژێر باڵی خۆم، چی بکەم، خۆ دەری ناکەم، وانییە؟

بەڵام هەڕەشەم لێکردووە کە جارێکی دی کاری وا بکات، ئیدی تەواو... ڕەحمی پێناکەم، ئیدی ئەمە حاڵ و حیکایەتەکەیە. باشم کردووە قوربان؟

دەستیم گوشی وگوتم:- چاکت کردووە کاڤالییە! تۆ بە ڕاستی پیاوی.

- زۆر سوپاس قوربان، ئێستا دەچم دەیدۆزمەوە، دەبێ تەمبێ بکرێ، تا عیبرەت وەربگرێ!

دەمزانی، پیرەمێر لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان نابێتەوە، بڕیارێکە وداویەتی، بەکەس ژێوان ناکرێتەوە، بۆیە وازم لێهێنا بە کەیفی دڵی خۆی بکات.

چوو بە دوای کوڕەکەدا، بە گوێ هێنای. لە سەر کورسییەکی حەسیر دانیشتبووم. دەتگوت قازیم. ماریوس لە بەر چاوم گەورە بووبوو، لە پاریش ناشیرینتر بوو، دیمەنیم زۆر لە لا ناشیرین و شەڕانی بوو. دەستەکانی زۆر زەلام دیاربوون. مامی بە پاڵ هێنایە بەردەمی من و بە ڕاوێژێکی عەسکەری گوتی:- داوای بوردن لە خودان موڵکەکە بکە!

کوڕەی تاین ورتەی لێوە نەهات. هەنگێ یارۆی کۆنە پۆلیس هەر دوو قۆڵی گرت و بە شاپان تێی بەربوو، بگرە کوێت دێشێت، ناچار هەستام دەستی بگرم.

لەم کاتەدا کوڕێژگەکە بەدەم هاوارەوە گوتی:- ببورە! ببورە! بەڵێن دەدەم...

کاڤالییە، لە ئەرزەکەی دانا، هەر دوو شانی گرت وگوشاری لێکرد کە کڕنۆشم بۆ بێنێ. پێی گوت:- داوای بووردنی لێبکە!

کوڕێژگەکە، چاوەکانی داخستن و بە ئەسپایی گوتی:- داوای بووردنت لێدەکەم.

هەنگێ مامی هەڵیساندەوەو زللەیەکی ئەوتۆی لێدا لەزگ بوو بکەوێتە سەر ئەرزەکە. ئیدی گۆڕی گوم کرد و بە درێژایی شەوەکە نەمبینییەوە.

بەڵام کاڤالییە، دیار بوو کە ئاسوودە نییە، ئەوسا گوتی:- ئەمە تەبیعەتێکی زۆر خراپە.

بەدەم شێو خواردنەوە، بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە:- بەڕاستی ئەمەم لە بەرگرانە قوربان، تۆ نازانی چەندم لە دڵ گرانە.

هەوڵم دا دڵخۆشی بدەمەوە، بەڵام فایدەی نەبوو.

شەوێ زوو چوومە ناو جێگاوە تا بەیانی زوو لە خەو ڕابم و بچمە ڕاوێ. کە چراکەم کوژاندەوە، تاژیەکەم هەر لە ژوورەوە و لە پاینی تەختە خەوەکەمەوە وەرکەوت وخەوت.

دەوروبەری نیوە شەو لە حەپەی سەگەکەم، حەپەی بە جۆشی " بوک " خەبەرم بووەوە. یەکسەر هەستمکرد ژوورەکەم پڕە لە دووکەڵ، لە سەر تەختە خەوەکەوە خۆم هەڵدا، چراکەم داگیرساند و بەرەو دەرگاکە ڕامکرد و کردمەوە، تۆپەڵێک گڕ و دووکەڵ، گەردەلوول ئاسا خۆی کرد بە ژووردا.ماڵەکە نیڵە نیڵ دەسووتا. زۆر بەپەلە دەرگاکەم داخست، پانتۆڵەکەم لە بەرکرد، لە پێشا سەگەکەم، بە پەتێک کە لە چەرچەفەکەم دروستکرد، لە پەنجەرەکەوە شۆڕ کردە خوارەوە، پاشان جلەکان و جانتاکەم و تفەنگەکەم خستە خوارەوە و ئیدی خۆیشم لە پەنجەرەکەوە دابەزیم.

تا زارم گرتی کەوتمە بانگ کردن و هاوار:- کاڤالییە! کاڤالییە! کاڤالییە!

بەڵام یارۆی پاسەوان هەڵنەستا، خەوی قورس بوو. سەیرم کرد قاتی خوارەوە، نیڵە نیڵ دەسووتێ، وەکو کەڵە پشکۆ سوور هەڵگەڕاوە، دیاربوو یەکێک پڕی کردبوو لە پووش تا زوو گڕ بگرێت. یانی کەسێک بە ئانقەست ئاگری لە خانووەکە بەردابوو.

دووبارە بە تووڕەیی دەستم بە هاوار کردەوە:- کاڤالییە!

هەستمکرد ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ دووکەڵەکە دەیخنکێنێ... ئیدی بیرۆکەیەکم بۆ هات، دوو فیشەکەم خستە بەر تفەنگەکەم، فیشەکێکم نا بە ناوەندی پەنجەرەکەوە. شووشەی پەنجەرەکە ورد وخاش بوو و بەناو ژوورەکەدا بڵاو بووەوە. پیرەمێرد ئەمجارە گوێی لێبوو، بە ترسەوە ڕابوو، تەنیا کراسێکی لەبەر بوو، ئیدی کە ئەو هەموو گڕ و ڕوناکییەی بەردەم خانووەکەی بینی، تەواو پەشۆکا. هاوارم لێکرد:- خانووەکەت گڕی گرتووە! خێرا خێرا، لە پەنجەرەکەوە باز بدە!

ئەو گڕەی لە ناکاوا لە کەلێنەکانەوە دەرچوو، بە دیوارەکەدا هەڵدەگەڕا، خەریک بوو ڕێگەی لێدەگرت، ئیدی بازێکی دا و وەکو پشیلە لە سەر هەردوو لاقی خۆی گرتەوە.

باش بوو لە کاتی خۆیا فریا کەوت. میچەکە کە لە هەژگ و قامیش دروستکرابوو لە ناوەڕاستەوە داڕوخا و کەوتە سەر قاڵدرمەکە، کە بۆ ئاگرەکەی خوارەوە بووبوو بە دووکەڵکێش، ئیدی گورزەیەک گڕی سوور وەکو فوارەی ئاو بە ئاسمانا دەچوو، بە دەوری کەوێڵەکەدا دادەڕژایەوە. لە چاو تروکانێکا، کوختەکە بوو بە تۆپەڵێک گڕ.

کاڤالییە، بە سەرسامی گوتی:- ئەمە چۆن ڕوویداوە؟

بەرسڤم دایەوە:- یەکێک لە مووبەقەکەوە ئاگری تێبەرداوە.

لە بن لێوانەوە گوتی:- باشە ئەو یەکە کێیە؟

یەکسەر مەزەندەم بۆی چوو وگوتم:- ماریوسە!

پیرەمێرد، یەکسەر حاڵی بوو ولە بن لێوانەوە گوتی:- ئەها، خودایە... بۆیە نەهاتەوە، تۆمەز ئەمەی لە ژێر سەرا بووە!

یەکسەر، خەیاڵێکی ترسناکم بە مێشکا هات، هاوارم کرد:- ئەدی سیلیست؟ ئەدی سیلیست؟

ئەو وەڵامی نەدایەوە، بەڵام خانووەکە لە بەردەممماندا هەرەسی دێنا، کوڵ و کۆی دامرکایەوە و بوو بە کۆمەڵێک کەڵە پشکۆ و تیشکەکەی ئاوی چاوی دەبرد، دیار بوو ئەو ژنە بەستەزمان و بێنەوایە، لە ناو ئاگرەکەدا بووبوو بە قەرە برووت.

گوێمان لە تاقە هاوارێکیش نەبوو.

ئاگرەکە بەرەو تەویلە و کەپرەکەی تەنیشتەوە دەچوو، یەکسەر ئەسپەکەم بیر کەوتەوە. کاڤالییە بە هەڵەداوان ڕۆیی تا فریای بکەوێت. هەرکە دەرگای تەویلەکەی کردەوە، جەستەیەکی نەرم و لەزگین خۆی بە بەینی لاقیا کرد و خستیە سەر ئەرزەکە... ماریوس بوو کە بە هەموو توانای خۆیەوە هەڵدەهات...

کابرا لە چاو تروکانێکا هەستایەوە، ویستی بە دوایا غار بدات و بیگرێت، بەڵام زانی نایگاتێ، ئیدی خوای نەما، دەهری بوو، خوێنی هاتە جۆش، ئیدی بەخۆی نەوەستا، دەستی دایە تفەنگەکەی من کە هێشتا لە نزیکی ئەوەوە لە عاردیدا کەوتبوو، بەر لەوەی فریای بکەوم، بێئەوەی بزانێ فیشەکی لە بەرە یان نا، دەستی بە پەلە پیتکەکەیا نا... هێشتا یەکێک لەو دوو فیشەکەی لەبەر بوو کە تێم خستبوون. ڕێک بە ناوەڕاستی پشتی ماریوس کەوت. بە دەما کەوت و لە خوێنی خۆیا گەوزا، یەکسەر بە هەر چوار پەلی کەوتە چنگە کرێ لە ئەرزەکە، وەکو ئەوەی، چۆن کەروێشکێکی پێکراو، بەدەم گیانەڵاوە، نزیکبوونەوەی ڕاوچی دەبینێ و دەیەوێ بە چوارچنگۆڵە خۆی دەرباز بکات، بەو ئاوایە تەقەلای دەدا خۆی دەرباز بکات.

خۆم گەیاندێ، کەوتبووە ئاویلکە، پێش ئەوەی ئاگری ماڵەکە دابمرکێتەوە، بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات، گیانی سپارد.

کاڤالییە، بە کراسێکەوە، بە لاقی ڕووتەوە، حایر و حەپەساو، بەدیارمانەوە ڕەق ڕاوەستابوو.

وەختایەک خەڵکی گوندەکە هاتن، کابرای پاسەوانیان کە وەکو شێتی لێ هاتبوو دەگەڵ خۆدا برد.

لە دادگادا، وەکو شایەد ئامادە بووم، بویەرەکەم وەکو خۆی، بێ کەم و بێ زیاد گێڕایەوە. کاڤالییە تەبرێ بوو، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە دیار نەما و ئەو دەڤەرەی بەجێهێشت.

دوای ئەوە ئیدی هەرگیز نەمدیتەوە.

گەلۆ، ئەمەش حیکایەتێک لە حیکایەتەکانی ڕاو.

## سەودایەک

تەم و مژێکی چڕ باڵی بەسەر ئاوی ڕووبارەکەدا کێشابوو، لە دوورەوە لە پەڵە لۆکەیەکی خەمناک دەچوو، دنیا کش ومات نە سروە بایەک نە شنەیەک نەدەهات. تەنانەت ئەم بەر وئەوبەری ڕووبارەکەش نەدەبینرا، لە ژێر تەم و مژا، کە وەکو چیا بەرز بووبووەوە، ون بووبوون. کە دنیا خەریک بوو ڕۆژ دەبووەوە، گردەکە بەرەبەرە بەدیار دەکەوت. بە قەدپاڵ وبناری گردەکەوەو لە ناوجەرگەی ڕوناکی کزی سپێدەوە، هەندێک پەڵەی سپی بەرەبەرە بەدیار دەکەوتن، ئەو پەڵانە خانووی سپیکاری خەڵکەکە بوون، ئیدی تەیر وتو لە هێلانەکانیانەوە کەوتنە خوێندن.

لە ڕەخەکەی تری ڕووبارەکەدا، کە لە ژێر مژ ودوومانداا نقوم بووبوو، ڕێک بەرانبەر " لافریت " دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێک دەهات کە ئارامی ئەو جەوە مەندەی دەشێواند، ئەم دەنگە دەنگە جاریَ وەکو دەنگی شەپۆلێک دەهاتە گویَ کە خۆی بە بەلەمێکا بکێشێت، بەلەمێک کە بە پارێزەوە بڕوات، جارێکی دی وەکو دەنگی تووندی سەوڵێک کە بە تەختەی بەلەمێکا بکەویَ دەهاتە گویَ، جاری سێیەم وەکو دەنگی شتێکی نەرم کە بکەوێتە ئاوەکەوە دەهاتە گویَ... ئەو... تەواو.... هیچ.

هەندێجار دەنگی وشەیێن نەوی دەهات، سەرچاوەکەی دیار نەبوو، لە دووری دوورەوە دەهات، یان لە نزیکەوە دەهات و لە ناو ئەم چرە مژ و دوومانەدا ڕێگای گوم کردبوو. هیچ خویا نەبوو لە سەر ڕووبارەکەوە دەهات یان لە سەر ئەرزەکەوە، ئەم وشانە دەتگوت ئەو تەیرە کێویانەن کە شەویان لە نێو هێلانەکانیان بەسەر بردبوو و دەگەڵ گەردی بەیانیدا، ڕا بووبوون، لە شەقەی باڵیان دابوو، تەم و مژەکەیان بڕی بوو و، بە دەنگێکی سرک و ڕەوەک هاواریان دەکرد تا هاوڕێکانیان لە سەرانسەری کەنارەکە بێدار بکەنەوە.

لە ناکاوا، نزیکی کەنارەکە، لە هەنبەر گوندەکە، تاپۆیەک بەسەر ئاوەکەوە بەدیار کەوت، لە هەوەڵەوە بە ئاستەم دەبینرا، پاشان بەرەبەرە ، لە نێو تەم ومژی سەر ڕووبارەکەوە بەدیار کەوت، بەلەمێکی تەخت بوو کە دوو پیاوی بە سەرەوە بوو، ئەوسا لە کەنارە بە گیا وپڕ ڕووەکەکەدا لەنگەری گرت.

ئەو پیاوەی کە سەوڵی لێدەدا هەستا، شەبەکەیەکی پڕ لە ماسی لە نێو بەلەمەکە هەڵگرت، ئەوسا شەبەکەکەی کە هێشتا ئاوی لێدەچۆڕا، دا بە کۆڵیا. بەڵام هاوڕێکەی کە هێشتا نەجولا بوو، گوتی:- تفەنگەکەت لە گەڵ خۆتا بێنە... لە کەنارەکە ڕاوە کەروێشک دەکەین، باشە مایوش؟

ئەوی دی بەرسڤی دایەوە:- باشە... چاوەڕوان بکە، هەر ئێستا دەتگەمیَ.

دوور کەوتەوە تا دەستکەوتەکەیان لە شوێنێکی ئەمین تاقەت بکات. بەڵام ئەو پیاوەی بە تەنیا لە ناو بەلەمەکە مایەوە، بە کاوەخۆ سەبیلەکەی داگرتەوەو دایگیرساند. ئەم پیاوە ناوی لابویز وبە "شیکو" ناسرابوو، هاوڕێکەشی خەڵکی بە " مایوشون " یان " مایوش " بانگیان دەکرد. ئەم جووتە، لە پیشەیەکی گومان لێکراوا شەریک بوون، پیشەی "ڕا و ڕووت "

جووتیَ دەریاوانی زۆر بیَ سەر وبەر بوون، مەگەر برسێتی هەڵی پێچابان دەنا خۆیان لە دەریا نەدەدا. باقی وەختەکەیان بە "ڕاو وڕووت " دەبردە سەر، شەو و ڕۆژ بە ڕووبارەکەدا دەسووڕانەوە، ئیدی هەر نێچیرێکی زندوو یان مردوویان بۆ هەڵکەوتبا، پڕیان دەدایە. زیاتر لە پاککەرەوەی مەنهۆڵ یان زێرابان دەچوون، هەندێجار

خۆیان لە کەڵەکێویەکانی جەنگەڵی سان جرمان دادەگرت. هەندێجار لە خەڵکانی خنکاو دەگەڕان و گیرفانەکانیان بەتاڵ دەکردەوە. ئەمانە هەموو شتێکیان هەڵدەگرتەوە، پەڕۆ وپاتاڵی سەر ئاوەکە، ئەو شووشە بەتاڵانەی که بە گەڵ ڕەوتی ڕوبارەکە دەکەوتن و دەمەکانیان بۆ سەرەوە دەچوو و وەکو سەرخۆشان بە لادا دەهاتن، ئەو پارچە تەختە ودارانەی ئاوەکە ڕای ماڵی بوون، هەر هەموو ئەمانەیان کۆ دەکردەوە.

هەندێجار لای نیوەڕۆ دەردەچن، بە پێیان دەڕۆن، ملدەنەن و ئاوڕ لە هیچ نادەنەوە، لە خوارنگەیەکی ڕەخی ڕوبارەکە نانێ دەخۆن و دووبارە بە دوو قۆڵی و شانبەشانی یەکدی دەکەونە ڕێ، یەک دوو ڕۆژان دیار نامێنن، پاشان بەیانیەک خەڵکی دەیان بینن کە بەو شتە پیسەی کردوویانە بە بەلەم، دەسوڕێنەوە.

لە جوانفیل، چەند بەلەمەوانێکی نەناس، لە بەلەمەکەیان کە شەوێ دزرابوو دەگەڕان، لە کاتێکا پیاو ماقوڵێک لە دووری بیست سی میلان لەوێندەرەوە، لە خۆشی ئەو بەلەمە نیو داشتەی کە شەوی بووری بە پەنجا فرانکان لە دوو پیاوی کڕی بوو، دەستەکانی هەڵدەگلۆفت.

مایوشون دووبارە بەدیارکەوتەوە، تفەنگێکی پێبوو کە لە پارچە پەڕۆیەکەوە پێچرابوو، کابرا تەمەنی چل پەنجا ساڵێک دەبوو، کابرایەکی درێژ داهۆڵی، چاو زەق، نیگا ڕەوەک وەکو خەڵکانی نیگەران، یان وەکو حەیوانێک کە ماوەیەکی زۆر ڕاو نرابێ، یەخەی کراسەکەی کرابووەوە، سینگە تووکنەکەی بۆز بووبوو. ڕدێنی نەبوو، سمێڵەکانی کورت بوون، تۆزە موویەک بە ژێر لێوی ژێرەوەی بوو، لا جانگەکانی ڕووتابوونەوە.

وەختایەک ئەو یەشماخە بۆگەنەی کە لە جیاتی شەپقە بەکاری دەبرد، لە سەر دادەکەنی، لە تۆ وایە تەنکە دووکەڵێک بە سەر سەرییەوەیە... هەر بەناو قژ بوو، لە مریشکێکی ئاوەڕووت دەچوو کە بۆ برژاندن ئامادە کرابێ.

شیکو، بە پێچەوانەی ئەوەوە، سوورفلێکی نمووس، کورتە بنە، تووکن بوو، چاوی چەپی هەمیشە داخرابوو، لە تۆ وایە نیشانە لە کەسێک یان شتێک دەگرێتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک گاڵتەی بەم خووەی کردبا و پێی گوتبا:- لا بویز چاوت بکەوە!

بە کاوەخۆ وەڵامی دەدایەوە:- خەمت نەبێ خوشکێ! لە کاتی خۆیا دەیکەمەوە.

عادەتی وابوو بە هەمووانی دەگوت خوشکێ! تەنانەت بە هاوڕێ دزەکەشی.

دەستی دایە هەر دوو سەوڵەکە، دووبارە بەلەمەکەی کرد بە ناو چڕە تەمتوومانە وەستاوەکەی سەر ڕوبارەکەدا. تەم و مژەکە وەکو چۆڕی شیر بەری ئاسمانی سووربباوی گرتبوو.

لابویز پرسی:- چ جۆرە فیشەکێکت هێناوە مایوش؟

مایوشون بەرسڤی دایەوە:- بچووکەکانە... لە تازەکانە... کەروێشکی پێدەکوژرێ.

زۆر بە هێواشی وبە پارێزەوە لە کەنارەکەی دی نزیک دەبوونەوە، تەنانەت قسەشیان نەدەکرد تا کەشف نەبن. ئەم ڕەخە بەشێک بوو لە بێشەی سان جرمان، ڕاوە کەروێشک لێرەدا قەدەغەیە، پڕە لە کون ولانی شاراوە لە ژێر درەختەکانا. بەرەبەیان کەروێشکەکان بە هەڵقوون هەڵقوون وەدەر دەکەون، دێن و دەچن، خۆ بە لانەکاندا دەکەن ودێنە دەرێ.

ماریوشون، له پێشەوە چۆکی دادابوو، تفەنگەکەی لە ناو بەلەمەکە دانابوو وچاوی دەگێڕا. لە ناکاوا دەستی دایە پیرە تفەنگ و سێرەی گرت، فیشەکەکە نالەی کرد و لە هەر چوار نکاڵی گوندە ئارامەکەدا دەنگی دایەوە.

لابویز، بە دوو تەکانی سەوڵەکان خۆی گەیاندە کەنارەکە، هاوڕێکەی خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکە، کەروێشکێکی قاوەیی چکۆلەی هەڵگرت کە هێشتا گیانی تیا مابوو.

ئەوسا، بەلەمەکەیان بە نێو مژ و دوومانەکەدا کرد و بۆ ڕەخەکەی دی زڤڕینەوە، تا لە چاوی پاسەوانەکان بە دوور بێ.

لەو کاتەدا وا دەهاتە بەرچاو کە ئەم دوو پیاوە، بە کاوەخۆ بە ئاوەکەدا بگەڕێن. تفەنگەکەیان، لە ژێر ئەو لەوحە دارینەدا شاردەوە کە وەکو پەناگە بەکاریان دەبرد، کەروێشکەکەش لە ژێر قەمیسە دەڵبەکەی شیکۆدا شێردرایەوە.

دوای چارەکە سەعاتێک لابویز بە هاوڕێکەی گوت:- دەی خوشکێ! یەکێکی دی!

مایوشون بەرسڤی دایەوە:- با بڕۆین.

پیرە بەلەم سەر لە نوێ داگەڕا، بەدەم ڕەوتی خێرای ئاوەکەوە نشێو بووەوە. ئەو مژ و دوومانەی سەری ڕوبارەکەی گرتبوو، کەوتە ڕەوینەوە، دار ودرەختی هەر دوو ڕەخەکە دەتگوت لەو دیو پەردەیەکی تەنکەوەن و تەمتومانەکەش بەرەبەرە دەڕەوییەوە.

کە لە گراڤەکەی (دوڕگە) بەرانبەر " هربلیە " نزیک بوونەوە، بەلەمەکەیان هێواش کردەوە، کەوتنە چاوگێڕان و ملەقوتێ، زۆری پێنەچوو کەروێشکی دووەمیان کوشت.

ئەوسا، نشێو بوونەوە تا گەیینە ناوەڕاستی ڕێگای کفلانس، ئەوجا وەستان، بەلەمەکەیان بە درەختێکەوە بەست، لە ناو بەلەمەکەدا ڕاکشان، زۆری پێنەچوو ڕازان (خەویان لێکەوت).

لابویز، ناو بە ناو ڕادەبوو، چاوە کراوەکەی بە دەوری ئاسۆدا دەگێڕا، مژ ودوومانەکەی بەیانی ڕەوی بووەوە، هەتاوی گەورەی هاوین بەرەو حەوێڤی ئاسمانی شین هەڵدەکشا و دنیای زێڕ وەشان دەکرد.

لە کەنارەکەی تری ڕوبارەکەدا، گردە ڕەز پۆشەکە، لە شێوەی نیو بازنەیەکدا دەسوڕایەوە. تاقە ماڵێک بە سەر ترۆپکی گردەکەوە بوو، کە پەڵە درەختێکی چڕ وچوغورد دەوری دابوو... بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شتێکا کێشابوو.

بەڵام، شتێک بە سەر ڕێگاکەی هاوشانی ڕوبارەکەوە دەجوڵا، هێندە هێدی دەجوڵا، لە تۆ وایە ناڕوات. ژنێک بوو کەرێکی ڕادەکێشا. کەرەکە، کە هەموو جومگەکانی جەمام بووبوو، بە زۆری خاوەنەکەی هەنگاوی دەنا. کەرەکە ملی درێژ کردبوو، گوێچکەکانی شۆڕ بووبوونەوە، هێندە بە خاوی ڕێی دەکرد، تەسەور نەدەکرا قەت بگاتە جێ.

ژنەکە، کەرەکەی ڕادەکێشا وهەندێجار بە پشتە کۆمەکەیەوە ئاوڕێکی دەدایەوەو، چڵە دارێکی بە کەرەکەدا دەکێشا، لابویز کە ئەم دیمەنەی بینی، گوتی:- مایوش؟

مایوش بەرسڤی دایەوە:- چییە؟

- دەتەوێ پێبکەنی؟
- ئێستا وەختی پێکەنین نییە.
- با بڕۆین، ڕابە خوشکێ! دوای تۆزێکی دی پێکەنینەکەمان دەردەچێت.

شیکو، دەستی دایە هەر دوو سەوڵەکە. وەختایەک لە ڕوبارەکە پەڕینەوەو گەیینە بەردەم ژنەکە، بانگی لێکرد:- ئەهای... خوشکێ؟

ژنەی تاین لە ڕاکێشانی کەرەکە وەستا و تەمەشای کرد.

لابویز، لە سەری ڕۆیی:- بۆ بازاڕی ڤیتاران دەچی؟

ژنەکە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، شیکو هەڵیدایە:- ها، کەرەکەت خەڵاتی کێبڕکێکەی بردەوە... بەم خێراییە بۆ کوێی دەبەیت؟

ئەنجام ژنەکە گوتی:- دەچم بۆ " شامپیو " بۆ لای "ماکار " تا سەری ببڕێت، بە کەڵکی هیچ نەماوە.

لابویز گوتی:- نەهەقت نییە... باشە ماکار چەندت دەداتێ؟

ژنەکە بە پشتی دەستی هەنیەی سڕی و بە دوو دڵییەوە گوتی:- نازانم... لەوانەیە سێ... چوار فرانکێکم بداتێ.

شیکو هاواریکرد:- من پێنج فرانکت دەدەمێ... پارەیەکی کەم نییە.

ژنەکە، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی:- زۆر باشە.

جووتە پیاوی ڕاو ڕووتکەر دابەزین.

لابویز، هەوساری کەرەکەی وەرگرت، مایوش بە سەرسامی پرسی:- باشە تۆ ئەم کەرەت بۆ چییە، چی لێدەکەیت؟

شیکۆ، ئەمجارە چاوەکەی تری کردەوە، تا گوزارشت لە شادمانی خۆی بکات، ڕوخسارە سوورفلەکەی لە کەیفان چرچ بوو. لەبن لێوانەوە گوتی:- مەترسە خوشکێ، بە خۆم دەزانم چی لێدەکەم.

پێنج فرانکی دایە ژنەکە، لە سەر شۆستەکە دانیشت تا بزانێ چی ڕوودەدات.

هەنگێ لابویز بە شادمانییەوە ڕۆیی، تفەنگەکەی هێنا و دایە دەستی مایوشون.

- هەر کەسە و فیشەکی خۆی، ڕاوە گەورەکەی خۆمان دەکەین خوشکێ!

بەو ڕادەیە نزیک مەبەوە، دەنا بە یەکەم فیشەک دەیکوژیت. دەبێ ئەم ڕابوردنەمان کەمێک بەردەوام بێ.

هاوڕێکەی لە دووری سی مەتری نێچیرەکە ڕاگرت. کەرەکە هەستی کرد ئازاد بووە. هەوڵیدەدا لە گیایە درێژەکەی سەر کەنارەکە بلەوەڕێ، لێ هێندە ماندوو بوو، خۆی بە پێوە نەدەگرت، لەزگ بوو لە ئان وساتا بکەوێ.

مایوشون، بە کاوەخۆ لوولەی تفەنگەکەی تێکرد وگوتی:- بینە بە گوێچکەکانیەوە. ئاگادار بە شیکو.

فیشەکەکەی تەقاند. فیشەکە بچووکەکە هەر دوو گوێچکە درێژەکانی کەرەکەی سمی، بەتووندی کەوتە لەقاندنی گوێچکەکانی، هەرجارەی یەکێکیانی دەلەقاند، ئەوسا هەردووکیانی پێکەوە لەقاند بۆ ئەوەی لەم (خورووە) ڕزگار بێت.

جووتە پیاو خەریک بوو لە پێکەنینا بخنکێن، پشتیان کووڕ بووەوە، لە حەژمەتاندا لاقیان بە عارديدا دەکوتا. ژنەکە بە پەستی چوو بۆ لایان. نەیدەویست کەرەکەی بەو جۆرە عەزاب بدرێت، دەیویست پێنج فرانکەکەیان بداتەوەو گوێدرێژەکەیان لێ بسێنێتەوە، بەڕاستی زۆر تووڕە بوو.

لابویز، هەڕەشەی لێدانی لێکرد، وای نواند کە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێت. پارەکەی داوەتێ، وانییە؟ کەواتە ئەو هەقەی نییە، ویستی بە درۆوە فیشەکێک بە بەر هەڵبێنەکەیەوە بنێ و بۆی بسەلمێنێ کە ئەم ساچمە بچووکە، هیچ ئازارێکی نییە.

پشتی تێکردن وهەڕەشەی پۆلیسی لێکردن، گوێیان لێبوو بەدەم ڕێوە جنێوی دەدانێ، تا زیاتر دوور دەکەوتەوە، بەدەنگی بەرزتر جنێوی دەدانێ.

مایوشون، تفەنگەکەی دایە دەست هاوڕێکەی وگوتی:- نۆرەی تۆیە شیکو.

لابویز، نیشانەی گرتەوەو پلی بە پەلەپیتکەکەوە نا، هەر دوو ڕانی کەڕەکەی پێکا، بەڵام ساچمەکە زۆر ورد بوو، زۆر لە دووریشەوە بە کەرەکەیەوە نا، تەنانەت کەرەکەش وای زانی مێش پێوەی دا... بۆیە بە نیازی دەرکردنی مێشەکە کەوتە کلک بادان، کلکی دەکێشا بە هەردوو لاق و سەر پشتی خۆیدا.

لابویز ڕۆنیشت تا بە کەیفی خۆی پێبکەنێت. لە کاتێکا مایوشون سەر لە نوێ فیشەکی دەخستەوە بەر تفەنگەکە. زۆر دڵی خۆش بوو، چەند هەنگاوێک لە نیشانەکە نزیک بووەوە، سێرەی گرتەوە، فیشەکی دووەمی تەقاند. ئەمجارەیان لە ناکاوا بەرەو ئەوان هەڵی تیزاند، هەوڵیدا جووتە بوەشێنێت، سەری وەرگێڕا، ئەنجام خوێنێکی کەمی لە بەر ڕۆیی. کەرەکە بە خەستی بریندار بوو، هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد، کەوتە هەڵاتن بە کەناری ڕوبارەکەدا، بە هێواشی و بە لەرزە لەرز کەوتە غاردان.

جووتە زەلام دوای کەوتن... مایوشون بە هەنگاوی هەڕاو دەڕۆیی و، لابویز، بەپەلە غاری دەدا، کابرای کورتەبنە غاری دا، هەناسە بڕکێی پێکەوت.

لێ کەرەکە، پەکی کەوت، هێزی لە بەر بڕا، لە جێی خۆی وەستا، بە نیگای سەرگەردانەوە دەیڕوانیە جووتە بکوژەکەی کە بەرەو ئەو دەهاتن، ئەوسا سەری هەڵبڕی و کەوتە زەڕین...

لابویز، بە هانکە هانک دەستی دایە تفەنگەکە، ئەمجارەیان زۆر نزیک بووەوە، حەزی نەدەکرد غار بدات. وەختایەک کەرەکە لە زەڕەزەڕە پڕ ئازارەکەی بووەوە، وەکو ئەوەی دوا هاواری بێدەسەڵاتی خۆی کردبێت، کابرا وەکو ئەوەی تەگبیرێکی کردبێ گوتی:- دەی مایوش، خوشکێ وەرە!

دەرمانی دەدەمێ! لە کاتێکا زەلامەکەی دی بە تۆبزی دەمی حەیوانەکەی دەکردەوە، شیکو لوولەی تفەنگەکەی خستە گەرووی کەرەکەوە وەکو ئەوەی بیەوێ دەرمانی بداتێ، ئەوسا گوتی:- دەی خوشکێ، ئاگاداربە شروبەکەی دەدەمێ!

پەنجەی بە پەلە پیتکەکەدا نا، کەرەکە سێ هەنگاوان پاشەوپاش کشایەوەو بە قوونا کەوت، هەوڵیدا هەستێتەوە، ئەنجام بەلادا کەوت وچاوەکانی لێکنان، جەستە پیرەکەی تەکانی دەدا، هەر چوار پەلی دەجولانەوە لە تۆ وایە دەیەوێ غار بدات.

خوێن لە بەینی ددانەکانیەوە دارژا، زۆری نەبرد لە جوڵە کەوت... گیانی دەرچوو.

جووتە پیاو پێکەنین، زۆر زوو گیانی دەرچوو! مایوشون پرسی:- ئێستا چی لێبکەین؟

لابویز، بەرسڤی دایەوە:- خەمت نەبێ خوشکێ! با بیخەینە سەر بەلەمەکە کە شەو داهات ئەوسا پێدەکەنین.

چوون بەلەمەکە بێنن، لاشەی کەرەکەیان لێ بارکرد، بە گیای سەوز دایانپۆشی. جووتە پیاو لە سەری پاڵ کەوتن و خەویان لێکەوت.

دەوروبەری نیوەڕۆ، لابویز لە کەلەبەرێکی شاراوەی بەلەمە ڕزیو و قوڕاویەکەیانا، بوتڵێ شەراب و نانێک و تۆزێ کەرە و تەڕە پیازی دەرهێنا و دەستیان بە نانخواردن کرد.

کە لە نانخواردن بوونەوە دووبارە لە سەر کەلەشی کەرەکە پاڵکەوتن وخەوتنەوە.

لابویز، لە هەوەڵی شەوا ڕابوو، هاوڕێکەی کە وەکو ئورگون دەیپرخاند، تەکان دا وئەمری پێکرد:- ڕابە خوشکێ! با بڕۆین!

مایوشون، دەستی بە سەوڵ لێدان کرد، بە ئەسپایی بە ڕوباری سین دا سەرکەوتن، وەختیان زۆر بوو، پەلەیان نەبوو. بە قەراخ کەنارەکەدا دەڕۆیشتن، کەناری چی، یەکپارچە گوڵە زەمەقی ئاوی بوو، بۆنە خۆشەکەی ئەو ناوەی پڕ کردبوو، چەپکە گوڵی سپی لە دارەکانەوە بە سەر ئاوەکەوە شۆڕ بووبووەوە. بەلەمە قورسە قوڕ ڕەنگەکە، بە سەر گەلای پانی ڕووەکی لوتسدا دادەخزی، و گوڵە زەردباوە خڕەکانی، کە دەتگوت زەنگوڵەن، دادەنەواندەوەو پاشان ڕاست دەبوونەوە.

وەختێ گەیینە دیوارەکەی ( ئیبیرون ) کە جەنگەڵی سان جرمان و گوڵگەشتی میزون – لافیتی لێکدی جیا دەکردەوە، لابویز هاوڕێکەی ڕاگرت و نەخشەکەی خۆی پێگوت، مایوشون، لە پێکەنینێکی بێدەنگی دوور و درێژی دا.

هەموو گیایەکانی سەر کەلاکی کەرەکەیان فڕێدایە ئاوەکەوە. هەر دوو لاقی کەرەکەیان گرت و دایانگرتە سەر ئەرزەکە و کەوتنە شاردنەوەی لە ناو بێشەکەدا.

کە خۆیان بە لای (جول) ی پیرەمێردا، ئاشپەز و بازرگانی شەرابدا کرد شەو تاریکی تاریک بوو. کە یارۆی بازرگان چاوی پێیان کەوت، لێیان چووە پێشەوە و تەوقەی لەگەڵدا کردن ولە سەر مێزەکەی وان ڕۆنیشت. ئیدی باسی زۆر شتیان کرد. دەوروبەری سەعات یازدە، دوای ئەوەی هەموو مشتەرییەکان کردیان بە شەو، جول، چاوێکی لە لابویز داگرت و گوتی:- دەی ئێستا بڵێ بزانم هیچت پێیە؟

لابویز، سەرێکی لەقاند وگوتی:- پێمە و پێم نییە...

خودان خوارنگەکە بە پێداگیرییەوە گوتی:- هەر کەروێشک... هیچی ترت نییە؟

هەنگێ شیکو، دەستی بەژێر کراسە دەڵبە سوفەکەیا کرد و هەر دوو گوێی کەروێشکێکی نیشاندا و گوتی:- جووتێ بە سێ فرانک.

هەنگێ گەنگەشە و سەودایەکی زۆر لە سەر نرخەکە کرا، بە دوو فرانک و شەست و پێنج سەنتیم ڕێک کەوتن و هەر دوو کەروێشکەکە ڕادەست کران.

جولی پیرەمێر، کە جووتە پیاوە ساختەچیەکە هەستان، پێی گوتن:- شتێکی دیکەتان پێیە وناتانەوێ دەری بخەن.

لابویز بەرسڤی دایەوە:- ڕەنگە پێمان بێ، بەڵام بۆ تۆ نابێ، بە کەڵکی تۆ نایەت...

کابرا، زیاتر کونجکاو بوو، زۆری لێکرد:- چییە؟ لە گەورەکانە؟ پێم بڵێ چییە؟ دەتوانین ڕێک بکەوین.

لابویز، وای نواند کە دوو دڵە، چاوی بڕییە چاوانی مایوشون کە گوایە بە نیگا ڕاوێژی پێدەکات، ئەوجا بەدەنگێکی نەوی گوتی:- ئێمە لە ئیبیرون خۆمان لە بۆسە نابوو، شتێک خۆی کرد بە نێو هەوەڵین چڕە دارستانی سەمتی چەپی کۆتایی دیوارەکەدا. مایوش تەقەی لێکرد، حەیوانەکە کەوت. لە ترسی پاسەوانەکان بلەز هەڵاتین، ناتوانم پێت بڵێم حەیوانەکە چی بوو. چونکە نازانم چی بوو. بەڵام دەزانم گەورە بوو... بەڵام چی بوو؟ ناتوانم دۆری ئەوەت لە گەڵدا بکەم، بە خۆت دەزانی خوشکێ، ئێمە لە سەودا و مامەڵەدا ڕاستگۆ وسەر ڕاستین...

کابرا پرسی:- یانی بزنە کێوی نەبوو؟

لابویز بەرسڤی دایەوە:- ڕەنگە... یان هەر شتێکی دی! بزنە کێوی؟ بەڵێ. پێموایە لە بزنە کێوی گەورەتر بوو. ڕەنگە کەڵ بووبێ! بەڵام لام ئەسەح نییە کە کەڵ بووبێ، چونکە دڵنیانیم، ڕەنگە!

خودان خوارنگەکە لە سەری ڕۆیی:- گا کێوی نەبوو؟

لابویز دەستی درێژ کرد وگوتی:- نا، گا کێوی نەبوو، نامەوێ هەڵت بخەڵەتێنم، نا گا کێوی نەبوو، خۆ ئەگەر هەو بوایە، هەر نەبوایە بە شاخەکانیا دەمناسییەوە... نا گا کێوی نەبوو.

کابرا پرسی:- ئەدی بۆ لە گەڵ خۆتاندا نەتانهێنا؟

- دەپرسی بۆ دەگەڵ خۆدا نەتانهێنا خوشکێ... چونکە بڕیارمان داوە لە ئێستا و هێوە شتەکانمان لە شوێنی خۆیا بفرۆشین... ئێمە خەڵکانێکی نێچیرڤانین تێدەگەی، دەتوانی بە خۆت بچی بۆ ئەوێندەر و نێچیرەکە بێنی و هیچ مەترسییەکت لە ڕێ نییە...

خودان خوارنگەکە بە گومانەوە پرسی:- ئەدی ئەگەر لەوێ نەبوو؟

لێ لابویز، دووبارە دەستی هەڵبڕی:- کە وتم لەوێیە، یانی لەوێیە، باوەڕم پێبکە، حەزدەکەی سوێندت بۆ دەخۆم. لە ناو یەکەم چڕە دارستانی دەستە چەپدایە. بەڵام چییە... ئەمەیان نازانم... ئەوەندە دەزانم گا کێوی نییە. من لەمەیان دڵنیام. ئەویتری لە سەر خۆت، بڕۆ وبە چاوی خۆت بیبینە. بە بیست فرانک لە نەدیتە.. قایلیت؟

کابرای خودان خوارنگەکە هێشتا دوو دڵ بوو:- باشە نەتدەتوانی بۆمی بێنی؟

مایوشون هەڵیدایە:- بەهەر حاڵ ئەم چەند و چوونەی ناوێ ئەگەر بزنە کێوی بێ بە پەنجا فرانک، ئەگەر گا کێوی بێ بە حەفتا... ئیدی ئەمە نرخەکانمانە...

خودان خوارنگەکە گوتی:- نا، بە بیست فرانکماڵی منە، باشە.

دەستیان دا بە یەکا، ڕێکەوتن.

ئەوسا چوار ئەسکەناسی پێنج فرانکی لە دەغیلەکەی دەرهێنا. جووتە هاوڕێ پارەکەیان لە تەنکەی باخەڵیان نا. لابویز هەستا، کووپەکەی هەڵدا و وەدەرکەوت... پێش ئەوەی لە تاریکیەکەدا ون بێ، ئاوڕی لە وەستا جول دایەوە و گوتی:- دڵنیا بە گا کێوی نییە، بەڵام چییە؟ ئەوەتا لەوێندەر، بڕۆ ها لەوێیە، ئەگەر لەوێ نەبوو، هیچت نەبینی پارەکەت بۆ دەگێڕمەوە.

لە تاریکیەکەدا ئاوا بوو. مایوشون دوای کەوت، لە خۆشیا لە پشتەوە بە مست تێی بەربوو.

## له ناو قیتاردا

قیتارەکە لە وێستگەی کان وەستا، پڕ بوو لە خەڵک، ئیدی نەفەرەکان بەرە بەرە کەوتنە قسان و یەکدی ناسین. کە قیتارەکە لە شاری ناراسکون تێپەڕی یەکێک لە نەفەرەکان هەڵیدایە وگوتی:- لێرەدا خەڵکی ڕەشکوژ دەکرێن!

ئیدی کەوتنە باسی ئەو بکوژە سەیرەی کە کەس نەیتوانی بوو دەستگیری بکات ولە دوو ساڵی ڕابردوودا، ناو بە ناو پەیدا دەبوو، لە پەناوە ڕێبوارێکی دەکوشت. ئیدی هەرکەسە و مەزەندەیەکی لێدەداو بۆچوونێکی دەردەبڕی... ژنەکان بە ترسەوە لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە شەوە تاریک وسامناکەکە، دڵیان لە ترسا بە توندی لێی دەدا و پێشبینی ئەوەیان دەکرد لە ناکاوا پیاوێک لە بەر دەرگای فارگۆنەکەدا پەیدا ببێت. ئەوسا خەڵکەکە کەوتنە گێڕانەوەی حیکایەتێن سامناک وڕێکەوت و بویەرێن شووم و تێگیران دەگەڵ شێتانا لە نێو قیتاری لەزگیندا و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێبوارێکی گومانلێکراودا.

ئیدی هەر کەسە و حیکایەت و بە سەر هاتێکی پڕ لە ئازایەتی خۆی دەگێڕایەوە کە چۆن ڕووبەڕووی کەسێکی شەقاوەو شەڕانی بووەتەوە، بە جورئەتێکی سەیرەوە، بە گژیا چووەتەوەو کوشتوویەتی و سندمی کردووە. دکتۆرێک کە عادەتی وابوو زستانی هەموو ساڵێک لە باشووری فەرەنسا بە سەر بەرێ، ئەویش ویستی یەکێک لە سەرکێشییەکانی خۆی بگێڕێتەوە، گوتی:- من بەش بەحاڵی خۆم قەت بۆم ڕێک نەکەوتووە کە ئازایەتی خۆم لە یەکێک لەو بویەرانەدا بجەرِبێنم، بەڵام خانمێکم ناسی، کە یەکێک بوو لە نەخۆشەکانی خۆم، ئێستا لە ژیانا نەماوە. ئەم خاتوونە سەیرترین، گۆنگترین بویەری بۆ پێشهاتبوو، هەڵبەتە مایەی بەزەیی بوو.

خەڵکی ڕووسیا بوو، ناوی کۆنتێسە ماری بارانوڤا بوو. لە ماڵباتێکی خانەدان، یەجگار جوان ودڵڕفێن بوو. بە خۆتان دەزانن ژنانی ڕووسی چەند جوانن، کەپوویان بچووک، دەمیان جوان، چاویان درشت وگەش، شینێکی کەوەیی، بەژن و باڵا هەر لە خۆیان جوانە. جۆرە جوانیەکی شەڕەنگێز، بە نازوکریشمە، لە خۆبایی بوونێکی ناسک و، مێریڤانیەکی مەندیان تێدایە کە پیاوی فەرەنسی شێت و شەیدا دەکات. ڕەنگە جیاوازی ڕەگ و ڕیشە و نەژادی وای لێکردبم کە ئەو شتانەیان تیا بدینم.

دکتۆرەکەی چەند ساڵێک بوو بۆی دەرکەوتبوو کە سینگی نەخۆشە و نەخۆشیەکەی کوشندەیە، هەوڵیدەدا بۆ باشووری فەرەنسای ڤڕێ بکات بەڵام هەرچی دەکرد و دەکۆشا پێی ڕێی دانەدەگرت کە پترسبۆرگ بەجێ بهێڵێت. ئەنجام پار پاییز دکتۆرەکەی گەییە ئەو قەناعەتەی ئەگەر کار وا بڕوات، نەخۆشییەکە دەیکوژێت، بە مێردەکەی ڕاگەیاند کە حاڵی ژنەکەی پڕ مەترسییە، پیاوە ژنەکەی ناچارکرد کە یەکسەر بۆ شاری منتون بڕوات.

ژنەی تاین، سواری قیتار بوو، بە تەنیا ڤارگۆنێکی گرت، دەست و پێوەندەکەی لە هەمان قیتاردا لە فارگۆنێکی دیکەدا بوون. لە بەر پەنجەرەکەدا ڕۆنیشت، کەمێک دڵتەنگ بوو، دەیڕوانیە کێڵگە و گوندەکان، هەستی بە ترس و تەنیایی دەکرد، چونکە نە منداڵی هەبوو، نە کەس و کارێکی ئەوتۆ، مێردێکی هەبوو، کە خۆشەویستیەکەی بۆی کاڵ بووبووەوە وبەم جۆرە، بە تاقی تەنیا، بەبێئەوەی لە گەڵیا بێت، وەکو چۆن ئینسان کارەکەرێکی خۆی بۆ خەستەخانە دەنێرێ، بەو ئاوایە ڕەهەندەی ئاخری دنیای کردبوو.

ئیڤانی کارەکەری لە هەموو وێستگەیەکدا سەری دەدا تا بزانێ خانمەکەی هیچی پێویست نییە. ئیڤان کارەکەرێکی پیر بوو، زۆر دڵسۆز و گوێڕایەڵی خانمەکەی بوو، هەمیشە لە ئەمر و ڕای ئەودا بوو و ئامادە بوو هەر ئەمرێکی جێبەجێ بکات.

شەو داهات، قیتارەکە بەوپەڕی خێرایی دەڕۆیی، خاتوون نەیتوانی بخەوێ. زۆر نیگەران و پەشێو حاڵ بوو. لە ناکاوا هات بە سەریا، ئەو پارەیە بژمێرێ کە مێردەکەی لە دوا ساتا پێیدابوو. هەمووی پارەی زێڕی فەرەنسی بوو، جانتا چکۆلەکەی کردەوە، هەموو پارەکەی هەڵڕشتە کۆشی.

لە ناکاوا کزە بایەک دای لە ڕوخساری، پێی سەیر بوو، سەری هەڵبڕی، دەرگای فارگۆنەکەی کرابووەوە. کۆنتێسە حایرما، یەکسەر شاڵێکی دا بە سەر پارەکانی کۆشیا و چاوەڕوانی کرد. چەند چرکەیەک بووری، ئەوسا پیاوێکی سەرکۆت بەدیار کەوت، دەستی بریندار، هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، جلکی ئاهەنگی لەبەر بوو. دەرگاکەی داخست و دانیشت. بە دوو چاوی ڕەخشانەوە ڕوانییە کۆنتێسە، ئەوسا دەستەسڕێکی لە مەچەکییەوە، کە خوێنی لێ دەچۆڕا، پێچا.

خاتوونی گەنج هەستیکرد، ئازای لە ترسا هەرەس دێنێت. هەڵبەتە کابرا بینی کە پارەکانی دەژمارد، دیارە هاتبوو پارەکانی لێبدزێت و بیکوژێت.

هێشتا هەر چاوی بڕی بووە ڕوخساری خاتوون، هانکە هانکەکەی هێور نەبووەوە، ڕوخساری گرژ بوو، بێگومان ئامادە بوو پەلاماری خاتوون بدات. لە ناکاوا گوتی:- مەترسە خاتوونێ من!

خاتوون هیچی نەگوت، حەپەسا بوو، توانای نەبوو دەم هەڵبێنێ، گوێی لە لێدانی دەنگی دڵی خۆی بوو کە لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. کابرا لە سەری ڕۆیی:- من پیاو خراپ نیم خاتوونێ من!

کۆنتێسە هەر بێدەنگ بوو، بەڵام جووڵەیەکی لە ناکاوی بۆ کرد، ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین، پارە زێڕەکانی وەکو ئاو ڕژانە سەر کۆمبارەکە.

پیاوەکە، بە سەرسامی کەوتە تەمەشاکردنی ئەم جۆگەلە کانزاییە، لە ناکاوا دانەوییەوە و کەوتە کۆکردنەوەیان.

خاتوون، بە ترسەوە هەستا، هەموو سەروەتەکەی هەڵرژایە سەر ئەرزەکە و بلەز بەرەو دەرگای ڤارگۆنەکە ڕۆیی تا خۆی هەڵداتە خوارەوە. بەڵام کابرا زانی خاتوون بە تەمای چییە. پەلاماری دا، باوەشی کرد وبە خۆرتی دای نیشاندەوە، هەر دوو مەچەکی گرت وپێی گوت:- گوێ بگرە خاتوونی من. من پیاو خراپ نیم، شایەد بەو شایەدە من ئەم پارانە کۆ دەکەمەوە تا بیدەمەوە بە تۆ. بەڵام من پیاوێکی نائومێدم، ئەگەر یارمەتیم نەدەی لە سنوور دەرباز بم بێگومان دەمرم. ناشتوانم لەوە زیاتر هیچی ترت پێ بڵێم. دوای یەک سەعاتی دی، دەگەینە دوا وێستگەی ڕووسی. دوای یەک سەعات و بیست خولەکی دی لە سنووری ئیمپراتۆریەت ئاودیو دەبین، ئەگەر فریام نەکەوی و ڕزگارم نەکەی ئیدی تیا دەچم. وێڕای ئەوەش خاتوونێ من نە کەسم کوشتووە، نە دزیم کردووە، نە هیچ کارێکی نەنگین و نامەردانەم کردووە. سوێندت لە سەرم نییە، سوێندت بۆ دەخۆم و، ناتوانم لەوە زیاتر هیچی دیکەت پێ بڵێم.

کەوتە سەر ئەژنۆ وکەوتە کۆکردنەوەی پارەکان لە ژێر تەختەکاندا، کەوتە گەڕان بە دووی ئەو پارانەی کە بۆ دوور غل بووبوونەوە، کە جانتا چەرمەکە پڕ بووەوە لە پارە، بەبێدەنگی بە بێئەوەی تاقە وشەیەکی لە دەم دەربێ، ڕادەستی خاتوونی کردەوەو چوو لە سووچەکەی ئەوسەری فارگۆنەکە ڕۆنیشت.

هەردووکیان لە جووڵە کەوتن... خاتوون، لە ترسا زمانی لە گۆ کەوتبوو، هێزی لە بەر بڕابوو، هەرچەند وردە وردە خەریک بوو هێور دەبووەوە. بەڵام پیاوەکە هیچ جووڵەیەکی نەدەکرد، قیت لە جێگای خۆی دانیشتبوو

تەمەشای بەردەمی خۆی دەکرد، زەرد هەڵگەڕابوو، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. خاتوون، ناو بە ناو، نیگایەکی کوت و پڕی ئەوی دەکرد وبلەز چاوی لێدەگواستەوە. گەنجێک بوو تەمەنی نزیکەی سی ساڵێک دەبوو، قۆز، هەموو نیشانەیەکی خانەدانی پێوە بوو.

قیتارەکە، تاریکیەکەی تەی دەکرد، شووتە دوور و درێژەکەی دەکرد بە ناوجەرگەی شەوە ئەنگوستە چاوەکەدا و پەردەی تاریکیەکەی دەدڕی، هەندێجار خێراییەکەی هێواش دەکردوەو پاشان بە هەموو خێراییەکی خۆیەوە بۆی دەردەچوو. لە ناکاوا خێراییەکەی هێواش کردەوە، چەند شووتێکی لێدا، ئەوسا بە تەواوەتی وەستا.

ئیڤان، هاتە بەر دەرگا تا بزانێ خانمەکەی فەرمانی بە چییە.

کونتێسە دواجار لە هاوڕێ غەریبەکەی ڕاما، ئەوجا بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:- ئیڤان بگەڕێوە بۆ لای کۆنت ئیدی پێویستم بە تۆ نییە.

پیاوەکە لە سەرساميا چاوە درشتەکانی کردنەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:- بەڵام... خاتوونی من!

خاتوون لە سەری ڕۆیی:- نەخێر... لە گەڵما نایەت ڕەئیم گۆڕی. دەمەوێ لە ڕووسیا وەمێنی. ئەوەش پارە بۆ گەڕانەوەت. کوا کڵاوەکەت وپاڵتۆکەتم بدەیە.

کارەکەرەکە بە سەرسامی کڵاوەکەی داکەند وپاڵتۆکەی دایە. ئیدی فێر بوو هەمیشە وبەبێ قسە بە گوێی ئاغاکانی بکات، ئیدی لەگەڵ ئارەزوو و کەڵکەڵە و داوا کوت وپڕەکانی ئەواندا، کە گەڕانەوەیان بۆ نەبوو، ڕاهاتبوو.

ئیدی بە چاوێن تەڕی ڕوندکەوە ڕۆیی. قیتارەکە بەرەو سنوور کەوتە ڕێ. هەنگێ کونتێسە، بە پیاوەکەی هاوسێی گوت:- هانێ ئەم شتانە بۆ تۆ! تۆ ئیدی ئیڤانی خزمەتکاری منی، من تەنیا یەک مەرجم بۆ ئەم کارەی خۆم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز نەمدوێنی، نە بە تاقە وشەیەک سوپاسم بکەی و نە بە هیچ بیانوویەکی دیکە.

کابرای نەناس، بێئەوەی تاقە وشەیەک بدرکێنێ، کڕنۆشی بۆ برد. زۆری نەبرد کە قیتارەکە هەمدیس وەستا، چەند کارمەندێک بە جلکی فەرمییەوە سەرکەوتنە ناو قیتارەکە. کونتێسە ئەوراق وبەڵگەنامەکانی نیشاندان و ئاماژەی بۆ لای کابراکە کە لەو سەری فارگۆنەکە دانیشتبوو کرد وگوتی:- ئەمە گاردی ئیڤانە، ئەمەش پاسپۆرتەکەیەتی.

قیتارەکە کەوتەوە ڕێ. بە درێژایی شەوەکە بە بێدەنگی مانەوەو زاریان لە زاری یەکدی نەگەڕا.

کە ڕۆژ بووەوە قیتارەکە لە ویستگەیەکی ئەڵمانیدا ڕاوەستا، کابرای نەناس دابەزی، ئەوسا لە بەر پەنجەرەکە وەستا وبە کونتێسەی گوت:- ببورە خاتوونێ، کە بەڵێنەکەی خۆم نەبردە سەر. من کارەکەرەکەم لێکردیت، هەق وابوو جێگای ئەوت بۆ بگرمەوە. هیچت پێویست نییە؟ بە ساردی وەڵامی دایەوە:- برۆ کارەکەرەکەمم بۆ بنێرەوە!

ڕۆیی و ون بوو.

هەر جارێ خاتوون، خۆی بە ئیستراحەتگەیەکدا دەکرد، کابرای لە دوورەوە دەبینی کە سەیری ئەمی دەکرد... ئەنجام گەیینە شاری منتون.

دکتۆرەکە بۆ چرکەیەک بێدەنگ بوو، ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- ڕۆژێک کە لە عیادەکەی خۆما پێشوازی نەخۆشەکانم دەکرد، گەنجێکی باڵا بەرز خۆی بە ژوورا کرد وگوتی:- جەنابی دکتۆر، هاتووم بۆ هەواڵپرسی کونتێسە ماری بارانوڤا، هەرچەندە خاتوون من ناناسێت، بەڵام من هاوڕێی مێردەکەیم.

بەرسڤم دایەوە:- ئومێدی چاکبوونەوەی نییە و بۆ ڕووسیا ناگەڕێتەوە.

کابرا لە ناکاوا دەستی بە گریان کرد، ئەوسا هەستا بە لارە لار وەکو کەسێکی سەرخۆش وەدەرکەوت. ئێوارێ بە کونتێسەم گوت کە کابرایەکی نەناس لە ئەحواڵی دەپرسیت، خەم دایگرت، ئیدی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە کە من بۆتانم گێڕایەوەو وتیشی:- ئەم پیاوەی کە من نایناسم، وەکو سێبەرەکەم دووم کەوتووە و لێم نابێتەوە. هەرجارێ کە وەدەر دەکەوم، بە شێوەیەکی سەیر تەمەشام دەکات، قەتیش قسەی لەگەڵ نەکردووم.

کونتێسە کەمێک دەبیرەوە چوو وئەوسا گوتی:- گوێ بگرە... من گرێو دەکەم ئێستا لە بەر پەنجەرەکەما وەستاوە.

لە سەر تەختە درێژەکە هەستا، لە بەینی پەردەکانەوە کەوتە تەمەشا کرن، ئەو پیاوەی نیشاندام کە هاتبوو بۆ لام. لە سەر تەختێکی سەر ڕێگاکە ڕۆنیشتبوو، چاوانی بڕی بووە ئوتێلەکە. ئێمەی بینی، هەستا، بەبێئەوەی تاقە جارێک ئاوڕ بداتەوە لەوێندەر دوور کەوتەوە.

هەنگێ پەیم بە شتێکی سەیر وبە سوێ برد، ئەو ڤیانە بێدەنگەی نێوان ئەو دوو کەسەی کە یەکتریان نەدەناسی.

پیاوەکە، بە هەمان گوێڕایەڵی حەیوانێکەوە کە ئەم خاتوونە ڕزگاری کردبێ، حەیوانێکی بە وەفا، دڵسۆز تا مردن، ژنەی تاینی خۆش دەویست. هەموو ڕۆژێ دەهات بۆ لای من و دەیگوت:- دکتۆر حاڵی چۆنە؟

ئیدی زانی کە من پەیم بە نهێنی ئەم هەڵوێستەی بردووە، هەرکە خاتوونی دەبینی بە بەردەمیا دەڕۆیی، باریک و بنێس بووەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، دەگریا، بە کوڵ دەگریا. ژنەکەش بە منی دەگوت:- من تەنیا یەک جار قسەم دەگەڵ ئەم پیاوە نامۆیەدا کردووە، کە چی دەڵێی بیست دانە ساڵە دەیناسم.

هەرجارێ ڕێکەوتی یەکیان بکردایە، خاتوون بەدەم بزەیەکی جدی و ئەفسووناوییەوە سڵاوەکەی دەسەندەوە. هەستم دەکرد خاتوون دڵی خۆشە، ژنێک بوو تەنیا، دڵنیابوو کە مەرگ بەڕێوەیە و تەنگی پێهەڵچنیوە.

هەستم دەکرد خۆشحاڵە کە بەو هەموو ڕێزەوە، بەو جدیەتەوە، بەو ڕۆمانسیەتە زۆرەوە، بەو هەموو ئامادەگییەوە بۆ هەموو شتێک، خۆش دەویستری، کەچی وێڕای ئەوەش ڕێزی شکۆ و کیبریای خۆی دەگرت و قەبووڵی نەدەکرد پێشوازی کابرا بکات یان ناوی بزانێت، یان قسەی دەگەڵدا بکات، هەمیشە دەیگوت:- نا، نا، ئەوە ئەم دۆستایەتیە غەریبە دەشێوێنێت: دەبێ، هەر بەمجۆرە لە یەکدی نامۆ وغەریب بین!

بەڵام پیاوەکە لە بابەتی دۆنکیشۆت بوو، چونکە هیچی نەدەکرد تا لێی نزیک ببێتەوە. دەیویست تا کۆتایی بەو ئاوایە بمێنێتەوە، پابەند بێ بەو بەڵێنەوە کە لە فارگۆنی ڤیتارەکەدا بە خۆی دابوو، کە هەرگیز خاتوون نەدوێنێ.

زۆرجار کە خاتوون بێتاقەت دەبوو، لە سەر تەختە درێژەکە هەڵدەستا و دەچوو پەردەکانی لا دەدا تا بزانێ ئاخۆ لە خوارەوە لە بەر پەنجەرەکەیدا وەستاوە، کە دەیبینی لەوێ لە سەر تەختەکەی دانیشتووە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەگەڕایەوە، تا لە سەر جێگاکەی پاڵبکەوێ.

بەیانییەک، دەوروبەری سەعات دە کونتێسە گیانی سپارد. لەو کاتەدا کە لە ئوتێلەکە دەردەچووم، کابرا بەرەو پیرم هات، خەم وکۆڤان ڕوخساری گرژ کردبوو، بە هەواڵەکەی زانی بوو. پێی گوتم:- دەمەوێ بە حوزووری تۆ، لەبەردەم تۆدا بۆ یەک چرکە بیدینم.

دەستیم گرت و بردمە ژوورەوە. وەختایەک گەییە بەردەم جەنازەکە، دەستی گرت و نای بەدەمییەوە و ماچێکی دوور و درێژی کرد، ئەوسا وەکو پیاوێک کە ئەقڵی لەدەست دابێت، پێی وەغارێوە نا.

دکتۆرەکە دووبارە دەبیرەوە چوو، ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- هەڵبەتە ئەمەم، ئەم ڕیسکەی ناو قیتارەم یەجگار پێ سەیر بوو. تا ئێستا شتی لەوە غەریبترم نەبینی بوو. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدا بنەین کە پیاوان سەیرترین شێتن.

خانمێک لە بن لێوانەوە گوتی:- ئەم دوو خەڵقەندەیە ئەو شێتە نەبوون کە ئێوە وێنایان دەکەن... ئەم جووتە، ئەم دووانە...

بەڵام لەبەر کوڵی گریان نەیدەتوانی قسەکەی تەواو بکات... ئامادەبووان باری قسەکەیان گۆڕی تا هێور ببێتەوە، کەس نەیزانی بە تەما بوو چ بڵێت.

# سالوک

وێڕای کڵۆڵی وسەقەتیەکەی، ڕۆژگارێکی باشتری بە خۆوە بینی بوو. لە تەمەنی پازدەساڵیدا، لە سەر ڕێگای فارفیل عەرەبانە لێیدا. ئیدی لەوساوە کەوتە دەست پانکردنەوەو سواڵ، بە ڕێگاوبان و مەزراکانا، خۆی بکێش دەکرد، خۆی بە سەر هەر دوو دار شەقەکەیدا دەدا، هێندە خۆی دابوو بە سەر دارشەقەکانیا شانەکانی تا ئاستی گوێچکەکانی بەرز بووبوونەوە، سەری دەتگوت کەوتووەتە نێوان دوو شاخەوە.

ئەم کوڕە زۆڵ بوو، قەشەی شارۆچکەی بیبیت، شەوی پێش ڕۆژی مردووان ( ڕۆژی مردووان: دەکاتە ڕۆژی دووی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک، لەو ڕۆژەدا نوێژی ڕەحمەت بۆ گیانی هەموو مردووان بەرپا دەکرێ. کریستانان لەو ڕۆژەدا زیارەتی گۆڕی مردووەکانیان دەکەن. ڕۆژی قەدیسانیشی پێدەڵێن، وشەی توسان بە مانای هەموو قەدیسان دێت)، لە چاڵێکا دۆزی بوویەوە. لە بەر ئەوە ناویان نابوو (نیکولا توسان) ئیدی ئەم کوڕە بە خێر وسەدەقە گەورە بووبوو، نەخرابووە بەر خوێندن و هیچ خوێنەوارییەکی نەبوو، ئیدی تووشی ئەم نوقسانییە بووبوو، نانەوای شارۆچکەکە فێری خواردنەوەی کردبوو، ئیدی لەوە بە دواوە وێڵ وسەرگەردان، هەژار ونەبوو، بێ ئیش و کار دەسوڕایەوە، هیچ ئیشێکی نەدەزانی، بە دەرۆزە دەژیا.

جاران بارۆنە " ئاڤاری " لە لای خۆی شوێنێکی کولانە ئاسای دابویە کە تیایدا بخەوێ، شوێنی چی، پڕی بوو لە پوش و پەڵاش، لە مەزراکەی نزیکی کۆشکەکەی و لەلای کولانە مریشک و پەلەوەرەکانەوە بوو. ئیدی نان و شەرابەکەی، هەموو کاتێ، تەنانەت لە کاتی قات و قڕیش دا مسۆگەر بوو. زۆرجار خاتوونی پیر لە بانێژەکەیەوە یان لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، یەک دوو دراوی بۆ هەڵدەدایە خوارەوە. بەڵام ئێستا خاتوون، لە بەدبەختی ئەودا، نەمابوو، چووبووە بەر دلۆڤانی خودا.

خەڵکی گوندەکان بە دەگمەن شتێکیان دەدایە، هەرچەندە دەیانناسی، بەڵام لێی بێزار بووبوون، چل دانە ساڵ بوو، بەخۆی و هەر دوو دارشەقەکەیەوە، بە ناویانا دەسوڕایەوە، چڵکن وپڵکن، سەقەت ونوقسان وچل وبەرگ شڕۆڵە، لەم کوختەوە بۆ ئەو کوختە دەچوو. جگە لێرە هیچ شوێنێکی دیکەی پێنەدەزانی، بە بست لێرە دوور نەدەکەوتەوە. هەموو دنیا لای ئەو بریتی بوو لەو سێ چوار کوێرە دێیە، کە ژیانی پڕ کوێرەوەری خۆی تیا بەسەر بردبوو، ئیدی مەیدانی سواڵ و دەرۆزەکەی لەم دیار ودەڤەرە هێوەتر نەدەچوو.

نەیدەزانی کە ئاخۆ هیچ دنیا و ئاوەدانییەک لەو دیو ئەو دار و درەختانەوە کە بەرچاوی ئەویان گرتبوو، هەیە یان نییە. نەشی دەپرسی. ئیدی جووتیارەکان تەواو لێی بێزار بووبوون، کە لە دەوروبەری کێڵگە و مەزراکانیان یان ماڵەکانیان تووشی دەبوون، لێی تووڕە دەبوون، دەیان بۆڵاند بە سەریا:- باشە بۆ ناڕۆی بۆ گوندەکانی دی، بۆ ڕۆژ تا ئێوارێ بە تەقە تەقی ئەم دارشەقانەوە دەسوڕێیتەوە؟ هیچ وەڵامێکی نەدەدانەوە، بە ترسەوە، بە ترسێکی گۆنگەوە، ترس لە نادیار، ترس لە هەزار و یەک شت، دوور دەکەوتەوە، ترس لە ڕوخسارێن تازە، لە جنێو، لە نیگاێن گومان ئامێز، نیگای ئەو کەسانەی کە نەیاندەناسی، ترس لەو پۆلیسانەی کە دوو دوو بەسەر ڕێگاکاندا دەسوڕانەوە. ئەم ترسانە ناچاریان دەکرد خۆی بە نزیکترین دارستانا بکات، یان خۆی لە پەنای کەڵەکە بەردێکا وەشێرێت. وەختایەک لە دوورەوە بەدی دەکردن کە لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشانەوە، لە ناکاوا جووڵەیەکی ترس ئامێزی تێدەگەڕا تا خۆی بگەیەنێتە پەنایەک و خۆی لەوان بشارێتەوە، دار شەقەکانی بەر دەدا و وەکو پەڕۆ کۆنێک دەکەوت و وەکو تۆپ خۆی غل دەکردەوەو بە ڕادەیەک بچووک دەبووەوە کە

نەدەبینرا و بە جلکە شڕەکانی تێکەڵ بە خاک و خۆڵەکە دەبوو. وێڕای ئەوە قەت دەگەڵیاندا تێک نەگیرابوو، بەڵام ترس لە پۆلیس تێکەڵ بە خوێنی بووبوو، وەکو ئەوەی ئەو ترسە، لە کەس و کاریەوە، ئەو کەس وکارەی قەت نەیدیتبوون و نەیناسی بوون، بە میرات بۆ مابێتەوە.

هیچ شوێن و ماوایەکی نەبوو. نە کەپرێک نە کوخێک نە پەنایەک بیپارێزێت. هاوینان، لە هەر شوێنێک ڕێکەوتبا دەنووست. بەڵام زستانان خۆی بە کادێناندا دەکرد، تەنیا پشتی بە دەست و چنگەکانی دەبەست، ئیدی چوار پێنج دانە ڕۆژ لەوێندەر، بەبێ جووڵە دەکەوت، بەتایبەتی ئەگەر خواردن و ئازووقەیەکی هەبوایە.

لە نێو خەڵکیا وەکو حەیوانی دارستانان دەژیا، نە کەسی دەناسی و نە کەسی خۆشدەویست. جووتیارەکان خۆشیان نەدەویست، بگرە ڕقیان لێی بوو. ناویان نابوو (زەنگ) چونکە لە نێو هەر دوو دارشەقەکەیا لە نەوەساندا بوو، وەکو چۆن زەنگی کڵێسا بە دوو سنگەوە هەڵدەواسرێت.

دوو ڕۆژ بوو زەوادی نەخواردبوو. کەس هیچی نەدەدایە، هەموو لێی بێزار بووبوون. ژنانی بەر دەرگایان کە دەیان بینی لە دوورەوە دەهات، هاواریان دەکرد:- ئەرێ بۆ ناڕۆی لە کۆڵمان ببیتەوە؟ هەمووی سێ ڕۆژ نابێ کە نانم دایتێ!

لە سەر هەر دوو دار شەقەکەی دەسوڕایەوەو ڕووی دەکردە دەرگای ماڵێکی دیکە، کە بە هەمان شێوە پێشوازی دەکرا. ژنان، لە بەر دەرگایان بەیەکیان دەگوت:- ناتوانین ئەم تەمەڵباشیە، ساڵ دوازدەی مانگ بەخێو بکەین.

بەڵام خۆ ئەم تەمەڵباشیە بەبێ خواردن هەڵینەدەکرد، دەبوایە ڕۆژانە نان بخوات.

سانتیلیر، فارفیل، بییت گەڕا بێئەوەی پولێک یان گوێچکە نانێکی بدەنێ، هەموو ئومێدێکی هاتە سەر" تورنیل " ، بەڵام بۆ ئەوەی بگاتە ئەوێندەر دەبوایە نزیکەی چوار کیلۆمەتر ڕێگا ببڕێ، زۆر شەکەت بوو، زۆر زەحمەت بوو ئەو هەموو ڕێگایە ببڕێت، چونکە گەدەشی وەکو گیرفانی خاڵی بوو.

وێڕای ئەوەش، هەر ملی ڕێگای گرت.

ئەمە لە مانگی دیسامبەرا بوو، بایەکی ساردی دەهات، بە گڤ وهۆڕ خۆی بەنێو لق وپۆپی ڕووتی دارو درەختاندا دەکرد، هەوری ڕەش وتاری بە نزمیەوە، بە ئاسمانا دەڕۆیی، کەس نەیدەزانی کێوە دەچێت. کابرای شەلە، خۆی دابوو بە سەر هەر دوو دارشەقەکەیدا و هێدی هێدی دەڕۆیی، زۆر بە زەحمەت دارشەقەکانی دەگواستەوە، ناچار دەبوایە خۆی بەسەر لاقە سەقەتەکەیدا بدات، کە پێیە خوار و شێواوەکەی بە پارچە پەڕۆیەکی کۆن بەسترابوو. ناو بە ناو لە قەراخ ڕێگاکە دادەنیشت و بۆ چەند خولەکێک پشووی دەدا. برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، هێندەی دی دڵ و دەروونە شێواوەکەی تەنگ دەکرد. تەنیا بیری لەوە دەکردەوە شتێک بخوات. بەڵام نەیدەزانی چۆن خواردنی دەست بکەوێ، خواردن لە کوێ بێنێ. سێ دانە سەعات ڕێی کرد، کە دار ودرەختی گوندەکەی بەدی کرد، پێی هەڵگرت.

کە تووشی یەکەم جووتیار بوو، خێرا دەستی لێپانکردەوە. جووتیارەکە جوابی کرد وگوتی:- دیسان پەیدا بوویەوە، هەی بەدفەڕ! کەی لە دەست تۆ ڕزگار دەبین؟!

"زەنگ " ڕووی دەکردە هەر دەرگایەک، لێی تووڕە دەبوون و بێئەوەی کەس هیچی بداتێ دەریان دەکرد. وێڕای ئەوەش هەر کۆڵی نەدا، لە سەر گەڕی خۆی هەر بەردەوام بوو، تاقە پولێکی پەیدا نەکرد.

هەنگێ بە سەر کێڵگە و مەزراکاندا کەوتە گەڕان، باران ئەرزەکەی تەڕ کردبوو، قوڕ و حەڕی تا چۆکان دەهات، بە ڕادەیەک شەکەت بوو، کە نەیدەتوانی بە ئاسانی دار شەقەکانی بەرزبکاتەوە. ڕۆژەکەی، ڕۆژێکی ساردی خەمناک بوو، لەو ڕۆژانە بوو کە دڵ تیایدا دەگوشرێ، ئەقڵ لە حەوت کێوان ئاوا دەبێ، دڵ و دەروون دەهاڕوژێ، تاریکی ڕوح دادەگرێت، دەستی بەخشندەیی وکەرەم دادەخرێ، لەو ڕۆژەدا لە هەر شوێنێک نزیک دەبووەوە دەریان دەکرد.

دوای ئەوەی بێهودە لە دەرگای هەموو ئەو ماڵانەی دا کە دەیناسین، ڕۆیی، لە سووچی چاڵێکی بەرماڵی وەستا " شیکیە " دا خۆی دا بە عارديدا. هەر دوو دارشەقەکەی لە خۆ دوور خستەوە، تا وا بنوێنێ داخزیوە وکەوتووە. ماوەیەکی زۆر بە بێجووڵە لەوێندەر مایەوە، لە برسانا گەدەی هەڵدەگوشی، برسیەتی بە ڕادەیە گێژو وێژی کردبوو کە هەستی بەم کوێرەوەرییە هەمیشەییەکەی خۆی نەدەکرد.

ئیدی چاوەڕوانی نادیاری دەکرد، ئەو چاوەڕوانییە گۆنگەی کە لە هەر ئینسانێکدا هەیە، لە سووچی ئەو حەوشەیەدا، بەو تۆف و بایە ساردە چاوەڕوانی ئەو یارمەتیە پەنهانەی دەکرد کە بە تەما بوو لە ئاسمانەوە یان لە بەشەرەوە بێت، بەبێئەوەی لە خۆی بپرسێت چۆن؟ بۆ؟ لە کێیەوە بۆی بێت؟ پۆلێ مریشکی ڕەش بە لایا ڕەت بوو، لە دانەوێڵەیەک دەگەڕا کە لەسەر ئەرزەکە بیچنێتەوە، ئەو ئەرزەی سەرچاوەی خۆراکی هەموو بوونەوەرانە. ناو بە ناو بە دەندووکان دانەوێڵەیەک یان مێروویەکی چکۆلەیان لە ئەرزەکە هەڵدەگرتەوە و ئەوسا بە متمانەوە لە سەر گەڕانی خۆ بەردەوام دەبوون.

"زەنگ " بە بێئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە تەمەشای دەکردن، ئەوسا بیرۆکەیەک بە گەدەیدا نەک بە مێشکیا هات، لە ڕاستیا زیاتر هەست بوو تا بیرۆکە، ئەو هەستەی کە ئێستا یەکێک لەو مریشکانە سەر نەبڕێ و بە داری وشک ئاگری بۆ نەکەیەوەو بیبرژێنی، ئاخۆ چەند خۆش و بە لەزەت بێ.

بیری لەوە نەکردەوە کە ئەمە دزییە، بەردێکی نزیکی خۆی هەڵگرت... سرەواندییە مریشکەکان، چونکە دەستی ڕاست بوو، یەکسەر نزیکترین مریشکی کوشت. مریشکەکە بەلادا کەوت و کەوتە لەقەفرتێ، ئەوانی دی بە لاقی باریک و بە خنەخن هەڵاتن. " زەنگ " دووبارە خۆی دا بە سەر هەردوو دارشەقەکەیدا و ڕۆیی تا نێچیرەکەی هەڵگرێ. وەختایەک خەریک بوو لە مریشکە ڕەشەکە، کە سەری خەڵتانی خوێن بوو، نزیک دەبووەوە، هەستیکرد لە پشتەوە پاڵێکی توندی پێوەنرا، دارشەقەکان لە دەستی پەڕین و بە خۆی کەوت و چەند مەترێک بە ئەرزەکەدا غل بووەوە. وەستا " شیکیە " دزەکەی گرت. زۆر تووڕە بوو، بە مست تێی بەربوو، شێتانە بە مست و بە شاپان بەربووە ئەو کابرا نوقسانەی کە نەیدەتوانی بەرگری لە خۆی بکات، بگرە کوێت دێشێت.

ئیدی وەرزێرەکانیش هاتن، ئەوانیش گوێ بە گوێی ئاغایان کەوتنە تێهەڵدانی ئەو سالوک وگەدا داماوە. کە لە لێدانی ماندوو بوون، هەڵیان گرت و خستیانە عەماری ئێزینگەکەوە، لەوێ حەپسیان کرد و چوون پۆلیسی بۆ بێنن.

"زەنگ " بە نیوە مردووی، لە ئەرزەکەدا کەوت، خوێنی لەبەر دەڕۆیی، لە برسا گەدەی هەڵدەقرچا، ئێوارە هات، بوو بە شەو، ڕۆژ بووەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە تامی زەوادی نەکرد.

دەوروبەری نیوەڕۆ، پۆلیس گەشتنە جێ، بە پارێزەوە دەرگایان کردەوە، وایان وێنا دەکرد ڕووبەڕووی بەرەڤانی دەبنەوە، چونکە وەستا " شیکیە " گوتبووی کابرای سەرگەردان پەلاماری داوە و بە خۆرتی خۆی لە دەستی ڕزگار کردووە.

عەریفەکە تێی دەخوڕێ:- هەستە سەر پێیان!

بەڵام "زەنگ " نەیدەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ. هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە دارشەقەکانی، ، لێ نەیتوانی، وایاندەزانی بە درۆوە وادەکات، یان فێڵێکی لە ژێر سەردایە، یان نیازێکی خراپی هەیە، دوو پۆلیسی چەکدار بە توندی گرتیان و بە تۆپزی هەڵیانساندە سەر پێیان و دارشەقەکانیان دایە دەستی.

ئیدی ترس بە سەریا زاڵ بوو، ترسی خۆبەخۆ لە نیتاقزەردان. هەمان ترسی نێچیر لە نێچیرڤان، هەمان ترسی مشکان لە پشیکان.

بە زەحمەتێکی زۆر، بە هەوڵێکی زیاتر لە توانای بەشەر توانی بە پێوە بوەستێت. عەریفەکە گوتی:- ڕێکە!

ئیدی ڕۆیی، هەموو خەڵکی مەزراکە بە چاوی خۆیان دیتیان کە کەوتە ڕێ. ژنەکان کوڵە مستیان لێ ڕادەوەشاند، پیاوەکان گاڵتەیان پێدەکرد و جنێویان دەدایە:- باش بوو بردیان و لە کۆڵمان بووەوە!

دوو پاسەوان ئەم لا و ئەولایان گرت، هەرچی هێزی تیا بوو دایە خۆی و بە زەحمەت توانی تا ئێوارێ خۆی بکێش بکات. تیا مابوو، نەیدەزانی چی لێدەکەن، هێندە ترسابوو ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی.

ئەو خەڵکانەی لە ڕێگا تووشیان دەبوون، دەوەستان و تەمەشایان دەکرد، لە بن لێوانەوە دەیانگوت:- دیارە دزە! لە سەر دزی گیراوە!.

شەوێ گەیینە، ناوەندی پارێزگا. "زەنگ" قەت بۆ ئەم دیار ودەڤەرە نەهاتبوو، یەکەمجاری بوو کە ئێرەی دەبینی، نەیدەزانی چی بەسەر دێت. ئەم شتە ترسناکانە، ئەم سەر و سیمایانە، ئەم خانووە تازانە، هەر هەمووی مایەی ترس بوون.

ورتەی لێوە نەهات، هیچی پێنەبوو بیڵێت، چونکە هیچ حاڵی نەدەبوو. ئەمە جگە لەوەی ساڵانێکی زۆر بوو زاری لە زاری هیچ کەس نەگەڕابوو، تەقریبەن قسەکردنی لە بیر چووبووەوە، بیر وهزری لەوە شێواوتر بوو کە بە وشە بێتە دەربڕین.

لە زندانی شارا حەپس کرا، پۆلیسەکان بیریان لەوە نەکردەوە کە ڕەنگە برسی بێ و پێویستی بە خواردن بێ، ئیدی فەرامۆشیان کرد وتا سبەی بەیانی نەچوون بەلایەوە.

بەڵام کە بەیانی زوو چوون بە سۆراغیەوە، تا پرس و جۆی لەگەڵدا بکەن، کە دیتیان لە ئەرزەکەدا کەوتووە و حەیاتی لەبەر براوە. حەپەسان!

## شەفاعەتکار

هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ئەم بەخت و شانسەی بۆ بێتە پێش! جان ماران کوڕی مەحزەردارێکی دێهاتی بوو. هاتبوو بۆ گەڕەکی لاتینی تا وەکو هەر قوتابیەکی دی قانون بخوێنێ. زۆرجار هاتوچۆی باڕ و مەیخانەکانی دەکرد، ناسیاوی دەگەڵ کۆمەڵێک لەو قوتابیە هەڵوەڕانە پەیدا کرد کە بەدەم بیرە خواردنەوە، گەنگەشەی سیاسیان دەکرد، ئیدی زۆر دڵبەندیان بوو، وای لێهات لەم باڕەوە بۆ ئەو باڕ دوویان دەکەوت و تاقیبی دەکردن و خۆ ئەگەر پارەی هەبوایە، پارەی خواردنەکەشی بۆ دەدان.

پاشان دەستی بە کاری پارێزەری کرد، بەڵام پارێزەرێکی ناکام، هەمیشە دۆڕاو بوو. بەیانییەک لە ڕێگای ڕۆژنامانەوە زانی کە یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی تاخی لاتینی، بووە بە نوێنەر.

سەر لە نوێ بووەوە بە سەگە وەفادارەکەی ئەو، بووەوە بەو هاوڕێیەی کە ئامادەی هەموو کار وئەرکێکی قورس بوو، هەر کارێکت پێی بوایە لە خزمەتا بوو، بە هەرحاڵ یارۆی نوێنەر لە ئەنجامی ڕیسکێکی پەرلەمانیا بوو بە وەزیر، دوای شەش هەیڤان جان ماران لە ئەنجوومەنی حکومەتا بوو بە ڕاوێژکار.

لە هەوەڵەوە غروورێکی ئەوتۆ گرتی کە خەریک بوو ئەقڵی لەدەست بدات، ئیدی بە ڕێگاکاندا دەسوڕایەوە، تا لەبەردەم خەڵکیدا خۆی بنوێنێت، بەو خەیاڵەی هەرکە بیدینن، یەکسەر دەزانن ڕاوێژکارە. بە خۆیشی هیچ دەرفەتێکی لە دەست نەدەدا تا خۆی بنوێنێ و بناسێنێ، کە دەچووە هەر دووکانێکەوە، هەر ڕۆژنامەڤانێکی دیتبا، تەنانەت لە گەڵ هەر عەرەبانچییەکدا سوار بایە، خێرا بیانوویەکی دەدۆزییەوەو دەیگوت:- من وەکو ڕاوێژکارێک لە ئەنجوومەنی حکومەتا...

پاشان هەستیکرد، پێویستی بەوەیە گوایە لە ڕووی بەخشندەیی و لە ڕووی بەرزی پۆستەکەیەوەو وەک پیاوێکی بەخشندە و دڵاوای دەسەڵاتدار، چاوێکی لە خەڵکیەوە بێ. ئیدی لە هەر بۆنەیەکا و بەوپەڕی متمانەوە، عەرزی یارمەتی خۆی بۆ خەڵکی دەکرد.

لە ڕێگا و بانا هەر ناسیاوێکی دیتبا، بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیری دەچوو، تەوقەی دەگەڵ دەکرد، ئەحواڵی دەپرسی، ئەوسا بێئەوەی چاوەڕوان بکات کە کابرا پرسیاری لێبکات، دەیگوت:- بەخۆت دەزانی من ڕاوێژکارم لە ئەنجوومەنی حکومەت، هەر کارێکت هەبوو، من لە خزمەتتدام، ئەگەر کارێکت هەبوو، شەرم مەکە، پەیوەندیم پێوە بکە، کەسێک پۆستێکی وەکو منی هەبێت، دەستی دەڕوات...

ئیدی بەو مەبەستە دەگەڵ ناسیاوەکەیا خۆی بە قاوەخانەیەکدا دەکرد، داوای قەڵەم و مەرەکەب و کاغەزی دەکرد و دەیگوت:- ئادەی گارسۆن کاغەزێکمان بۆ بێنە، با نامەیەکی ڕاسپێری لە سەر بنووسێ!

ئیدی هەموو ڕۆژێ دە، بیست، پەنجا نامەی ڕاسپێری دەنووسی. ئەم نامانەی لە قاوەخانەی ئەمریکی و لە بینیو و لەلای نورتونی و لە میزون دوریە و لە نابولیتان و لە هەموو شوێنێک دەنووسی. ئەم نامانەی بۆ هەموو کارمەندەکانی کۆمار، بۆ قازیان و تەنانەت بۆ وەزیرەکانیش دەنووسی. دیارە زۆریش دڵی بەم کارە خۆشبوو.

بەیانییەک لە ماڵ وەدەرکەوت تا بڕوات بۆ ئەنجوومەنی حکومەت، باران دەباری، ویستی گالیسکە بەکرێ بگرێت، بەڵام نەیگرت، بە پێیان بە ناو کوچە وکۆڵانەکان کەوت. بارانەکە توندی کرد، ئاو لە سەر جادە و شۆستەکان هەستا. ماران، ناچار بوو پەنا بەرێتە ژێر چەرداخی سەر دەرگایەک. قەشەیەکی پیری پۆڕ سپی

لەوێندەر وەستابوو. جەنابی ماران، بەرلەوەی ببێت بە ڕاوێژکاری حکومەت، حەزی لە چارەی پیاوانی ئاینی نەدەکرد. بەڵام لەوەتای یەکێک لە کاردیناڵەکان زۆر بە ڕێزەوە داوای شیرەتی، سەبارەت بە کێشەیەکی ئاڵۆز، لێکردبوو، ڕێزی لێدەگرتن. بارانەکە توندتر بوو، ناچار بوون بچن بۆ ژووری دەرگاوانەکە تا جلەکانیان قوڕاوی نەبن. جەنابی ماران خوا خوای دەرفەتێکی بوو تا خۆی بناسێنێ و خۆی بنوێنێت، گوتی:- جەوێکی زۆر ناخۆشە جەنابی قەشە.

قەشەی پیر، سەری دانەواند وگوتی:- بەلێ قوربان، بە ڕاستی ناخۆشە، بە تایبەتی بۆ کەسێک کە بۆ چەند ڕۆژێک بۆ پاریس هاتبێت.

- ئەها، یانی جەنابت لە لادێوە هاتووی؟
- بەڵێ قوربان، بە ڕێبواری هاتووم.
- بەڕاستی ئەم بارانە بۆ کەسێک کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بۆ پایتەخت هاتبێ، زۆر ناخۆشە. بەڵام بۆ ئێمە، فەرمانبەرانی دەوڵەت، کە ئاکنجی شارین، ئەم با وبارانەمان زۆر بەلاوە گرینگ نییە، ئەوەندە گوێی نادەینێ.

قەشەکە هیچی نەگوت. تەمەشای شەقامەکەی دەکرد، بارانەکە وردە وردە هێواش دەبووەوە. لە ناکاوا قەراری خۆی دا، پاڵدمی جبەکەی هەڵکرد، وەکو چۆن ژنان داوێنی تەنوورەکانیان هەڵدەکەن تا لە جۆگە وزێرابان بپەڕنەوە.

وەختایەک مسیو ماران سەیری کرد یارۆی قەشە دەڕوات گوتی:- قوربان، جلەکانت تەڕدەبن، کەمێک چاوەڕوان بکە، ئێستا بارانەکە خۆش دەکاتەوە.

کابرا، بە سەرسامی وەستا، ئەوسا گوتی:- ئاخر پەلەمە، مەوعیدێکی گرینگم هەیە.

مسیو ماران، ئەوەی بەدڵ نەبوو:- ئاخر تەڕ دەبی. بۆم هەیە بزانم بۆ چ گەڕەکێک دەڕۆیی؟

قەشەکە، دوای کەمێک دوو دڵی گوتی:- بەرەو بور رویال دەڕۆم.

- کەواتە، ئەگەر ڕازی بی لە ژێر سەیوانەکەی خۆما جێگات دەکەمەوە. من بۆ ئەنجوومەنی حکومەت دەڕۆم، من لەوێ ڕاوێژکارم.

یارۆی قەشە، سەری هەڵبڕی وتەمەشای مارانی کرد وگوتی:- زۆر سوپاست دەکەم قوربان، بە خۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەت قەبووڵ دەکەم.

هەنگێ مسیو ماران، قۆڵی گرت و کەوتە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری کردنی:- ئاگاداری ئەم زێرابە بە جەنابی قەشە، ئاگات لە تەگەری گالیسکان بێ، هەندێجار قوڕاوی دنیات پێدا هەڵدەپژێنن، سەراپات لە چڵپاو هەڵدەکێشن. ئاگاداری چەتری ئەوانە بە کە بەلاتا تێدەپەڕن، تەلەکانیان بۆ چاو زۆر خەتەرە ها، بەتایبەتی هی ژنانی گەوج، گوێیان لە هیچ نییە، جاری وا هەیە، قەراخی چەترەکانیان ڕێک بە ناوەڕاستی دەم و چاوتا دەکێشن و هەر ئاوڕیشت لێنادەنەوە، دەڵێی شارەکە موڵکی ئەوانە. ئیدی ناز بەسەر هەموو جادە وڕێگاکاندا دەکەن، بەڕای من نان دراون، تەربیەت نەدراون...

هەنگێ مسیو ماران دەستی بە پێکەنین کرد.

کابرای قەشە هیچی نەدەگوت، بە ئاستەم پشتی دانەواندبووەوەو ڕێی دەکرد، زۆر بە وردی وبە دیقەت هەنگاوی دەنا تا پێڵاوەکانی یان جبەکەی قوڕاوی نەبن.

مسیو ماران لە سەری ڕۆیی:- دیارە بۆیە بۆ پاریس هاتووی تا بای باڵێک بدەیت.

قەشەکە بەرسڤی دایەوە:- نەخێر، بەکار هاتووم.

- ئەها! کارەکەت گرینگە؟ دەتوانم بپرسم کارەکەت چییە؟ تا ئەگەر بتوانم یارمەتیەکت بدەم، لە خزمەتتدا بم.

قەشەکە حایرما، لەبن لێوانەوە کەوتە مینگە مینگ.

مسیو ماران هەڵیدایە وگوتی:- بێگومان، ئەنجوومەنی وەزیران بەو کارانە ڕادەگات، لەو حاڵەدا وەرە لای خۆم.

- بەڵێ ئەزبەنی، منیش بۆ ئەنجوومەنی دەچم، کارەکەم لەوێندەرە. بە ڕاستی تۆ پیاوێکی باشیت... دەبێ مسیو لیرییر و مسیو سافون ببینم، لەوانەیە مسیو " بتی با " ش ببینم.

مسیو ماران ڕاوەستا:- خۆ ئەوانە هەموو برادەرمن جەنابی قەشە، برادەری ئازیز، باشترین برادەرمن. خەڵکانێکی تا حەزکەی باشن. خەمت نەبێ، ڕایان دەسپێرم چاویان تێتەوە بێ، خەمت نەبێ، لە منی وەربگرە.

یارۆی قەشە کەوتە تەوازی هێنانەوەو دەربڕینی منەتباری.

مسیو ماران زۆر خۆشحاڵ بوو.

- ئەها، دەتوانی خۆت بە بەختەوەر بزانی جەنابی قەشە، وەک دەڵێن ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە... دەبینی کارەکەت بە سایەی منەوە زۆر بەباشی ڕایی دەبێت.

گەیشتنە ئەنجوومەنی وەزیران، مسیو ماران، کابرای قەشەی سەرخست بۆ ئۆفیسەکەی خۆی، کورسییەکی بۆ دانا، لە نزیکی سۆپاکەوە داینیشاند، ئەوسا خۆی لە پشت مێزەکەوە ڕۆنیشت و دەستی بە نووسین کرد.

" هاوڕێی ئازیزم، تکایە پیاوێکی ئاینی بە ویقارت بۆلا دەنێرم، پیاوێکی زۆر باش و شایستە بە هەموو شتێکە، ئەویش قەشە...

مسیو ماران لە نووسینەکە وەستا و پرسی:- بێزەحمەت ناوت چییە؟

- قەشە سانتیر.

مسیو ماران، گەڕایەوە سەر نووسینەکە:- جەنابی قەشە سانتیر لە بابەتێکی زۆر بچووکدا، کە بەخۆی بۆتی باس دەکات، پێویستی بە یارمەتی تۆیە.

بەم بۆنەیەوە زۆرت لێ مەمنوون دەبم.

ئیدی بە سڵاو وئەحواڵپرسی ئاسایی کۆتایی بە نامەکەی هێنا.

که له نووسینی هەر سێ نامەکە بووەوە، دانیە دەستی کابرای قەشە، ئەویش پاش ئەوەی منەتباری و پێزانی خۆی بۆ دەربڕی، ڕۆیی.

مسیو ماران دوای دەوام بۆ ماڵ زڤڕییەوە، ڕۆژەکەی بە ئارامی بەسەر برد، بە کەماڵی ئارامی نووست، بە خۆشحاڵییەوە لە خەو ڕابوو، ناردی ڕۆژنامەی بۆ بێت. یەکەم ڕۆژنامەی، کە ڕۆژنامەیەکی ڕادیکاڵی بوو، کردەوە... ئەم دەقەی تیا خوێندەوە: " پیاوانی ئاینی و فەرمانبەرەکانمان " !

" خراپەی پیاوانی ئاینی لە ژمارە نایەت و هەرگیز کۆتایی نایەت، قەشەیەک هەیە بەنێوی سانتیر، بە تەواوەتی لە سەری ساغ بووەتەوە کە دژی ئەم حکومەتەی ئێستایە و زۆر تۆمەتی کارێن نامەردانەی لە سەرە کە ناتوانین ئاماژەیان بکەینێ، گومانی ئەوەی لێدەکرێ کە کۆنە یەسوعییەک بووبێ و پاشان بووە بە قەشەیەکی ئاسایی، مەترانەکەی لە بەر هەندێک هۆ کە لێرەدا نایەتە وتن تڕۆی کردووە، ئیدی بۆ لێپێچینەوە بۆ پاریس بانگ کراوە، تا هۆی ئەو ڕەفتارانەی ڕوون بکاتەوە. ئیدی ئەم کابرایە، شەفاعەتکارێکی تەواو عەیاری بەناوی ماران دۆزیوەتەوە کە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، ئەم پیاوە هیچ سڵی نەکردووەتەوەو چەندین نامەی ڕاسپێری سەبارەت بەم کابرا خراپە، کە خۆی لە ژێر جبەی قەشایەتیدا شاردۆتەوە، بۆ هەموو هاوڕێ فەرمانبەرە کۆماریخوازەکانی خۆی نووسیوە... جا ئێمە سەرنجی وەزیر بۆ ئەو ڕەفتارە ڕادەکێشین کە ئەم ڕاوێژکارەی ئەنجوومەنی وەزیران، نواندوویەتی. " !

مسیو ماران یەکسەر هەستا و بەپەلە خۆی گۆڕی، بلەز چوو بۆ لای " بتی با " ی هاوڕێی، کە پێی گوت:- باشە تۆ شێتی کە بۆ ئەم پیرەمێرە پیلانگێڕە، ڕووم لێدەنەی و تەکلیفم لێدەکەی!

مسیو ماران، زمانی تێک ئالا و بە پچڕپچڕی گوتی:- بەڵام... نا... تۆ پێت وانییە، بە ڕواڵەتی خەڵەتام، لە پیاوێکی باش دەچوو، دەستی بریم، پێی ڕابواردم، تکات لێدەکەم... پێیان بڵێ با حوکمێکی قورسی بدەن... دەنووسم... پێم بێژە بۆ کێ بنووسم، کە مەحکومی بکەن... دەڕۆم و نوێنەری گشتی دەبینم، مەترانی پاریس، بەڵێ مەترانی پاریس، بەڵکو سەرۆکی مەتەرانان دەبینم!

یەکسەر لە پشت مێزەکەی " بتی با " دانیشت و دەستی بە نووسین کرد:

ئەزبەنی، بە شانازییەوە جەنابتان ئاگادار دەکەم، کە من قوربانی دەسیسە و درۆی قەشەیەکم بەناوی سانتیر، کە دڵپاکی منی بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆزتەوە، ئەم قەشەیە بە زمانی لووس تەفرەی دام وکارێکی کرد کە من...

دوای ئەوەی نامەکەی ئیمزا کرد و لە زەرفی ناو مۆری کرد، ئاوڕی لای هاوڕێکەی دایەوەو گوتی:- خۆ بەچاوی خۆت بینیت هاوڕێی ئازیز، چاکەی سەربەخۆ سەری ساحێبی... ئەمە بکە بە عیبرەت و هەرگیز شەفاعەت بۆ کەس مەکە.

## مارەیی

کەس زەماوەندی لبرومان و خاتوو جان کوردییەی بەلاوە سەیر نەبوو. مامۆستا لبرومان تازە مەکتەبی عەقاراتەکەی مامۆستا " بابیون " ی کڕی بوو. پێویستی بە پارە بوو، تا هەقەکەی بداتێ. خاتوو کوردییە، سێ هەزار فرانکی کاشی هەبوو لە گەڵ کۆمەڵێک قەواڵە و کۆمپیاڵەدا...

مامۆستا لبرومان، گەنجێکی جوان وشیک بوو، شیکێکی دێهاتیانە، بەهەرحاڵ شیکێکی جوان بوو، کە ئەمە لە شارۆچکەی بوتنی – لوریبور دەگمەن بوو.

بەڵام خاتوو کوردییە، کیژێکی بەژن زراڤی ڕەنگ و ڕوو گەش و ناسک بوو، هەرچەندە زۆر بە خۆڕا نەدەگەیی، بەڵام بە گشتی کیژێکی جوان ولەبەر دڵان و دڵپەسەند بوو. ئیدی ئاهەنگ و بەزمی زەماوەندەکە شارۆچکەی بوتنی هێنایە جۆش وخرۆش.

خەڵکەکە بووک و زاوایان زۆر بەدڵ بوو، ئیدی لە ماڵی تازەدا دوور لە چاوی خەڵکی خەڵوەتیان گرت، پاشان دوای ڕۆژانی خەڵوەتگیری، بڕیاریاندا سەفەرێکی کورت بۆ پاریس بکەن.

هەڵبەتە ئەم ماوەی خەڵوەتگیرییەیان بەڕاستی خۆشبوو، مامۆستا لبرومان دەیزانی چۆن و بە چ نەرم و نیانی و ئەتەکێتێکەوە مدارای ژنەکەی دەکات. دروشم و پرەنسیپی ئەمە بوو:- ئەوەی سەبر بکا زەرەر ناکات، دەیزانی چۆن سەبر و ئیرادە ئاوێتە دەکات. بۆیە زۆر زوو سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێنا.

هەمووی چوار ڕۆژی پێنەچوو، کە مەدام لبرومان، وای لێهات مێردەکەی دەپەرست، بەبێ ئەو هەڵینەدەکرد، دەبوایە بە درێژایی ڕۆژ بەلای ئەمەوە بێ، نەوازشی دەکرد، ماچی دەکرد، دەستی لە ملی دەکرد، دەستی بەسەر دەستەکانیا، بە سەر ڕدێنیا، بەسەر کەپوویدا دێنا. لە باوەشیا دادەنیشت، گوێچکەکانی دەگرت و دەیگوت:- کوا دەمت بکەوەو چاوت بنوقێنە!

لبرومان بە متمانەوە دەمی دەکردەوەو، چاوی دەنوقاندن، هەنگێ مەدام لبرومان، ماچێکی بەلەزەت، ناسک، زۆر درێژی دەکرد، تەزوویەکی خۆشی بە پشتی مێردەکەیدا دەهات، ئیدی لبرومان لە بەیانیەوە تا شەوێ، لە شەوێوە تا بەیانی، بەدیار ژنەکەیەوە دەمایەوە.

کە هەفتەی یەکەم بووری، بە ژنە گەنجەکەی گوت:- ئەگەر حەزدەکەی، ڕۆژی سێ شەممەی داهاتوو دەچین بۆ پاریس، ئیدی بە ئارەزووی خۆمان، وەکو دوو عاشق، نەک ژن ومێرد ڕادەبوێرین. دەچینە خوارنگە و شانۆیان و کاباریە و بۆ هەموو شوێنێ دەڕۆین.

مەدام لبرومان، ، خەریک بوو لە کەیفان باڵ بگرێ:- بەڵێ! بەڵێ! با تا زووە بڕۆین بۆ ئەوێندەر.

لبرومان، لە سەری ڕۆیی:- نابێ هیچ شتێک لە بیربکەین، بە باوکت بڵێ مارەییەکە ئامادە بکات، لە گەڵ خۆماندا دەیبەین، یەکجاری پارەی مەکتەبەکەش دەدەم بە بابیون.

مەدام لبرومان گوتی:- سبەی بەیانی پێی دەڵێم.

باوەشی بە ژنەکەیدا کرد و دەستی بە نەوازشی کرد... لە شەممەی داهاتوودا، باوک و دایکی چوون بۆ وێستگە تا کچەکە و زاواکەیان کە سەفەری پایتەختیان دەکرد، بەڕێبکەن.

بابە گوتی:- بە ڕاستی ماقووڵ نییە ئەم هەموو پارەیە بخەیتە جانتاکەتەوە.

لبرومان، بزەیەکی بۆ کرد وگوتی:- خەمت نەبێ مامە، لەم کارانەم زۆر کردووە، بە خۆت دەزانی، جاری وا هەیە بە حوکمی ئیشەکەم، نزیکەی یەک ملیۆن فرانک لە گەڵ خۆدا هەڵدەگرم، ئیدی بەمە کارەکانمان زوو ڕایی دەکەین، هیچ خەمت نەبێ.

فەرمانبەری وێستگەکە هاواری کرد:- نەفەری پاریس سەرکەون، قیتارەکە دەردەچێت.

ژن و مێرد خۆیان بە فارگۆنکیا کرد کە دوو پیرەژنی تیا بوو.

لبرومان، دەمی لە پەنا گوێی ژنەکەی نا و بە ئەسپایی گوتی:- زۆر ناخۆشە، ناتوانم جگەرە بکێشم.

مەدام لبرومان، زۆر بە ئەسپایی گوتی:- منیش ناڕەحەتم، بەڵام نەک لەبەر جگەرەکەی تۆ.

قیتارەکە لە ئاژیری دا وکەوتەڕێ، سەفەرەکە یەک سەعاتی خایاند، لە زەرفی ئەم سەعاتەدا، تاقە قسەیەکیان پێکەوە نەکرد، چونکە جووتە پیرەژن، بۆ نیو نەختیش نەڕازان. کە گەیشتنە وێستگەی لازار، لبرومان بە ژنەکەی گوت:- گیانەکەم، ئەگەر حەزدەکەی دەچین بۆ شەقامی سەرەکی، لە خواردنگەیەکدا نان دەخۆین وپاشان دێینەوە، جانتاکانمان هەڵدەگرین و دەچین بۆ ئۆتێل.

مەدام یەکسەر قاییل بوو:- ئەها! دەی با بڕۆین، نانێ بخۆین، خوارنگەکە لێرەوە دوورە؟

لبرومان گوتی:- زۆر دوور نییە. کێشە نییە، بە عارەبانەی ئەمنیبوس دەڕۆین.

مەدام واقی وڕما:- ئەدی بۆ بە عارەبانەی تایبەتی نەڕۆین!

لبرومان، بزەیەکی گلەیی ئامێزی بە ڕوویا دا و گوتی:- ئەمە ماڵدارییەکەتە؟ عارەبانەی تایبەتی بۆ پێنج دەقیقە ڕێ، دەبی بۆ هەر دەقیقەیەک سی سانتیم بدەیت. ئەها، تۆ ناتەوێ بێ دڵی خۆت بکەیت.

مەدام لبرومان بە تەریقیەوە گوتی:- ڕاست دەکەی، هەق بە تۆیە!

لەم کاتەدا عارەبانەیەکی ئەمنیبوسی گەورەی سێ ئەسپە هات، لبرومان هاواری کرد:- ئەهای عارەبانچی! عارەبانچی!

عارەبانە قورسەکە وەستا، لبرومان بەپەلە ژنەکەی سەرخست وگوتی:- تۆ لە ژوورەوە سوار بە، من دەچمە سەرەوە، تا بەر لە نانخواردن جگەرەیەک بکێشم.

ژنەی تاین فریا نەکەوت هیچ بڵێت، عارەبانچییەکە دەستی گرت و خستیە ناو عارەبانەکەوە، بە ترس و نیگەرانییەوە خۆی دا بە سەر کورسییەکی بچووکا، بە سەرسامی لە شووشەی پەنجەرەکەی دواوە تەمەشای لاقی مێردەکەی کرد کە بۆ سەرەوەی عارەبانەکە سەردەکەوت.

لە شوێنی خۆی دانیشت، کەپس بوو، نەیدەتوانی بجووڵێت، کەوتبووە بەینی پیاوێکی قەڵەو و پیرەژنێکەوە، پیاوەکە بۆنی دووکەڵی قلیان و ژنەکە بۆنی سەگی لێدەهات.

نەفەرەکانی دی بەبێدەنگی بەڕیزی یەکەوە ڕۆنیشتبوون. ئیدی شاگرد بەقاڵ، عەمەلە، کارەکەر و چاوشی هێزی پیادەیان تیابوو، ئاغایەکیان تیابوو عەینەکێکی چوارچێوە زێڕینی لە چاو وشەپقەیەکی ئاوریشمی قەراخ

پانی لەسەر بوو کە وەکو پلوسک بەرز بووبووەوە. دوو خانمیان تیابوو کە خۆپەسندی و شەڕ ئەنگێزیان پێوە دیاربوو، چۆنیەتی دانیشتنەکەیان بە جۆرێ بوو، لە تۆ وایە دەڵێن: ڕاستە ئێمە حاڵی حازر لە نێو ئێوەداین... بەڵام زۆر لەوە گەورەترین کە ئێوە وێنای دەکەن.

هەروەها دوو ڕەبەنیتەی باش و، سۆزانیەکی قژ لوول و تابووت سازێکیان لە گەڵدا بوو. هەموو ئەمانە لە کۆمەڵە وێنەیەکی کاریکاتوری دەچوون کە لە مۆزەخانەیەکی کومیدیدا ڕیز کرابن. یان کۆمەڵە وێنەیەکی سەیر و سەمەرەی ڕوخساری بەشەری بوون کە لەو بووکەڵە کومیدیانە دەچوون، کە لە بۆنە وەرزییەکاندا ڕیز دەکران و خەڵکی بۆ کات بە سەربردن تۆپیان تێدەگرتن و دەیانخستن.

کە عارەبانەکە تاسەی دەکرد، سەریان دەجووڵاند و دەم و چاو و ڕوخسارە چرچە خاوەکانیان بە ئاستەم دەهەژی. هەروەها لەرەلەری تەگەری عارەبانەکە گێژی دەکردن و هەموو هێڕ وخەواڵوو دەهاتنە بەرچاو.

مەدام لبرومان، حایر مابوو، خەمێکی گۆنگ سەر ودڵی گرتبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:- باشە بۆ لەگەڵ مندا نەهاتە ژوورەوە، خۆ دەیتوانی خۆی بگرێ و ئەو جگەرەیە نەخوات.

دوو ڕەبەنیتەکە ئاماژەیان بۆ عارەبانچیەکە کرد کە دادەبەزن، دوا بە دوای یەک دابەزین. بۆنی جلە کۆنیان لێدەهات.

عارەبانەکە کەوتەوە ڕێ، دووبارە وەستا، ژنێکی ئاشپەز ،سوورە بە هانکە هانک سەرکەوت، دانیشت، زەمیلەی ئازووقەکەی لە سەر ئەژنۆی دانا، عارەبانەکە، پڕ بوو لە بۆنی ئاراو.

جان لە فکران ڕاچوو:- ڕێگاکە لەوە دوورترە کە وێنام دەکرد.

تابووتسازەکە دابەزی، عارەبانەچیەک لە جێگای ئەو سوار بوو کە بۆنی تەویلەی لێدەهات، دەلاڵێک لە جێگای سۆزانیە قژ لوولەکە سوار بوو، کە بۆنی گەڕیی دوور ودرێژ لە پێیەکانی دەهات.

خاتوو جان، دڵی تێک هەڵهات، هەر لە خۆوە و بەبێ هیچ هۆیەک هەستیکرد کە گریانی دێت.

خەڵکانێک دابەزین و خەڵکانێکی دی سوار بوون، عارەبانەکە بەردەوام بوو لە ڕێکردنی خۆی، بەم ڕێگا و بەو ڕێگادا تێدەپەڕی، لەم وێستگە و لەو وێستگە دەوەستا، دووبارە دەکەوتە ڕێ.

جان لە دڵی خۆیدا دەیگوت:- چ ڕێگایەکی دوور و درێژە، خوا بکا خەوی لێنەکەوتبێت، ئەم چەند ڕۆژە خۆی زۆر ماندوو کرد.

نەفەرەکان بەرەبەرە هەموویان دابەزین، جان هەر خۆی مایەوە، تەنیا خۆی، کەسی بە دەورەوە نەما.

عاربانچیەکە هاواریکرد:- فوجیرار.

ئەمجارەیان نەجووڵا:- فوجیرار.

جان تەمەشای کرد، زانی کابرای عارەبانچی لەگەڵ ئەویەتی. هیچ نەفەرێکی لەلاوە نەما، یارۆی عارەبانچی دووبارە گوتی:- فوجیرار.

هەنگێ جان لێی پرسی:- ئێمە لە کوێین؟

بە دەنگێکی گڕ بەرسڤی دایەوە:- لە جیرارین، دە جارم گوتەوە.

جان گوتی:- باشە شەقامی سەرەکی دوورە؟

- کامە شەقامی سەرەکی؟
- شەقامی ئیتاڵییەکان.
- دەمێکە بە جێمان هێشتووە.
- ئەها! بێزەحمەت مێردەکەم ئاگادار ناکەیەوە.
- مێردەکەت؟ لە کوێیە؟
- خۆ... لە قاتی سەرەوە بوو؟
- قاتی سەرەوەی چی؟ لە مێژە کەسی تیا نەماوە.

ترسی لێنیشت.

- باشە چۆن؟ شتی وا نابێت، خۆ لەگەڵ منا سوار بوو. باش تەمەشا بکە بێگومان لە سەرەوەیە.

عارەبانچییەکە پەست بوو وگوتی: - دەی دادە گیان دابەزە، واز لەم وڕاوەیە بێنە، چی زۆرە پیاو زۆرە، ئەگەر یەکێکت لە دەست دابێت، دەی ترت دەست دەکەوێت. لە ڕێگا هی دیکە دەدۆزیتەوە.

ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما، بە ڕژدییەوە گوتی:- بەڵام قوربان تۆ سەهوی، دڵنیام تۆ بە هەڵە چووی، جانتایەکی گەورەی وەبن هەنگڵەوە بوو.

کابرا، دەستی بە پێکەنین کرد:- جانتایەکی گەورە، ئەها! بەڵێ! لە وێستگەی مادلین دابەزی، گوێ مەدەیە دیارە پولی پێوە ناوی... ها! ها! ها!

عارەبانەکە ڕاوەستا، جان دابەزی، خۆبەخۆ سەیری قاتی سەرەوەی عارەبانەکەی کرد... چۆڵ وهۆڵ بوو.

ئیدی بە دەنگی بەرز لە هۆڕژنی گریانی دا، بە بێئەوەی گوێ بەوە بدات کە خەڵکی تەمەشای دەکەن، گوێی لێدەگرن، گوتی:- ئێستا چ بکەم، ڕۆژم بە چ ڕۆژگارێ دەگات؟

سەرپەرشتیاری نووسینگە و گەراجەکە هات بەلایەوە و پرسی:- خێرە، چیتە؟

عارەبانچیەکە بە ڕاوێژێکی تەوسامێزەوە گوتی:- ئەم خانمە، مێردەکەی لە ڕێگا بە جێی هێشتووە.

یارۆی سەرپەرشتیار لە سەری ڕۆیی:- گرینگ نییە، تۆ ئاگات لە کارەکەی خۆت بێ.

هەنگێ گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.

ئیدی ژنەی تاین وێڵ وسەرگەردان، حایر وحەپەساو، پەشێو و پەرێشان خۆشی نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە، کەوتە ڕێ. نەیدەزانی بۆ کوێ بڕوات؟ چی بکات؟ مێردەکەی چی بەسەر هات؟ ئەم غەڵەتە دەگمەنە، ئەم لە بیر چوونە، ئەم هەڵەیە، ئەم غەفلەتە باوەڕ نەکەردەنییە چۆن ڕوویداوە؟

تەنیا دوو فرانکی لە بەرکا بوو، ڕوو بکاتە کێ؟ لە پڕ "بارال" ی پسمامی بیرکەوتەوە، سەرۆکی نووسینگەی یاریدەدەر لە وەزارەتی دەریاوانی.

پارەکەی بەشی ئەوەی دەکرد کە عارەبانەیەکی تایبەتی بە کرێ بگرێت، بەرەو ماڵی کوڕە مامەکەی چوو، کە خەریک بوو خۆی ئامادە دەکرد تا بۆ دەوامی وەزارەت بڕوات، وەکو لبرومان جانتایەکی گەورەی لەبن هەنگڵ بوو.

بلەز لە عارەبانەکە دابەزی وبانگی لێکرد:- هنری.

هنری حەپەسا، گوتی:- جان؟ لێرەی؟ هەر خۆتی؟ باشە چ دەکەی، لە کوێوە دێی؟

بەچاوانی تەژی ڕوندکەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- مێردەکەم تۆزێ لەمە پێش ون بوو.

- ون بوو؟ لە کوێ؟
- لە عارەبانەیەکی ئەمنیبوس دا.
- عارەبانەی ئەمنیبوس؟ ئەها!

جان، بەدەم پەڵمە گریانەوە، حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

هنری بەدەم بیرکردنەوەوە گوێی لێگرت، ئەوسا پرسی:- باشە ئەم بەیانییە ئاسوودە بوو؟

- بەڵێ.
- باشە، پارەیەکی زۆری پێبوو؟
- بەڵێ، هەموو مارەییەکەی(جیازی) منی پێبوو!
- مارەیی؟ هەر هەمووی؟
- هەر هەمووی... بۆ ئەوەی نرخی نووسینگەکەی بدات.
- جا دۆتمامی ئازیز، دڵنیا بە کە مێردەکەت حاڵی حازر لە بیری ئەوەدایە ڕێگایەک بدۆزێتەوەو بۆ بەلچیکا هەڵێت.

جان حاڵی نەبوو... کەوتە ورتە ورت:- مێردەکەم... پێت وایە؟

- پێم وایە وئەولاتریش دزی لێکردوویت... تەماحی کرووەتە پارەکەت و دزیویەتی... ئەمە مەسەلەکەیە و هیچ بۆی مەگەڕێ.

جان، هەر بە پێوە و بەدەم هەنسک هەڵدانەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:- کەواتە ئاوها... ئەو نامەردیەشی کرد!

ئەوسا ئازای داهێزرا و، بەدەم گریانەوە، خۆی هاوێشتە باوەشی پسمامەکەیەوە.

خەڵکەکە، بە واقی وڕەوە تەمەشایان دەکرد، ئیدی هنری بردیە ژوورەوە، دەستی گرت وبە قاڵدرمەکەدا سەری خست...

کارەکەرەکە، بە حەپەساوی دەرگای بۆ کردنەوە. هنری پێی گوت:- سوفی، لەزێکە و بڕۆ بۆ خوارنگە و دوو نەفەر خواردنمان بۆ بێنە... ئەمڕۆ ناچم بۆ دەوامی وەزارەت.

# سەربهوردی کارەکەرێک

خەڵکی مەزراکە بەپەلە نانەکەیان خوارد وچونکە کەش وهەواکە خۆش بوو، چوون بۆ کێڵگەکان.

"ڕۆز "ی کارەکەر بە تەنێ لە مووبەقە گەورەکەدا مایەوە، مەنجەڵێکی پڕ لە ئاوی گەرم بە سەر ئاگردانەکەوە بوو، کە ئاگرەکەی خەریک بوو وردە وردە دادەمرکایەوەو خەفە دەبوو. ناو بە ناو جامێکی لە ئاوە گەرمەکە دەردێنا و بە کاوەخۆ قاپ و ئامانەکانی دەشۆرد، ئەوسا دەوەستا، تەمەشای تیشکی هەتاوەکەی دەکرد کە لە پەنجەرەکانەوە وەژوور دەکەوت و لە شێوەی دوو چوار گۆشەدا لە مێزە درێژەکەی دەدا و عەیبی شووشەی پەنجەرەکانی بەدیار دەخست.

سێ مریشکی نەترس، خۆیان بە ژێر کورسییەکاندا کردبوو و لە پاشماوەی خواردن دەگەڕان. لە درزی دەرگاکەوە کە، بە ئاستەم کرابووەوە، بۆنی کولانەی مریشکەکان و هاڵاوی پەنگاوەی تەویلەکە دەهاتە ژوورەوە. لە قرچە قرچی نیوەڕۆدا، کەڵەشێرەکان دەیانخوێند.

وەختایەک کیژێ لە کارەکانی بووەوەو مێزەکەی سڕی و ئاگردانەکەی خاوێن کردەوە، قاپ و ئامانەکانی لە سەر کەنتۆرە بەرزەکەی ئەوسەری مووبەقەکە، نزیکی سەعاتە گەورە دارینە خۆش چرکەکە ڕیزکرد، ئاهێکی وەبەر هاتەوە، سەری بە ئاستەم دەسوڕا، هەناسەی سوار بوو، خۆیشی نەیزانی بۆ، تەمەشایەکی دیوارە ڕەشەکە وکاریتە دووکەڵاویەکانی کرد، کە داوە جاڵجاڵۆکە وماسی سوێرکراو ورستە پیڤازی پێدا شۆڕ بووبووەوە. ئەوسا ڕۆنیشت، گەرمی ڕۆژەکە لە ناو ژوورەکەی دەدا و بۆنێکی ناخۆشی لێبەرز دەبووەوە. بۆنی ماستی ترشاویشی کە لە ژوورێکی شێداری تەنیشتەوە دانرابوو تا ببێت بە کەرە، تێکەڵ دەبوو. ڕۆز، ویستی وەکو خووی هەمیشەیی، خۆی بە گوڵدۆزی و چنینەوە خەریک بکات، بەڵام تاقەتی نەبوو، چووە بەر دەرگا تا هەوایەک هەڵمژێ.

لە ڕوناکییە جوانەکەدا نقوم بوو، دڵی ئارام بووەوە، ئاسوودەیی لە سەراپای نیشت.

زبڵدان و پەینی بەر دەرگاکە هێشتا تەنکە هەڵمێکی ڕەخشانی لێ هەڵدەستا. مریشکان لە سەر زبڵدانەکە،بەدەم چینەوە خۆیان لە زڕ و زبڵەکە وەردەدا و لە کرم دەگەڕان. کەڵەشێرەکە بە کەش و فشەوە لە ناوەندی زبڵدانەکەدا دەوەستا و یەکێک لە مریشکەکانی هەڵدەبژارد، دەور و خولی دەدا و بە دەنگێکی نەوی بانگی دەکرد. مریشکەکە بە کاوەخۆ بەگەڵی دەکەوت، دوای تۆزێک لاقەکانی دەنوشتاننەوەو بۆی دادەنەوییەوەو باڵەکانی بۆ فش دەکردەوە تا بە سەریا بتسێ. پاشان هەڵدەستایەوە. خۆی دەتەکاند وتەپ وتۆزەکەی لە خۆ دەڕەواندەوە و دووبارە لە سەر زبڵدانەکە پاڵ دەکەوتەوەو کەڵەبابەکە چەند جارێک دەی قووقاند، وەکو ئەوەی سەرکەوتنەکانی خۆی نیشانبدات. کەڵەشێرێن دی لە کولانەکانی دییەوە وەڵامیان دەدایەوە، وەکو چۆن عاشقان لە مەزرایەکەوە بۆ مەزرایەکی دی تەحەدای یەکدییان دەکرد.

کارەکەرەکە، بەبێئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە تەمەشای کەڵەشێر ومریشکەکانی دەکرد. ئەوسا چاوی هەڵێنا وجوانی دار سێوەکان کە لە شکۆفەدا سپی دەچوونەوەو دەتگوت سەرن و بۆدرەی سپییان بە سەردا پرژێنراوە، سەرنجی ڕاکێشا.

له ناكاوا جوانوویەكی چكۆله بە یۆرغە بە بەردەمیا ڕەتبوو، زۆر بەكەیف و شاد بوو، جارێك بە دەوری گردە چڕە دارستانەكەدا سوڕایەوە. ئەوسا لە ناكاوا وەستا و سەری وەرگێڕا، وەكو ئەوەی سەری لە تەنیایی خۆی سوڕمابێت.

كارەكەرەكەش حەزی دەكرد غار بدات، پێویستی بە جووڵە بوو، چاوی لەوە بوو پاڵ بكەوێ و چوار پەلی لێ ڕاكێشێت ولەو هەوا گەرمەدا ئیسراحەت بكات. بە دوو دڵییەوە چەند هەنگاوێكی نا، چاوانی نووقاندن، ئاسوودەییەكی حەیوانی دایگرت، ئەوسا بە كاوەخۆ چوو هێلكەی ناو كولانە مریشكەكان كۆبكاتەوە. سیازدە هێلكەی دۆزییەوە، كۆی كردنەوەو هێنانی. كە دۆڵابی مووبەقەكەی داخست، بۆنی مووبەقەكەی بە سەردا هات، خێرا هاتە دەرێ تا كەمێك لە سەر گیایەكە دانیشێت.

حەوشی مەزراكە دەتگوت لە ناوەندی دار ودرەختەكانی دەوروبەریا خەوتووە، گوڵە زەردەی "بسیلنی" دەتگوت مارە و لە ناو گیایە درێژە سەوزەكەدا، سەوزی تازەی بەهارا و لە بەر ڕوناكییەكە دەدرەوشێتەوە. سێبەری دار سێوەكان بە شێوەیەكی بازنەیی بە دەوریا دەسوڕایەوە، لە سەربانی ماڵەكانەوە، كە ڕووەك و دەوەنی سۆسنانی گەڵا دەرزی تیژی وەك شمشێران داپۆشی بوو، دووكەڵێكی تەنك بەرز دەبووەوە، وەكو ئەوەی شێی تەویلە وعەماری دانەوێڵەكان لە میانی هەژگ و بژاڵەكانەوە بەرز ببێتەوە.

كارەكەرەكە گەییە ژێر ئەو كەپر و بانێژەیەی عارەبانەكانیان لێ دادەنا، لە قوڵایی گردۆڵكەكەدا چاڵێكی گەورەی كەسك هەبوو كە پڕ بوو لە وەنەوشە و بۆنە خۆشەكەی دنیای پڕكردبوو.

ئەودیوی گردەكە، تا چاو بڕ دەكات كێڵگە بوو، بە دانەوێڵە داچێنرابوون و لێرە و لەوێ پەڵە داری لێ ڕوابوو، لەم بەرزاییەوە جووتیاران لە دوورەوە دەبینران، لە دوورەوە لە بووكەڵە دەچوون، ئەسپی سپی هەوجاڕیان ڕادەكێشا، لە دوورەوە لە گەمە و لەیستۆكی منداڵان دەچوو، پیاوانیان بە دواوە بوو كە لە دوورەوە لە قامكی دەست دەچوون.

كارەكەرەكە ڕۆیی، گورزەیەك پووشی لە عەمارەكە هێنا و لەم چاڵەی دانا تا لە سەری دانیشێت، دانیشتنەكەی خۆش نەبوو، گورزە پووشەكەی كردەوە، ڕایخست و بە پشتا لە سەری پاڵكەوت، هەر دوو دەستی نانە ژێر سەری و هەر دوو لاقی ڕاكێشا. هەر دوو چاوی بە ئارامی نووقاند، ئازای خاو بووەوە، خاو بوونەوەیەكی بە لەزەت، خەریك بوو بە تەواوەتی خەوی لێدەكەوت، كە لە ناكاوا هەستی كرد دوو دەست مەمكیان دەگرت، یەكسەر ڕاپەڕی و هەستایە سەر پێیان. جاكی ڕەنجبەری مەزراكە بوو، ئەمە گەنجێكی بێكاری كەڵەگەتی قەد باریك بوو. ماوەیەك بوو چاوبازی دەگەڵدا دەكرد. ئەو ڕۆژە لە ئاغەڵی پەزەكاندا كاری دەكرد. كە كیژێ دەبینێ لە سێبەرەكەدا پاڵ كەوتووە، هەناسە لەبەر خۆی دەبڕێ، چاو دەكاتەوەو، سەری وەژێر پووشەوە دەدات و بە دزییەوە بۆی دەچێت.

ویستی ماچی بكات، بەڵام كیژێ تا توانی زللەیەكی خێواندێ، كیژێ وەكو ئەو بەهێز بوو، كوڕە بە درۆوە داوای بووردنی لێكرد. هەنگێ لە لای یەكدییەوە ڕۆنیشتن، كەوتنە باسی كەش و هەوا، كە بۆ درۆینە لە بار بوو، باسی ساڵەكەیان دەكرد، كە پێدەچوو ساڵێكی هات وپڕ بەرەكەت بێ، باسی ئاغاكەیان، كە پیاوێكی باش بوو كرد. ئەوسا هاتنە سەر باسی دەر ودراوسێكان و هەموو شارۆچكەكە، باسی خۆیان، گوندەكانی خۆیان، گەنجاتی خۆیان و یادگاریەكانیان وكەس و كارەكانیان كە لە مێژ بوو بەجێیان هێشتبوون، كرد. كیژێ كە بیری لەو شتانە

دەکردەوە، غەریبی هەستا، ، دڵی نەرم بوو، کوڕە وردە وردە لێی نزیک دەبووەوە، خۆی تێ هەڵدەسوو و بەرە بەرە تاقە ئارەزووەکەی بە سەریا زاڵ دەبوو. کیژێ دەیگوت:- من لە مێژە دایکم نەدیتووە، زۆر ناخۆشە مرۆڤ ئەم هەموو ماوەیە لە دایکی دوور بکەوێتەوە.

چاوە سەرگەردانەکانی دەیانڕوانیە دوور، دەیانڕوانییە گوندەکانی خۆیان، کە لەوێندەر، لە باکوور ڕاکشابوو.

بەڵام کوڕەکە، دەستی لە ملی وەرێنا و دووبارە ڕایمووسی، بەڵام کیژێ لێی هاتە دەست و تا هێز لە بازوویدا بوو، مستێکی بە سەرو چاویا کێشا، کەپووی پژا. کوڕە هەستا، سەری نا بە قەد درەختێکەوە، کیژێ بەزەیی پێدا هاتەوە، چوو بە لایەوە و پرسی:- ئازارت هەیە؟

کوڕە دەستی بە پێکەنین کرد... " نا... هیچ نییە " هەرچەندە کیژێ ڕێک کێشابووی بە ناوەندی دەم و چاویا، کەچی ئەو لە بن لێوانەوە دەیگوت:- ئەڵڵا!

زۆر بە دڵبەندی و ڕێزەوە تەمەشای کیژێی دەکرد... ئەمە سەرەتای خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەی ئەم کیژە بەژن زراڤ وبەدار وبارە بوو.

وەختایەک خوێنی کەپووی وەستایەوە، پێشنیازی ئەوەی کرد کە پیاسەیەکی دوو قۆڵی بکەن، لەوەش دەترسا کە هەر بەو دەقەوە دانیشن، دیسان بەرمستانی بدات. ئەمجارەیان کیژێ بە خۆی قۆڵی بە قۆڵیا کرد، ڕێک وەکو ئەو دەزگیرانانەی کە ئێواران بەدەم ڕێوە قۆڵ بە قۆڵی یەکدا دەکەن. کیژێ پێیگوت:

- جاک، ئاخر جوان نییە تۆ بەمجۆرە سووکایەتیم پێبکەیت!

کوڕە بەرپەرچی دایەوە... نا. سووکایەتی پێناکات، بەڵکو خۆشی دەوێ.

کیژێ گوتی:- یانی دەتەوێ بمخوازیت؟

کوڕە کەمێک سڵەمییەوە، ئەوسا لە لاوە کەوتە تەمەشاکردنی، لە کاتێکا کە کیژێ بە کامەرانییەوە دەیڕوانییە دوور. گۆنا گۆشتنەکانی سوور هەڵگەڕابوون، مەمکەکانی لە ژێر سوخمەکەیەوە شەڕیان بە هەواکە دەفرۆشت، لێوەکانی ئەستوور وپاراو، ئارەقە، زەنگۆڵ زەنگۆڵ بە سەر گەردنە ڕووتەکەیەوە دەدرەوشایەوە. کوڕە ئارەزووی بزوا، دەمی وە پەنا گوێی نا وبە چپە گوتی:- بەڵێ، ئومێدوارم.

هەنگێ دەستی لە ملی کوڕە وەرێنا وماوەیەکی زۆر و بە ڕادەیەک بە سینگ وبەرۆکی خۆیەوە گوشی تا نەفەسی تەنگ بوو.

ئیدی لەو دەمەوە چیرۆکی خۆشەویستییەکی ئەزەلیان کەوتە بەینەوە. لە دەرفەتێک دەگەران یەکدی بدینن، ژوانگەیان دادەنا، لە بەر تریفەی هەیڤان ولە پشت خەرمانە کاوە یەکیان دەبینی، ئیدی لە ژێر مێزی نانخواردنەکەوە، بە پێڵاوە ئەستوورە بزمار ڕێژەکانیانەوە لاقیان لە لاقی یەکدی دەدا.

پاشان جاک وردە وردە لێی بێزار بوو، خۆی لێدەبوارد و کەمتر دەیدواند، نەیدەویست بە تەنیا بیدینێت. هەنگی خەم وگومان بە سەر کیژێدا زاڵ بوو. دوای ماوەیەک هەستیکرد، سکی هەیە، لە سەرەتاوە زۆر ترسا، پاشان ئەم ترسە بوو بە تووڕەییەکی بەترەف و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادی دەدا، چونکە کیژێ نەیدەتوانی بە ئاسانی بیدینێ و ئەو خۆی لێدەبوارد. ئەنجام، شەوێک لە کاتێکا هەموو خەڵکی مەزراکە نوستبوون، کیژێ بە بێدەنگی دەرچوو،

به پێی پەتی، تەنیا بیجامەی ژێرەوەی لە بەر بوو، بەنێو حەوشەکەدا بووری، دەرگای تەویلەکەی کردەوە، کە جاک لەوێندەر، لەناو سەندوقێکی گەورەی پڕ لە کا و کوت لە شوێنێکی بەرز پاڵ کەوتبوو. گوێی لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو کە بۆ لای ئەو دەهات، بە درۆوە وایدەنواند کە خەوتووە. بەڵام کیژێ سەرکەوت بۆ لای ئەو، بە دیارییەوە کەوتە سەر چۆکان و کەوتە هەژاندنی سەندوقەکە، تا خەبەری بووەوە و دانیشت. وەختایەک جاک دانیشت، لێی پرسی:- چیت دەوێت؟

کیژێ کە لە داخا دانە چیرەی پێکەوتبوو گوتی:- دەمەوێ... دەمەوێ بمخوازیت، چونکە تۆ بەڵێنت دامێ کە بمخوازیت.

جاک بەدەم پێکەنینەوە گوتی:- ئەها! خۆ ئەگەر ئینسان هەموو ئەو کچانە بخوازێ کە جارێ لە گەڵیان ڕای بواردووە، مەسەلەکە زۆر قورس دەبێ.

لێ کیژێ دەستی لە بینی نا وبای هەڵدا وخنکە خنکی پێخست و دەمی لە پەنا گوێی نا هاواری بەسەردا کرد:- من سکم هەیە، گوێت لێیە! سکم هەیە!

جاک هانکە هانکی پێکەوت، هەناسەی تەنگ بوو. لەو بێدەنگی و تاریکییەدا، مانەوە، تەنیا مشە مشی ئەسپێک دەهات کە دەمی بە ئاخۆڕەکدا دەکرد و قەپێ کای هەڵدەگرت و بەکاوەخۆ دەیژاکاند.

کە جاک زانی دەرەقەتی کیژێ نایەت لە بن لێوانەوە گوتی:- دەی باشە، مادام مەسەلەکە گەییوەتە ئەم حاڵە، قەیدی نییە دەتخوازم!

جا چونکە کیژێ متمانەی پێی نەبوو، گوتی:- هەر ئێستا... و زەماوەندەکەمان ئاشکرا دەکەین.

بەرسڤی دایەوە:- هەر ئێستا.

- سوێندم بۆ بخۆ، سوێند بە خوا بخۆ.

کەمێک سڵەمییەوەو ئەوسا گوتی:- سوێند بە خوای گەورەیە.

هەنگێ کیژێ، دەستی لە بینی لابرد و بێئەوەی هیچی دی بڵێ، لەوێندەر وەدەرکەوت.

چەند ڕۆژێک بووری بەبێئەوەی بتوانێ قسەی لەگەڵدا بکات. کوڕە هەموو شەوێک قفڵی لە دەرگای تەویلەکە دەدا، ژنەش، لە ترسی ئەوەی نەبا کەشف ببێ، نەدەوێرا هیچ شتێک بڵێت.

بەیانییەک، چاوی بە ڕەنجبەر و نۆکەرێکی دی کەوت کە هات بۆ نانخواردنی بەیانی، لێی پرسی:- ئەدی جاک، ڕۆییوە؟

نۆکەرەکە گوتی:- بەڵێ... من لە جیاتی ئەو هاتووم.

ئازای گیانی کەوتە لەرزین، بە ڕادەیەک شپرزە بوو کە نەیدەتوانی مەنجەڵەکە لە سەر ئاگرەکە دابگرێت. وەختایەک هەمووان چوون بۆ سەر کاری خۆیان، ئەمیش سەرکەوتە سەرێ بۆ ژوورەکەی خۆی، بۆ ئەوەی کەس گوێی لە دەنگی نەبێت، ڕوخساری لە سەرینەکەیا نقوم کرد ودەستی بە گریان کرد.

ئیدی بە درێژایی ڕۆژەکە، هەوڵیدا، بەبێئەوەی گومانی هیچ کەسێک بهاروژێنێ، سۆراخی بکات وهەواڵێکی بزانێت، بەڵام بیری کارەساتەکە هێندە بەسەریا زاڵ بوو، وای هەست دەکرد، سیمای تەوس وتوانج بە ڕوخساری هەموو ئەوانەوە دەبینی کە پرسیاری جاکی لێدەکردن… بەهەرحاڵ هیچ سوراخێکی دەست نەکەوت تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕۆییوە و لەم دیار ودەڤەرە نەماوە.

هەنگێ، دەستی بە ژیانێکی پڕ عەزاب کرد، وەکو مەکینە کاری دەکرد، هەموو خەمێکی ئەوە بوو:- ئەگەر خەڵکی بە حاڵ و حیکایەتەکەی بزانن چ بکات؟

بیری بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی، تەنانەت بیری لەوەش نەدەکردەوە کە چۆن خۆی لەو ڕیسواییە بەدوور بگرێ کە هەستی دەکرد بەرەو ڕووی دێت، ڕۆژ بە ڕۆژ وەکو ئەجەل لێی نزیک دەبووەوە.

ئیدی هەموو بەیانییەک، زۆر لە پێش خەڵکەکەی دیدا لە خەو ڕادەبوو، هەوڵیدەدا، لەو لەتە ئاوێنە شکاوەدا کە قژی لە بەر دادەهێنا، تەمەشای خۆی بکات، هەموو خەم و خولیایەکی ئەوەبوو کە ئەمڕۆکە کەس هەستی پێنەکات و پەی بە حاڵی نەبات.

بە ڕۆژەوە هەر تاو نا تاوێ دەستی لە کار هەڵدەگرت تا تەمەشای سەراپای خۆی بکات ودڵنیا ببێت، کە سکی بە ڕادەیەک بەرز نەبۆتەوە کە لە ژێر بەرکۆشەکەیەوە دیار بێت.

چەند هەیڤێک بووری. وای لێهات تاقەتی قسەکردنی نەبوو.

کە داوای کارێکی لێکرابا وەکو پێویست لە داوایەکە حاڵی نەدەبوو، ئیدی ترسی لێنیشت، نیگای لێڵ وتاریک بوو، دەستەکانی دەلەرزین، بۆیە ئاغای هەموو جار پێی دەگوت:- کیژە بەلەنگازەکەم! ماوەیەکە، زۆر گێژو کاس دێیتە بەرچاوم!

لە کڵێسادا، خۆی دەدایە پەنا پایەیەک، نەدەوێرا بڕوات بۆ ئیعتراف کردن، دەترسا ڕووبەڕووی قەشە ببێتەوە، چونکە قەناعەتی وابوو، قەسە خودان توانایەکی نائاسایی ئەوتۆیە کە دەتوانێ پەی بە هەر نهێنیەک بنات.

لە سەر خوانی نانخواردن، نیگای هاوکارەکانی زۆر خەمباریان دەکرد. هەمیشە وای وێنا دەکرد گاوانەکە، کە گەنجێکی چکۆلەی دلڕەش، ئەقڵی لە تەمەنی گەورەتر بوو، بە چاوی گومانەوە سەیری دەکرد، پەی بە حاڵەکەی بردووە.

بەیانییەک، پۆستەبەر نامەیەکی بۆ هێنا، پێشتر هەرگیز نامەی بۆ نەهاتبوو. نیگەرانییەکی توونددایگرت، دانیشت، تۆ بڵێی ئەم نامەیە لەوەوە بێت؟ بەڵام چونکە خوێنەواری نەبوو، نیگەران وخەمبار، لە هەنبەر ئەم کاغەزە مەرەکەباویە، دۆشدامابوو، لە بەرکی نا، نەدەوێرا پیشانی کەسی بدات نەبا سرەکەی کەشف ببێت، زۆرجار لە کارەکەی دەوەستا تا تەمەشای ئەم دێڕە چوون یەکانە بکات کە لە خوارەوە ئیمزا کرابوون، ئەنجام سەبری سوا، قیروسیای کرد و چوو بۆ لای مامۆستای قوتابخانەکە، مامۆستاکە داینیشاند و نامەکەی بۆ خوێندەوە:

... کیژە ئازیزەکەم، بۆیە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم تا ئاگادارت بکەمەوە کە زۆر نەخۆشم و حاڵم تا بڵێی پەشێوە، مامۆستا " دانتو " ی دراوسێمان ئەم نامەیەی بۆ نووسیویت تا ئەگەر دەتوانی سەرێک بدەیتەوە.

# له جیاتی دایکی دڵسۆزت

سیزار دانتو

تاقه وشەیەکی لە زار نەهاتە دەرێ، هەر هەستا و ڕۆیی. بەڵام هەر کە تاک کەوتەوە، ئیدی هێزی لەبەر بڕا، توانای ڕێکردنی نەما، لە قەراخ ڕێگاکە ڕۆنیشت، تا شەوێ لەوێندەر مایەوە.

کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، کێشەکەی بۆ خودان مەزراکە گێڕایەوە، ئیدی ئاغا مۆڵەتی دا بڕوات وچەندی پێدەچێ کێشە نییە و بەڵێنی دایە کە کیژێکی دی بە ڕۆژانە لە جیاتی ئەو بە کرێ دەگرێ و هەرکاتێ ئەو گەڕایەوە دەیخاتەوە سەر کارەکەی خۆی.

دایکی لە سەرە مەرگا بوو، لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی کچەکەیدا، گیانی سپارد و کۆچی دوایی کرد. بۆ ڕۆژی دوایی کوڕێکی بوو، بە حەوت مانگ لە دایک بوو. منداڵێکی وردیلەی خاوێن و لاواز بوو، کە دەتبینی موچڕکەت پێدا دەهات، دیار بوو ئازاری زۆرە، دەستە وردیلەکانی توند دەگوشین، قامکەکانی لە قاچی قرژاڵ دەچوون. وێڕای ئەوەش، ژیا.

بە خەڵکەکەی گوت شووی کردووە، بەڵام ناتوانێ کوڕەکەی بەخێو بکات، ئیدی لای هەندێک دەر ودراوسێ، کە بەڵێنیان دایە بیگرنە ژێر باڵی خۆیان، بەجێی هێشت.

بۆ مەزراکە زڤڕییەوە.

ئیدی لەو کاتە بە دواوە، وەکو ڕۆژێکی تازە، خۆشەویستیەکی گۆنگ دەرهەق بەم خەڵقەندە لاوازەی کە لەوێندەر بەجێی هێشتبوو، لە دڵەی بریندارىا هەڵهات. ئەم خۆشەویستی و دلۆڤانیە خۆی لە خۆیا ئازارێکی تازە بوو، هەموو کات و ساتێک بەرۆکی دەگرت، چونکە لە منداڵەکەیەوە دوور بوو.

ئەوەی زۆر ئازاری دەدا ئەوە بوو کە پێویستی بەوە بوو تێر ماچی بکات، توند بیگرێتە باوەش، بە سینگی خۆوەی بنووسێنێت و هەست بە گەرمی جەستە چکۆلەکەی بکات. وای لێهات بە شەو نەدەنووست، بە درێژایی ڕۆژ بیری لێدەکردەوە، شەوانیش کە لە ئیش دەبووەوە لە بەر ئاگرەکە ڕۆدەنیشت، چاوی دەبڕییە گڕەکە و وەکو کەسانێک بیر لە شتێکی دوور بکەنەوە، لە فکران ڕادەچوو.

ئیدی خەڵکەکە لێی کەوتنە خوێندن، ئاخۆ عاشقەکەی کێیە، کێ نییە، لێیان دەپرسی: ئایا جوانە، باڵا بەرزە، دەوڵەمەندە، کەی مارە دەبڕدرێ؟

زۆرجار خۆی لەو خەڵکە دەدزییەوە تا بە تەنیا بگری، چونکە ئەم مەسەلەیە، ئازای دەرزیئاژن دەکرد.

ئیدی زۆر بەجدی خۆی بەکارەوە مژوول دەکرد تا ئەم ئازارانە لە خۆی دوور بخاتەوە. هەمیشە بیری لە منداڵەکەی دەکردەوە، دەیویست پارەیەکی زۆر پاشەکەوت بکات. ئیدی بڕیاریدا زۆر بەجدی کار بکات تا ئاغای کرێکەی بۆ زیاد بکات. ئیدی بەرەبەرە دەستی بەسەر هەموو کارەکاندا گرت، کارێکی وای کرد ئاغای یەکێک لە کارەکەرە تەمەڵ و بێ کەڵکەکان دەربکات، ئیدی ئەم ئیشی دوو کەسی ڕادەپەڕاند، لە نان، ڕۆن و لە مۆم و لەو دانەوێڵەیەی کە بە مریشک و پەلەوەرەکان دەدرا، دەستی دەگرتەوە. تەنانەت دەستی لە ئالیکی حەیوانەکانیش دەگرتەوە و نەیدەهێشت بە خەسار بچێت. دەستی بە سەروەت و سامانەکەی ئاغایەوە دەگرت، وەکو ئەوەی

موڵک و ماڵی خۆی بێت. هەوڵیدەدا، مامەڵە و سەودای پڕ قازانج ئەنجام بدات، ئەو شتانەی لە ماڵەکە دەردەچوون بە گرانترین نرخ بفرۆشێ.

ئیدی ئەرکی کڕین وفرۆشتن و سەودا ومامەڵەی مەزراکە بەو سپێردرا، سەرپەرشتی دەست و پێوەند و نۆکەر ورەنجبەرەکانی دەکرد، حیساب وکیتابی ئازووقە بەو سپێردرا، وای لێهات بوو بە هەمە کارەی موڵک و مەزراکە. چاودێرییەکی وردی هەموو شتێکی دەکرد، مەزراکە لە سایەی ئەودا، تەواو بوژایەوەو گەشەی کرد. خەڵکی لە دووری فرسەخانەوە باسی کارەکەرەکەی جەنابی " فالان " یان دەکرد. فالان، لە هەموو شوێنێک ستایشی دەکرد:- کە ئافرەتێکی چاکە، لە زێڕ بەنرخترە!

ڕۆژان بورین و کرێکەی هەر وەکو خۆی مایەوە. ئاغای بەو چاوە سەیری کارە قورسەکانی ئەوی دەکرد کە ئەمە ئەرکی هەر کارەکەرێکی دڵسۆزە ونیشانەی دڵسۆزی خۆیەتی. کیژێ بە کەسەرەوە خۆی دەدواند و دەیگوت قازانج و دەستکەوتی ئاغای، لە سایەی مندا مانگانە پەنجا، سەد لیرە زیادی کردووە، کەچی مووچە و کرێکەی ئەم هەر لە جێی خۆیەتی، هەر ئەو دوو سەد وچل فرانکەیە کە ساڵانە وەری دەگرێت. بۆیە قەراری دا کە داوای زیادکردنی کرێکەی بکات. سێ جاران چووە دیدەنی ئاغای، بەڵام هەموو جارێ کە دەیبینی باسی شتێکی دیکەی لەگەڵدا دەکرد، شەرمی دەکرد باسی پارەی لە گەڵدا بکات، وەکو ئەوەی کارێکی نەنگین بێت. ئەنجام ڕۆژێ کە ئاغا بە تاقی تەنێ لە مووبەقەکەدا نانی دەخوارد، کیژێ بە جۆرە دوو دڵییەکەوە پێی گوت، دەیەوێ باسی شتێکی تایبەتی لەگەڵدا بکات. ئاغا بە سەرسامی سەری هەڵبڕی، هەردوو دەستی نایە سەر خوانەکە، چەقۆیەکی بەدەستەوە گرتبوو کە دەمەکەی بەرەو ئاسمان بوو، و پارووە نانێکیش بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو، چاوی بڕییە ڕوخساری کارەکەرەکەی، کیژێ بڕێک پەشۆکا، داوای هەشت ڕۆژ مۆڵەتی کرد تا بڕواتەوە بۆ گوندەکەی خۆی، چونکە نەخۆشە. یەکسەر مۆڵەتەکەی دایە وئەوسا بە جۆرە شڵەژانێکەوە لە سەری ڕۆیی:- کە هاتیەوە، منیش یەک دوو قسەم پێتە.

منداڵەکەی خەریک بوو دەبوو بە هەشت مانگان، نەیناسییەوە. ئێستا ڕەنگی هەڵهێنابوو، ڕەنگی ئاڵ و گۆناکانی خڕ بووبوو. قامکە قەڵەوەکانی دەجووڵاند، ئافرەتی تاین خۆی دا بە سەریا وەکو ئەوەی نێچیرێکی بەردەست کەوتبێ، بە جۆش وخرۆشێکی حەیوانییەوە پڕی دایە، بەتووندی کەوتە ڕاماووسانی، منداڵەکە لە ترسا دەستی بە گریان کرد. هەنگێ ئافرەتەکە دەستی بە گریان کرد، چونکە منداڵەکەی نەیدەناسییەوەو هەرکە چاوی بە دایکی دەکەوت، باوەشی بۆ دایەنەکەی دەکردەوە و هانای بۆ ئەو دەبرد.

بەڵام لە ڕۆژی دووەمەوە دەگەڵ دایکیا ڕاهات وکە دەیبینی بۆی دەگرژایەوە، دەگەڵ خۆیدا بۆ کێڵگەکانی دەبرد، دەیگرتە باوەش و بەو دەر ودەشتەدا غاری دەدا، ئەوسا لە سێبەرێکا ڕۆدەنیشت و بۆ یەکەمجار لە ژیانیا دڵی کردەوە. هەرچەندە منداڵەکەی لێی حاڵی نەدەبوو، بەڵام ئەو باسی ئازار و کار و خەمەکانی خۆی بۆ دەکرد و هێندەی نەوازش دەکرد کە تەواو ماندووی دەکرد.

وەختایەک کە لە باوەشی دەکرد، ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد، خاوێنی دەکردووەوە، جلی لەبەر دەکرد، هەستی بەو پەڕی خۆشی دەکرد، تەنانەت بە شۆردنی پیسایییەکەشی خۆشحاڵ دەبوو، وادیار بوو، دەیویست بەم کارە تەکەز لە دایکایەتی خۆی بکات. هەمیشە بە شادی و سەرسامی لێی ڕادەما و هەڵیدەپەڕاند و لە دڵی خۆیدا و لەبن لێوانەوە دەیگوت:- لە منە، من هێناومەتە دنیا، نۆبەرەکەمە، نۆبەرە بچووکەکەمە!

که مۆڵەتەکەی تەواو بوو ودەبوا بۆ مەزراکە بگەڕێتەوە، بە درێژایی ڕێگاکە هەر گریا. هەرکە گەیشتە مەزراکە، ئاغاکەی بانگی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی، ئیدی حایر وحەپەساو، بێئەوەی هۆی بانگکردنەکەی بزانێت، چوو بۆ ژوورەکەی ئاغا. ئاغا گوتی:- دانیشە.

دانیشت. ماوەیەک بەو دەقە مانەوە، هەردووکیان حەپەسابوون، کەسیان تەمەشای کەسیانی نەدەکرد.

خودانی مەزراکە، پیاوێکی قەڵەوی ناڤساڵ بوو، تەمەنی چل و پێنج ساڵان بوو، بێوە مێرد بوو، هەستی بە جۆرە پەشۆکانێکی نائاسایی دەکرد، ئەنجام بڕیاریدا و کەوتە قسان، بەدەم قسانەوە زمانی تێکدەئالاو تەمەشای دووری دەکرد... ئەنجام هەرچۆنێ بوو گوتی:- ڕۆز... تۆ قەت بیرت لە شووکردن نەکردووەتەوە؟

ڕۆز، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، ڕەنگی مردووی لێنیشت. کە ئاغا بینی وەڵامی ناداتەوە، لە سەری ڕۆیی:- تۆ ئفرەتێکی باش و ڕێک و پێک و چالاک و چەلەنگ و بە قەناعەتی. ئافرەتێکی وەکو تۆ دەبێ بەخێر وبێر بۆ هەر کەسێک کە  بیخوازێت.

بەڵام ڕۆز، حەپەسا بوو، هێندە شپرزە بوو، هیچ حاڵی نەدەبوو. وەکو ئەوە بوو، مل بە مەترسیەکی کوشندەوە بنێت. ئاغا هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوسا لە سەری ڕۆیی:- دەزانی؟ مەزرا بە بێ کەیبانوویەکی کارامە، بە باشی بەڕێوە نابرێ، تەنانەت بە کارەکەرێکی وەکو تۆشەوە بەڕێوە نابرێت.

ئاغا لێرەدا ئیدی وەستا، چونکە نەیدەزانی لەوەی زیاتر چ بڵێ. ڕۆز، وەکو ئەوەی لە هەنبەر بکوژێک وەستابێ بە ترسەوە لێی دەڕوانی و لە کەسێک دەچوو خۆی بۆ هەڵاتن ئامادە بکات.

ئەنجام دوای پێنج خولەکان، لە ڕۆزی پرسی:- ئەمە بۆ تۆ دەست دەدات؟

ڕۆز، بە ڕوخسارێکی خەمینەوە گوتی:- چی بۆ من دەست دەدات قوربان؟

ئاغا لە ناکاوا بەرسڤی دایەوە:- شووم پێ بکەیت!

ڕۆز، لە ناکاوا هەستایە سەر پێ، ئەوسا دووبارە کەوتەوە سەر کورسییەکە، جووڵەی لێ بڕا، لە یەکێک دەچوو ڕووبەڕووی شۆکی کارەساتێکی گەورە بووبێتەوە. ئاغا لە ئەنجاما، سەبری لەبەر هەڵگیرا وگوتی:- دەی دەی، لەوەی زیاتر چیت دەوێ؟

ڕۆز، بە ترسێکی زۆرەوە تەمەشای دەکرد، چاوەکانی تەژی ڕوندک بوون، دووجار و بە دەنگێکی گڕ گوتی:- ناتوانم! ناتوانم!

ئاغا پرسی:- بۆچی! دەی خۆت لە گێلی مەدە، بڕۆ تا سبەیش بیری لێبکەوە.

ئاغا بەپەلە ڕۆیی، باری سەرشانی سووک بوو، چونکە قسەی دڵی خۆی، کە زۆری ئەزیەت دەدا، کردبوو. گومانی لەوە نەبوو کە کارەکەرەکەی سبەینێ بە مەمنوونییەوە بە پێشنیازەکەی ڕازی دەبێت، چونکە بۆ ڕۆز، دۆزینەوە بوو، ڕێوی بە پیرییەوە هاتبوو، بە خەویش شتی وای دیتبا باوەڕی نەدەکرد. هەڵبەتە بۆ ئاغاش دوو شەش بوو، چونکە ئەوەی لە سایەی ئەم ژنەوە دەستی دەکەوت، زۆر زیاتر بوو لەو جیازیەی هەر ژنێکی دی لە گەڵ خۆیدا بۆی دێنا.

کەسیش باسی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم زەماوەندەو ئەم دووانە لە ڕێزەی یەکدا نییە، چونکە لە گوندیدا هەمووان تەقریبەن هاوکوف و یەکسانن. خاوەن موڵک ڕێک وەکو ڕەنجبەر و نۆکەرەکەی خۆی، کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێتە خاوەن زەوی و ئاغای خۆی، زەوی دەکێڵا. کارەکەران، دەبوون بە کەیبانوو و خانمان، بەبێئەوەی ئەم گۆڕان و دۆخە گۆڕکێیە، هیچ گۆڕانێک لە ژیان و خوو و خەسڵەتیان چێبکات.

ڕۆز، ئەو شەوە نەخەوت، لە سەر جێگاکەی کەوت، هێندە شەکەت بوو، توانای گریانیشی نەبوو. هەستی بە جەستەی خۆی نەدەکرد، بیری پەرت بوو، لە خورییەک دەچوو هەلاجی کرابێ.

هەندێجار بۆ ساتێکی کورت بیری کۆ دەکردەوە، پاشان هەرکە بیری لە ئایندەی خۆی دەکردەوە، ترسی لێدەنیشت و بیری پەرت دەبووەوە.

ترسی تەواو زاڵ بوو، هەرجارێ سەعاتە گەورەکەی مووبەقەکە لێی دەدا و لە بێدەنگی ماڵە نووستووەکەدا دەنگی دەدایەوە، ئارەقەی خەم لە سەراپای دەچۆڕا. خەریک بوو تێکدەچوو، مۆتەکە سواری سەری دەبوو، مۆمەکەی کوژایەوە، نۆرەی وڕینە هات، ئەو وڕینەیەی بە سەر خەڵکێن گوندەوارانداا زاڵ دەبێت و وا وێنا دەکەن ئەمە نەفرەتی قەدەرە و تووشیان بووە، هەستیکرد پێویستی بە سەفەرە، بە هەڵاتن و ڕاکردنە لە کارەساتێکی دژوار، وەکو بەلەمێک کە تووشی گەرداوێکی بەترەف دەبێت.

کوندێک خوێندی، ناخی داخورپا، بەدەم ڕاچڵەکینەوە هەستایە سەر پێیان، دەستی بەسەر چاو وبە قژەکەیدا هێنا. وەکو شێت دەستی بە جەستەی خۆیدا هێنا، ئەوسا دابەزی، وەکو ئەوانەی بەدەم خەوەوە دەڕۆن، کەوتەڕێ. کە گەییە ناو حەوشە بە ماتە مات و بە چوار چنگۆڵە ڕۆیی تا یەکێک لە سیخۆڕە نەگریسەکان نەیبینێ، مانگ خەریک بوو ئاوا دەبوو، تریفەی بەسەر کێڵگەکاندا بڵاو بووبووەوە، لە جیاتی دەرگاکە بکاتەوە، بە هەورازەکەدانشێو بووەوە، کە گەییە بەرانبەر کێڵگەکان، پێی وەغارەوە نا، ڕاستەوڕاست غاری دەدا، ناو بە ناو، لە خۆڕا، بە بێئەوەی ئاگای لە خۆ بێ، هاوارێکی توندی دەکرد. سێبەرە درێژەکەشی، لە سەر ئەرزەکە و لە تەنیشتییەوەو لە سەر ئەرزەکە نەخش بووبوو و گوێ بە گوێی ئەو ڕایدەکرد، جار جار کوندێک خەبەری دەبووەو بە سەر سەرییەوە دەسووڕایەوە.

سەگ لە حەوشی مەزراکاندا دەوەڕین و ئەو بەدەم ڕێکردنەوە گوێی لە دەنگیان دەبوو، یەکێک لەو سەگانە بە سەر خەنەکەکەدا بازیدا، هێرشی بۆ برد کە بیگەزێت، بەڵام ئەو ڕووی تێکرد و بە توندی تێی خوڕی، سەگەکە ترسا، کلکی دە گەڵۆزی نا و خۆی بە کولانەکەیا کرد و بێدەنگ بوو.

برێک بێچووە کەروێشک خەریکی هەڵقون هەڵقون بوون، کە ڕۆز، بەو تووڕەییەوە غاری دەدا و دەتگوت دیانای خواوەندە و شێت بووە، کەروێشکەکان بە خۆ ودایکیانەوە ڕەوینەوە، سرک و سڵۆک خۆیان بە کەلەبەرێکا کرد، باوکەکەیان بەوپەڕی خێرایی بۆی دەرچوو، هەندێجار وا دەهاتە بەرچاو وەستاوەو سێبەرە سرکەکەی لە سەر مانگەکە، کە لە ئاوابووندا بوو، عەکس بووەتەوە. مانگەکە  کە لە کەلی ئاوابوون نزیک بووبووەوە، دەتگوت چرایەکی گەورەیە و لە سەر عاردی دانراوە.

ستێران بە ئاسمانەوە نەمان، تەیر و تو، تاک و تەرا کەوتنە خوێندن، ڕۆژ خەریک بوو هەڵدەهات، کیژێ هانکە هانکی پێکەوتبوو، ماندوویەتی بڕستی لێ بڕی بوو، وەختایەک خۆر هەڵات و سپێدەی سووربای ڕەوییەوە، ڕۆز لە ڕێکردن وەستا. پێیەکانی ئاوسابوون، نەیدەتوابت ڕێ بکات، بەڵام زەلکاوێکی گەورەی بەدی کرد، ئاوە

وەستاوەکەی لە بەر ڕۆشنایی ڕۆژی تازەدا سوور لە خوێن دەچوو، بە شەلە شەل ڕۆیی، دەستی لە سەر دڵی دانابوو، پێی بە ئاوەکەدا دەکرد.

لە سەر گورزە گیایەک ڕۆنیشت، پێڵاوە ئەستوورە تەپوتۆزاوییەکانی داکەند، گۆرەوییەکانی داکەند، لاقە شینەوە بووەکانی بە ئاوە وەستاوەکەدا کرد، لێرە و لەوێ ئاوەکە کەوتە بڵقە بڵق.

ئیدی سەراپای لە بن پێیەوە تا تۆقی سەری فێنک بووەوە، لە کاتێکا دەیڕوانییە ئەم زەلکاوە قووڵە، سەری بە گێژەوە چوو، حەزیدەکرد خۆی بخاتە ئاوەکەوەو خۆی بخنکێنێ، ئیدی بۆ هەتاهەتایە ئازارەکانی لە کۆڵ دەبێتەوە. بیری لە کوڕەکەی نەدەکردەوە، لە خەمی ئاسوودەیی و خەوێکی یەکجارەکیدا بوو. هەنگێ هەستایە سەر پێیان، دوو هەنگاوی بۆ پێشەوە نا، هەر دوو ، هەر دوو باسکی بەرز کردنەوە. نها ئاوەکە تا هەردوو ڕانی هاتبوو، خەریک بوو خۆی بخاتە ئاوەکەوە کە چزە لە هەر دوو پاژنەی هەستا و لە تاوا بەرەو دوا گەڕایەوە.

هاوارێکی نائومێدانەی کرد، چونکە زەروویانی ڕەش لە ئەژنۆکانیەوە تا پێیەکانی تێی وڕوکابوون و خوێنەکەیان دەمژی، لە ترسا هاواری دەکرد، هات و هاوارەکەی گەییە جووتیارێک کە بە خۆی و عارەبانەکەیەوە، بەو ناوەدا تێدەپەڕی. ئیدی فریای کەوت، هەموو زەرووەکانی یەک یەک لێکردەوەو برینەکانی بە گیا بۆ بەست و کیژێی خستە عەرەبانەیەکەوەو بۆ ئاغای بردەوە.

پازدە ڕۆژان لە جێگادا کەوت. ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشییەکەی هەستایەوە و هات لەبەر دەرگا دانیشت، لە ناکاوا ئاغای هات، لە بەر دەمیا وەستا و گوتی:- ئێ تەواو، شتەکە بڕاوەتەوە وانییە؟

کیژێ لە هەوەڵەوە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئاغا بە دیارییەوە وەستا. کیژێ زۆر بە زەحمەت گوتی:- نەخێر قوربان، ناتوانم.

ئاغا لە ناکاوا تووڕە بوو وگوتی:- ناتوانی کچی باش... باشە بۆ ناتوانیت؟

کیژێ بەدەم گریانەوە دووبارەی کردەوە:- ناتوانم.

ئاغا، بە وردی لێی ڕاما، ئەوسا هاواری بەسەریا کرد:- یانی دڵدارت هەیە؟

کیژێ، کە لە شەرما دەلەرزی لە بن لێوانەوە گوتی:- ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ.

ئاغا کە وەکو گوڵاڵە سوور هەڵگەڕابوو، بە تووڕەیی گوتی:- ئەها، کەواتە دان بەوەدا دەنەی هەی نەگبەت! باشە ئەم دڵدارە کێیە؟ پیاوێکی پێخاوسی، نەبووی گیرفان بەتاڵی، بێنەوای لە برسا مردووە! پێم بڵێ کێیە؟

کە کیژێ هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئاغا گوتی:- ئەها، ناتەوێ بیڵێی... کەواتە من ناوەکەیت پێدەڵێم، جان بودییە

کیژێ هاواریکرد:- نەخێر! ئەو نییە...

- کەواتە بییتر مارتانە.
- نەخێر گەورەم.

ئاغا بە نیگەرانییەوە، ناوی یەک بە یەکی گەنجانی گوندەکەی دەژمارد و دەهێنا، بەڵام کیژێ حاشای لە یەک بە یەکیان دەکرد وبە چمکی بەرکۆشە شینەکەی چاوی دەسڕی، بەڵام ئاغا هەر کۆڵی نەدەدا، بە ڕژدییەوە

چینەی لەو دڵە دەکرد تا بگاتە سرەکەی، لە تاژییەک دەچوو ڕۆژێکی تەواو بە دیار کونێکەوە بوەستێ، تا بگاتە ئەو حەیوانەی بۆنی کردووە، ئاغا لە ناکاوا هاواریکرد:- ئەها! دۆزیمەوە! جاکە، نۆکەرەکەی پار. دەیانگوت قسەی دەگەڵدا دەکردی و بەڵێنتان بەیەکدی دابوو کە زەماوەند بکەن.

ڕوز، بێدەنگ بوو، دەم و چاوی سوور بووەوە، لە ناکاوا لە گریان کەوت، فرمێسک لە چاوی بڕا، وەکو چۆن دڵۆپە ئاوێک دەکەوێتە سەر ئاسنێکی سوورەوە بوو، یەکسەر وشک دەبێتەوە، بەو ئاوایە فرمێسکەکانی وشک بوونەوە و هاواریکرد:- نەخێر، ئەو نییە... ئەو نییە.

ئاغای فێڵباز، کە خەریک بوو سەرە داوی ڕاستیەکەی دەدۆزییەوە، پرسی:- یانی تۆ دڵنیایت؟

کیژێ بەرسڤی دایەوە:- سوێندت بۆ دەخۆم! سوێند دەخۆم.

لە شتێک دەگەڕا سوێندی پێ بخوات... جورئەتی نەدەکرد سوێند بە شتە پیرۆزەکان بخوات. ئاغا قسەکەی پێبڕی و گوتی:- لە هەموو شوێنێ دووت دەکەوت، لە کاتی نان خواردنا خەریک بوو بە نیگا قووتی دەدای، هیچ بەڵێنێکت پێ دابووو؟ ها؟ قسە بکە!

ئەمجارەیان، چاوی لە دوڕ چاوی ئاغای بڕی و گوتی:- هەرگیز، هەرگیز. بە زاتی خوا، ئەگەر ئەمڕۆ، ئا ئێستا بێتە خوازبێنیم ڕەفزی دەکەم.

پێدەچوو ڕاست بکات، ئاغا کەوتە دوو دڵییەوە، وەکو یەکێک خۆی بدوێنێ، گوتی:- ئەی مەسەلەکەت چییە؟ بە هەرحاڵ، هیچ کارەساتێکت بەسەر نەهاتووە، دەنا خەڵکەکە پێیان دەزانیت.

باشە، کە دڵداری هیچ باجێکی لەسەر نەبێ، ماقووڵە کارەکەرێک ئامادە نەبێ شوو بە ئاغاکەی بکات، دیارە دەبێ هۆیەک هەبێت.

ئاغا پرسیارەکەی لێی دووبارە کردەوە:- یانی ناتەوێ؟

ڕۆز، هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:- ناتوانم ئەزبەنی!

ئاغا پشتی تێکرد و ڕۆیی. ڕۆز وایزانی تەواو لە کۆڵی بووەوە، باقی ڕۆژەکەی بە نیمچە ئارامییەک بەسەر برد، بەڵام زۆر شەکەت و ماندوو بوو، وەکو ئەوە بوو لە بەیانییەوە ئەویان لە جیاتی پیرە ئەسپە سپیەکە، لە دەڕاسەکە بەستبێ و درەوی گەنمیان پێکردبێ.

چوو بۆ سەر جێگاکەی خۆی، پاڵکەوت، یەکسەر خەوی لێکەوت.

دەوروبەری نیوەشەو، دەستێک کە بە جێگاکەیدا دەگێڕدرا، خەبەری کردەوە، بە ترسەوە ڕاپەڕی، بەڵام یەکسەر دەنگی ئاغای ناسییەوە کە دەیگوت:- ڕۆز، مەترسە، منم من! هاتووم قسەت لەگەڵدا بکەم.

ڕۆز، لە هەوەڵەوە حەپەسا، بەڵام یەکسەر لە مەبەستی حاڵی بوو، دەیویست خۆی بەژێر لێفە و چەرچەفەکانیا بکات. لەرزێکی توندی لێهات، لە تاریکییەکەدا هەستی بە تەنیاییەکی سامناک کرد، هێشتا چاوی بە خەوەوە بوو. بەبێ موبالاتیەوە کەوتە بەرەڤانی، لە هەمان کاتدا بەگژ غەریزە و ئارەزووی خۆیدا دەچوو، ئەو غەریزە و ئارەزووەی کە ئەو خەڵکە سادە و ساکارانە، لەبەر بێ باشاری خۆیان بۆیان بەرهەق نەدەکرا.

ئیدی جاریّ سەری بۆ لای دیوارەکە و جاریّ بۆ ناو ژوورەکە وەردەگێڕا، تا نەیەڵێ ئاغا ماچی بکات. جەستەی لە ژێر نوێنەکەوە بە ئاستەم هەڵدەپلا، ململانێکە بڕستی لێبڕی بوو، بەڵام ئاغا، بووبوو بە دڕندەیەکی هۆڤی. هەنگێ هەستیکرد، لەوەی پتر بەرەڤانی پێناکرێت،لە شەرما، شەرمێکی وەکو شەرمی وشترمر، ڕوخساری لە نێو هەردوو دەستی نا، ئەوسا دەستبەرداری بەرەڤانی وداکۆکی بوو.

ئاغا، بە درێژایی شەوەکە لە پاڵیا مایەوە، شەوی دواتریش بۆ لای چووەوە، نەخێر کردی بە پیشەی هەموو شەوان. وەکو ژن و مێرد پێکەوە دەژیان.

ئاغا، بەیانییەک پێی گوت:- مەسەلەی زەماوەندەکەمانم بڵاو کردووەتەوە، مانگی داهاتوو بە فەرمی زەماوەند دەکەین.

ڕۆز، وەڵامی نەدایەوە. وەڵامی چی بداتەوە؟ هیچ مقاوەمەتێکی نەکرد. دەیتوانی چی بکات؟

شووی پێکرد، هەستیدەکرد کەوتۆتە بیرێکی بێ بنەوە و ناتوانێ لێی بێتە دەرەوە. هەستی دەکرد، کێشەی هەموو دنیا بە سەر سەریەوە وەستاوەو لە ئان وساتدایە، وەکو تاوێران بەسەریا بڕوخێت. هەستی دەکرد دزی لەم پیاوە کردووە و ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم شتە ئاشکرا دەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە بیری لە منداڵەکەی دەکردەوە، کە سەرچاوەی هەموو کلۆڵیەکانی ولە هەمان کاتدا هەموو شادیەکانی بوو. ساڵی دوو کەڕەتان دەچوو بۆ دیتنی منداڵەکەی، لە گەڕانەوەدا زۆر خەمبار دەبوو. بەڵام بەرەبەرە ترسەکانی ڕەوییەوە، دڵی ئاسوودە بوو، ژیانی تا ڕادەیەک هێور بووەوە، ئەگەرچی هێشتا ترسێکی گۆنگ لە دڵ و دەروونی ئاڵابوو.

ساڵان بوورین، منداڵەکەی گەورە بوو، پێی نایە ناو شەش ساڵانەوە، کە لە ناکاوا مگێزی ئاغا تێک چوو، هەستی بە جۆرە شادییەک کرد.

دوو سێ ساڵێک بوو، ئاغا لەوە دەچوو بەدەم جۆرە نیگەرانیەکەوە بتلێتەوە، پێدەچوو خەمێک خوێناوی جەرگی بخواتەوە، ماوەیەکی زۆر لە سەر خوانەکە دەمایەوە، خەمین و دۆشداماو سەری لە نێو هەر دوو دەستی دەنا. زوو تووڕە دەبوو، لەوە دەچوو لە دڵی خۆیدا لە ژنەکەی بە گومان بێ، هەندێجار بە توندی یان بە تووڕەیی وەڵامی ژنەکەی دەدایەوە.

ڕۆژێک، کوڕی یەکێک لە دراوسێکانیان هاتبوو بۆ هێلکە کڕین، ڕۆز چونکە پەلەی بوو لە کوڕەی تاین تووڕە بوو، مێردەکەی هات بەسەرا و بە توندی گوتی:- ئەگەر کوڕی خۆت بوایە، بەوجۆرە ڕەفتارت لە گەڵیا دەکرد.

ڕۆز حەپەسا، نەیدەزانی چ بڵێت، سەرچاوەی هەموو ئازار وخەمەکانی ژیایەوە.

خودان مەزراکە ئێواریّ هیچ نەیدواند، تەمەشای نەدەکرد، پێدەچوو لێی پڕ بێ، دیارە شتێکی لە بارەی ئەمەوە بۆ گێڕدراوەتەوە. ڕۆز، خەریک بوو تێکدەچوو، نەوێرا دوای شام بەتەنێ لەگەڵیا بمێنێتەوە، سووکێ بەرەو کڵێسا دایکێشا.

شەو تاریک داهات، ناو کڵێساکە تاریک بوو، بەڵام لە بێدەنگیەکەدا ولە نزیکی شوێنی سروود خوانەکانەوە دەنگی پێ دەهات، شەماسەکە خەریک بوو چرای دادەگیرساند، ئەم خاڵە ڕوناکیە لەرزۆکە لە ناوجەرگەی تاریکی قوببەی کڵێساکەوە، بۆ ڕۆز مژدەی خێر بوو، کەوتە سەر چۆکان و چاوی بڕییە ڕوناکییەکە.

چراکە بەرەو ئاسمان هەڵکشا، دەنگی زنجیرەکەی دەهات، ئەوسا دەنگی ڕێک و پێکی قاپقاپێک بەرز بووەوە. زەنگە چکۆلەکە لە میانی چرە تەمەکەوە کاتی نوێژی مژدەی شەوی ڕاگەیاند.

کە کابرا لێبڕا وەدەربکەوێ، ڕۆز خۆی گەیاندێ وگوتی:- جەنابی قەشە لەماڵە؟

بەرسڤی دایەوە:- پێموایە چونکە هەمیشە لە کاتی نوێژی مژدەدا نانی ئێوارە دەخوات.

ئەوسا، بە ترس ودوو دڵییەوە، دەرگای قەشەکەی کردەوە، قەشەکە خەریکی نانخواردن بوو، بەپەلە ڕۆزی دانیشاند.

- بەڵێ، بەڵێ، دەزانم مێردەکەت باسی ئەوەی بۆ کردووم کە چ شتێک بۆ ئێرەی هێناویت.

ژنەی بێنەوا، داڕوخا، قەشەکە لە سەری ڕۆیی وگوتی:- چیت گەرەکە کچەکەم؟

بەپەلە چەند مراکە شۆربایەکی هەڵمەقووت کرد، شۆرباکە دەتکایە سەر جبە پیسەکەی کە لە ئاستی ورگیەوە بەرز بووبووەوە.

ڕۆز، نەیوێرا هیچ قسەیەک بکات، دەمی چووە کلیلەوە. هەستا.

قەشەکە پێی گوت:- مەترسە. غیرەت وەبەرخۆ بنە.

ڕۆز، وەدەرکەوت. بۆ مەزراکە گەڕایەوە، بە خۆیشی نەیدەزانی چ بکات. ئاغا چاوەڕوانی دەکرد، کرێکارو ڕەنجبەرەکان، لەو ماوەیەدا کە ئەو لە کڵێساکە بوو، ڕۆیی بوون. خۆی هاوێشتە سەر لاقی مێردەکەی، گریا، ڕوندک وەکو بارانی بوهار بە چاویا دەهاتە خوارێ، گوتی:- بۆچی دەم بوغزێنیت؟

کابرا هاواریکرد:- منداڵم نییە! مرۆڤ بۆ ئەوە ژن نایەنێ تا هەتا هەتایە بە دوو قۆڵی بژین. من پەست و خەمباری ئەمەم، ئەگەر چێلێک نەزێ ناکاتە هیچ، ژنیش ئەگەر منداڵی نەبێت پولێکی قەڵب ناهێنێت.

ڕۆز، بەدەم گریانەوە دەیگوت ودەیگوتەوە:- خەتای من نییە، لە من نییە، مەسەلەکە لە من نییە.

هەنگێ خودان مەزراکە کەمێک هێور بووەوەو لە سەری ڕۆیی:- من نەمگوتووە لە تۆیە. بەڵام بەهەرحاڵ شتێکی ناخۆشە.

لەو ڕۆژەوە هەموو خەم و خولیایەکی ڕۆز هاتە سەر ئەوەی منداڵێکی ببێت، منداڵێکی دی. ئەم حەزەی لای هەموو کەسێک باسدەکرد.

ژنێکی دراوسێیان تەگبیرێکی بۆ کرد کە هەموو شەوێک کووپێ ئاو، بە تۆزێ خۆڵەمێشەوە بدات بە مێردەکەی. مێردەکەی ئەمەی قەبووڵ کرد، بەڵام ئەم تەگبیرە هیچ ئاکامێکی نەبوو.

ڕۆز لە دڵی خۆیدا گوتی:- ڕەنگە سرێک لە ئارادا بێ؟

پرسیاریان کرد، خەڵکی ناونیشانی شوانێکیان بۆ هەڵدا، ئەم شوانە دە فرسەخێک لە مەزراکەی ئەوانەوە دوور بوو. جەنابی فالان گالیسکە بچووکەکەی ئامادە کرد، چوو بۆ لای شوانە تا ڕێگەیەکی پێ نیشانبدات. شوانەکە کولێرەیەکی دایە کە چەند ئاماژەیەکی لە سەر نەخشاند. کولێرەیەک کە لە هەویری هەندێ ڕووەک وگیا

دروستکرابوو، دەبوایە ژن و مێرد، پێش خەوتن و پاش خەوتن سەروو پارووی لێبخۆن. هەموو کولێرەکەیان خوارد، هیچیان بە هیچ نەکرد.

وەستایەک هەندێ سرِی بۆ کەشف کردن، هەندێ رِێگا کە خەڵکی گوند نەیاندەزانی، گوایە رِێگای مسۆگەر بوون، ئەمەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

قەشەکە پێشنیازی ئەوەی کرد کە زیارەتی دێری سان دی فیکامب بکات. رِۆز، دەگەڵ خەڵکیدا رِۆیی بۆ دێری ناڤبری، لەوێ کەوتە نوێژ ونزا، پارِانەوەو لاڤەکانی تێکەڵ بەو دوعا و نزایانە بوو کە لە کانگای دڵی هەموو جووتیارە ساکارەکانەوە هەڵدەقوڵا، لە خوای بەرز و توانا، کە هەمووان لێی دەپارِانەوە، پارِایەوە کە منداڵێکی دیکەی بداتێ. بەڵام بێهودە. هەنگێ وای وێناکرد کە ئەمە تۆڵەیە و خوا لە سەر هەڵەکەی یەکەمی لێی دەکاتەوە. خەمێکی بە سوێ چووە دڵییەوە.

خەم بەرە بەرە هێزی لەبەر دەبرِی، مێردەکەی هێدی هێدی پیر بوو، وەکو دەڵێن خەم خوێنی دەخواردەوە و خۆزیا وئاواتە مەحاڵەکان لە بنیان دەهێنا.

هەنگێ شەرِیان کەوتە بەینەوە، پیاوە جنێوی دەدایێ و لێی دەدا، رِۆژ تا ئێوارێ شەرِی دەگەڵ دەکرد، شەوێ لە ناو جێگادا بە جنێو وقسەی ناشیرین دایدەگرتەوە.

شەوێک، کە خۆیشی نەیدەزانی چۆن زیاتر سەر بکاتە سەری و عەزابی بدات، زۆری لێکرد کە رِابێت و برِوات لە بەر دەرگاکەدا و لە ژێر بارانەکەدا تا بەیانی رِابوەستێت. وەختایەک رِۆز ئەو داوایەی رِەفزکرد، ملی گرت و بە مست بەربووە رِوخساری، رِۆز نە هیچی گوت و نە لە جێی خۆی جما. کابرا بە جارێ دین و هار بوو، هەر دوو ئەژنۆی خستە سەر زگی و کەوتە لێدانی، لە حەژمەتا ددانی بە جیرِەوە دەبرد. هەنگێ ژنێ غیرەتی نائومێدی گرتی، بەتووندی پاڵی بە مێردەکەیەوە نا، کێشای بە دیوارەکەدا و، لە جێگای خۆی هەستا و بە رِاوێژێکی توند گوتی:- من منداڵم هەیە، منداڵم هەیە! منداڵەکەم لە جاکە، ئەو جاکەی بە خۆت زۆر چاکی دەناسیت، جاک، بە تەما بوو بمخوازێت، بەڵام رِۆیی.

کابرا حەپەسا، لە بن لێوانەوە گوتی:- ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ وتت چی؟

هەنگێ رِۆز، دەستی بە گریان کرد، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە و لە بن لێوانەوە دەیگوت:- هەر لەبەر ئەوەش بوو نەمدەویست شووت پێبکەم. نەدەوێرام ئەو رِاستییەت پێ بڵێم، دەنا دەرت دەکردم و خۆم و کورِەکەم لە برسا رِەزیل دەبووین... تۆ منداڵت نابێت، تۆ نەزۆکی... خۆت بەمە نازانیت.

پیاوە، بە شێوەیەکی میکانیکی و بە سەرسامییەکی فرەوە، لە بەر خۆوە دەیگوت و دەیگوتەوە:- کورِت هەیە؟ کورِێکت هەیە؟

رِۆز، بەدەم هەنسک هەڵدانەوە گوتی:- تۆ بە تۆپزی زەوتت کردم، رِەنگە بەمەشت زانی بێ؟ بەڵام من نەمدەویست شووت پێبکەم.

هەنگێ پیاوە هەستا، مۆمەکەی داگیرساند، دەستی لە پشتی نان و بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ. رِۆز، هێشتا لە سەر جێگاکە کەوتبوو دەگریا. پیاوە، لە ناکاوا لە بەردەمیا وەستا وگوتی:- کەواتە عەیبەکە لە منە کە تۆ منداڵت نەبووە!

ڕۆز، بەرسڤی نەدایەوە، کابرا لە سەر هاتوچۆکەی بەردەوام بوو، دووبارە ڕاوەستا ولە ڕۆزی پرسی:- منداڵەکەت تەمەنی چەندە؟

لە بن لێوانەوە گوتی:- پێی ناوەتە ناو شەش ساڵان.

دووبارە لێی پرسی:- ئەدی بۆ ئەمەت بە من نەگوت.

بەدەم ئاخینەوە گوتی:- چما دەوێرام؟

کابرا، لە جێی خۆی ڕەق ڕاوەستا، ئەوسا گوتی:- دەی ڕابە.

ڕۆز بە زەحمەت ڕابوو، وەختایەک هەستایە سەر پێیان وخۆی بە دیوارەکەوە گرت، کابرا، ڕێک وەک ئەو کاتانەی کە دڵی خۆشبا، لە کانگەی دڵەوە لە قاقای پێکەنینی دا.

ڕۆز، هێشتا هەر نیگەران و پەشێو بوو، کابرا لە سەری ڕۆیی:

- دەی زۆر باشە، دەچین ئەو منداڵە دێنین، مادام خۆمان منداڵمان نەبوو.

ڕۆز، ترسێکی سەیری لێنیشت، ئەگەر بیتوانیبا، پێی وەغارێوە دەنا وهەڵدەهات، لێ پیاوەکەی، بەدەم هەڵگلۆفتنی دەستەکانیەوەو لە بەر خۆوە دەیگوت:- من بە تەما بووم منداڵێک هەڵبگرمەوە، وا ئەمەم دۆزییەوە، مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ، ڕێی دوورم بۆ نزیک بووەوە. قەشەکەم ڕاسپاردبوو، منداڵێکی بێکەسم بۆ پەیدا بکات.

ئەوسا بەدەم پێکەنینەوە ژنەکەی ماچ کرد. سەر گۆناکانی ژنەکەی، کە هێشتا کوڵی گریانی لە جۆش نەکەوتبوو، ڕامووسی و، بە دەنگی بەرز گوتی:- دەی ئافرەت، دایکێ، ڕابە با بزانین شۆربا ماوە، پێمگوتبوون مەنجەڵێکی تەواو لێبنەن.

ڕۆز، بەرکۆشەکەی لەبەرکرد، بە دوو قۆڵی دابەزین، ڕۆز کەوتە سەر چۆکان وئاگری ژێر مەنجەڵەکەی هەڵکرد، کابرا ڕووی گەشابووەوە، هێشتا بە هەنگاوی هەڕاوەوە، بەناو مووبەقەکەدا دەهات و دەچوو، دەیگوت و دەیگوتەوە:- زۆر چاکە، بەڕاستی دڵم خۆشە، ئەمە قسەی دڵمە، لە ڕووپامایییەوە نییە، دڵم خۆشە، زۆر دڵم خۆشە.

## غوسڵی تەعمید

پیاوان لەبەر دەرگایماڵەوە ڕاوەستابوون، جوانترین جلکیان لەبەر کردبوو، هەتاوی مانگی ئایار، دەیدا لە ترۆپکی دار سێوەکان، هەموو دارەکان گوڵیان کردبوو، لە دوورەوە سپی دەچوونەوە، بۆنی گوڵەکان دنیای پڕ کردبوو، گوڵ کەپر ئاسا هەموو حەوشەکەی گرتبووەوە، پەڕەی گوڵەکان بەدەم باوە دەوەرین، وەکو کڵوە بەفران بە سەر گیایە درێژەکانا دەکەوت. گوڵی بسنلی وەکو بڵێسەی ئاگر دەدرەوشایەوە، گوڵە خەشخاش لە دوورەوە لە دڵۆپە خوێن دەچوو.

حەیواناتی ماڵی لە دەوروبەردا دەسوڕانەوە، مالۆسێکی قەڵەو لە قەراخ زبڵدانەکەدا وەرکەوتبوو، گوانەکانی پڕ بوون لە شیر، کودەڵەکانی (بێچووە بەراز) بەدەم یارییەوە، بە دەوریا دەسوڕانەوە.

لە ناکاوا، زەنگی کڵێساکە لە پشت دار ودرەختەکانی گوندەکەوە کەوتە لێدان. دەنگە کز ودوورەکەی بە ئاسمانی شین و سامالدا بڵاودەبووەوە، تەیر وتوو لە شەقەی باڵیان دەدا وبۆی دەردەچوون و بە سەر دار زانە درێژەکاندا دەفڕین.

ناو بە ناو بۆنی حەیوانە ماڵییەکان دەهات وتێکەڵ بەو شنە خۆشە دەبوو کە لە دار سێوەکانەوە بەرز دەبووەوە. یەکێک لەو پیاوانەی کە لە بەر دەرگا وەستابوون، ئاوڕی دایەوە، ڕووی کردە ماڵەکە و هاواریکرد:- دەی! با بڕۆین ملینا، وا زەنگەکان لێدەدەن!

پیدەچوو تەمەنی هەر سی ساڵێک بێ، پشتی نەچەمی بوو، کاری سەخت و دوور و درێژی کێڵکە و فەلاحەتی نەیشێواندبوو، بابە پیرەکەی، کە بەدەنی وەکو پیرە دارێک خوار وخێچ بووبوو، دەستەکانی ئاوسا بوون و لاقی خوار بووبوون، گوتی:- ژنان قەت ئامادە نابن.

دوو کوڕەکەی دیکەی پیرەمێرد، لە قاقای پێکەنینان دا، برا گەورەکە، ئاوڕی لای برا بچووکەکەی دایەوە و گوتی:- بولیت هەڕە گازیان بکە، دەنا تا نیوەڕۆ حازر نابن.

و کوڕە گەنجەکە وەژوور کەوت.

پۆلێ سۆنە (مراوی) لە نزیکی جووتیارەکان وەستابوون، کەوتنە قارە قاڕ وباڵەفڕە، ئەوسا، ئەوسا بە خنە خن و بە کاوەخۆ بەرەو زەلکاوەکە نشێو بوونەوە.

هەنگێ ئافرەتێکی قەڵەو هاتە بەر دەرگاکە، منداڵێکی دوو مانگانی بە باوەشەوە بوو. ئۆیە و نەواری کڵاوە سپیە قووچەکەی بە پشتیا و بە سەر شاڵە سوورە کاڵەکەیا شۆڕ بووبووەوە. منداڵەکە، لە قوماتێکی سپییەوە پێچرا بوو و بە سەر ورگە زەلامەکەی کارەکەرەکەوە بوو.

ئەوسا، دایکی منداڵەکە هاتە دەرێ، ئافرەتێکی باڵابەرزی گۆشتن بوو- تەمەنی هەژدە ساڵ دەبوو و نەدەبوو- زۆر ناسک و ڕوو گەش بوو، قۆڵ لە قۆڵی مێردەکەی هاتە دەرێ. دوای ئەوە هەر دوو داپیرە، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە وچرچەڵەکە هاتنە دەرێ، ماندوویەتی ئەو تەمەنە درێژەیان پێوە دیاربوو کە لە کاری سەختا بە سەریان بردبوو. یەکێکیان بێوەژن بوو، قۆڵی ئەو باپیرەیەی گرت کە لە بەر دەرگاکە وەستابوو، کەوتنە پێش خەڵکەکە و ڕێک لە دوای منداڵەکە و مامانەکەوە ڕێیان دەکرد، باقی ئەندامانی ماڵباتەکە دوویان کەوتن، منداڵان سەر و کیسەی کاغەزی پڕ لە شەکرۆکەیان پێبوو.

زەنگە بچووکەکە لەوێندەر لە یەکبینە لێی دەدا، منداڵە ساواکەی گاز دەکرد... منداڵان سەرکەوتنە سەر پردەکە، خەڵکانێکی زۆر لە پشت لەمپەڕ وپەرژینەکانەوە بەدیارکەوتن، کارەکەرانی مەزراکە ڕاوەستان، سەتڵە شیرەکانیان دانا، تا سەیری کەژاوەی تەعمیدەکە بکەن.

کارەکەرەکە کە منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، بە کەش وفشەوە ڕێی دەکرد، خۆی لە چاڵە ئاوەکانی سەر ڕێگاکە دەبوارد. پیرەمێرەکان، بە ویقارەوە لە پێشەوە ڕێیان دەکرد، لەبەر پیری و لەش بە باری خۆیان، جارجار نووچیان دەدا. بەڵام گەنجەکان تامەزرۆی سەما و ڕەقسین بوون، دەیانڕوانییە ئەو کیژانەی کە هاتبوون بۆ تەمەشاکردنیان. داک و بابەکە – زۆر بە جدی و بە ویقارەوە – دوای ئەم منداڵە کەوتبوون کە لە ئایندەدا جێی ئەوانی لە ژیاندا دەگرتەوە، ناوی ئەوانی لە گوندەکەدا زامن دەکرد، ناوی " دانتو " ی ناوداری لە دیارو دەڤەرەکەدا دەپاراست. نەیدەهێشت ناوی ئەوان کوێر ببێتەوە.

ڕوویان کردە دەشتەکە، بە نێو کێڵگەکاندا، ڕێگاکەیان قەدبڕ کرد. ئەوسا کڵێساکە بە بورجە قیتەکەیەوە بەدیار کەوت، کەلێنێ لە بورجەکەدا بوو، شتێک لەو دیوییەوە و لە پشت پەنجەرە بچووکەکەوە دەهات و دەچوو. ئەمە ئەو زەنگە بوو کە لە نەوەساندا بوو و منداڵە ساڤالۆکە، تازە زاوەکەی بانگ دەکرد:- یەکەم جارە وەرە ماڵی خوای بەخشندە ودلۆڤانەوە.

سەگێکیان بە دواوە بوو، منداڵان شیرینیان بۆ هەڵدەدا و بە دەوریانەوە هەڵدەبەزییەوە.

دەرگای کڵێساکە کرابووەوە.... بەڵام قەشەکە، کە گەنجێکی قژ سووری بە دار وبار بوو، لە بەردەم میحراب و قوربانگەی کڵێساکەدا ڕاوەستابوو... ئەم قەشەیە مامی منداڵە ساواکە بوو، برازاکەی، بە گوێرەی ڕێوڕەسمی ئاینی و بەدەم غوسلی تەعمیدەوە ناو نا " بروسبیر – سیزار " ، منداڵەکە بەدەم تامکردنی خوێی ڕەمزییەوە گریا. وەختایەک ئاهەنگ و ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، ماڵباتەکە لە بەردەم کڵێساکە وەستا تا یارۆی قەشە جبەی نوێژەکەی دابکەنێ. ئەوسا بلەز کەوتنە ڕێ، ئەمجارەیان پەلەیان بوو، چونکە برسیان بوو و بیریان لەلای شێو بوو. هەموو منداڵانی گوند دوایان کەوتن. هەرچەند نوقڵ و شەکرۆکەیان بۆ هەڵدەدان، لێیان دەبوو بە شەڕ، دەستیان دەنایە قژی یەک، سەگەکەش خۆی بە ناویاندا دەکرد تا شیرینی کۆ بکاتەوە، ئیدی کلکیان، گوێیان یان لاقیان ڕادەکێشا، بەڵام لە منداڵەکان لاسارتر و چاو قایمتر بوو.

کارەکەرەکە هەستی بە سووکە ماندوو بوونێک کرد، بە قەشەکەی، کە لە نزیکی ئەوەوە ڕێی دەکرد، گوت:- قوربان جەنابی قەشە تۆزێ برازەکەت لە باوەش ناگری، تا کەمێک ئیسراحەت بکەم ... هەست دەکەم گەدەم تەواو نییە.

یارۆی قەشە منداڵەکەی لێوەرگرت، جبە سپیەکەی لە پەڵەیەکی سپی دەچوو بە سەر جلە ڕەشەکانیەوە. منداڵەکەی ماچکرد، هەڵگرتنی ئەم منداڵە ساوایەی لەبەر گران بوو، چونکە نەیدەزانی چۆنی هەڵگرێت، یەکێک لە داپیرەکان لە دوورەوە هاواریکرد:- ئەرێ جەنابی قەشە، پێت ناخۆش نییە کە هەرگیز منداڵێکی وەکو ئەمەت نابێ؟

قەشەکە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. بە هەنگاوی هەڕاوەوە ڕێی دەکرد، چاوی بڕی بوونە منداڵە چاو شینەکە، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، کولمە خڕەکانی ماچ بکات. نەیتوانی حەزەکانی کۆنترۆڵ بکات، ساواکەی بەرزکردەوە و ماچێکی دوور ودرێژی کرد.

بابی ساواکە هاواریکرد:- جەنابی قەشە... ئەگەر یەکێکی وات ویست پێمان بڵێ و هەقت نەبێت.

ئیدی وەکو جووتیاران کەوتنە سوعبەت و شۆخییان.

کە لەسەر خوانەکە دانیشتن، خەڵکی گوندەکە کرانەوە، دوو کوڕەکەی دیکەش، لە سەر ژن هێنان بوون. هەر دوو دەزگیرانەکەشیان دەعوەت کرابوون و هاتبوون. میوانەکان کەوتنە باسی ئەو منداڵانەی کە لەم ئافرەتانە دەبوون.

ئیدی قسەێن بێپەردە و شۆخیانی دزێو دەستی پێکرد، کیژەکان پێدەکەنین و لە شەرما سوور دەبوونەوە، پیاوەکان قاقا پێدەکەنین و دەستیان بە خوانەکەدا دەکێشا. باب و کوڕ لە نوکتەێن مەکشوف و بێپەردە بێزار نەدەبوون. دایکەکە پێدەکەنی، پیرەژنانیش بەش بە حاڵی خۆیان، شۆخیان دەکرد و نوکتەی بێپەردەیان دەگوت.

بەڵام قەشەکە- لە گەڵ ئەم کۆڕ ومەجلیسە بێپەردانەی لادێدا ڕاهاتبوو. بە ئارامی لەلای کارەکەرەکەوە ڕۆنیشتبوو، بە قامکان ختووکەی لێوی ساڤالۆکەکەی دەدا تا بیهێنێتە پێکەنین وگرژینەوە. بە سەرسامی دەیڕوانییە ئەم منداڵە، وەکو ئەوە بوو پێشتر منداڵی نەبینی بێت. بە وردی لێی دەڕوانی، میهر و دلۆڤانییەکی سەیر، دەگمەن لە ناخیەوە سەبارەت بەم منداڵە هەڵدەقولا، میهرێکی ئاوێتە بە سووکە خەمێک.

نە گوێی لە هیچ بوو و نە هیچی لە دەوروبەری خۆی دەبینی، لە ساواکە ڕادەما وپڕ بەدڵ حەزیدەکرد دووبارە بیگرێتە باوەش. لەوساوە کە لە کڵێساکە وەدەرکەوتبوو و لە باوەشی گرتبوو، هەستێکی خۆش لە دڵ و دەروونی گەڕا بوو. ئیدی لە هەنبەر ئەم منداڵەدا جۆش و خرۆشێکی سەیری کەوتبووە دڵ و دەروون، دەتگوت لە هەنبەر سرێکدایە کە پێشتر بیری لێنەکردووەتەوە، سرێکی شکۆداری پیرۆز، سرِی ئەو ڕوحە تازەیە، سرِی ئەو ژیانەی دەستی پێدەکرد، سرِی ئەو خۆشەویستی و ڤیانەی کە بێدار دەبووەوە، سرِی ئەو نەسل و نەوەیەی بەردەوام دەبوو، سرِی کاروانی ئەو مرۆڤایەتیەی کە هەرگیز لە ڕۆیشتن ناوەستێ.

کارەکەرەکە بەدەم نانخواردنەوە سوور بووبووەوە، چاوەکانی کرابوونەوە، کە منداڵەکە بە باوەشییەوە بوو، نەیدەهێشت بە ئاسانی دەستی بگاتە خوانەکە... ئەمەی لە بەر ناخۆش بوو.

قەشەکە گوتی:- کوا بیدە من... من برسیم نییە.

منداڵەکەی وەرگرت، ئیدی ئەوە بۆ ئەو هەموو شتێک بوو، ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەما. ئامادەبووان لە بەرچاوی سڕانەوە، ئیدی بەو دەقەوە چاوی بڕییە دەم و چاوە گوڵین و ئاوساوەکەی منداڵەکە. گەرمی ئەم جەستە چکۆلەیە، بەرە بەرە لە میانی قوماتەکەوە، وەکو سووکە ختووکەیەک، پاک، بێگەرد و خۆش، بۆ جەستەی ئەو دەگوازرایەوە، ڕوندک لە چاوانیا قەتیس ما.

ئەوسا، دەنگە دەنگ وژاوە ژاوی نانخۆرە نەوسنەکان بەرزبووەوە، منداڵەکە بەم دەنگە دەنگە بێزار بوو، دەستی بە گریان کرد... یەکێک لە ئامادە بوان گوتی:- جەنابی قەشە، بۆ مەمکی نادەی؟!

هۆڵەکە لە دەنگی پێکەنینا لەرییەوە. بەڵام دایکەکە هەستا، منداڵەکەی هەڵگرت و بۆ ژوورەکەی تەنیشتیەوەی برد، دوای چەند خولەکێک هاتەوەو گوتی بە ئیسراحەت لە لانکەکەیدا دەنووێت.

نانخواردن بەردەوام بوو. ژنان و پیاوان ناو بە ناو دەچوونە ناو حەوشە. پاشان دەگەڕانەوەو لە دەوری خوانەکە دادەنیشتنەوە. ئیدی گۆشت و سەوزەوات و شەرابی سێو و مەی کلاشەی دەکرد، لووش دەکرا، ورگ دەئاوسان، چاو دەدرەوشانەوە، وڕینەی سەرخۆشی دەستی پێدەکرد.

شەو ڕاکشا. نۆرە هاتەسەر قاوە خواردنەوە. قەشەکە ماوەیەکی زۆر بوو، دیار نەمابوو، کەس هەستی پێنەکرد.

دایکە گەنجەکە هەستا، چوو سەری منداڵەکەی بدات تا بزانێ هێشتا نوستووە یان نا... دنیا زۆر تاریک بوو، خۆی بە ژوورەکەدا کرد، بە پەپە کوتێ ڕۆیی تا نەکەوێ بە شتێکا. بەڵام لە ناکاوا دەنگێکی غەریبی هاتە گوێ، لە ناکاوا وەستا، بە ترسەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دڵنیابوو کە گوێی لە خشە خشی کەسێک بوو کە لە ژوورەکەدا دەجولایەوە، بە ڕەنگی هەڵبزرکاوەوە بۆ هۆڵەکە گەڕایەوە وحاڵ و حیکایەتەکەی گێڕایەوە. هەموو پیاوەکان بەدەم سەرخۆشییەوەو بە هەڕەشە کردنەوە ڕابوون، باوکی منداڵەکە بە خۆ وچرایەکەوە پێشیان کەوت.

قەشەکە، بە دیار لانکەکەوە چۆکی دادابوو و هەنسکی هەڵدەدا و هەنیەی نابوو بەو سەرینەوە کە سەری منداڵە ساواکەی لەسەر بوو.

تێبینی: ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١ لە وەرگێڕانی ئەم کۆ چیرۆکە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە پاچڤەم کردووە:

مختارات من جی دی موپاسان/ ترجمة محمد حمودة، مراجعة مصطفى فوده/ اقلام عربيه للنشر و التوزيع/ ط ١ /٢٠١٧/٢٠١٨.

# کامەرانی

دەمەو ئێوارە بوو، کاتی خواردنەوەی عەسرە چا بوو، هێشتا زوو بوو بۆ داگیرساندنی چرا، ڤێلاکە بە بەرزاییەوە دروستکرابوو و دەیڕوانییە سەر دەریاکە، هەتاوەکە، دوای ئەوەی سەرانسەری ئاسمانی تەی کردبوو، بەرەو ئاوابوون دەڕۆیی، ئاسمان سوور هەڵگەڕابوو، کە تەمەشات دەکرد لە تۆ وایە گەردێکی زێڕینی پێوەکرابوو. دەریای ناڤین، مەند وبێ هیچ پێل ولەرەیەک لە بەر تیشکی زەردەپەڕی ئێوارێ، وەکو پلێتێکی ساف و هەموار و بێ سنوور دەدرەوشایەوە. بە دەستە ڕاستا، لە دووری دوورەوە چیا سەرکەش و هەزار بە هەزار و پڕ لە هەوراز ونشێوەکان، سێبەرە ڕەشەکەی بەسەر خۆرنشینی مەیلەو ئاڵەوە بڵاو دەکردەوە.

باس باسی ڤیان وخۆشەویستی بوو، باسی ئەم چیرۆک وداستانە کەونارا و ئەزەلییە بوو، شتانێک لەو بارەیەوە باسدەکران کە هەمووان دەیانزانی و زۆرجار وترابوون. تازە هەوەڵی شەو بوو، خەڵکەکە بە هێواشی، بە کاوەخۆ دەدوان. باسەکە خۆشبوو، ئاوپرژێنی دڵ و دەروونی دەکرد، ئیدی وشەی عەشق و ڤیان، بەسەر زمانی هەمووانەوە، دەماودەمی دەکرد، جارێ بە ڕاوێژێکی بەرزی پیاوانە و جارێ بە ڕاوێژێکی نەرم و دڵگیری ژنانە دەگەییە گوێ. لە تۆوایە هۆڵە بچووکەکەی پڕ دەکرد و باڵندە ئاسا دەفڕی و وەکو ڕوح بە سەر خەڵکەکەدا دەسووڕایەوە.

ئایا عەشق، دەوامی زۆرە، هەر دەمێنێ؟

هەندێک دەیانگوت:- بەڵێ.

هەندێکی دی دەیانگوت:- نەخێر.

ئیدی جۆرەکانی ڤیان و عەشقیان جیا دەکردەوە، چوارچێوە و سنووریان بۆ دادەنا، نموونەیان دێنایەوە. ئیدی ژنان و پیاوان یادگاریەکانی خۆیان بیر دەکەوتەوە، یادگەیان بێدار دەبووەوە، یادگارییەکانیان زیندوو دەبوونەوە، تا سەر زاریان دەهات بەڵام نەیاندەتوانی بیدرکێنن، ئیدی بە جۆش وخرۆش وسۆز وگودازێکی سەیرەوە باسی ئەم دیارەدە باو وبالآیەیان دەکرد کە دوو بوونەوەری پێکەوە دەجۆشاند.

لە ناکاوا یەکێک لە ئامادەبووان، کە چاوی بڕیبووە دوور، هاواری کرد:- ئەها! تەمەشای ئەوێندەر بکەن، ئەوە چییە؟

لە ناو دەریاکەدا، لە قوڵایی ئاسۆی دوورەوە، تارماییەکی بۆر، گەورەو ناڕوون، خەریک بوو سەری بەرز دەکردەوە.

ژنەکان هەستانە سەر پێ، بێئەوەی بزانن ئەو شتە غەریبە چییە، یان پێشتر دیبێتیان، حایر وحەپەساو کەوتنە تەمەشاکردنی.

یەکێک لە ئامادەبووان گوتی:- ئەمە کورسیکایە! ساڵی دوو سێ جار بە سەدەمی هەوا گۆڕکێەوە، کاتێ جەو ساف و سایەقە بێ، تەمتوومان نەبێ، بەوجۆرە بەدیار دەکەوێت.

لوتکەکانی لێڵ وتاریک بە ئاستەم دەبینرا، خەڵکەکە وایان وێنادەکرد، بەفرەکەی سەری دەبینن. هەڵبەتە هەمووان حایر و حەپەساو، پەشێو و پەشۆکاو و نیمچە ترساو لەو دیاردە و تاپۆیەی کە لە ناکاوا لە دەریاکەوە

قوت بووەوە، تەمەشایان دەکرد وپێدەچوو وێنایەکی سەیریان لەمەڕ ئەوانەی کە وەکو کولومبس، خۆیان دابووە دەم دەریایانی بێ سنوورەوە، دەریایانی نەناسراو، لەلا دروست بووبێ.

هەنگێ یەکێک لەو پیاوانەی کە تا ئەو کاتە هیچ قسەیەکی نەکردبوو، گوتی:- من ئا لەم دورگەیەی کە لە بەردەمماندا قوت بووەتەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ وەڵامی ئەو گەنگەشە و باسە بداتەوە کە پێوەی مژوول بووین و یادگارییەکی دەگمەنم لە هزرا زندوو دەکاتەوە، نموونەیەکی سەیری ڤیان وعەشقی نەگۆڕم بینی، ڤیانێکی هێندە خۆشم بینی کە نایەتە باوەڕکردن.

فەرموون ئەمە حیکایەتەکەیە.

من پێنج ساڵێک لەمە پێش سەفەرێکی کورسیکام، ئەم گراڤە چۆڵ وهۆڵ ونامۆیە، بۆ ئێمە بە قەد ئەمریکا دوور و نەناسراوە، هەرچەندە جارجارێک، وەکو ئەمڕۆ، دەتوانین لە کەنارەکانی فەرەنساوە بیدینین.

جا ئێوە جیهانێکی تێکرژاوی دەڵەمە، نە مەییو بێننە بەرچاوی خۆتان، ژمارەیەک کۆسار بێننە بەرچاوی خۆتان کە خەرەندی تەنگ وکەند ولەند لێکیان جیا دەکاتەوەو سێلاویان پێدا دەڕوات، جیهانێکی بێ هیچ دەشتێکی هەموار. یەکپارچە چینە بەردی گرانێت، دەشتێکی پڕ لە هەوراز ونشێوی دێو ئاسا، یەکپارچە ڕووەک و دەوەنەجاڕ و لێرەواری چڕ وچوغورد و کاژستانی سەر بە فەلەک و دارێن شا بەڕوو. ئێرە سەرزەمینێکی بەیار و نەکێڵراو، چۆڵ و نا ئاوەدانە. هەرچەندە هەندێجار گوندێک بە لوتکەی چیایەکەوە دەبینرێ کە لە دوورەوە لە کۆمەڵە ڕەوەزێک دەچێت. هیچ هەواڵێک لە کشتوکاڵ و پیشەسازی و هیچ کارێکی دیکە نییە. کەس تەختە دارێکی بەکار هاتوو، یان بەردێکی بە نەخش و نیگاری لەوێندەر بەچاو نەدیتووە، هیچ یادگارییەکی تیا بەدی ناکرێ، کە نیشانەی زەوق وسەلیقەی بایەخدانی پێشینیان بێ بە شتێن جوان و باڵکێش. بەڕاستی ئەوەی لەم دیار ودەڤەرە جوان و سەختەدا شۆکت دەکات: ئەو بێموبالاتی و خەمساردیە سەیرەیە دەربارەی ئەو شتە جوان و باڵکێشانەی کە پێی دەگوترێ هونەر.

ئیتاڵیا، کە هەر کۆشکێکی پڕە لە شاکار و شتێن توحفە و عەنتیکە، بۆ خۆی بووە بە عەنتیکەخانە و شاکارێکە لەو گۆڕە. لەوێ دار وبەرد، مەڕمەڕ، تەختە، برۆنز، ئاسن وکانزاکانی دی و بەرد، هەرهەمووی بلیمەتی و داهێنەری مرۆڤ نیشاندەدەن. لێرەدا سەر بە هەر بینایەکی کۆنا دەکەی، توحفەیەکی کۆنی تیا بەدی دەکەی، کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی بایەخدانە بە جوانی وئیستاتیکا، من قەناعەتم وایە ئیتاڵیا بۆیە لە لای هەموومان سەرزەمین و وڵاتێکی پیرۆزە و خۆشمان دەوێ، چونکە گەورەیی و توانا و بەهرەی ئافراندنەوانی و داهێنەرانەی بەشەرمان نیشاندەدات.

لە هەنبەر ئیتاڵیادا، کۆرسیکا وەکو چۆن هەبووە، بە کێویەتی ماوەتەوەو دەستەمۆ نەبووە. لەوێ خەڵکی سەری خۆی کز کردووەو لە ماڵە پەڕپووتەکەی خۆیدا دەژی، هەر شتێک پەیوەندی بە خۆیەوە، یان بە کێشماکێشە خێزانیەکانیەوە نەبێ، ناچێ بەلایەوە. ئەوانە هەموو ئەو داب ونەریت وخوو وخدە ئەرێنی و نەرێنیانەیان پارستووە، کە لە هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەری نەزان، نەخوێنەوار، تووند وتیژ، بوغزن وخوێنڕێژ و ناهۆشیاردا هەیە، هاوکات میوانپەروەر، دڵاوا، خەمخۆر، سادە و ساکار، دڵسۆز و دەرگا کراوە بۆ هەر ڕێبوارێک کە کەمترین دۆستایەتی بنوێنێ.

من یەک دانە مانگی تەواو، لەو گراڤە دڵرفێنەدا سوڕامەوە، وام هەستدەکرد لەوپەڕی دنیام. ئەم دەڤەرە نە ئوتێل، نە مەیخانە و باڕ و نە ڕێگەوبانی تیا نەبوو، بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو گوندانەی کە دەتگوت بە ترۆپکی چیاکانەوە هەڵوسراون، دەبوایە بە ماڵاتە ڕێیاندا سەربکەوی، ڕێی چی! پێچاوپێچ و هەزار بە هەزار، هەرکە شەو دادەهات، هاڕەو هاژەی بەردەوامی سێڵاو، کپ وسامناک لە قوڵایی دۆڵەکانەوە دەهاتە گوێ. ڕێبواران لە دەرگای ماڵان دەدەن تا پەنایەک وەدۆزن و خواردنێکیان دەستکەوێت و ئەو شەوە بە سەربەرن. پەنایەکی هەژارانەیان دەستدەکەوت ونانێکی فەقیرانەیان دەدرێتێ، بەیانی خانەخوێ تا قەراخ گوند بە ڕێیان دەکەن و لەوێ بەدەم تەوقە کردنەوە خاترخوازیان لێدەکەن.

بەڵێ، شەوێک دوای دە سەعاتە ڕێ، گەییمە ماڵێکی چکۆلەی تەریک و تەنیا، لە قوڵایی دۆڵێکی تەنگەبەرا قوت بووبووەوە، ئاوی دۆڵێکە لە دووری فرسەخێک (١٠٦٠م ) دەرژایە دەریاکەوە. هەڵدێرە ڕکەکەی شاخەکە، کە یەکپارچە دار و دەوەن و تاوێر و بەردی هەرەس بردوو و داڕوخاو بوو، وەکو دوو دیواری بەرز ئەم سێڵاوگە خەمناکەی لە خۆ گرتبوو.

لە دەوربەری ئەم کوختەدا چەند بنە مێوێک وباخچەیەکی بچووک هەبوو، تۆزێ لەولاترەوە، چەند درەختێکی گەورەی کەستانە هەبوو، کە بەشی بژێوی خێزانەکەی دەکرد، ئەمە بۆ ئێرە ولەم دەڤەرە هەژارەدا، بۆ خۆی بە سەروەت وسامانێک دەژمێردرا.

ئەو پیرەژنەی پێشوازی کردم، کەسێکی بە ویقار و پاک و خاوێن بوو، پیاوەکەی لە سەر کورسیەکی حەسیر دانیشتبوو، لە بەرم هەستا، خێر هانینی کردم، ئەوسا بە بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات چوو لە سەر کورسیەکەی دانیشتەوە. ژنەکەی پێی گوتم:- لێی مەگرە، گوێی نییە. تەمەنی هەشتا ودوو ساڵە.

ژنەی تاین، بە فەڕەنسییەکی ڕەوان قسەی دەکرد، سەرم سوڕما، لێم پرسی:- تۆ کورسیکی نیت؟

بەرسڤی دامەوە:- نەخێر، خەڵکی دەشتانیەکانی فەرەنسایین، لێ پەنجا ساڵە لێرە دەژین.

کە بیرم لەو پەنجا ساڵە دەکردەوە کە لەم کولبە تاریک و نوتەک و دوور لە ئاوەدانیە بەسەریان بردووە، ترسێکی سەیر دایدەگرتم. ئەوسا شوانێکی پیر بە خۆ وسەگەکەیەوە وەژوورکەوت، پێکەوە کەوتینە شێو خواردن. خواردنێکی هەژارانە، بریتی بوو لە پەتاتە و پیوی بەراز و کەلەرم.

کە لە شێو خواردن بووینەوە، چووم تا لە بەر دەرگاکە دانیشم، دڵم زۆر تەنگ بوو، دیمەنەکە خەمناک بوو، ئەم دیمەنە خەمناک و ئەم چۆڵەوانیە بە سامە، هەندێجار، بە تایبەتی ئێواران و شەوان دڵی ڕێبواران دەگوشێت. هەموو شتێک، کەون و کاینات وا دێتە بەرچاو کە بەرەو نەمان و کۆتاییە. لە ناکاوا هەست بە سەختی و دژواری ژیان، تەنیایی، دووری و گۆشەگیری لە خەڵکی دەکەین، بەڵام دڵی تەنگ و تەنیای خۆی دەلاوێنێ، بە شتی تورەهات دڵی خۆی دەداتەوە و تا مردن خۆی بە خەون و خەیاڵان فریو دەدات.

پیرەژنەکە هاتە لامەوە، دیار بوو، هەمان فزولیەت و کونجکاوی، کە زندوویەتی لە قوڵایی دەروونی خەڵکانی باوەڕدار بە قەدەر، دەمێنێتەوە، ئەزیەتی دەدا، گوتی:- تۆ لە فەڕەنساوە دێی؟

- بەڵێ، من بۆ خۆشی خۆم، گەشت و گوزار دەکەم.
- تۆ خەڵکی پاریسیت؟

- نەخێر، خەڵکی " نانسی " م.

وام هاتە بەرچاو تەزوویەکی قووڵ بە سەراپایدا هات، چۆن ئەو حاڵەم بینی، یان پەیم پێبرد، بە خۆیشم نازانم.

بە ڕاوێژێکی نەوی دووبارەی کردەوە:- یانی خەڵکی " نانسی " ت!

پیاوەکەی بە هەمان خوێنساردی خەڵکانی کەڕەوە، هاتە بەر دەرگا. ژنەکە لە سەری ڕۆیی:- قەیدی ناکات، نە هەقی بە سەر هیچەوە هەیە و نە گوێی لە هیچ دەبێت.

دوای چەند چرکەیەک گوتی:- بەم پێیە تۆ هەندێ خەڵکی نانسی دەناسیت؟

- هەڵبەتە، زۆربەیان دەناسم.
- ماڵباتی سانت – ئەلیز دەناسیت؟
- زۆر باشیان دەناسم، ئەوانە دۆست و ئاشنای باوکم بوون.
- ناوت چییە؟

ناوی خۆم پێگوت، بە وردی لێی ڕوانیم. ئەوجا بەو دەنگە نزمەی کە بیرەوەریان بێداری دەکاتەوە گوتی:- بەڵێ، بەڵێ، چاکم لە بیرە. ئەدی ماڵباتی بریزمار کەوتنە کوێوە؟ چییان بەسەر هات؟

- هەر هەموویان مردوون.
- حەیفێ! ئەدی ماڵباتی سیرمون؟ دەیانناسیت؟
- بەڵێ، هەرە بچووکەکەیان جەنەڕاڵە.

هەنگێ، بە هەڵچوونێکی سەیرەوە کە زادەی نیگەرانی، زادەی هەستێکی گۆنگ کە نەمدەزانی چییە، هەستێکی شکۆدار و پیرۆز، زادەی زەرورەتێکی سەیری درکاندنی هەموو شتێک، زادەی زەرورەتی باسکردنی هەموو ئەو شتانە بوو کە تا ئەو ساتە لە قوڵایی دڵیا حەشاری دابوو، زادە زەرورەتی باسکردنی هەموو ئەو کەسانە بوو، کە بە بیستنی ناوەکانیان ڕوحی ڕادەچڵەکی. گوتی:- بەڵێ، هنری دوسیرمون. باشی دەناسم. برامە.

ئەمە بۆ من سپرایز بوو، حایر و حەپەساو تەمەشام کرد. لە ناکاوا بیرەوەرییەکی کۆنم، لە هزرا زندوو بووەوە. بیرەوەرییەک کە ڕیسواییەکی گەورەی بۆ خانەدانانی دەڤەری " لورین " لێکەوتبووەوە، کیژێکی گەنج، دڵڕفێن، خشکۆک و دەوڵەمەند بەناوی سوزان دوسیرمون، ڕەدووی دەرەجەدارێکی سوارە کەوتبوو، کە لە کەتیبەکەی بابی سوزان دا عەسکەر بوو.

ئەو جەنگاوەرە کوڕێکی جوان و قۆز بوو، کوڕە جوتیارێکی دێهاتی بوو، توانی بووی بە جلە سوپاییەکانەوە، دڵی کیژی سەرهەنگەکەی خۆی ببات. کیژێ لە کاتی نمایشی سوپاییدا بینی بووی، سەرنجی ڕاکێشابوو و بە دڵ عاشق و حەیرانی بووبوو. بەڵام چۆن توانی بووی قسەی دەگەڵ بکات، چۆن بەیەکدی گەیی بوون و کاکە براڵەی خۆیان کردبوو؟ چۆن زاتی کردبوو عەشق وڤیانی خۆی بۆ دەربڕێ؟ ئەمە ڕازێک بوو کەس پەی پێ نەبردبوو.

کەس لە هەوەڵەوە گومانی لێنەکردبوون، شەوێک دوای تەواو کردنی کاروباری سوپایی، کوڕەو کیژێ دیار نەمان، گۆڕیان گوم بوو، زۆریان بۆ گەڕان نەیاندۆزینەوە. کەس هیچ هەواڵێکی لە بارەیانەوە نەزانی، ئیدی لە لایەن کەس و کارەوە بە مردوو لە قەڵەم درا.

من بە ڕێکەوت لەم دۆڵە خەمناکەدا دۆزیمەوە. هەنگێ من سەر لە نوێ گوتم:- بەڵێ، زۆر چاک لە بیرمە. تۆ خاتوو سۆزانی؟

هەنگێ سەری " ئەرێ " ی بۆ لەقاندم. ڕوندک بە چاوانیا دەهاتە خوارەوە. ئەوسا ڕوانیە پیرەمێرەکە، کە لەبەر دەرگای کوختەکەی وەستابوو وگوتی:- ئەمە خۆیەتی.

بۆم بەدیار کەوت کە سوزان هێشتا هەر خۆشی دەوێ و بە عەشق و ڤیانەوە لێی دەڕوانێت.

لە سوزانم پرسی:- باشە، بە کێمانی کامەران بووی؟

بە ڕاوێژێک کە لە کانگای دڵەوە هەڵدەقوڵا بەرسڤی دایەوە:- بەڵێ، کامەرانی نەک گاڵتە. زۆری بەختەوەر کردم، هەرگیز لە هیچ شتێک پەشیمان نەبووم.

من بە خەمینی و سەرسامی تەمەشام دەکرد، ئەفسوونی هێز وباندۆری عەشق و ڤیان بووبووم! ئەو کیژە دەوڵەمەندە ڕەدووی ئەو پیاوە دێهاتیە کەوتبوو. ئەویش بوو بوو بە دێهاتی. ئیدی لە سەر ژیانی سادە وساکار و دوور لە هەر سەن سەنە و تەنتەنە و کەش و فشێک ڕاهاتبوو، بە ژیانی خاکیانەی خۆی قاییل بوو. هێشتا عاشق و دڵبەندی ئەو پیاوە بوو. بووبوو بە ژنە جووتیارێکی ئاسایی و کلاوێکی سادەی لە سەر و تەنوورەیەکی کەتانی لە بەر دەکرد. لە قاپێکی فەخفوری، لە سەر مێزێکی تەختە و کورسییەکی حەسیر گۆشتاوی کەلەرم و پەتاتەی دەخوارد ولە سەر دۆشەکێکی کا ئاخن لە گەڵ مێردەکەیا دەنووست.

سوزان، جگە لەو بیری لە هیچ شتێکی دی نەکردبووەوە! قەت خەمی لە زێڕ و زیو، لە جلکی جوان، ناو ماڵی کەشخە و گرانبەها، لە قەنەفەی نەرم و گەرمای بۆنخۆشی کۆشک و تەلاری ڕازاوە بە پەردەی جوان و ڕەنگاوڕەنگ، نوێنی نەرم و گەرم نەخواردبوو. جگە لەو پێویستی بە هیچی دی نەبووبوو، بوونی ئەو بۆ ئەم هەموو شتێکی ژیان بوو، لە هەڕەتی گەنجی خۆیدا پشتی کردبووە ژیان و هەموو دنیا و ئەو کەسانەی بە خودانیان کردبوو، خۆشیان ویستبوو. ڕەدووی ئەم پیاوە کەوتبوو، هاتبوو تا بە تەنێ لەگەڵ ئەم پیاوەدا لەو دۆڵە چۆڵ و هۆڵەدا بژی. ئەو پیاوە بۆ ئەو دەیکردە هەموو شتێک، ئیدی هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی، هەموو خەون و خولیایەکی، هەموو چاوەڕوانییەکی، هەر ئەو بوو. ئەم پیاوە هەموو ژیانی ئەوی بە کامەرانی و شادومانی ئاوەدان کردبووەوە. نەیدەتوانی لەوە شادومانتر بێ، سەر ڕێژ بوو لە کامەرانی.

بە درێژایی ئەو شەوە گوێم لە هەناسەی تەنگی پیرە سەرباز بوو کە لە سەر نوێنە هەژارانەکەی، دەگەڵ ئەو ژنەدا کە ڕەدووی کەوتبوو،، بیرم لەو ڕیسکە سەیر و سادەیە، لەم کامەرانییە بێ کەم و کۆڕیە، دەکردەوە.

هەرکە ڕۆژ بووەوە و هەتاو هەڵهات، تەوقەم لەگەڵ هەردوو هاوسەرە پیرەکەدا کرد و ماڵاواییم لێکردن.

***

گوتیارەکە بێدەنگ بوو. ژنێک گوتی:- بە هەرحاڵ زۆریش سەیر نییە، ژنێک بووە سادە و ساکار، خەون و خولیاکانی زۆر بچووک و سادە بوون، ئایدیالی گەورەی نەبووە، بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی ساویلکە و گەوج بووە.

ژنێکی دیکە بە ڕاوێژێکی نەرم و هێواش گوتی:- چ قەیدییە! گرینگ ئەوەیە کامەران بووە.

لە دووری دوورەوە، لە قوڵایی ئاسۆوە، کورسیکا لە تاریکی شەوەکەدا نقوم دەبوو، بەرە بەرە دەچووەوە بەناو دەریاکەدا، تارماییە گەورەکەی، لە تۆ وایە بۆ ئەوە بەدیار کەوتبوو تا بە خۆی چیرۆکی ئەو جووتە دڵدارە خاکییە بگێڕێتەوە کە لە باوەشی گرتبوون، ئاوابوو.

١٨٨٤/٣/١٦

سەرچاوە: صدیقان و قصص اخری: قصص للناشئة و الکبار/ غی دو موباسان/ ترجمة سیلفانا الخوری، مراجعة کاظم جهاد – مشروع کلمة، هیئة ابوظبی للسیاحة و الثقافة، ٢٠١٢.

# به سەر ئاوەوە

پار هاوین لە کەناری ڕوباری " سین " دا خانوویەکی دیهاتیانەم بە کرێ گرتبوو، کە چەند فرسەخێک ( ١٠٦٠ م ) لە پاریسەوە دوور بوو، هەموو شەوێک بۆ خەوتن دەگەڕامەوە ئەوێندەر. دوای چەند ڕۆژێک ناسیاویم لە گەڵ یەکێک لە دراوسێکانما پەیدا کرد. پیاوێک بوو پێی نابووە ناو چل ساڵییەوە. یەکێک بوو لەو پیاوە هەرە غەریبانەی کە تا ئەو کاتە ناسیبووم. بەلەمەوانێکی زۆر کارامە بوو، عاشقی سەوڵ لێدان وبەلەمڕانی بوو، هەمیشە لە بەلەما و بە سەر ئاوەوە بوو، کە تەمەشات دەکرد دەتگوت ئەم پیاوە لە ناو بەلەما لە دایکبووە و بێگومان لە ناو بەلەما و بەدەم سەوڵ لێدانەوە دەمرێت.

شەوێک کە بە ڕەخی " سین " دا پیاسەمان دەکرد، داوام لێکرد سەربەهوردێکی ژیانی دەریایی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە، هێشتا بە تەواوی لە قسەکەم نەبووبوومەوە، کە سیمای گۆڕا، جۆش و خرۆشێکی سەیری پێکەوت، بە ڕوخساری هەڵچوو و دەم و زمانێکی پاراوی شاعیرانەوە کەوتە قسان. دیار بوو، عەشقێکی گەورەی ڕووبار و ئاو لە دڵیا پەنگابووەوە. پێی گوتم:- ئەها! مەگەر هەر خوا بزانێ چ بیرەوەریانێکم لە گەڵ ئەم ڕوبارەدا، کە بە بەرچاوی تۆدا دەڕوات، هەیە!

ئەنگۆ، خەڵکی شار وئاوەدانی نازانن ڕوبار چییە ودەکاتە چی.... بەڵام وەرە گوێ لە ماسیڤانێ بگرە کە چۆن وشەی: ڕوبار دەدرکێنێ. ڕوبار بە لای ئەوەوە جیهانێکی ڕازناک، قووڵ، نەناسراوە، مەڵبەندی تراویلکە و تاپۆ و تارماییانە. پیاو شەوان هەندێ شتی تیا دەبینێ کە بوونیان نییە، گوێی لە هەندێ دەنگ دەبێت کەس نازانێ چییە، بەبێ ئەوەی بە خۆشی بزانێ چما، دڵی دادەلەرزێت، وەکو ئەوەی بە گۆڕستانێکا تێپەڕێت. کە لە ڕاستیا لە هەر گۆڕستانێک خەمناکتر و بە سامترەو تاقە یەک گۆڕیشی تیا بەدی ناکرێت.

بۆ کەسێکی ماسیڤان (ڕاوچی ماسی) زەوی زۆر تەنگ و سنووردارە، بەڵام لە تاریکیداو کاتێ مانگ ئاوا دەبێت، ڕوبار و ڕۆخانەی بەلاوە بێ سنوورە. بەڵام دەریاوان، هەمان هەستی دەربارەی دەریا نییە، دروستە دەریا زۆر جار ترسناک و تووڕەیە، بەڵام هاوار دەکات، دەخرۆشێ، دەهاڕێنێ، دەهاژێنێ. دەریای بەرین ڕاستگۆیە، بەڵام ڕوبار مەند ومەنگە، بێدەنگە، هەمیشە بێ هارە و بێ هاژە، بەبێ دەنگی دەڕوات، ئەم ڕەوتە کپ و ڕەوان وبێ دەنگەی ڕوبار بۆ من و بە لای منەوە، زۆر لە شلْپ و هۆڕی شەپۆلێن کێو ئاسای دەریا ترسناکترە.

هەندێک لە خۆشخەیاڵان و خەیاڵپەروەران، لەو باوەڕەدان کە دەریا، زۆر پارچە زەوی شینباوی لە خۆیدا حەشار داوە، کە خەڵکانی خنکاو و ماسیانی زەلام بۆ ناوەندی لێرەوارانی سەیر و شکەفتانی بلورین ڕادەدا و ڕادەماڵێت، بەڵام ڕوبار جگە لە قولاییەکی لیڵ و تاریک، بە قوڕ و سیان کە خنکاوان تیایدا بۆگەن بکەن هیچی تری نییە. وێڕای ئەوەش وەختێ لە ژێر تیشکی هەتاوا دەدرەوشێتەوەو خۆی بە نەیجەزارەکانی هەر دوو ڕەخی خۆیا دەکێشێت و سووکە هاژەیەکی خۆشی لێبەرز دەبێتەوە، زۆر جوان و دڵنەواز دەنوێنێت.

شاعیر لە وەسفی دەریای بێ سنووردا گوتوویەتی:

ئەی شەپۆلان، چەند چیرۆکی خەمناکتان دیتووە

ئێوە هێندە بڵندن کە دایکانتان هێناوەتە سەر چۆکان

لە کاتی خێزاوی دەریادا، بە خۆتان ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە

شەوان، کە بۆ لای مە دەگەڕێنەوە، ئەو ناڵانە دەدەن بە گەێماندا*.( ئەم بەیتانە لە قەسیدەیەکی ڤیکتۆر هۆگۆوە وەرگیراون بە ناونیشانی"شەوی ئۆقیانووس کە شیوەنە بۆ ئەو کەسانەی لە ئاوا دەخنکێن)

بەڵام من باوەڕم وایە ئەو چیرۆکانەی کە نەیجەی نەوڕەس بەدەم وردە شەپۆلانەوەو بە دەنگی نەوی دەیگێڕنەوە زۆرجار خەمناکترن لەو کارەساتە خەمناکانەی کە شەپۆلی کێو ئاسا بە دەنگی بەرز دەیگێڕنەوە.

چونکە تۆ داوات لێکردووم، هەندێک بیرەوەری خۆمت بۆ بگێڕمەوە، منیش سەر گوزەشتەیەکی دەگەمەنی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە کە لێرە، لەم شوێنە ودە ساڵێک لەمە پێش ڕووی داوە.

ئەو کاتە وەکو ئێستا کرێچی دایە " لافون " بووم، یەکێک لە هاوڕێ هەرە باشەکانم بە نێوی لویس برنیە لە گوندێکی دوو فرسەخی خوار ئێرە دەژیا، هەموو ئێوارەیەک پێکڤە شێومان دەخوارد، جارێ لە ماڵی من و جارێ لە ماڵەکەی ئەو. ئەم هاوڕێیەم بە یەکجاری دەستبەرداری بەلەمەوانی و سەوڵ لێدان بوو و بوو بە کارمەندی دەوڵەت.

شەوێک، کە شەکەت و ماندوو بە تەنیا لە دوای شێو دەگەڕامەوە، بەلەمە قورس و گەورەکەم کە درێژییەکەی چوار مەتر دەبوو و هەموو شەوێ پێی دەگەڕامەوە، لە نزیکی نەیجەزارێک ڕاگرت تا نەفەسێ تازە بکەمەوە، هەر دوو سەد مەترێک لە پردی سکەی قیتارەوە دوور دەبوو. کەش و هەواکەی خۆشبوو، مانگ بە حەوێقی ئاسمانەوە دنیای تریفە وەشان دەکرد و ڕووبارەکە دەدرەوشایەوە. شنەیەکی خۆشی دەهات، ئەم ئارامییە کاری تێکردم، لە دڵی خۆدا گوتم با سەبیلێ بکێشم، ئیدی بۆ ئەوەی سەبیلەکەم بە ئیسراحەت تێبکەم، دەستم دایە لەنگەرەکەم ، هەڵمدایە ناو ڕووبارەکەوە.

بەلەمەکە کە بە دەم ڕەوتی ڕووبارەکەوە دەڕۆیی نەوەستایەوە تا هەموو زنجیری لەنگەرەکەی ڕانەکێشا، هەنگێ بە کەماڵی ئیسراحەت لە سەر کەوڵە مەڕەکەم دانیشتم. دنیا کڕ وکپ، لە هیچ جێیەکەوە دەنگ نەدەهات، جارجارێ وام هەست دەکرد دەنگێکی کز دێ، بەڵام لە بەر شڵپ و هۆڕی شەپۆلی ئاوەکە کە خۆی بە ڕەخی ڕووبارەکەدا دەکێشا، باش نەدەبیسترا. نەیجە بەرزەکانم بەدی دەکرد، کە هەندێجار شێوەی سەیریان دەگرتە خۆ و هەندێجاریش دەکەوتنە سەما.

ڕووبارەکە زۆر ئارام و کپ بوو، وێڕای ئەوەش هەستم بە جۆرە ترس و هەڵچوونێک لەو بێدەنگیەی کە دەوری دابووم، دەکرد. هەموو شتێک کپ و بێدەنگ بوو، تەنانەت بۆق و قوڕباقەش، ئەم گیاندارانەی لە زەلکاواندا دەژیان و شەوان دەیانخوێند، بێدەنگ بوون، لە ناکاوا بۆقێک لە دەستە ڕاستمەوە کەوتە قیڕە قیڕ، کە من ڕاچڵەکیم، ئەویش بێدەنگ بوو. ئیدی گوێم لە هیچی دی نەبوو، ئیدی بۆ ئەوەی کەمێک خۆ مژوول بکەم کەوتمە سەبیل کێشان.

هەرچەندە سەبیل کێشێکی لە زەبر بووم، کەچی نەمتوانی بەردەوام بم، دوای نەفەسی دووەم، گێژ بووم، دڵم تێک هەڵدەهات، دەستم بە گوتنی نەرمە گۆرانیان کرد، هەستم کرد دەنگم زۆر ناخۆشە، ئیدی لە ناو بەلەمەکەدا هەلاژام و کەوتمە تەمەشای ئاسمان. مودەتێک بەو حاڵەوە مامەوە. بەڵام زۆری پێنەچوو، بەلەمەکە جووڵە جووڵێکی بە ئاستەمی پێکەوت، بە ڕاستی ترسام، خەمم لێهات، لە هەوەڵەوە وام خەیاڵ دەکرد بەلەمەکە دێو ئاسا بە ڕاست و بە چەپدا، تەکان دەدات و خۆی بەم ڕەخ و بەو ڕەخی ڕووبارەکەدا دەکێشێت، پاشان وام

هاتەخەیاڵ، کە هێزێکی پەنهان، بەلەمەکە بۆ بن ئاوەکە ڕادەکێشێت و ئەوسا بەری دەدات تا دووبارە بەرز ببێتەوەو بکەوێتەوە سەر ئاوەکە. من وەکو یەکێک کەوتبێتە ناوجەرگەی گێژاو وگەرداوێکەوە، تلم دەدا، هەندێ دەنگم لە دەوروبەری خۆم دەژنەوت، لە ناکاوا تەکانێکم دایە خۆ وڕابووم، ئاوەکە دەدرەوشایەوەو هەموو شتێک ئارام بوو.

هەنگێ هەستم کرد ئەعسابم ماندووە، بڕیارم دا کە بڕۆم، ئیدی زنجیری لەنگەرەکەم ڕاکێشا، بەلەمەکە کەوتە جووڵە جووڵ، هەستم کرد زنجیرەکە بەدەستمەوە نایەت، هێزم دایە خۆ و بە توندی ڕامکێشا. لێ لەنگەرەکە لە جێی خۆی نەجووڵا، دیار بوو لە ژێر ئاوەکەوە لە شتێک گیر بووبوو. هەرچیم دەکرد بۆم هەڵنەدەکێشرایەوە. دووبارە هەوڵم لە گەڵیا دایەوە، لێ فایدەی نەبوو. دەستم دایە سەوڵەکان ویستم ئاراستەی بەلەمەکە بگۆڕم و بۆ سەرووی ڕوبارەکەی بەرم، بەڵکو لەنگەرەکە بجووڵێت، بەڵام ئەمەش فایدەی نەبوو، توورە بووم، بە توندی زنجیرەکەم ڕاتەکاند، بەڵام هیچ گۆڕانێک ڕووی نەدا، بە نائومێدی دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لە حاڵی خۆم، نەمدەتوانی زنجیرەکە بپسێنم و نە دەمتوانی لە بەلەمەکەی بکەمەوە، چونکە هەم زۆر قایم و ئەستوور بوو و، هەم لە پێشەوە بە دوو پارچە داری ئەستوورتر لە بازووەکانی خۆمەوە، بەسترابوو. بەڵام چونکە کەش و هەواکە خۆش بوو، دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە هەربینا ماسیڤانان پەیدا بوون و هاتنە کۆمەک و یارمەتیم. بۆیە بێخەم دانیشتم و بە کاوەخۆ سەبیلەکەم کێشا. بوتڵێ عارەقم پێبوو، دوو سێ جامم لێی خواردەوە و پێکەنینم بە حاڵی خۆم دەهات. هەوا خەریک بوو گەرم دەبوو، دەکرا بەبێ خەم شەو لەوێندەر ڕۆژ بکەیەوە.

لە ناکاوا، تەپەیەک لە قەدی بەلەمەکەم هەستا، لە جێی خۆم ڕاچڵەکیم، تەزوویەکی سارد لە تۆقی سەرمەوە هات ولە بنی پێمەوە دەرچوو، هەڵبەتە ئەم تەپەیە، ئەنجامی پارچە دارێکی سەرگەردان بوو، کە ئاوەکە هێناوبووی و کێشابووی بە قەدی بەلەمەکەمدا، دووبارە نیگەرانی بە سەرما زاڵ بوو. بە تووڕەیی دەستم دایە زنجیرەکە، بە نیخە نیخ کەوتمە ڕاکێشانی، فایدەی نەبوو. شەکەت و ماندوو لە جێگای خۆم دانیشتمەوە.

ئەمانە بە جێی خۆی، چڕە تەمێکی سپیواژ، بە نزمیەوە سەری ئاوەکەی دەگرت و بەرەبەرە هەموو ڕوبارەکەی داپۆشی، پیاو نە بەر پێی خۆی دەبینی، نە ڕوبارەکە و نە بەلەمەکە، تەنیا هەژکی نەیجەکانم دەبینی، تۆزێ لەولاترەوە، دەشتەکەم دەبینی کە لەبەر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا زەرد دەینواند، هەندێ پەڵەی ڕەشیشم دەبینی، کە داگژابوونە ئاسمان، کە پاشان بۆم دەرکەوت ڕەنگدانەوەی سپیداران بوو. هەستمکرد، تا ناو قەدم لە پەڵە پەموویەکی سپی کفن ئاسادا ڕۆچووە، ئیدی خەیاڵێن بێ بنج و بناوان تێم وڕوکا.

وام دەهاتە خەیاڵ گروپێک لە هەوڵی ئەوەدان بێنە سەر بەلەمەکەم، دنیا هێندە تاریک بوو بەلەمەکەی خۆم نەدەبینی، ڕوبارەکە کە چڕە تەمێکی سەیر داپۆشی بوو، پڕ بوو لە کایناتی غەریب و بە دەوروبەری منا مەلەیان دەکرد، هەستم بە ترسێکی سەیر دەکرد، لا جانگەکانم دابوویانە ژان، دڵم هێندە بە توندی لێی دەدا لەزگ بوو بخنکێم، گێژ وکاس لە بیری ئەوەدا بووم کە بە مەلە خۆم لەو ڕەوشە دەرباز بکەم، بەڵام ترسام و هەر زوو ژێوان بوومەوە، خەریک بوو زیرەم دەکرد، هەستم دەکرد، تەواو، لە ناو ئەم مژ و دوومانەدا تیا دەچم و لە نێو ئەم نەیجە و ڕووەکانەوە ڕێدەرناکەم، لە ترسا هاوارم دەکرد، نە ڕەخی ڕوبارەکەم لێ دیار بوون و نە بەلەمەکەی خۆمم دەبینی، وام خەیاڵدەکرد، شتێک لە لاقم نەویوەو بەرەو قوڵایی ئاوە لێڵ وتاریکەکەم ڕادەکێشێت.

ئەوەی ڕاستی بێ، دەبوایە بەلای کەمەوە مەودای پێنج سەد مەترێک بە پێچەوانەی ڕەوتی شەپۆلانەوە بە مەلە ببڕم تا بگەمە کەنارێکی خاڵی لە ڕووەک و نەیجە و گژ وگیا. هەستمکرد، هەرچەندە مەلەوانێکی کارامە و لە زەبر بووم، مەحاڵە بەم تاریکە تەمە ڕێگا دەربکەم و نەخنکێم.

هەوڵمدا ئاقڵانە ڕەفتاربکەم و پێ لە تەختەی چرووک نەنەم، هەستمدەکرد، ویستێکی بەهێز هانمدەدات کە نەترسم، بەڵام لە ناخا دەترسام، لە خۆم دەپرسی لە چ دەترسیت، داوەشێی، غیرەت سەگ بتخوا، ئیدی خودە ئازاکەم کەوتە گاڵتەکردن بە خودە ترسنۆکەکەم، تاکو ئەو ڕۆژە هەرگیز بەو ئاوایە ڕووبەڕووی ئەو دوو خودە هەڤدژە نەبووبوومەوە کە لە ناخی هەر یەکێکماندا هەن، کە هەر یەکێکیان بە لایەکدا ڕاتدەکێشن و جارێ ئەمیان زاڵ دەبێت وجارێ ئەویان.

ئەم ترسە بێ مانایە، کە هیچ هۆیەکی دیاریکراوی نەبوو، بەرەبەرە لە ناخما گەورە دەبوو، وای لێهات گەییە ڕادەی ترسنۆکی. لە جێی خۆم بە بێدەنگی مامەوە، زەق زەق تەمەشام دەکرد، گوێم هەڵدەخست، چاوەڕوانم دەکرد، چاوەڕوانی چی؟ خۆشم نەمدەزانی، بەڵام بێگومان شتێکی ترسناک بوو. پێموایە ئەگەر لەم ساتەدا ماسییەک هەڵبەزاباوە و لە ئاوەکە وەدەرکەوتبا، کە زۆرجار ئەمە ڕووی دەدا، بەس بوو بۆ ئەوەی لە خۆ بچم و ببورێمەوە.

وێڕای ئەوەش بە هەر هەوڵ وتەقەلایەک بوو، هەوڵمدا کە خۆم زەوت بکەم و وەخۆ بێمەوە. جارێکی دی بوتڵە عارەقەکەم دەرهێنا و چەند جامێکی پڕم خواردەوە. ئیدی بیرۆکەیەکم بۆ هات، بە هەر چوار ئالی خۆما دەسوڕامەوە و تا زارم دەیگرت، پەیتا پەیتا هاوارم دەکرد، هێندەم هاوار کرد ئەوکم گیرا. بێدەنگ بووم، گوێم هەڵخست، حەپەی سەگێک لە دووری دوورەوە دەهات.

دەمێکی دیکەم تەڕکرد و بە بێتاقەتی لە ناو بەلەمەکەم ڕاکشام. نزیکەی سەعاتێ دووان، بەو حاڵەوە، بە چاوانی ئەبڵەق و بە مۆتەکەکانی دەروبەرمەوە مامەوە، خەوم لێنەکەوتبوو. هەرچەندە زۆرم حەزدەکرد لە جێی خۆ ڕابم، بەڵام نەدەوێرام، ئیدی خۆم لەو کارە دەدزییەوە، لە دڵی خۆدا دەمگوت ودەمگوتەوە: دەی هەستە! تەکانێ بدە خۆت، بەڵام نەدەوێرام لە جێی خۆ بجولێم، لە ئەنجامدا بەوپەڕی پارێزەوە، وەکو ئەوەی ژیانم بە بچووکترین دەنگەوە بەند بێ، هەستام، لە سەر قەراخی بەلەمەکەوە، ڕوانیمە ڕەخی دەریاکە.

سەیرترین دیمەنم بەدی کرد، لە دیمەنە نا ئاساییەکانی دنیای جنیان دەچوو، لەو چیرۆک و ئەفسانانە دەچوو، کە گەریدەین، جیهانگەر دەیگێڕنەوەو ئێمەش بە بێئەوەی باوەڕی پێبکەین گوێی لێدەگرین.

سەیرم کرد ئەو مژ ودوومانەی کە بەر لە دوو سەعاتان سەری ڕوبارەکەی گرتبوو، بەرەبەرە دەڕەوییەوەو لە هەر دوو ڕەخی ڕوبارەکە کەڵەکە دەبوو، لە هەر دوو ڕەخەکەدا، لە شێوەی تەپەیەکی شەش حەوت مەتریدا بەرز بووبووەوە. ئیدی ئەو گردە وەکو بەفری بێگەرد لە بەر تریفەی مانگەکە دەدرەوشایەوە، ئیدی بینەر جگە لە دیمەنی ڕوبارە بەرینەکەی نێوان ئەو دوو گردۆڵکە سپیە هیچی تری نەدەبینی. کە دەتڕوانییە ئاسمان، هەیڤ، بە حەوێقی ئاسمانی شینباوەوە دەدرەوشایەوە.

ئیدی هەموو گیاندارە ئاوییەکان، کەوتبوونە جم وجووڵ، قورباقان لە پەستا و بێپسانەوە دەیانقێڕاند. ئیدی ناو بە ناو، جارێ لە سەمتی ڕاستەوە وجارێ لە سەمتی چەپەوە گوێم بە دەنگی ناساز و یەک نەواو خەمناکی

قورباقەکان دەزرینگایەوە. سەیر ئەوە بوو، ترسەکەم بە تەواوەتی ڕەوی بووەوە، دیمەنەکەی دەوروبەرم ئەوەندە بێ وێنە و دەگمەن بوو، کە سەیرترین دیمەن و دیاردە کاری تێنەدەکردم.

ئەم ڕەوشە چەندی پێچوو؟ نەمدەزانی، چونکە خەو بردبوومیەوە، وەختایەک ڕابووم و چاوم کردەوە، مانگ ئاوا بووبوو، هەوران بەری ئاسمانی گرتبوو. هاژەی ئاوەکە زۆر خەمناک بوو، بای دەهات. هەوا سارد و دنیا تاریک بوو.

پاشماوەی عارەقەکەم خواردەوە، ئەوسا گوێم هەڵخست، خشە خشی نەیچەزارەکە و دەنگی خەمناکی ڕوبارەکە لەرزیان لێهێنام. هەوڵمدا بەرچاوم ڕوون ببێتەوە، بەڵام نەمتوانی بەلەمەکەم و تەنانەت دەستەکانیشم بە ڕوونی بدینم.

بەڵام تاریکیەکە بەرەبەرە خەریک بوو دەڕەوییەوە، لە ناکاوا وام هەستکرد سێبەرێک بەلاما دادەخزێت. هاوارێکم کرد. دەنگێک بەرسڤی دایەوە، دەنگی ماسیڤانێک بوو کە بەوێدا ڕەت دەبوو. گازم کرد، هاتە پێشترەوە و ئیدی حاڵ ورەوشە نالەبارەکەی خۆم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. هەنگێ بەلەمەکەی خۆی نا بە بەلەمەکەی منەوەو بە دوو قۆڵی کەوتینە ڕاکێشانی زنجیری لەنگرەکە، بەڵام بێهودە، لەنگرەکە نەجولا. زۆری پێنەچوو ڕۆژ هەڵات، دنیا لیڵ بوو، هەواکەی بارانی و زۆر تەزی بوو، لەو ڕۆژانە بوو کە پیاو دڵی پێی تەنگ دەبوو. دوای تۆزێکی دی بەلەمێکی دی هات، بە دوو قۆڵی بانگمان لێکرد، هات بە دەنگمانەوە، بەلەمەکەی ڕاگرت و هاتە هیمدادمان تا بە سێ قۆڵی لەنگەرەکە ڕابکێشین. لەنگەرەکە وردە وردە دەجولا، بە ئەسپایی بە دەستمانەوە دەهات و بەرز دەبووەوە، زۆر قورس بوو، ئەنجام تۆپەڵێکی ڕەشی گەورەمان بەدی کرد، ڕامان کێشایە ناو بەلەمەکەمەوە، جەستەی پیرەژنێک بوو، کە بەردێکی گەورەی بە ملەوە بەسترابوو.

تێبینی: ئەم چیرۆکە هەوەڵجار لە هەیڤی ئازاری ساڵی ١٨٧٦ دا لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسیدا، لە ژێر سەرناڤی ( لە بەلەم دا ) بڵاو بووەتەوە. پاشان لە ڕۆژنامەی ( لانتر ئەنزیجان ) ی وێنەدار، لە ١٨٩١/٦/٢٦ بە ناونیشانی بە سەر ئاوەوە بڵاو بووەتەوە.

**دەست**

هەموو لە دەوری قازی لێکۆڵینەوە، جەنابی برموتییە خڕ بووبووینەوە کە باسی دۆزە ئاڵۆزەکەی " سان کلو " ی بۆ دەکردین. مانگێک پێش ئەم کۆڕ و مەجلیسەمان، ئەم تاوانە گونگ و ئاڵۆزە، بووبووە مایەی بڵاوبوونەوەی ترس لە پاریسدا. کەس هیچی دەربارەی ئەم تاوانە نەدەزانی.

جەنابی برموتییە، بەپێوە وەستا بوو، شانی نابوو بە سۆپاکەوەو باسی ئەم تاوانەی بۆ دەکردین. بەڵگەی دەخستە ڕوو، گەنگەشەی بۆچوونە جیاوازەکانی دەکرد، لێ نەدەگەییە هیچ ئەنجامگیرییەک.

ژمارەیەک لە ژنەکان، لە جێی خۆ هەستابوون، تا لە یارۆی قازی نزیک ببنەوە، هەموو ڕاوەستان، چاویان بڕی بووە دەمی و ئەو قسانەی کە بە ویقارەوە لە زاری دەردەچوون، ئیدی ئەم ژنانە لە ترسا، دەلەرزین، ڕادەچڵەکین، دڵیان دەگوشراو ڕوخساریان گرژ دەبوو، ئیدی ترس و لەرز باڵی بەسەر دڵ و دەروونیاندا دەکێشا و عەزابی ڕوحی دەدان.

لە دەمی سووکە بێدەنگیەکدا، یەکێک لە ئافرەتەکان، کە لەوانی دی پتر ترسی پێوە دیار بوو و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، هەڵیدایە وگوتی:- ئەیەڕۆ! ئەم چیرۆکە دەچێتە خانەی شتە ناسروشتیەکانەوە، کەس ناتوانێ بچێتە بنج و بناوانی و شتێکی دەربارە کەشف بکات.

قازیەکە ئاوڕی لێدایەوەو گوتی:- بەڵێ خاتوونی من، دەشێت کەس نەتوانێ هیچ شتێکی دەربارە کەشف بکات. بەڵام سەبارەت بە زاراوەی ناسروشتی، کە بە کارت برد، لە جێی خۆیدا نییە، ئێمە لە هەنبەر تاوانێکداین زۆر بە وردی نەخشەی بۆ دانراوە و جێبەجێ کراوە، تاوانێکە زۆر تەم و مژاوی، زۆر زەحمەتە لە زروف و هەل و مەرجە ئاڵۆزەکەی خۆی جیا بکرێتەوە. بەڵام من کاتی خۆی ڕاسپێردرابووم پەیگیری دۆزێک بکەم کە بە ڕاستی دەتوانم بڵێم بویەرەکانی تێکەڵاوی جۆرە نابەجاییەک کرابوو، تەنانەت لە کۆتاییدا ناچار بووین، لە بەر نەبوون و دەست نەکەوتنی بەڵگە وکۆدی پێویست بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەم و مژەی تێی ئاڵابوو، دۆزەکە دابخەین.

لێرەدا ژمارەیەک لە خانمەکان، لە یەک کاتدا و بلەز و بەیەک دەنگ گوتیان:- باسی ئەو دۆزەمان بۆ بکە.

جەنابی برموتییە، بە ویقاری قازیانەوە بزەیەکی کردو لە سەری ڕۆیی وگوتی:- وا وێنا نەکەن، من بۆ ساتێکیش، باوەڕم بە ڕەگەزێکی سەرووی توانای بەشەرەوە، لەم تاوانەدا، هەبووبێ. بەڕای من شتێک نەبوو لە سەرووی توانای بەشەرەوە بووبێ، من تەنیا باوەڕم بە سەدەم و هۆکارە ئاساییەکانی شتان هەیە، من ڕام وایە هەقە لە جیاتی بەکار بردنی زاراوەی ( ناسروشتی ) بۆ گوزارشت کردن لەو دیاردانەی پەیان پێ نابەین زاراوەی " کێشە " بەکار بەرین زۆر باشترە. بە هەرحاڵ سەبارەت بەو دۆزەی کە گەرەکمە بۆتانی باسبکەم، زەمینە و زروفی پێش ڕوودانی تاوانەکە زیاتر کاری تێکردم تا خودی تاوانەکە.

فەرموون با بێمە سەر واریقاتەکە:

من لە کاتی ڕوودانی ئەم بویەرانەدا قازی لێکۆڵینەوە بووم لە ( ئەجاکسیو ) کە شارۆچکەیەکی بچووک بوو، خانووەکانی هەموو سپی بوون، دەیڕوانیە سەر کەنداوێکی زۆر جوان کە لە هەر چوار نکاڵەوە چیای بەرز دەوری دابوو.

من لەم باژێرۆکەدا زیاتر بۆ دۆزی تۆڵە ڕاسپێردرام. جا ئەم جۆرە دۆزانە، هەندێکیان لە ڕادەبەدەر کارەساتبار و کارەساتاوین، هەندێکیان هۆڤیانەن و هەندێکیان شەقڵی قارەمانیەتی وەردەگرن، لەم جۆرە دۆزانەدا، غەریب ترین چیرۆکی تۆڵە ئەستێنی بەدی دەکرێ، تۆڵەیەک کە ڕەگی لە کۆنە قیندایە، کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک و بە شێوەیەکی کاتی کپ ببێتەوە، بەڵام هەرگیز دانامرکێتەوە. هەروەها لەو جۆرە دۆزانەدا، فڕوفێڵی بوغزنیش دەبینین، هەندێ ڕووداوی کوشتن دەبینرێ کە گۆڕاوە بۆ کوشتارگە ومۆرکی داستان وکاری مەزنی وەرگرتووە.

بە درێژایی دوو ساڵان تەنیا گوێم لە " خوێن کردنەوە " دەبوو، ئەو عادەتە دزێوەی کە خەڵکی " کورسیکا " لە باوانەوە بۆیان مابووەوە کە بریتی بوو لە دژایەتی توندی خەڵکی و تۆڵە ئەستاندن لە هەر کەسێ سووکایەتی بە خەڵکی دەکات، ئیدی تۆڵەکە لە خودی خۆی یان زوڕیەتی یان تەنانەت لە خزمانیشی دەکرایەوە، من بەچاوی خۆم منداڵان و پیرەمێردان و ئامۆزا و بن عامانم دیتوون کە کراون بە قوربانی ئەم عادەتە. ئەوسا سەرم لەو چیرۆکانەدا جمەی دەهات.

ڕۆژێک زانیم کە کەسێکی بەریتانیایی ڤێلایەکی بچووکی لەلای کەنداوەکە و بۆ چەند ساڵێک بە کرێ گرتووە. ئەم کرێچیە بەریتانیە، خزمەتکارێکی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە بە " مارسیلیا "تێپەڕی بوو تووشی ئەو خزمەتکارە بووبوو و لە گەڵ خۆیدا هێنابووی.

ئیدی هێندەی پێنەچوو کە ئەم پیاوە غەریب و نامۆیە بوو بە خولیای خەڵکی باژێرۆکەکە. کابرای بەریتانی بە تەنێ لەم ڤێلایەدا دەژیا، مەگەر جارجار بۆ ڕاوی حەیوانات یان ڕاوی ماسی لە ماڵ بهاتبا دەرێ، دەنا هەر لە ماڵەوە دەمایەوە، قسەی دەگەڵ کەسدا نەدەکرد، هەرگیز بۆ ناو شار نەدەهات، هەموو بەیانییەک بۆ ماوەی یەک دوو سەعاتان مەشقی لە سەر بەکار هێنانی دەمانچە وتفەنگ دەکرد.

زۆری پێنەچوو، جۆرەها چیرۆکی لە مەڕ هۆنرایەوە، هەندێک دەیانگوت کەسێکی خانەدان وسەنگینە و لە سۆنگەی سەدەمێن سیاسییەوە لە وڵاتی خۆی هەڵاتووە، هەندێکی دی دەیانگوت، تاوانێکی دزێوی کردووە و هاتووە خۆی لێرە بشارێتەوە. تەنانەت هەندێکی دیکە کۆیان لەوە نەدەکردەوە، بوختانی دزێو و نەنگینی پێ بکەن.

من بە حوکمی ئەوەی قازی تاقیقات و لێکۆڵینەوە بووم ویستم بڕێک زانیاری سەبارەت بەم پیاوە کۆ بکەمەوە، بەڵام مەحاڵ بوو هیچ زانیارییەکم دەربارەی دەستبکەوێ. بە قسەی خۆی ناوی سێرجون رویل بوو، بۆیە دوور و نزیک کەوتمە تاقیب و چاودیری، وێڕای ئەوەش هیچ زانیارییەکم دەست نەکەوت کە مایەی گومان بێ لەم پیاوە.

بەڵام دەنگۆ وقسەوقسەڵۆکان لە مەڕ ئەم پیاوە نەک نەدەبڕایەوە، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ زۆر و زۆرتر دەبوو، ئەمە وایکرد، هەوڵبدەم بە خۆم ئەم پیاوە بێگانە و نامۆیە بدینم، ئیدی خووم دایە ڕاوی بەردەوام لە دەوروبەری ماڵەکەی ئەو.

زۆرم چاوەڕوان کرد، تا دەرفەتی دیتنی ئەوم بۆ ڕەخسا، ئەم دەرفەتە وەختێک ڕەخسا کە بە بەرچاوی ئەوەوە نێرە کەوێکم پێکا. تاژیەکەم بلەز ڕۆیی و کەوەکەی بۆ هێنام، یەکسەر کەوەکەم برد و چووم تا تەوازی لە سێرجون رویل بخوازم کە ئەو ڕەفتارە ناشایستەیەم لە حوزووری ئەودا کردبوو، تکام لێکرد کە نێچیرەکەم لێ قەبووڵ بکات.

ئەم پیاوە بەریتانیاییە زۆر کەتە و زەلام، قژی سەر ومووی ڕدێنی سوور بوو، ئەوەندە کەتە و زەلام بوو لە هەرقل دەچوو، لە هەمان کاتدا پیاوێکی مەند و لە سەر خۆ بوو. وەکو بەریتانییەکان سارد وسڕ نەبوو، بە زمانیکی فەرەنسی، ئینگلیزی فۆنی زۆر سوپاسی ئەم هەڵوێستە ناسکەی کردم. لەو ڕۆژەوە، بە درێژایی یەک مانگی تەواو پێنج شەش جارێک قسەمان دەگەڵ یەکدیدا کرد.

ئێوارەیەک، بە بەر ماڵەکەیدا ڕەتدەبووم، سەیرم کرد لە باخچەکەیدا دانیشتووە و سەبیل دەکێشێت، سڵاوم لێکرد، خوڵکی کردم بیرەیەکی لە گەڵدا بخۆمەوە، یەکسەر قاییل بووم.

ئەو پیاوە بە هەمان ئەدەب و ئەتەکێتی بەریتانیان پێشوازی کردم، ستایشێکی فرەی فەرەنسا و کورسیکای کرد، بە فەرەنسییەکی سەر وگوێ شکاوی پڕ هەڵەی ڕێزمانی باسی خۆشەویستی خۆی و ئەم شارۆچکە و ئەو کەناراوەی بۆ کردم.

هەنگێ، بە پارێزێکی زۆرەوەو بە بایەخێکی فرەوە چەند پرسیارێکم دەربارەی ژیان و پرۆژەکانی لێکرد، بێ هیچ دوو دڵی و بێزارییەک وەڵامی دامەوەو باسی سەفەرە زۆرەکانی خۆی، بۆ ئەفریقیا وهند وئەمریکا بۆ کردم.

ئەوسا بە پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیی:- بەڵێ، زۆرم سەررەڕۆیی و سەرکێشی کردوون، ئا، بەڵێ.

ئەوسا لە گەڵیا کەوتمە باسی ڕاوە تەیر وگیانداران، ئیدی بە دوور ودرێژی باسی سەیرترین ڕاوی ماینی دەریایی و پڵینگ وفیل و گۆریلاشی بۆ کردم.

گوتم:- هەموو ئەو گیاندارانەی باست کردن زۆر خەتەرناکن.

بزەیەکی کرد وگوتی:- ئەها! نەخێر! لە هەموو ئەوانە خەتەرتر ئینسانە.

هەنگێ بە دەنگی بەرز وەکو هەر بەریتانیەکی شادمان لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:- زۆر جار ڕاوی ئینسانیشم کردووە.

دوای ئەوە هاتە سەر باسی چەک، خوڵکی کردم بچمە ژوورەوە تا هەموو ئەو تفەنگە جۆراوجۆرەم نیشانبدات کە هەیبوون.

ژووری میوانەکەی بە پەردەی حەریری ڕەشی سورمەچن داپۆشرابوو، بەشێکی زۆری ئەو پەردانە بە گوڵێن گەورەی ئاماڵ زەرد گوڵدۆزی کرابوو و بریسکەیەکی بڵێسە ئاسای پێ بەخشی بوو.

خانە خوێیەکەم خێرا گوتی:- ئەم پارچەیەم (قوماش) لە ژاپۆن کڕیوە.

بەڵام ئەوەی لە ناو ئەم ژوورەدا، لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، شتێکی سەیر بوو، کە لە ناوەندی گەورەترین چوارچێوەی ئەم شوێنەدا هەڵواسرابوو. ئەو شتە بریتی بوو لە جەستەیەکی ڕەش کە بە شێوەیەکی زەق لە سەر پارچە مەخمەڵێکی سووری چوارگۆشە هەڵواسرابوو. چوومە پێشەوە تا دیقەتی ئەو شتە بدەم، سەیرم کرد دەستە، دەستی بەشەر. ئەوە نەبێ دەستێکی سپی پاک و خاوێن بێ، بەڵکو دەستێکی ڕەشی وشکەوە بوو، بوو، نینۆکەکانی زەرد، ماسولکەکانی زەق، پاشماوەی خوێنی کۆنی بە سەرەوە بوو، خوێنێک دەتگوت پیساییە بە سەر ئەو ئێسقانانەوە کە گردە بڕ، وەکو ئەوەی لە ناوەڕاستی باسکیەوە بە تەور بڕابێتەوە.

زنجیرێکی ئاسن بە دەوری مەچەکیا هاتبووە خوارەوە، زۆر بە توندی بەم تەنە پیسەوە بەسترابوو، تا بە ئەڵقەیەکی سەر دیوارەکەوە، هەڵی بواسێت، ئەڵقە و زنجیرێک بوو، دەشیا فیلی پێ سندم بکرێ.

لە خانە خوێیەکەمم پرسی:- ئەمە چییە؟

بە کاوەخۆ بە زمانێکی فەرەنسی سەر وگوێ شکاو بەرسڤی دایەوە:- ئەمە سەرسەخترین دژمنم بوو کە لە ئەمریکاوە هاتبوو. ئەم دەستە بە شمشێر هاتە بڕینەوە و بەهۆی بەردێکی تیژەوە کەوڵ کرا و ئەوسا بۆ ماوەی هەشت ڕۆژان خرایە بەر هەتاو تا وشک ببێتەوە. ئاە! کە ئەو کارەم پێخۆش بوو!!

چوومە پێشەوە تا دەستێک لەم پاشماوە بەشەریە بدەم، دیار بوو ئەمە دەستی کەسێکی کەتە و زەلام بوو، پەنجەکانی زۆر درێژ بوون، پەردەی نێوان قامکەکانی زۆر ئەستوور بوو، دیمەنی ئەم دەستە گۆڕاوە، شێواوە زۆر ترسناک بوو، دیتنی، نموونەی تۆڵە ئەستاندنێکی هۆڤیانەی لە زەینا بەرجەستە دەکرد.

گوتم:- پێدەچێ ئەم پیاوە زۆر بەهێز بووبێت.

خانە خوێیە ئینگلیزەکەم بە هێوری گوتی:- بەڵێ، ڕاست دەکەی، بەڵام من لەو بەهێزتر بووم، ئەم کۆتەم خستە مەچەکی تا بەمە بیگرم.

وامزانی شۆخی دەکات، گوتم:- بەڵام ئەم کۆتە بۆ ئێستا هیچ فایدەیەکی نییە، خۆ ئەم دەستە تازە هەڵنایەت.

سێرجۆن رویل، لێبڕاوانە گوتی:- هەمیشە هەوڵیدەدا هەڵێت، بۆیە ئەم کۆتە زەروری بوو.

نیگایەکی خێرام کرد، تا ڕوخساری بخوێنمەوەو وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆمی لێوە هەڵێنجم:- ئایا ئەم کەسە شێتە یان شۆخی دەکات؟

بەڵام ڕوخساری ئارام بوو، گوزارشتی لە هیچ نەدەکرد، ئیدی بابەتەکەم گۆڕی و کەوتمە تاریفی چەکەکانی.

بەڵام من سێ دەمانچەم لە سەر کەل و پەلەکان بینی کە هەرسێکیان سوار و لە سەر پێ بوون، وەکو ئەوەی ئەم پیاوە لە ترسێکی بەردەوامدا بژی و لە هەموو ئان و ساتێکا بەتەمای ئەوە بێ هێرشی بۆ بکرێ.

دوای ئەوە، چەند جارێکی دی سەردانی ئەم ئینگلیزەم کرد، پاشان وازم لە هاتوچۆی هێنا. خەڵکەکە بە بوونی ڕاهاتن و کەس وەکو جاران گوێی نەدەدایە.

ساڵێکی تەواو بووری. بەیانییەک لە ئاخر وئۆخری هەیڤی نوڤەمبەردا، خزمەتکارەکەم هات، لە خەوی هەستاندم و پێی ڕاگەیاندم کە سێر جۆن رویل، شەوێ کوژراوە.

دوای نیو سەعاتێک دەگەڵ مامور کاپیتاندا گەییمە ماڵی سێر جون رویل. خزمەتکارەکە لە بەر دەرگا وەستابوو، زۆر شپرزە وخەمبار بە کوڵ دەگریا. لە هەوەڵەوە گومانم چووە سەر ئەم پیاوە، بەڵام بێتاوان دەرچوو.

بە هەرحاڵ، یارۆی تاوانبار هەرگیز نەدۆزرایەوە.

کە چوومە ژووری میوانەکەی سیرجونەوە، سەیرم کرد جەنازەکەی بە پشتا لە ناوەندی ژوورەکە کەوتووە.

ئێلەکەکەی بەری دڕابوو، قۆڵێکی داکەندرابوو و بە قەدیا شۆڕ بووبووەوە. بە کورتیەکەی هەموو شتەکان ئەوەیان دەنواند کە شەڕێکی توند بەرپا بووە.

کابرای ئینگلیز خنکێنرابوو! ڕوخساری شین ومۆر بووبووەوە، ئاوسا بوو، زۆر ترسناک بوو، نیشانەی ترسێکی زۆری پێوە دیار بوو، ددانەکانی بە چیڕەوە بردبوو، خوێن ملی داپۆشی بوو، شوێنەواری پێنج کونی پێوە دیار بوو، کە دەتبینی وات هەستدەکرد کە شوێنەواری شتێکی نووک تیژە.

دوای تۆزێک دکتۆرێک هات، ماوەیەکی زۆر معایەنەی شوێنەواری ئەو قامکانەی سەر جەنازەکەی کرد و پاشان ئەم قسە سەیرانەی کرد:- پێدەچێ ئێسکە پەیکەرێک ئەم پیاوەی خنکاندبێ.

کە گوێم لەو قسانە بوو، تەزوویەکم بە قالبیدا هات، یەکسەر تەمەشای دیوارەکەم کرد، تەمەشای ئەو خاڵەم کرد کە پێشتر دەستە گووراوەکەی لێ هەڵواسرا بوو. دەستەکە لە جێی خۆی نەمابوو، کۆتەکە شکابوو و هێشتا بە دیوارەکەوە شۆڕ بووبووەوە، چووم بۆ لای جەنازەکە، سەیرم کرد دەمی گرژ بووە، قەپی کردبوو بە قامکی ئەو دەستەدا کە لە جێی خۆی نەمابوو، ددانی کوژراوەکە قامکەکەی لە گرێی دووەمەوە بڕی بوو.

دوای ئەوە دەستمان بە معایەنە کرد، هیچ شتێکمان بۆ بەدیار نەکەوت، هیچ شوێنەوارێکی زەبر و زەنگ بە سەر دەرگا و پەنجەرەکانەوە یان کەل و پەلەکانەوە نەبوو، تەنانەت سەگەکانیش لە خەو ڕانەبووبوون.

خزمەتکاری کوژراوەکە لە پرس و جۆیەکەدا ئەم قسانەی کرد:- مانگێک بەر لەم بویەرە، بە ئاشکرا نیگەرانی بە ئاغایەوە دیار بوو. نامەی زۆری پێدەگەیی و هەرکە وەری دەگرتن یەکسەر دەیسووتاندن، زۆرجار تووڕە دەبوو وهەڵدەچوو، جۆرە شێتاتیەک دەیگرت، دەستی دەدایە قامچیەک و بەر دەبووە ئەو دەستە وشەکەوە بووەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، ئەو دەستەی لە کاتی ڕووداني تاوانەکەوە دیار نەما و کەسیش نازانێ چۆن دیار نەما. زۆر درەنگ دەچووە ناو جێگاوەو دەرگاکەی زۆر مەحکەم کلیل دەدا، هەمیشە چەکی لە لای خۆیەوە دادەنا، زۆرجار، بە شەوان هاواری لێبەرز دەبووەوە، لە تۆ وایە لەگەڵ یەکێکدا بە شەڕ دێت.

لە شەوی کوشتنەکەیدا هیچ دەنگێکی نا ئاسایی کە ژوورەکەیەوە نەهات، تەنانەت خزمەتکارەکەشی تا نەچووبوو پەنجەرەی ژوورەکەی بکاتەوە، بە کوژرانەکەی ئاغای نەزانی بوو. کەسیشی تۆمەتبار نەکرد.

منیش لە لای خۆمەوە، هەرچیەکم دەربارەی کوژراوەکە دەزانی هەموویم بە قازی و ئەفسەرەکان گوت، پاشان لێکۆڵینەوە و تاقیقێکی ورد و تێر و تەسەل لە دوڕگەکەدا لە مەڕ ئەم دۆزە کرا، بەلام بێهودە، هیچ شتێک ڕوون نەبووەوەو بە دیار نەکەوت.

سێ مانگێک بە سەر تاوانەکەدا بووری، شەوێک تووشی کابوسێکی ترسناک بووم. لە خەوما دەستەکەم دەبینی – ئەو دەستە ترسناکەی وەکو جالجالۆکە دادەخزی و بە دار و دیواری ماڵەکەما هەڵدەگەڕا. سێ جاران بە ترسەوە لە خەو ڕاپەڕیم، پاشان خەوتمەوە. سێ جاران ئەم خەڵقەنە بەشەرییە دزێوەم بینی کە بە دەوری ژوورەکەمدا ڕایدەکرد و قامکەکانی ڕادەوەشاند وەکو ئەوەی شتێک بی جوڵێنێت.

ڕۆژی دوایی، لای بەیانییەکەی یەکێک ئەو دەستەی بۆ هانیم، لە دەڤەری گۆڕستانەکە، ڕێک لە سەر گۆڕەکەی سێرجون رویل، دۆزی بوویانەوە، سێرجون رویل، چونکە کەس نەیتوانی بوو پەیوەندی بە کەس و کارەکەیەوە بکات، لە هەمان شارۆچکەدا نێژرابوو. قامکی شادە بە دەستەکەوە نەمابوو.

خانمینە ئەوە چیرۆکەکەی من بوو، لەوەی زیاتر نازانم.

دوای ئەو حیکایەت وگێڕانەوەیە، خانمەکان هەموو شپرزە بوون، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا، ترسیان لێنیشت، یەکێکیان گوتی:- ئەمە چتۆ کۆتاییەکە!! هیچ ماقولیەتێکی تێدا نییە! تا ڕای خۆتمان لەمبارەیەوە بۆ ڕوون نەکەیەوە، خەو ناچێتە چاومان.

لێرەدا قازی بە ویقارەوە بزەیەکی کرد وگوتی:- ڕای من لە مەڕ ئەم دۆزە خانمان، بێگومان شپرزەو هەراسانتان دەکات، خەون و خەیاڵەکانتان دەشێوێنێ، من وای لێکدەدەمەوە کە ئەو کەسەی دەستی بڕاوەتەوە، نەمردووە، هاتووە بە یارمەتی دەستەکەی دیکەی، ئەم دەستە بڕاوەی خۆی وەربگرێتەوە. بەڵام نازانم چۆن ئەوەی بۆ لواوە. بەڵام بە هەرحاڵ، ئەوە خۆی لە خۆیدا جۆرە تۆڵە کردنەوەیەکە.

یەکێک لە خانمەکان بە چپەوە گوتی:- نەخێر، شتی وەها مەحاڵە.

قازی، کە هێشتا بزەکەی ئاوا نەبووبوو، بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکەی هێنا:- نەمگوت، شرۆڤەکەی منتان بە دڵ نابێت!

لە ١٨٨٣/١٢/٢٣ لە ( لوگولوا ) دا بڵاوبووەتەوە.

# تاپۆ

کۆمەڵێک دۆست وبرادەر بووین، شەوێک میوانی کەسێک بووین کە ماڵە بە شکۆیەکەی لە شەقامی گرونیل بوو. باسی نۆرە پاسەوانی و خەفارەتمان دەکرد، باسی بویەرێکی تازەمان دەکرد. هەرکەسە و چیرۆکێکی پێ بوو و دەیگێڕایەوە، هەرکەسە و تەکەزی لە سەر دروستی و واقیعیەتی چیرۆکەکەی خۆی دەکرد.

هەنگێ مارکیزی شارۆچکەی (لاتور سمویل) کە تەمەنی هەشتا و دوو ساڵ بوو، لە سەر کورسییەکەی هەستا و شانی دا بە سۆپاکەوەو بە دەنگێکی کەمێک لەرزۆک گوتی:- منیش چیرۆکێکی غەریبم لە لایە، هێندە غەریبە، قەت بەرۆکی هۆش و هەستی بەرنەداوم. من پەنجا و شەش ساڵ لەمە پێش ئەم سەرکێشیەم کردووە، تەمەنێکە نەک هەر لە بیرم نەچووەتەوە، مانگێک نییە، وەکو خۆی، بە هەموو تول وتەفسیلێکیەوە نەیەتە خەونم. ئەو ڕۆژەی کە ئەم ڕیسکەم بینی، ترسێکی وای خستە دڵمەوە، کە هەرگیز نایەتە سڕینەوە، حاڵی عەرزم هەن؟ بۆ ماوەی دە خولەکێک ترسێکی کوشندەم لێنیشت. ئەم دە خولەکە بەس بوو، بۆ ئەوەی جۆرە هەستێکی ترس ئامێزی هەمیشەییم لەلا چێبکات، دەنگێن کوت و پڕی چاوەڕوان نەکری، بەسە بۆ ئەوەی لە ناخی ناخەوە بترسم، ئەو شتانەی کە لە تاریکە شەوا بۆم هاوێر ناکرێن، ئارەزوویەکی شێتانەی هەڵاتنم لە لا دروست دەکات. ئیدی لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بە شەوان هەست بە ترس دەکەم! لە تاریکی و شەو دەترسم.

پێشتر، پێش ئەوەی بگەمە ئەم تەمەنە هەرگیز ئیعترافم بەمە نەدەکرد. نها دەکارم دان بە هەموو شتێکدا بنەم، ئاساییە پیاو لە هەنبەر خەتەرە خەیاڵکردەکانی خۆیدا نەترە بەر بدات، بە تایبەتی بۆ کەسێک تەمەنی گەیی بێتە هەشتا و دوو ساڵ. بەڵام گەلۆ، دڵنیاتان دەکەمەوە، کە بەندە هەرگیز سڵم لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی و تالوکەی ڕاستەقینە، نەکردووەتەوە.

لێ ئەم چیرۆک وسەربوردەیە، لە ناخەوە هەژاندمی، نیگەرانیەکی قووڵ، ئاڵۆز و ترسناکی ئەوتۆی خستە دڵ و دەروونمەوە، کە تا ئەمڕۆ هەرگیز جورئەتم نەکردووە بیگێڕمەوە، ئیدی لە ناخی ناخما هەڵمگرتووە، لە قوڵایی ئەو ناخەدا کە مرۆڤ، هەموو ڕازێکی تاڵ، نەنگین، هەموو ئەو ترسەنۆکی و لاوازیانەی لە ژیانا پێیا تێپەڕیوە و لە لای کەس نایاندرکێنێ، تێدا دەشارێتەوە.

جا بەندە ئەو ڕیسکەی خۆمتان، وەکو خۆی، بێهیچ ڕوتوش و پاکانەیەک بۆ دەگێڕمەوە. هەڵبەتە ئەم بویەرە، لە ڕۆژی خۆیا و بۆ ئەو کاتە تەفسیری خۆی هەبووە، دەنا دەکاتە شێتی. نا هەرگیز شێتاتی نەبوو و ئەوەشتان بۆ دەسەلمێنم. من واریقاتەکەتان وەکو هێلکەی پاککراو دەخەمە بەردەست و ئێوەش چۆنی لێک دەدەنەوە، لێکی بدەنەوە:

مانگی شەشی ساڵی ١٨٢٧ بوو، ئەو کاتە من لە پێگەیەکی عەسکەریدا بووم لە شاری روان.

ڕۆژێک، بە ڕەخی ڕوبارەکەدا پیاسەم دەکرد، تووشی پیاوێک بووم وام بە خەیاڵدا دەهات ئەم پیاوەم لە شوێنێک دیتووە و دەیناسم، بەڵام بیرم نەدەکەوتەوە کێیە، خۆبەخۆ ڕاوەستام. کابرای غەریب کە بینی وەستاوم، تەمەشایەکی کردم، زۆری پێنەچوو، خۆی هاوێشتە باوەشم.

برادەرێکی دەورانی منداڵیم بوو، زۆرم خۆش دەویست. پێنج دانە ساڵ بوو نەمبینی بوو، بەڵام بە قەد پەنجا ساڵ پیر دیار بوو. سەری تەواو سپی بووبوو، بە کووڕە کووڕ، وەکو کەسێکی زۆر ماندوو و داڕوخاو ڕێی

دەکرد. هەستیکرد، بە سەرسامی لێی دەڕوانم، ئیدی کەوتە باسی ژیانی خۆی. کارەساتێکی ترسناک ژیانی وێران کردبوو. کەوتبووە داوی ڤیانی کیژێکەوەو خواستبووی. دوای ئەوەی سالێکیان بەوپەڕی شادی و خۆشییەوە، بە سۆز و گودازێکی بێ وێنە و لە بن نەهاتگ بەسەر بردبوو، خۆشەویست و ژنەکەی لە ناکاوا بە نەخۆشی دڵ مرد. بێگومان هەر ئەو خۆشەویستیە کوشتبووی، هەڵبەتە دڵی بەرگەی ئەو هەموو خۆشەویستی و ڤیانەی نەگرتبوو.

ئەم برادەرەم، دوای ڕێ و ڕەسمی پرسە و بە خاک سپاردن، ئەو کۆشکەی چۆڵ کردبوو کە دەگەڵ ژنەکەیدا تیای گیرسابوونەوە. میوانخانەیەکی لە ڕوان هەبوو، هاتبوو لەوێ دەژیا، نائومێد و تەنیا و گۆشەگیر، داخ و کەسەران دڵیان دەگوشی، زیاتر بیری لە خۆکوژی دەکردەوە.

کە ئەم برادەرەم بینی، گوتی:- باشبوو یەکمان بینی، حەز دەکەم چاکەیەکم لە گەڵدا بکەیت، دەمەوێ بڕۆی بۆ ئەو کۆشکەم و بچی بۆ ژوورەکەم، مەبەستم بۆ ژوورەکەمانە، هەندێ ئەوراقم لەوێندەر هەیە، کە کاری بەپەلەم پێیان هەیە، بۆمیان بێنی. حەز ناکەم کارمەندێکی خۆم یان کرێکارێک بۆ ئەم کارە ڕابسپێرم، چونکە دەبێ زۆر بە نهێنی و بەبێدەنگی ئەنجام بدرێت. سەبارەت بە خۆم، نە پێم ڕادەگرێت و نە هێز هەیە بتوانێ ناچارم بکات بۆ ئەو کۆشکە بچمەوە.

کلیلی ئەو ژوورەت دەدەمێ کە بەر لەوەی بەجێی بێڵم بەخۆم کلیلم دا، هەروەها کلیلی مێزەکەشت دەدەمێ. نامەیەکیشت دەدەمێ بۆ ئەو باخەوانەی کە ڕێگەت پێ نیشاندەدات تا بچیتە کۆشکەکەوە. کەرەمکە سبەی نیوەڕۆ میوانی من بە و لەمبارەیەوە قسان دەکەین.

بەڵێنم بەو برادەرە دا کە ئەو خزمەتە بچووکەی بکەم، بە هەر حاڵ ئەو کارە بۆ من زۆر ئاسان بوو، وەکو گەشتێکیش وابوو، کۆشکەکەی ئەم برادەرە نزیکەی بیست کیلۆمەترێک لە شاری " روان " وە دوور بوو، بۆ من و بە سواری ئەسپەکەم هەر سەعاتە ڕێیەک دەبوو.

ڕۆژی دوای دیدارەکەمان، دەوروبەری سەعات دە گەییمە لای برادەرەکەم، پێکڤە فراڤینمان خوارد. هەر هەردووکمان بووین، لەو دانیشتنەدا زۆر کەم قسەی دەکرد، بەوە پاکانەی بۆ ئەم بێدەنگی و ماتیەی خۆی دەکرد کە گوایە وەختێ بیر لەم سەردانەی من بۆ ئەو ژوورە دەکاتەوە، کە هەموو شادومانی ئەوی تیادا لە گۆڕ نرابوو، دڵی دەگوشرێ، بە ڕاستیش وام هەستدەکرد ئەم برادەرە، زۆر پەشێو و پەرێشانە، کێشماکێشێکی گۆنگ لە ناخیا پەنگاوەتەوە.

ئەنجام برادەرەکەم، ئەو ئەرکەی بۆ ڕوونکردمەوە کە دەیوست من بۆی ڕاپەڕێنم. ئەرکێکی بچووک بوو، قورس نەبوو، بریتی بوو لە دوو کۆنامە وبەستەیەک ئەوراق، کە لە چەکمەجەی یەکەمی سەمتی ڕاستی مێزەکەیا هەڵی گرتبوو و کلیلەکەشم پێبوو.

ئەوسا برادەرەکەم گوتی:- پێموایە پێویست ناکات تکات لێبکەم کە تەمەشای هیچ یەکێک لەو ئەمانەتانە بکەیت.

ئەو قسەیەم لەبەر گران بوو، بریندارى کردم، جۆرە ناڕەزاییەکم بۆ برادەرەکەم دەربڕی، هەنگێ لە بن لێوانەوە گوتی:- بمبورە، زۆر پەرێشان و کۆڤاندارم.

ئەوسا دەستی بە گریان کرد.

که بوو به سەعات یەک، بە جێم هێشت تا بەدەم ئەرکەکەمەوە بچم. ڕۆژێکی خۆش و هەتاو بوو، بە دەشت و دەراندا بە هەشتاو وەڕێ کەوتم، تەنیا چریکە ودەنگی تەیر وتو دەهاتە گوێ، لە گەڵ هەر هەنگاوێکا شمشێرەکەم لە پێڵاوەکەم دەخشی و دەنگێکی یەکنەوای لێبەرز دەبووەوە.

ئەوسا گەییمە لێرەوارێک، جڵەوی ئەسپەکەم تووند ڕادەکێشا، لقی دارەکان لە دەم و چاوم دەخشی، هەندێجار گەڵای درەختێکم دەکردەوە و دەمخستە ژێر دانم و بە تامەزرۆییەوەو لە کەشێکی نەشئە ئامێزدا دەمجوو، ئۆخژنێکی سەیر، خۆیشم نەمدەزانی لە کوێوە دێ، لە دڵ و دەروونم دەگەڕا، کە زیاتر لە نەشە و مەستی هێز دەچوو.

کە لە کۆشکەکە نزیک بوومەوە، کەوتمە گەڕان بە دوای ئەو نامەیەدا کە دەبوا ڕادەستی باخەوانەکەی بکەم. سەیر ئەوە بوو ئەم نامەیە بە مۆمی سوور خەتم کرابوو. ئەمە هێندە بەلاوە سەیر ونابەدڵ بوو، بە ڕادەیەک هەڵچووم لەزگ بوو ڕێ و ڕێ بزڤڕمەوەو ئەو کارە نەکەم، لێ دوایی بیرم کردەوە کە ئەگەر وا بکەم، ئەمە دەبێتە نیاز خراپی و عەیبەیەکی گەورە. لەوەشە هاوڕێکەم هەر لە خۆوەو بێهیچ مەبەستێک نامەکەی بەم شێوەیە داخستبێ چونکە لە ڕەوشێکی دەروونی خراپدایە.

کە نزیک بوومەوە، کۆشکە دێهاتیانەکەم وا هاتە بەرچاو کە بیست ساڵێک بێ چۆڵ بێ، دەرگای دەرەوە تەواو کۆن بوو بەڵام هێشتا هەر لە جێی خۆی بوو، گیا هەموو ڕاڕەوەکانی داپۆشی بوو، ئەرزەکەم نەدەبینی، نەمدەزانی پێ لە کوێ دابنەم.

کە چەند لەقەیەکم بە یەکێک لە دەرگا تەختەکاندا کێشا، پیرەمێردێک لە دەرگایەکی لاوەکییەوە وەدەرکەوت، بە دیتنی من حەپەسا، هەنگێ لە ئەسپەکەم دابەزیم تا نامەکەی بدەمێ، نامەکەی لێوەرگرتم، یەک دوو جار خوێندییەوەو ئەوسا ژێراوژێر کەوتە تەمەشاکردنم، ئەنجام نامەکەی نایە گیرفانی وگوتی:- دەی باشە! ئێستا چیت دەوێ؟

بەتووندی بەرسڤم دایەوە:- هەڵبەتە بەخۆت وەڵامی ئەو پرسیارە دەزانی، بەخۆت ئێستا ڕاسپاردەکانی ئاغات خوێندەوە، دەمەوێ بچمە ناو ئەم کۆشکەوە.

بە جۆرە پەشۆکاوییەکەوە گوتی:- کەواتە گەرەکتە بچیتە... بچیتە ژوورەکەی خۆیەوە؟

بەتەواوەتی پەست بووم، هاوارم بە ڕوویا کرد:- ئەرێ کابرا تۆ بە تەمای چیت، دەتەوێ پرس و جۆم دەگەڵدا بکەیت؟

وشەکان بە پچڕپچڕی لە دەمی دەرهات:- نەخێر... قوربان... لێ ئەم ژوورە، لەوەتای... لەوەتای... مردووە نەکراوەتەوە، پێنج خولەکێک چاوەڕوان بکە، دەڕۆم... دەڕۆم تا بزانم ئاخۆ...

بە توورەیی قسەکەم پێبڕی وگوتم:- ئەرێ کابرا تۆ چیتە؟! پێم ڕادەبوێری؟ ئاخر چۆن دەچیتە ژوورەکەوە، لە کاتێکا کلیلەکە بە منە؟

یارۆی باخەوان قسەی پێ نەما، گوتی:- کەواتە قوربان، با ڕێگای ژوورەکەت پێ نیشانبدەم.

پێمگوت:- تەنیا شوێنی قاڵدرمەکەم پێ نیشانبدە و ئیدی وازم لێبێنە، خۆم ڕێگای ژوورەکە دەدۆزمەوە و پێویستم بە تۆ نییە.

گوتی:- بەڵام... ئەزبەنی... وێڕای ئەوەش...

ئەمجارەیان بە ڕاستی توورە بووم، بە ڕوویا هەڵشاخیم وگوتم:- ئەرێ بێدەنگ دەبی، یان بێدەنگت بکەم؟

هەنگێ، بە تووندی لە سەر ڕێگاکەم لامدا وخۆم بە ماڵەکەدا کرد.

هەوەڵجار چوومە مووبەقەکەوە، ئەوسا خۆم بە دوو ژووری بچووکدا کرد کە نشیمەنی ئەم باخەوانە و ژنەکەی بوو، ئەوسا بە دالانێکی گەورەدا تێپەڕیم. دوای ئەوە بە قاڵدرمەیەکدا سەرکەوتم و یەکسەر دەرگای ئەو ژوورەم دۆزییەوە کە برادەرەکەم پێی گوتبووم . دەرگاکەم بە ئاسانی کردەوەو وەژوورکەوتم.

ژوورەکە هێندە تاریک بوو، کە لە هەوەڵەوە هیچم نەدەبینی، بەڵام هەر زوو بۆنی ژوورەکەم بە سەردا هات وەستام، بۆ گنخی شوێنی شێدار، بۆنی ئەو شوێنە چۆڵانەی، کە ئاوەدانیان تێدا نییە، لێدەهات، بۆنی مەرگی لێدەهات، بەرەبەرە چاوم بە تاریکیەکە ڕاهات، ئیدی بە تەواوەتی بەرچاوم ڕوون بووەوە، ژوورەکە زۆر گەورە بوو، دارڕژاو و داپژاو، نوێنەکان چەرچەفیان بە سەرەوە نەبوو، کەچی سەرین و دۆشەکەکان هێشتا لە شوێنی خۆیان بوو. یەکێک لە سەرینەکان چاڵ بوو، لە جێگا ئانیشک یان سەر دەچوو، وەکو ئەوە بوو، کەسێک تازەگی شانی لە سەر دادابێ یان سەری لە سەر دانابێ.

کورسییەکان، بەناو ژوورەکەدا بڵاوبووبوونەوە. بینیم کە تاکی یەکێک لە کەنتۆری جلەکان بە ئاستەم کراوەتەوە.

پێش هەموو شتێک چووم بە لای پەنجەرەکەوە تا بیکەمەوەو کەمێک ڕوناکی وەژووربکەوێ وتاریکیەکە کەمێک برەوێتەوە، بەڵام دەسکی پەنجەرەکە ژەنگی هەڵێنابوو و نەدەکرایەوە.

ویستم بە زەبری شمشێرەکەم دەسکی پەنجەرەکە بشکێنم، بەڵام هەوڵەکەم سەری نەگرت. زۆر پەست بووم، کە چاوم بە تاریکیەکە ڕاهات و کەمێک دەوروبەری خۆم دەبینی، چووم بەلای مێزەکەوە.

لەسەر کورسییەکی نەرم دانیشتم، بەشی سەرەوەی مێزەکەم، کە تایبەت بوو بە نووسین، کردەوە، پاشان ئەو چەکمەجەیەم کردەوە کە هاوڕێکەم پێی گوتبووم. پڕ بوو لە کاغەز، من لەم هەموو کاغەزانە تەنیا سێ کۆمەڵەم پێویست بوو، دەمزانی چۆنیان جیابکەمەوە، کەوتمە گەڕان.

لە کاتێکا سەرگەرمی ئەوە بووم، ئەدرەس و نووسراوی سەر زەرفەکان بخوێنمەوە بۆ ئەوەی جیایان بکەمەوە، وام بە خەیاڵدا هات گوێم لە دەنگی خشە خشێکە یان هەستم دەکرد، شتێک لە دواوە دەمگرێت. زۆر گوێم بەمە نەدا، باوەڕم وابوو، بایە و پارچە قوماشێکی جوڵاندووە، لێ دوای یەک خولەکی دی هەستم بە جووڵەیەکی دی کرد، جووڵەکە زۆر خویا نەبوو، بەڵام بایی ئەوە دەبوو کە بە ئاستەمێک ڕابچڵەکێم، پێم شەرم بوو بە ئاستەمیش لە بەر ئەم شتە بشلەژێم، بۆیە بڕیارم دا ئاوڕ نەدەمەوە، ئەمەم لەبەر ئەوە بوو کە نەپەشۆکێم و نەترە بەر نەدەم، لەم کاتەدا بە ستە کاغەزی دووەمم دۆزییەوە، دوای تۆزێک بەستەی سێیەمیشم دۆزییەوە.

لێرەدا گوێم لە ئاخێکی بە سوێ بوو کە لە پشتمەوە بەرز بووەوە. بە جۆرێ ڕاپەڕیم کە نزیکەی دوو مەتر لە مێزەکە دوور کەوتمەوە، بەدەم تەکان و ڕاپەڕینەکەوە ئاوڕی پاشەوە، ئاوڕی لای ئاخەکەم دایەوە، دەستم لە سەر دەسکی شمشرەکەم دانا، کە ئەگەر لەو دەمەدا پێم نەبوایە، لەگین بوو وەکو ترسنۆکان هەڵێم.

ئەوەی من دیتم، کەس نەیبینێ، لە پشت ئەو کورسییە نەرمەوە کە تۆزێ لەوە پێش من لە سەری دانیشتبووم، ژنێکی بەژن زراڤی سپی پۆش ڕاوەستابوو و تەمەشای منی دەکرد.

کە ئەم دیمەنەم بینی، سەراپام هاتە لەرزین، لەزگ بوو بە پشتا بکەوم. خودایا! ئەو هەستکردنە سەخیفە بە ترس، تەنیا ئەو کەسانە دەکارن وێنای بکەن کە بەسەر خۆیان هاتبێت. ترسێکی سەیر، وات دادەڕوخێنێ کە خۆت لە بیر نەمێنێ، دەبی بە پارچە ئیسفەنجێکی فشەڵ. پیاو لە هەنبەر ئەم ترسەدا، لە ناخی ناخەوە هەرەس دێنێت.

من باوەڕم بە بوونی تاپۆیان نییە، کەچی لە ژێر باندۆری دزێوی هەستکردن بە ترس لە حزووری مردوواندا، غیرەتم نەما، غیرەت لە حەوت کێوان ئاوا بوو. بۆ چەند ساتێک دووچاری ترسێکی وەها بووم لەزگ بوو زراوم بتۆقێ، بە عەمراتم بەو ڕادەیە نەترسابووم!!

خۆ ئەگەر ئەو خاتوونە قسەی نەکردبا، لەوە بوو هەر لەوێ بمرم، بەڵام باش بوو قسەی کرد، بە ڕاوێژێکی ناسک، خۆش، نەرمی ئەوتۆ دواندمی کە هەستی دەبزواند، وێڕای ئەوەش ناڵێم وەخۆ هاتمەوە یان هاوسەنگی خۆمم بە دەست هێنایەوە. نەخێر... هێشتا هەر شپرزە و پەشۆکا بووم و نەمدەزانی چ دەکەم. بەڵام بە حوکمی ئەوەی جۆرە خۆپەسندی و چەشنە کبریایەکم، کە لە پێداویستیەکانی پیشەکەم بوو، لە لا بوو، توانیم بڕێک خۆ بگرم وبە تەواوەتی نەترە بەر نەدەم و جۆرە ئازایەتیەک لە بەردەم ژنەکەدا یان تاپۆیەکەدا بنوێنم، دوایی هەستم بەوە کرد، چونکە لەو کاتەدا کە ئەو ژنە بەدیار کەوت، دڵنیابن کە بیرم لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، بیرم بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی. تەنیا دەترسام وهیچی دی.

ئەو ژنە پێی گوتم:- قوربان، چاکە و پیاوەتیەکی گەورەم لە گەڵدا دەکەی!

ویستم بەرسڤی بدەمەوە، بەڵام دەمم چووە کلیلەو تاقە یەک وشەم بۆ نەهات، دەنگێکی ناڕوونم لە گەروو هاتە دەرێ وتەواو.

ژنەی تاین، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:- گوتم دەتوانی چاکەیەکم لە گەڵدا بکەی؟ دەتوانی فریام بکەوی و ڕزگارم بکەیت، ئەم کول و کۆڤانەم لە کۆڵ بکەیتەوە. ئازارێکی زۆرم هەیە، بەڵێ ئازار تەنگی پێ هەڵچنیووم.

دوای ئەو قسانە لە سەر کورسیەکە ڕۆنیشت، هیشتا هەر تەمەشای دەکردم. جارێکی دی گوتییەوە:- دەتەوێ یارمەتیم بدەیت؟

چونکە، هێشتا دەمم بەسترابوو، ناچار بە ئاماژەی سەر تێمگەیاند کە بەڵێ.

هەنگێ، شانەیەکی بۆ درێژ کردم و لە بن لێوانەوە گوتی:- کەواتە قژم بۆ شانە بکە. قژم بۆ شانە بکە، بەوە چاک دەبمەوە، ئازارەکەم نامێنێت، دەبێ یەکێک قژم شانە بکات. تەمەشای سەرم بکە... چەند ئەم قژە تێکڕژاوە ئازارم دەدات!

قژەکەی داڕژا بوو، درێژ، زۆر ڕەش بوو، لە ناو ژوورە تاریکەکەدا وام هاتە بەرچاو، لە سەر دەسکی کورسییەکەوە، شۆڕ بووبووەوە وگەیی بووە سەر ئەرزەکە.

پاشان لە خۆم دەپرسی، باشە بۆ ئەوەم کرد؟ باشە بۆ قەبوولم کرد بەو ترس و لەرزەوە ئەو شانەیەی لێوەر بگرم؟ بۆچی ئەو چەپکە قژە درێژەم گرتە دەست، کە هەستێکی وای لە لا دروستکردم کە هەر چوار پەلم سڕ بوو، وەکو ئەوە بوو کۆمەڵە مارێکم بە دەستەوە گرتبێ؟ نازانم بۆچی ئەو کارەم کرد؟ ئیدی هەستی سڕبوونی قامکەکانم لە لا مایەوە، هەرکە بیر لەو حاڵە دەکەمەوە، مچوڕکەیەکی سەیرم پێدا دێت.

بە دڵی خۆی قژیم شان کرد، بە خۆیشم نازانم چۆن توانیم بەرخورد دەگەڵ ئەو قژە تێکڕژاوەدا بکەم، کە دەتگوت داوە بەفرە، دەمبەست و ئەوسا دەمکردەوە، پاشان وەکو یاڵی ئەسپ دەمهۆنییەوە! لەو دەمەدا هەناسەی هەڵدەکێشا و سەری دادەنواند و پێدەچوو خۆشحاڵ بێت.

ئەوسا لە ناکاوا پێی گوتم:- زۆر سوپاس.

شانەکەی لە دەستم سەند وبە هەشتاو لە دەرگاکەوە، کە بە ئاستەم کرابووەوە، وەدەرکەوت.

کە هەر خۆم مامەوە، بۆ چەند چرکەیەک، ترسێکی ئاوێتە بە سەرسامی دایگرتم، لەو ترسانەی کە پاش ڕابوون لە خەوێکی ناخۆش تووشت دەبێت. دوای ئەوە وەخۆ هاتمەوە، بە هەشتاو چووم بۆ بەر پەنجەرەکە، بە مستێک قفڵی دەسکی پەنجەرەکەم شکاند.

هەنگێ تیشکی ڕۆژەکە ناو ژوورەکەی ڕوناک کردەوە، ئەوجا بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە چووم، ئەو دەرگایەی کە ژنەکەی لێوە دەرچوو، سەیرم کرد زۆر بە مەحکەمی داخراوە.

ئیدی ئارەزوویەکی بە جۆشی هەڵاتن دایگرتم، ترسێکی ڕاستەقینەم لێنیشت، لەو ترسانەی کە ئاگری شەڕ لە ناخی بەشەرا دروستی دەکات. ئیدی بە پەلە هەر سێ بەستە کاغەزەکەم هەڵگرت وبە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەر کەوتم و بلەز بە قاڵدرمەکەدا داگەڕام، خۆیشم نەمزانی چۆن لە کۆشکەکە وەدەر کەوتم، ئیدی بە تەکانێک سواری ئەسپەکە بووم و بە چوار ناڵە بۆی دەرچووم.

یەک سەڵەف، تا ڕوان نەوەستامەوە، لە بەر ماڵەکەی خۆما ئەسپەکەم بە سەربازە ئێشکگرەکە سپارد و یەکسەر بۆ ژوورەکەی خۆم چووم و دەرگاکەم لەخۆ داخست، تا بیرێک بکەمەوە. بە درێژایی یەک سەعاتی تەواو، بە نیگەرانییەوە لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی تێک چووبم؟ دڵنیابووم لەوەی کە تووشی نۆرە شێتیەکی نامەفهووم بووم، لەو شێتی و خەیاڵپلاوانەی کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ بیرکردنەوە لەو شتە سەیر و سەمەرانەی کە وامان لێدەکەن باوەڕ بە هەندێ شتی میتافیزیکی بێنین.

من پێموابوو، کە شتەکە هەر هەمووی زادەی خەیاڵی من یان فێڵی حەواسە، بەڵام کە لە پەنجەرەی ژوورەکەم نزیک بوومەوەو بە ڕێکەوت چاوم بە سینگ و بەرۆکی خۆم کەوت سەیرم کرد داوی درێژی قژی ئافرەتێک لە دەوری دوگمەکانی چاکەتە عەسکەرییەکەم ئاڵاوە، ئیدی بە قامکە لەرزۆکەکانم، کەوتمە کردنەوەی داوە قژەکان و لە پەنجەرەکەوە فڕێم دەدانە دەرەوە.

ئەوسا سەربازە ئێشکگرەکەم گازکرد. هەستم بە پەشێوی و پەرێشانییەکی زۆر دەکرد، نەمتوانی ئەو ڕۆژە کاغەزەکان بۆ برادەرەکەم ببەم. هەروەها حەزم دەکرد بە وردی بیر لەوە بکەمەوە کە برادەرەکەمم بینی چی پێبڵێم.

ئەنجام قەراری خۆم دا، کاغەزەکانم بە سەربازێکدا بۆی نارد، ئەویش کە کاغەزەکانی وەرگرتبوو، پسوولەیەکی دابوویە کە وەری گرتوون، زۆر لە منی پرسی بوو، سەربازەکە پێی گوتبوو کە من نەخۆشم و هەتاو بردوومی. ئیدی نیگەرانی من دەبێت.

سبەینێ، دانی بەیانیەکەی چووم بۆ ماڵی ئەم برادەرە، لیبرام حەقیقەتی بویەرەکەی بۆ بگێڕمەوە، کە گەییمە جێ، زانیم کە پێش ئەو ڕۆژە دەرچوو بوو و لەوساوە نەگەڕابووەوە.

پاشان هەر ئەو ڕۆژەو لە کاتێکی دیدا چوومەوە بۆ لای، دیسان نەگەڕابووەوە، یەک هەفتە چاوەڕوانم کرد، کە هیچ هەواڵێکی نەبوو، پۆلیسم ئاگادار کردەوە، دنیای لێگەڕان نە هیچ سۆراخێکیان زانی و نە هیچ بەڵگەیەکی ڕۆشتنەکەشیان دەستکەوت.

چوون، تەحەڕییەکی وردی کۆشکە چۆڵەکەشیان کرد، هیچ سۆراخێکیان نەزانی، هیچ بەڵگەیەکیشیان دەست نەکەوتبوو کە ژنێک لەوێندەر دیار نەمابێ.

کە هیچ سۆراخێکیان دەستنەکەوت، ئیدی دەستبەرداری تەحەڕی و گەڕان بوون. حاڵی حازر پەنجا وشەش ساڵ بە سەر ئەو بویەرەدا ڕەت دەبێ و نەگەییومەتە هیچ شتێک و هیچ زانیارییەکی، زیاترم لەوەی کە گێڕامەوە، دەست نەکەوتووە.

ئەم چیرۆکە لە ١٨٨٣/٤/٤ لە بڵاوکراوەی " لوگولوا " دا بڵاو بووەتەوە.

# ئەو کێیە؟

پێشکەشە بە پییر دی کۆرسیل*

دۆستی ئازیزم،

تۆهیچ تێناگەی ! من ئەوە دەزانم. وادەزانی شێت بووم؟ لەگینە بڕێک شێت بم بەڵام نەک لە بەر ئەو شتانەی تۆ وێنای دەکەیت. بەڵێ.. ژن دێنم. دەقاودەق وایە.

وێڕای ئەوەش من هێشتا لە سەر هەمان هزرو باوەڕی خۆمم، هێشتا قەناعەتم وایە کە پەیوەندی وخۆ بەستنەوەی فەرمی گەوجیەتیە، من دڵنیام لە دە پیاوی ژنداردا، هەشتیان هەڵخەڵەتاون وشایستەی ئەوەشن چونکە گەوجاتیان گەییوەتە ئەو ڕادەیەی کە ژیانی خۆیان بە کەسێکی ترەوە گرێ بدەن و دەستبەرداری ئازادی ڤیان ببن کە تاقەشتی جوان و دڵخۆشکەرەیە لەم دنیایەدا. شایستەی فریودانن، چونکە بەدەستی خۆیان باڵی ڤیانیان شکاندووە باڵی ئەوتەیرە جوانەی کە بەردەوام دەمانخاتە سەرباڵی خۆی لەم ژنەوە دەمانبات بۆ ئەو ژن. من نها لە هەموو کاتێ زیاتر هەست دەکەم کە ناتوانم تەنیا یەک ژنم خۆش بوێت،؛ چونکە هەمیشە هەموو ئەوانی دیم خۆشدەوێن. خۆزیا دەخوازم کە هەزار باسک و هەزار لێو و هەزار... شەخسیەتم هەبێت تا بکارم هاوکات، لە یەک کاتدا. یەک لەشکر لەم ئافەریدە ئەفسووناویە بێبایەخە لە ئامێز بگرم.

وێڕای هەموو ئەوەش ژن دەهێنم.

حەزدەکەم ئەوەش بێژم کە ژنی ئایندەم ناناسم، تەنیا چوار پێنج جارم دیتووە. تەنیا ئەوە دەزانم لێی بێزار نابم و ئەوەم بەسە. لەوەی پترم ناوێ. باڵا کوڵە، زەری وگۆشتنە. دەزانم دوای گواستنەوەی ئەو، بۆ دیداری قەد باریکێکی، ڕەش ئەسمەری. باریکەلە شێت وشەیدا دەبم.

هەڵبەتە ئەم ئافرەتە دەوڵەمەند نییە. ئەهلی سەروەت و سامان نییە، لەماڵباتێکی مامناوەندیە. کچێکی ئاساییە، دنیا پڕە لە کچانی وەکو ئەو، سەدان نموونەی وەکو ئەو هەن. لەو کیژە بۆرژوا ئاساییانەیە کە بۆ خواستن دەست دەدات، هیچ عەیبێکی دیار و ڕواڵەتی نییە. ناوی خاتوو "لاجول" ە، زۆر بە لوتفە.

لە ئایندەدا دەڵێن :- زۆر ناسکە، پێی دەڵێن خاتوو ریمون. بە کورتیەکەی یەکێکە لەو کچە زۆر و زەبەندە شەریفانەی کە پیاو بەخواستنی خۆشحاڵ دەبێت. تا ڕۆژێ دێ کە بۆی دەردەکەوێ. هەر هەموو ژنانی دنیا بە سەر ئەو یەکەدا پەسند دەدا کە کردوویەتی بە شەریکی ژیانی خۆی.

ڕەنگە بپرسیت کە ئەمە بیرکردنەوەتە ئیدی ئەم ژن هێنانەت لەچی.

بەڕاستی شەرم دەکەم باسی ئەو سەدەمە غەریب و باوەڕ نەکردەنیە بکەم کە هانم دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە شێتانەیە.

من لە تەنیاییدا بیرم لە ژن هێنان کردووەتەوە. تا لە تەنیایی خۆم بخەلسم.

نازانم چۆن باسی ئەمە بکەم، چۆن بۆچوونی خۆم ڕوون بکەمەوە، تۆ، ئەی دۆستی ئازیزم. تۆ بەزەییت بە حاڵی مندا دێتەوە. لە هەمان کاتدا گاڵتەت بەم بیرکردنەوەو عەقڵیەتە پووچەم دێت.

هەموو مەسەلەکە ئەمەیە کە نامەوێ لەوە بەدواوە شەوان بە تەنیا ببەمە سەر. دەمەوێ کەسێکم لە گەڵدا بێ، لە نزیکمەوە بێ، کەسێک قسەم لە گەڵدا بکات، با قسەکانیشی هیچ نەبن، کەسێک کە لە شیرینی خەوا هەڵی بستێنم و هەر پرسیارێکی لێبکەم، با پرسیارێکی گەوجانەش بێ.

بۆیە بیر لە ژنهێنان دەکەمەوە، تاگوێم لە دەنگێک بێ، تا هەست بکەم یەکێک لەماڵەکەمایە، تا رۆحێکی بێدار و عەقڵێکی بیرا، بەشداری لە ژیانمدا بکات، تا ئەگەر لە ناکاوا مۆمێکم داگیرسان ڕوخسارێکی بەشەری لەلای خۆمەوە بەدی بکەم، چونکە من.... چونکە من... ( زات ناکەم دان بەم کارە نەنگینەدا بنەم ) چونکە من کە بە تەنیا دەبم دەترسم.

وابزانم هێشتا لێم حاڵی نەبوویت.

من لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی، ناترسم، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێک لە ناکاوا پەلاماری ماڵەکەم بدات، بێ چەند و چون دەیکوژم، هەروەها لە تاپۆ و تارماییانیش ناترسم، لە مردوان ناترسم هەرچەندە دەزانم کە مرۆڤ مرد ئیدی بۆ هەتا هەتایە و بە یەکجارەکی فەوت وفەنا دەبێت.

کەواتە!... بەڵێ کەواتە !... دەی باشە ! من لە خۆم دەترسم! لەترس دەترسم، لەگرژبوونی زەینم لە هەنبەر ترسا ،دەترسم، لەو هەستە ترسناکە دەترسم کە لە هەنبەر ترسێکی نادیار و بێ هیچ سەدەمێکی ڕوون هەمە.

ئەگەر حەزدەکەی بۆخۆت پێبکەنە، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی ترسناک و بێدەرمانە، من لە دیوارەکان دەترسم، ئەو ناو ماڵ و شتانەی لە ژیانی ڕۆژانەما کە بە تەنیا دەیانبینم، ژیانیان تێدەگەڕێ، لە هەموو شت زیاتر لەو پەشۆکان وشڵەژانە ترسناکە دەترسم کە لە یەک کاتدا، بیر و ئاوەزم کۆنترۆڵ دەکات، هیچ دەسەڵاتێکم بەسەر ئاوەزمدا نامێنێ کە لە ژێر باندۆری هەستکردن بەترسی گۆنگ و فامنەکریدا، دەشێوێ و هەرەس دێنێت. لە هەوەڵەوە هەست بە نیگەرانییەکی گۆنگ دەکەم کە دادەخزێتە دەروونمەوە و هەر چوار پەلم دەتەزێ و ئاوڕی دەوراندەوری خۆم دەدەمەوە، بەڵام هیچ نابینم! حەزدەکەم شتێک بدینم و ببڕێتەوە! چی بدینم؟ شتێک تێی بگەم، چونکە هۆی سەرەکی هەستکردنم بەترس، ئەوەیە کە لەم ترسەی خۆم تێناگەم.

قسان دەکەم، لە دەنگی خۆم دەترسم، ڕێدەکەم لە نادیارێکی پشت دەرگا و پەنجەرەکان دەترسم، لە نادیارێکی ناو کۆمەدیەکە، ژێر قەرەوێڵەکە دەترسم، هەرچەندە دەزانم کە هیچ شتێکی نامۆ لەو شوێنانەدا نییە.

هەندێجار، لە ناکاوا لە ترسی ئەوەی نەبا شتێکم لە دواوەبێ، هەرچەندە سوور دەزانم هیچم لەپشتەوە نییە، ئاوڕی دواوە دەدەمەوە.

یان جاری وا هەیە لە پڕ ڕادەچڵەکم، هەست بە ترسێکی گەورە دەکەم، لە ژوورەکەما خۆ گرمۆڵە دەکەم، دەچمە ناو جێگاکەمەوە، خۆ وەبن لێفەو چەرچەفەکان دەدەم، وا خۆ لوول دەدەم وخۆ گرمۆڵە دەکەم وەکو تۆپم لێدێت و هەنگێ لە نائومیدیدا چاوان دەنوقێنم و ماوەیەکی زۆر بەودەقەوە دەمێنمەوە، خەیاڵم لای ئەوەیە کە مۆمی سەر تەپڵەکەکەی تەنیشت قەرەوێڵەکەم هێشتا هەر دەسووتێ و دەبێ بکوژێنرێتەوە، بەڵام جوورئەتی ئەوکارە ناکەم.

باشە ناخۆش نییە پیاو بەو حاڵە بژی؟

پێشتر، بە هیچ جۆرێ ئەو هەستانەم لە لا نەبوو. بەوپەڕی ئەرخایەنی بۆ ماڵی خۆ دەگەڕامەوە، بێ هیچ دوو دڵی ونیگەرانیەک بە ناو ماڵەکەمدا دەسوڕامەوە، خۆ ئەگەر ئەو کاتانە یەکێک پێی گوتبام ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی نەخۆشی ترس و واهیمەیەکی گەوجانەو بێ مانا دەبیت، گاڵتەم پێی دەهات، لە تاریکیدا دەرگاکانم دەکردەوەو بێ هیچ ترس و دوو دڵییەک دەچوومە ناو جێگاوە و دەرگاشم دانەدەخست، شەوان هەرگیز خەبەرم نەدەبووەوە، تابزانم هەموو پەنجەرەکانی ژوورەکەم داخراون یان نا.

من پارەکە وبەشێوەیەکی زۆر سەیر تووشی ئەم واهیمە و وازوازیە بووم. لە شەوێکی نمساری شەوانی وەرزی پاییزدا تووشی ئەمە بووم. کارەکەرەکەم دوای ئەوەی شێوی بۆ ئامادە کردم ڕۆیی. لە خۆم دەپرسی باشە چی بکەم تا شەوەکە بە سەر بەرم. بۆ ماوەیەک بە ژوورەکەما کەوتمە هات وچۆ، ئەوسا هەستم بە ماندوویەتی و بێزاریەکی بێهودە کرد، تاقەتی هیچ کارێکم نەبوو تەنانەت تاقەتی خوێندنەوەشم نەبوو. نەرمە بارانێک شووشەی پەنجەرەکەی تەڕکرد، هەستێکی خەمئەنگێز لە دڵ و دەروونم گەڕا، نۆرە خەمێکی خۆڕایی دایگرتم، لەو جۆرە خەمانەی وات لێدەکات پڕ بە دڵ حەز بە گریان بکەی، یان قسە دەگەڵ کەسێکا بکەی تا خۆت بەتاڵ بکەیەوەو باری دەروون ومێشکت سووک بکەیت.

ئەوشەوە هەستم بە تەنیایی کرد، هەستمکرد ماڵەکەم لە هەموو کاتێکی دی چۆڵترە، ئیدی هەستی تەنیاییەکی خەمناک و بێکۆتایی تێم ئاڵا. چ بکەم؟ دانیشتم، لێ هەستمکرد زۆر بێتاقەت و تووڕەم. لاقەکانم ئارامیان نەدەگرت، هەستام، جارێکی دی بە ژوورەکەما کەوتمە هات وچۆ.

پێموایە، تام هەبوو، گەرمی لەشم تاڕادەیەک بەرز بوو، ناو لەپم زۆر گەرم بوون، دەستەکانم نابوونە پشتم و تێکم ئاڵاندبوون، وەکو چۆن پیاو لە کاتی وەرزشدا ئەمە دەکات، ئەوسا لە ناکاوا تەزوویەکم بەسەراپادا هات، هەستمکرد سەرماکەی دەرەوە دزەی کردە نێو ژوورەکەمەوە، بیرم کردەوە ئاگرێک بکەمەوە. یەکسەر ئەو کارەم کرد، لە هەوەڵی ساڵەوە تا ئەوکاتە ئەمە یەکەمجارم بوو سۆپا پێبکەم، دوای ئەوە دووبارە دانیشتمەوە و چاودێری بڵێسە وکڵپەی ئاگرەکەم دەکرد، بەڵام هەر زوو هەستم کرد ناتوانم بەودەقەوە لە جێی خۆ ئۆقرە بگرم، جارێکی دی هەستامە سەرپێ و هەستم کرد پێویستە لێرە وەدەربکەوم وبڕۆم بۆلای برادەرێک.

وەدەرکەوتم، چووم بۆ دیدەنی سێ دۆستم کە ماوەیەک بوو نەم دیتبوون، ئەوسا بە ناو شەقامەکە کەوتم، ئەمجارەیان لێبڕام بچمە دیدەنی هەرئاشنایەکم.

خەم باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو، شۆستە تەڕەکان دەبریقانەوە. شەقامەکە تەڕ وسارد بوو، ساردی بارانەکە لە کێشا نەبوو، پیاوی دەتەزاند، موچوڕکەی پێدا دەهات، سەرماکە دەتگوت سێبەرێکی تەماوی خەمناک دەدات بەسەر ئەوڕوناکییەدا کە لە عامودی کارەبای سەرڕێگاکەوە پەخش دەبووەوە. لە دڵی خۆدا دەمگوت و دەمگوتەوە :- پێناچێ کەسێکم دەستبکەوێ دوو قسەی لە گەڵدا بکەم.

چەندجارێک سەرم بە هەموو کابارەو قاوەخانەکانی سەر ڕێگاکەدا کرد لە تاخی (گەڕەک) " لامادلین "وە تا دەگاتە " بواسونییر ". خەڵکانێکی خەمینم بینی کە لە دەوری مێزی ئەم باڕ و قاوەخانانە کۆ بووبوونەوە و تەنانەت تاقەتی ئەوەشیان نەبوو، مەشرووبەکانیان تەواوبکەن.

بۆ ماوەیەکی زۆر وێڵ وسەرگەردان سوڕامەوە، کە شەو ڕاکشا و لە نیوە نزیک دەبووەوە، ڕێ و ڕێ بەرەو ماڵەکەم زڤڕیمەوە. زۆر ئارام بووم، لێ هەستی بێزاری هێشتا بەری نەدابووم، کە گەییمەوە، پاسەوانی بیناکە،

بەپێچەوانەی عادەتی خۆیەوە، لە بەرم هەستاو هاتە پیرمەوە. ئەو پێش سەعات یازدە دەنوێت. وام هەستکرد کە کەسێکی دیکەش تازە گەڕابووەوە،

کە گەیمە بەر دەرگای شوقەکەم. سەیرم کرد تەنیا داخرابوو، خۆ من کە لە ماڵ وەدەردەکەوتم، هەمیشە دەرگام کلیل دەداو هەر بۆ دڵنیایی دووجار دەستی دەرگاکەم بادەدا. ئەمەم بەلاوە سەیربوو، بەڵام لە دڵی خۆما وام دانا، ڕەنگە لە غیابی منا یەکێک هاتبێ و پۆستەکەی بۆ هێنابم.

وەختایەک چوومە ژوورەوە، ئەو ئاگرەی کە کردبوومەوە هێشتا هەر دەسوتا و تەنانەت شوقەکەشی کەمێک ڕوناک دەکردەوە. دەستم برد تا مۆمێک هەڵگرم و لە ئاگری سۆپاکە دایگیرسێنم، کە تەماشای بەردەمی خۆم کرد، حەپەسام، کەسێک لەسەر کورسییەکەی من دانیشتبوو، پشتی لە من بوو وەهەردوو لاقی دابووە بەرسۆپاکە، نەترسام، لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە برادەرێکی خۆم بێ وهاتبێ بۆ دیدەنیم و کە من لەماڵ نەبووم، ژنە دەرگاوانەکە پێی گوتبێ کە دێمەوەو کلیلەکەی خۆی دابێتێ تا دەرگاکە بکاتەوە و لە شوقەکەدا چاوەڕوانم بکات، لە چاو تروکانێکا هەموو زروفی گەڕانەوەکەم بۆ ماڵەوە، لەزەینا زندووبووەوە، ئەوزنجیرەی یەکسەرکرایەوەو دەرگاکە تەنیا پێوە درابوو.

بەڵام ئەو برادەرەی کە تەنیا قژەکەیم لێوە دیاربوو، لە بەر سۆپاکەدا و بە چاوەڕوانی منەوە لە غوڕابی خەودا بوو، چوومە پێشەوە تا هەڵی بسێنم، زۆر بەباشی دەمبینی، باسکی ڕاستی شۆڕ بووبووەوە، لاقی لە سەر لاق دانابوو، سەری کەمێک بە سەمتی چەپا خواربووبوو کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی نووستنی قووڵ بوو. لە خۆم دەپرسی:- تۆبڵێی ئەمە کێ بێ؟ ناو ژوورەکە ڕوناک نەبوو. ئەوسا دەستم بردو شانیم سەح کردەوە! دەستم بەرتەختەی کورسێکە کەوت! کەسەکەم نەبینی! کورسییەکە خاڵی بوو!

خودایا ! چ ترسێک دایگرتم !

لە هەوەڵەوە چەند هەنگاوێک بۆ دواوە چووم. وەکو ئەوەی لە ناکاوا خەتەر و مەترسییەکی گەورەم هاتبێتە پێش، دوایی هەستمکرد یەکێک لەپشتمەوە وەستاوە، ئاوڕی پاشم دایەوە، یەکسەر حەزم کرد چاوێکی دیکە بەکورسییەکەدا بگێرم، جارێکی دی بە دەوری خۆما سوڕامەوە، ئەوسا بە بێدەنگی لە جێی خۆم وەستام، لە ترسا هانکە هانکم پێکەوت، لە پەشۆکاویا بیرم بۆ نەدەکرایەوە، خەریک بوو لە خۆ بچم.

بەڵام من پیاوێکی بە ورەم، ئەوسا یەکسەر وەخۆهاتمەوە، دوای بیرکردنەوەیەکی کەم بەخۆم گوت: ئەوەی ئێستا دیتم تەنیا خەیاڵات بوو.

هەنگێ کەوتمە بیرکردنەوە لەم دیاردەیە، لەم حاڵەتانەدا زەین خێرا کاردەکات. ئەوەی دیتم تەنیا خەیاڵات بوو. ئەمە شتێکە چەند و چوون هەڵناگرێت. کەزەینم بەدرێژایی کاتەکە ساف بوو و بەڕێک و پێکی ولۆژیکیانە کاری دەکرد، ئیدی بۆم بەدیارکەوت کە هیچ عەیبێک لە ئاوەز و کارکردنی ئاوەزمدا نییە، بەڵکو ئەوە تەنیا ڕێشکە و پێشکەی چاوبوو و کاری لە بیرکردنەوەشم کرد. ئەو شتە هاتەبەرچاوم، جۆرە خەیاڵێک بوو لەو خەیاڵانەی کە وا لەخەڵکانی ساویلکە دەکات باوەڕ بە پەڕجوان بێنن. کەواتە دەتوانم ئەو حاڵەتە بەجۆرە خەلەلێکی کۆ ئەندامی بینین لە قەڵەم بدەم.

کە کەوتمە ئەوەی مۆمەکەم دابگیرسێنم، لە ئاگری سۆپاکە نزیک بوومەوە. هەستم کرد دەلەرزم. ڕاچڵەکیم و هەستام: وام هەستکرد یەکێک لە دواوە گرتمی. هەڵبەتە تەواو پەشۆکام، چەند هەنگاوێکم نا. بەدەنگی بەرز

کەوتمە قسان، لە بن لێوانەوە هەندێ گۆرانیم گوتەوە، ئەوسا دەرگای ژوورەکەم داخست، دووجار کلیلەکەم بادا، هەستم بەجۆرە دڵنیاییەک کرد، بەلای کەمەوە ئاوا، کەس ناتوانێت بێتە ژوورەوە.

جارێکی دی دانیشتمەوە، ماوەیەکی زۆر بیرم لە سەرکێشیەکەی خۆم کردەوە، ئەوسا مۆمەکەم کوژاندەوە و چوومە ناو جێگاکەمەوە، چەند خولەکێک بووری، هەمووشتێک ئاسایی بوو، بەبێدەنگی، لە سەرپشت لەناو جێگاکەمدا ڕاکشابووم، ئەوسا خولیای ئەوەم کەوتە سەر کە چاوێک بەگۆشەو کەناری ژوورەکەدا بگێڕم، تەکانێکم دا تا بکەومە سەرلا. تەنیا دووسێ پەنگر مابوونەوەو دەسووتان، لاقی کورسییەکەیان ڕوناک کردبووەوە، کە تەمەشام کرد وام هاتە بەرخەیاڵ کە پیاوەکە لە سەری دانیشتووە.

بلەز تەڵە شقارتەیەکم پێکرد، هیچ شتێکم نەبینی، بۆم بە دیارکەوت کە من هەڵەم، وێڕای ئەوەش هەستام تا کورسییەکە بخەمە پشت قەرەوێڵەکەمەوە تا نەیبینم.

ئەوسا ژوورەکە تاریک داهات و گەڕامەوە بۆ ئەوەی بخەوم، دوای پێنج خولەکێک هەرکە چاوم چووە خەو،

لە خەوما هەموو ئەو شتانەم بینی کە ئەم شەو دیتبوومن ، بە شپرزەیی ڕابووم، بلەز ژوورەکەم ڕوناک کردەوە و لە ناوجێگاکەم دانیشتم و جورئەتم نەدەکرد هەوڵبدەم بخەومەوە.

وێڕای ئەوەش دووجار خەو بردمییەوە، هەرجارەی چەند خولەکێک خەوتم، هەردوو جارەکە، لە خەوما سەرکێشیەکەی خۆمم بینییەوە، لەوە دەچوو شێت بووبم.

هەرکە ڕۆژ بووەوە، هەستم کرد چاک بوومەتەوە و عەیبم نەماوە ئیدی تانیوەڕۆ خەوتم.

هەمووشتێک تەواو بوو، بە یەکجاری تەواو بوو. ئیدی نازانم تام لێهاتبوو یان مۆتەکە خۆی بەسەر ئاوەزما دابوو، نازانم! نەخۆش بووم، وێڕای ئەوەش دان بەوەدا دەنەم کە زۆر کەودەن بووم،

بە هەرحاڵ ڕۆژی دوای ڕیسکەکەم زۆر ئاسوودە بووم، تەنانەت شێوم لە کابارەیەک خوارد و زۆرم لەزەت لە نمایشەکە وەرگرت، ئەوسا بەرەوماڵەکەی خۆم نشێو بوومەوە، لێ هەرکە لە ماڵەکەی خۆم نزیک بوومەوە، نیگەرانیەکی سەیر دایگرتم، دەترسام جارێکی دی بیبینمەوە. لە خودی خۆی نەدەترسام، یان لە بوونی ئەو، کەباوەڕم پێی نەبوو، نەدەترسام، بەڵام لەوە دەترسام کە پەشێوییەکی دی لە بینینمدا ڕوو بدات. لەوە دەترسام، تووشی ترسێکی دی ببم. بۆماوەی پتر لە سەعاتێک بەسەر شۆستەکەدا کەوتمە هات وچۆ. پاشان هەستم لە بێهودەیی وگەوجایەتی ئەم کارە کرد، ئەنجام بڕیارم دا کە بۆ ماڵەکەم بزفڕمەوە. لەوێ لەبەر ماڵەوە وەستام نەمدەتوانی بەپیکانەکاندا سەر بکەوم، ئیدی لە دالانەکەی بەردەرگای ماڵەکەما و بۆ ماوەی پتر لە دە خولەکان ڕاوەستام. لە ناکاوا ئازایەتی گرتمی، کلیلەکەم لە دەرگاکە نا، تەکانیم دا، مۆمێکم بەدەستەوە بوو، نووکە شەقێکم لە دەرگاکە دا کە بەئاستەم درزی تێکەوتبوو، ئەوسا نیگایەکی ترس ئامێزی سۆپاکەم کرد. هیچم بەدی نەکرد. ئەها! کە ئاسودە، خۆشحاڵ بووم! خەمەکەم ڕەوییەوە.

ئیدی بە خۆشحاڵییەوە، ئێرە وئەوێم دەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆر دڵنیا نەبووم، بەدەوری خۆما دەسوڕامەوەو ناو بە ناو ڕادەچڵەکیم، تاریکی گۆشە و کەناری ژوورەکەم نیگەرانی دەکردم. ئەم شەوە باش نەخەوتم، بەردەوام بێدار دەبوومەوە، چونکە وام خەیاڵدەکرد کە گوێم لە دەنگانە، بەڵام زەلامەکەم نەدەبینی کە لەوێندەر دانیشتبێت. هەمووشتێک تەواو، بڕایەوە!

لەو ڕۆژەوە کە شەوان بەتەنیا دەبم دەترسم، ئێستاش هەست بەو خەوە دەکەم کە بینیم، هەستدەکەم زۆر لێمەوە نزیکە، بە دەورما دەسوڕێتەوە، جارێکی دی ئەم خەونەم نەبینییەوە. ئاە نەخێر! بەڵام بیدینمەوە یان نا بە چ دەچێ، بەتایبەتی کە من باوەڕم پێی نەبوو؟ کە دڵنیابووم ئەوەی دیتم حەقیقەتی نییە؟

وێڕای ئەوەش پێی سەغڵەتم، چونکە بەردەوام بیری لێدەکەمەوە. ئەو دیمەنەم لە بیرناچێتەوە کە باسکی بە سەمتی ڕاستا شۆڕ بووبووەوە و سەری بە سەمتی چەپدا لار بووبووەوە، وەک پیاوێک لە غوراِبی خەودا بێ... دەی! ئەوەندەم بەسە ! پێویستە چیتر بیر لەم شتانە نەکەمەوە.

باشە ئەم واز وازییە لە کوێوە هات؟ ئەم هەموو بیرکردنەوەیە لە پای چی؟ لاقەکانی دابوونە بەر ئاگرەکە !

وێنەی ئەم کەسە وەکو سێبەر دووم دەکەوی و لێم نابێتەوە، ئەمە جۆرە شێتاتیەکە، بەڵام ئیدی ئەوە حاڵەکەیە. کێیە؟ زۆر چاک دەزانم ئەوکابرایە بوونی نییە، ئەم مەسەلەیە خڕ درۆیە! تەنیا لە خەیاڵی مندا بوونی هەیە، لەترسی منا، لە نیگەرانی منا بوونی هەیە، دەی ئەوەندە بەسە !

بەڵێ ئەوەندە بەسە، زۆر جار هەوڵمداوە با شاری خۆ لە دەست نەدەم، غیرەت وەبەرخۆ بنەم، وێڕای ئەوەش نەم دەتوانی بە تەنیا لە ماڵەکەی خۆما وەمێنم، چونکە ئەو کابرایە لەوێ بوو. دەزانم من جارێکی دی نای بینمەوە، جارێکی دی بەدیار ناکەوێ... تەواو ئەوە کۆتایی هات.

بەڵام هێشتا هەر لە خەیاڵدانمدایە، دروستە نابینرێ بەڵام هەیە، وا وێنا دەکەم لە پشت دەرگاکانەوە و لە ناو کۆمەدییە داخراوەکەدایە. لە ژێر قەرەوێڵەکەدایە، لە هەموو سووچە تاریکەکاندایە، لە سێبەرەکاندایە، خۆئەگەر تەماشای پشت دەرگاکەم کردبا، یان کۆمەدییەکەم بکردبایەوە، یان ژێر قەرەوێڵەکە گەڕابام یان گۆشەکانم روناک کردباوە، نەمدەبینی، بەڵام وێڕای ئەوەش هەستم دەکرد لە پشتمەوە وەستاوە، ئاوڕم دەدایەوەو دڵنیابووم کە نایبینم، هەرگیز نای بینمەوە، بەڵام ئەمە ئەو هەستەی لە لا نەدەسڕیمەوە کە هێشتا لە پشتمەوە وەستاوە.

ڕەنگە ئەم قسانەی من بە گەوجاتی بژمێری، بەڵام باوەڕم پێبکە، کارێکی بێ مانا ودزێوە، بەڵام چ بکەم بەدەستی خۆم نییە، یانی دەتەوێ چ بکەم؟

بەڵام وا هەست دەکەم، ئەگەر کەسێکی دی لەم ماڵەدا لە گەڵم بژی، ئیدی ئەو دەڕوات، نامێنێ ! دەزانی بۆ؟ بۆیە دوام دەکەوێ چونکە تەنیام. تەنیا لەبەر ئەوەی تەنیام .

ئەم چیرۆکە لە ٣ / ٦ / ١٨٨٣ دا لە بڵاوکراوەی جیل بیلاس دا بڵاو بووەتەوە.

*- پییردی کورسیل، شانۆنامەنووس و ڕۆماننووسێکی فەڕەنسییە.

## کێ دەزانێ

## ( ١ )

خودایا! خودایا! ئەنجام بڕیارم داوە، بەسەرهاتەکەم. بنووسمەوە! بەڵام ئاخۆ ئەو کارەم پێدەکرێت، دەرەقەتی دێم؟ پێی دەوێرم؟ ئەوەی بە سەر من هاتووە، زۆر سەیرە! چەند گۆنگ وئاڵۆزە! چەند نامەفهوومە! چەند شێتانەیە!

خۆ ئەگەر دڵنیا نەبام لەوەی کە بە چاوی خۆم دیتبووم، لە دروستی ئاوەزو بیری خۆم دڵنیانەبام ولە دروستی باری سەرنجی خۆم دڵنیا نەبام. ئەگەر لە هەموو ئەوشتانە دڵنیا نەبام، ئەوا گومانم لەخۆ دەکرد کە دووچاری وڕاوە بووم یان تووشی کابووس بووبم. بە هەرحاڵ کێ دەزانێ؟

من ئەمڕۆکە ئاکنجی ئاسایشگەیەکم، بەکەماڵی ئارەزووی خۆم هاتووەمەتە ئێرە، ئەمەم لە ڕووی پارێزو ترسەوە کردووە! تەنیا یەک کەس، تەنیا ئەو دکتۆرەی لێرە مەسئوولە، بەم بەسەرهات و چیرۆکەی من دەزانێت. ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە. نازانم بۆ ئەم کارە دەکەم؟ ڕەنگە بۆ ئەوە بێ، خۆمی لێ ڕزگار بکەم، لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە، لە ناخی خۆمی وەدەربنەم، واهەست دەکەم مۆتەکە و کابوسێکە کە نایەتە تەحەموول کردن.

ئێستاش ئێوەو چیرۆکەکەم: من لە هەموو ژیانمدا کەسێکی تەنیا بووم. هەمیشە وەکو فەیلەسووفێکی گۆشەگیر و دووره پەرێز لە خەڵکانی دی لە بیرکردنەوەدا بووم، چاکە خواز وبەقەناعەت. کەمترین بوغزم لە بەشەرو ڕقم لە ئاسمان نەبووە. بە درێژایی تەمەنم بە تەنها ژیاوم چونکە بە بوونی خەڵکانی دی دڵم تەنگ دەبێت. نازانم چۆن ئەوە شرۆڤە بکەم؟ نازانم. من بۆ نموونە لاریم لەوە نییە خەڵکانی دی بدینم، قسەیان لە گەڵ بکەم، گەنگەشەیان لە گەڵدا بکەم، یان شێو لە گەڵ هەندێک دۆست و برادەردا بخۆم، بەڵام کە هەستدەکەم ماوەیەکی زۆر لە گەڵیاندا، تەنانەت لە گەڵ نزیکترینیاندا ماومەتەوە، هەنگێ تووشی بێزاری و بێتاقەتی دەبم. مێشکم ماندوو دەبێت و حەزدەکەم لێم دوور بکەونەوە، یان من ئەو شوێنە بەجێبێڵم، تا بەتەنیا بم.

ئەم حاڵەتە تەنیا ئارەزوویەک نییە، بەڵکو زۆر زیاترە، زەرورەتێکی گەورەیە، کە لە گەڵ هەندێ کەسدا دەبووم و زۆر لە گەڵمدا دەمانەوە، یان دەبوا – ئەگەر بە نەبەدڵیش با – گوێ لە گوت وبێژەکەی نێوانیان بگرم، هەستم دەکرد تووشی بویەرێک دەبم. چ بویەرێک؟ کێ چو زانێ؟ ڕەنگە لە خۆچوونێکی هاکەزاییی؟ بەڵێ! لەوەیە!

بەڕادەیەک حەزم لە تەنیاییە، کە حەزناکەم هیچ خەڵقەندەیەکی دی لە گەڵما بێ، یان لە ژوورەکەما بنوێ، ناشتوانم لە پاریس ئاکنجی بم، چونکە هەستدەکەم لەوێ، بەرەبەرە، بە هێواشی دەمرم، لە باری مەوعنەوییەوە دەمرم، بوونی ئەم حەشامەتە بەشەریەی کە دەجووڵانەوە ولە دەوروبەرم دەژیان، زۆری ئەزیەت دەدام، لە ڕووی جەستەیی و لە ڕووی عەسەبیەوە، ئەزێتی دەدام، تەنانەت کە دەشخەوتن هەر پێی ناڕەحەت بووم. تەحا! خەوتنەکەیان لە قسەکردنەکەیان بە ئازارتربوو، کە دەمزانی یان هەستم دەکرد ژیان بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە، لە پشت دیوارەکانەوە، لە سۆنگەی خەوتنەوە، کە وەنەوزی ئاوەزە، دەوەستێ، زۆر ناڕەحەت دەبووم.

چما ئەوە حاڵم بوو؟ کێ چو زانێ؟ ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ، کە منیش وەکو زۆرکەسی دی، زۆر زوو لە هەرشتێکی دەرەوەی خۆم، هەرشتێکی جیا لە خۆم، بێزاردەبم.

خەڵکی لەم دنیایەدا دوو جۆرن، جۆرێک لەژیانیا پێویستی بە خەڵکانی دیکەیە ورمووەدیان دەبێ ودڵی پێیان دەکرێتەوە، ئەم جۆرە، بەرگەی تەنیایی ناگرێت، تەنیایی ماندووی دەکات، وەکو چۆن هەڵگەڕان بە چیایەکی گەورەی سەهۆڵیندا، یان پەڕینەوە بە بیابانێکی کاکی بەکاکیدا مرۆڤ بە فەتارەت دەبات. جۆرێکی دی بەبوونی خەڵکی قەڵس وبێزار وپەست وبێتاقەت دەبێت، لە تەنیاییدا ئاسوودە دەبێت و لەزەت لە خۆیبوونی هزری خۆی دەبینێ و بەکەیفی دڵی خۆی دەژی.

دیارە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتێ دیاردەیەکی سایکۆلۆژی سروشتییە. هەندێک وا ڕسکاون لە دەرێی خودا بژین، هەندێکی دی وا خوڵقاون کە لە ناو خودی خۆدا بژین. بەڵام من کەمتر بایەخ بەدنیای دەرەوەی خۆم دەدەم وهەرکە لەو سووکە بایەخدانەش بێزار دەبم ئازای جەستەم و تەنانەت مێشکیشم دەداتە ژیان.

بۆیە زۆر ڕمووەدەو هۆگری ئەوشتە بێ گیانانەم کە لە ژیانما جێگەی مەخلوقاتیان بۆ گرتوومەتەوە. ئیدی ماڵەکەم بووە بە دنیایەکی سەربەخۆ، بەتەنیا لە گەڵ شتان و کەل وپەل و عەنتیکەێن جوانا تیایدا دەژیم، دڵم بەدیتنی ئەو شتانە ڕوون دەبێتەوە. وەکو ئەوەیە لەگەڵ بەشەرانی زندوودا بژیم. ئیدی ماڵەکەمم بەرە بەرە بەوشتانە ڕازاند بووەوە، ئیدی لە ناو ئەو شتانەدا هەستم بەخۆشی و شادمانیەکی ئەوتۆ دەکرد. وەکو ئەوەی لە باوەشی خۆشەویستێکدا بم، کە نەوازشتە ئاساییەکانی بووبن بەزەرورەتێک کە گەشکە و ئارامی بە ڕوحم ببەخشێت.

ئەم خانووەم لە ناوەندی باخێکی ئاواو ئاوەدانی دوور لە ڕێگاوبان دروست کردبوو، لێ لە هەمان کاتدا کەوتبووە سنووری شارەوە، یانی دەمتوانی لە کاتی پێویستدا، هەندێ سەرچاوەی دۆستایەتی. کە جارجار حەزم لێدەکرد، پەیدابکەم. دەست و پێوەند ونۆکەرەکانم هەموویان لە بینایەکی دوور لە ماڵەکەی من، لە کلکەی باخێکدا، کە حەسارێکێ بەرزی بە دەورا کێشرابوو، دەژیان، تاریکی شەوان و ئەو بێدەنگییەی باڵی بەسەر ماڵە دوورەکەما، کە لە نێو لق وپۆپی درەختانی چڕە گەڵادا پەنهان بوو، ئاسوودەیی و ئۆخژنیان بە دڵ و دەروونم دەبەخشێ، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کە شەوان بۆ ئەوەی زیاتر لەزەت لەو کەش وهەوایە بدینم، زۆر درەنگ دەچووم بۆ خەوتن.

ڕۆژێک ئۆپرای سیگور، لە سەر شانۆی شار پێشکەش کرا. (سیگۆر. ئۆپرایەکی ئەرنست ریڤەرە ١٨٢٣ – ١٩٠٩، لە ئەفسانەیەکی ئەڵمانیەوە وەرگیراوە، لەم ئۆپرایەدا سیگوری پاڵەوان ئەژدیهایەکی پاسەوانی گەنجینەیەک دەکوژێ، لە زمانی تەیران حاڵی دەبێ و شەرابیک دەخواتەوە کە یارمەتی دەدا خۆشەویستی ژنێک لە بیر بکات.) چووم بۆ دیتنی، ئەمە جاری یەکەم بوو کە گوێ لەم دراما موزیکالیە ئەفسانەییە جوانە بگرم، ئەلحەقی زۆرم لەزەت لە دیتنی بینی. دوای تەواو بوونی ئوپراکە بە پێیان گەڕامەوە، بە گورجی ڕێم دەکرد، سەرم پڕبوو لە ئاواز، دیمەنی جوانی نمایشەکە نەوازشی چاوەکانمی دەکرد، شەوێکی زۆر تاریک بوو، ئەنگوستە چاو، بەئاستەم ئاقاری ڕێگا سەرەکییەکەم دەبینی، چەند جارێک لەزک بوو بکەوم. مەسافەکە لە بنکەی باجانەوە لە سەر سنووری شار تا ماڵەکەی من نزیکەی یەک کیلۆمەتر شتێک کەمتر کەمێک زیاتر دەبوو، یانی ئەگەر بە خاوی ڕێت کردبا، هەربیست دەقیقە ڕێیەک دەبوو. سەعات دەوروبەری یەک، یەک ونیوێ دوای نیوە شەو بوو. ئاسمان بە ئاستەمێک بەرپێی ڕوناک دەکردمەوە، هەیڤک هەڵاتبوو، هەیڤکی خەمناکی دوا چارەکی مانگ، جیایە لە ئەو هەیڤکەی لە چارەکی یەکەمی مانگدا هەڵدێت، کە لە نێوان سەعات چوار وپێنجی شەوا هەڵدێت، ئەم هەیڤکە ڕوناکە، گەشە، زیوینە، بەڵام هەیڤکی دوای نیوە شەو سوورباوە، خەمناکە، مایەی نیگەرانی دڵ و دەروونە، یانی

هەیڤکێکە پڕ بەپێستی شەو بێداران. ئەوانەی بە شەوان دەگەڕێن ئەوەیان بەدی کردووە، هەیڤکی چارەکی یەکەمی مانگ وەکو داوێکی بارێک وایە و تریفەیەکی کزی هەیە، شادیبەخشە، دڵ پڕ دەکات لە خۆشی و سێبەری ڕوناک لە سەر عاردی چێدەکات، لێ هەیڤکی چارەکی دوایی تریفەیەکی هێندە کزی هەیە، ئەو شتانەی بەرتریفەکەی دەکەن، سێبەریان نابینرێ.

لە دوورەوە باخەکەی خۆم بەدی کرد و لە کۆمایەک تاریکی دەچوو، خۆشم نازانم بۆچی حەزم نەدەکرد. بچمە ئەم شوێنە. دڵم تەنگ دەبوو، هەنگاوم خاوکردەوە. کەش وەهوا خۆشبوو، هەر هەموو ئەم دارو درەختانەی دەوری شوێنەکەیان دابوو، لە گۆڕێک دەچوو کە ماڵەکەمی تیا نێژرابێ.

دەرگای باخەکەم کردەوە، خۆم بەو ڕاڕەوەدا کرد کە پڕ بوو لە داری جومەیز ( دارێکی بەتەمەنە، بەرەکەی دەخورێ، لەهەنجیر دەچێت و هەنجیری فیرعەونیشی پێدەگوترێ ) و تا لای ماڵەکەم دەڕۆیی، لە تونێلێکی بەرز دەچوو، کە لق وپۆپی درەختەکان هاتبوونەوە یەک و گومەزێکی دوور و درێژیان بەدرێژی ئەم ڕاڕەوە دروست کردبوو، ڕاڕەوەکە یەک پارچە گیاو پەڵە گوڵ بوو، کە لە تاریکیەکەدا سپی دەچووەوەو بە ئاسانی جیا نەدەکرانەوە.

کە لە ماڵەکە نزیک بوومەوە، تووشی شڵەژانێکی سەیر بووم، وەستام گوێم لە هیچ نەدەبوو، سروەبایەک نەبوو کە گەڵای درەختەکان بلەرێنێتەوە، بیرم کردەوە، باشە چیمە؟ دە دانە ساڵ بوو بەو شێوەیە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە بە بێئەوەی هەست بەهیچ نیگەرانیەک بکەم، بێئەوەی هەست بە ترس بکەم، قەت بە شەوان هەستم بەترس نەکردبوو. خۆ ئەگەر تاڵانچییەک یان دزێکم دیتبا توورە دەبووم و بێگومان پەلامارم دەدا، هەمیشە دەمانچەم هەڵدەگرت لێ قەت دەستم بۆ نەدەبرد وبەکارم نەدەهێنا، چونکە دەمویست مقاوەمەی ئەم ترسە بکەم کە بەربووبووە دڵ و دەروونم. باشە ئەمە چ بوو؟ خەیاڵ بوو؟ تۆبڵێی ئەو خەیاڵاتە بێ کە هەندێ جار باڵ بەسەر هەستەکانی مرۆڤ دا دەکێشێت، بەتایبەتی کە هەندێ شتی نابەجێ دێتە بەر خەیاڵی؟ لەگینە؟ کێ چوزانێ؟

تا زیاتر لە ماڵەکەم نزیک دەبوومەوە. هەستم دەکرد تەزوویەکم بە سەراپادا دێت، کە گەییمە بەرامبەر دیوارە بە گویسەبانەکەی بەر ماڵە گەورەکەم، هەستمکرد، دەبێ بەرلەوەی دەرگا بکەمەوەو وەژووربکەوم، چەند خولەکێک چاوەڕوان بکەم، ئیدی لە سەر سەکۆیەکی ژێر پەنجەرەی ژووری میوان دانیشتم. کەمێک هەڵچوو بووم، سەرم نابوو بەدیوارەکەوەو چاوم بڕی بووە سێبەری گەڵای درەختەکان، لە هەوەڵەوە هیچ شتێکی نائاسایم لەدەوروبەری خۆمدا بەدی نەکرد. ژاوە ژاوێکم لە گوێما دەژنەوت لێ زۆرجار ئەوەم لێ دووبارە دەبووەوە، هەندێجار بەخەیاڵ وامدەزانی ڤیتارێک بە لاما تێدەپەڕێت، یان زەنگانێک لێدەدەن، یان دەنگی هەنگاونانی کۆمایەک بەشەر دەژنەوم.

پاشان، ئەم ژاوەژاوە زیاتر ڕوون بووەوە و بە ئاسانی جیا دەکرایەوە. ئەوەی گوێم لێی دەبوو، تەنیا خەیاڵات نەبوو، بەڵکو دەنگێکی ڕوون و ڕەوان بوو، بێگومان لە ناو ماڵەکەی منەوە دەهات لە پشت دیوارەکەوە گوێم لەو دەنگە یان لەو هەنگامەیە دەبوو، دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی کۆمەڵێک شت بوو. وەکو ئەوە بوو یەکێک بەکاوەخۆ هەموو کەل وپەل و ناو ماڵەکەم ڕابکێشێت.

ئاە! بۆ ماوەیەکی زۆر گومانم لە سەلامەتی گوێم پەیدا کرد، بەڵام خۆم دایە پەنا گوێسەبانەیەک، گوێم هەڵخست تابزانم کە ئەم دەنگە دەنگە غەریبە چییە کە لە ناوماڵەکەمەوە دێت، هەنگێ قەناعەتم هێنا و دڵنیابووم کە شتێکی

نائاسایی و نەخویا لە ژوورەوە ڕوودەدات . نە دەترسام، بەڵام... چۆن گوزارشت لەو حاڵەتە بکەم... لە حەپەساوی خۆما دەترسام. چەکەکەم سوار نەکرد، چونکە دەمزانی پێویستم پێی نابێت، چاوەڕوانم کرد.

ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم کرد، بەبێئەوەی بگەمە هیچ بڕیارێک. بەزەین وریا بووم، ئاگام لەخۆ بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا نیگەران بووم، لەزگ بووشێت بم. لە جێگای خۆم مامەوە، گوێم بۆ ئەم هەراو هەنگامەیە، کە لە زیاد بووندا بوو، دەگرت کە هەندێجار بە ڕادەیەک بەرز دەبووەوە، لە تۆ وایە دەگۆڕا بۆ تووڕە بوون، یان هەڵچوون.

بەڕاستی شەرمم لەم ترسنۆکییەی خۆم دەکرد، بۆیە دەستم دایە کلیلەکان، کلیلی کردنەوەی دەرگاکەم دۆزیەوە، خستمە سەردەرگاکە و دوو بام پێدادا، بە توندی دەرگاکەم دەڵەک داو کەوتە سەر گازی پشت.

کە دەرگاکە دای بەدیوارەکەی پشتەوە، گرمەیەکی گەورەی وەکو گرمەی تۆپی لێبەرز بووەوە، ئەمە لە سەرانسەری ماڵەکەما دەنگی دایەوە. دەنگدانەوەیەکی هێند کوت وپڕ و توند و ترسناک بوو کە چەند هەنگاوێک پاشەکشەم کرد و دەمانچەکەم لە کیفەکەی دەرهێنا، هەرچەندە هێشتا باوەڕم وابوو کە ئەم ڕەفتارە فایدەی نیە.

ئەمجارەش بۆ ماوەیەک چاوەڕوانم کرد، ئەوسا گوێم لە دەنگێکی نائاسایی بوو کە لە سەر پلیکانەی ماڵەکەم دەهات، لە ئەرزەکەوە، لە سەر فەرشەکەوە دەهات، دەنگی پێی بەشەر یان دەنگی پێڵاو نەبوو، بەڵکو دەنگی شتی گەورەبوو، شتی دارین یان ئاسن کە بەیەکا دەکەوتن و دەنگیان دەدایەوە، زۆری پێنەچوو لە بەر دەرگاکەمدا، کورسییەکم بینی، کورسییە نەرمەکەی خۆم کە لە کاتی خوێندنەوەدا بەکارم دەبرد، بە کەش و فشەوە لە ماڵەکەوە بەرەو باخەکە دەردەچوو، ئەوسا کورسییەکانی ژووری میوانەکەی بە دوودا هاتن، ئەوسا تەختە نزمەکان کە وەکو تیمساح ڕێیان دەکرد، دوای ئەوە هەموو کورسییەکانی ماڵەکە هاتن، کە وەکو بزن هەڵدەبەزینەوە، دوای ئەوە کورسییە نزمەکان هاتن، کە وەکو کەروێشک هەڵدەقوونانەوە.

ئەها! هەرشۆک بووم! پاشەوپاش کشامەوە تا خۆ بدەمە پەنای پەڵەدارێک، لەوێ هەڵتروشکام و تەمەشای کەل وپەل وناو ماڵەکەم دەکرد، کە یەک لە دوای یەک لە ماڵەکە دەهاتنە دەرێ. هەڵبەتە بەخێرایی جیاواز، بە گوێرەی قەبارەوکێشی خۆیان دەهاتنە دەرەوە. پیانۆ تایبەتیەکەی خۆم – پیانۆ گەورەکە – بە غار بە بەردەممدا تێپەڕی، دەتگوت ماینە وتووڕە بووە، لە هەمان کاتدا ژاوەژاوێکی موزیکاڵی لێبەرز دەبووەوە، شتە زۆر وردەکانیش وەکو مێروولە بەسەر لمەکەدا دادەخزین، لەوانە قالیچە و شووشەواتەکان و ئەو پەرداخانەی کە لە بەر تریفەی مانگدا وەکو فسفۆڕ دەدرەوشانەوە، قالیچەکان بەسەر ئەرزەکەدا دادەخزین بەهەمان شێوەی ئەختەبوتی ناو ئاو پان دەبوونەوە. دوای ئەوە میزەکەم هات کە توحفەیەکی دەگمەنی بەسەرەوە بوو کە مێژووەکەی بۆ سەدەی ڕابردوو دەگەڕایەوە. هەموو ئەو نامانەی بۆم دەهاتن، لەمیزەکەدا بوون. نامەکان مێژووی ژیانی ئەڤینداری منیان لە خۆگرتبوو، چیرۆکی دڵدارییەکی کۆن کە زۆرم ئەزیەت پێوە خواردبوو! ئەم نامانە وێنەشیان تێدابوو. لەپڕ ترسەکەم ڕەوییەوە، بەرەومێزەکەم تەکانم داو پەلامارم دا، ڕێک وەکو چۆن پەلاماری دزێک یان ژنێکی هەڵاتوو دەدەین، بەو ئاوایە پرم دایە، لێ مێزەکە لەوە خێراتربوو کە بگیرێدرێتەوە، وێڕای ئەوەی کە زۆر تووڕە بووم و زۆرم هەوڵدا پێشی پێبگرم، بەڵام هەرنەم توانی ڕێی پێبگرم، بەدەم بەڕەڤانییەوە کەوتمە سەر ئەرزەکە. هەنگێ بەسەر ئەرزەکەدا لوولی دام و بە سەر لمەکەدا ڕایکێشام، ئیدی هەموو ئەو کەل و پەلانەی دی کە دووی کەوتبوون، بەسەرما دەبوورین ولاقیان پان دەکردمەوەو برینداریان

دەکرد، کە وازم لە مێزکە هێنا، شتەکانی دی بەسەرما دەڕۆیشتن وەکو چۆن لەشکری سوارە بەسەر سەربازێکا کە لە سەر ئەسپەکەی بەردەبێتەوە دەروات، بەو ئاوایە بەسەرما دەڕۆیشتن.

لە ئەنجامدا، لە ترسا، خۆم لە ڕاڕەوە گەورەکە دوور خستەوەو چووم دووبارە خۆ وەپەنای درەختەکان بدەم و لەوێوە تەماشا بکەم کە هەموو کەل وپەلەکانم، بەورد و درشتەوە، بەو شتانەشەوە کە هەبوون و فەرامۆشم کردبوون، چۆن نەدەمان و ون دەبوون.

پاشان، لە دوورەوە، لە ناوماڵەکەمەوە، گوێم لە دەنگێکی گەورەی داخستنی دەرگایان بوو، کە دەتگوت لە ناو ماڵێکی چۆڵدا دەنگ دەداتەوە. ئەو دەرگایانە، لە هەموو گۆشەیەکی ماڵەکەما، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە تەق و هۆڕ دەکرانەوەو دادەخرانەوە، کە دوا دەرگایان، دەرگای داڵانەکە بوو، کە بو خۆم لە گەرمەی شێتایەتیما، وەختایەک هەڵهاتنی کەل و پەلەکانم بە چاوی خۆ دیت، کردبوومەوە.

منیش هەڵهاتم، بەرەو ناوشار غارم دەدا، تا نەگەیمە ناو شەقامەکان و خۆم لە نێو ئەوخەڵکانەدا نەبینییەوە، کە دێر کەوتبوون و هێشتا بۆ ماڵی خۆ نەگەڕابوونەوە، وەخۆ نەهاتمەوە. چووم بۆ ئوتێلێک کە خزمەتگوزارەکانی دەیانناسیم. بە هەردوو دەستان تەپوتۆزی سەرجلەکانم تەکاند. بە خزمەتگوزار و کرێکارەکانی ئوتێلەکەم گوت کە کلیلەکانم گوم کردووە، کلیلی دەرگای ئەو باخی میوەیەشی تیایە، کە ماڵی دەست و پێوەند و نۆکەرەکانم دەکەوێتە ئەودیوی حەساری باخەکەوە. ئەوحەسارەی بۆ ئەوە دروستکراوە کە دزان خۆ بە باخی میوەکەما نەکەن.

ژوورێکم بەکرێ گرت وخۆم بەناو جێگادا کرد، لێ خەوم لێنەکەوت. بەدەم گوێگرتنەوە لە لێدانی دڵی خۆم چاوەڕوانی ڕۆژهەڵاتنم دەکرد، ڕام سپاردبوو کە بەیانی زوو پیاوەکانم ئاگادار بکرێنەوە، بۆیە بەیانی سەعات حەوت. خزمەتکارە تایبەتیەکم هات بەسۆراخمەوە. شپرزەیی و پەشێوی بەڕوخسارییەوە دیاربوو. گوتی: – ئەزبەنی شەوی ڕابردوو کارەساتێکی گەورە ڕوویداوە.

گوتم:– چی ڕوویداوە؟

بەرسڤی دایەوە:–یەکێک هەموو کەل وپەل وناوماڵەکەی دزیوە، گسکی لێداوە، بچووکترین شتی بەجێنەهێشتووە.

ئەم هەواڵەم پێخۆش بوو. بۆچی؟ کێ چوزانێ؟

دەمی خۆم پێدەگیرا، متمانەم بە خۆ هەبوو کە ئەوەی بە چاوی خۆم دیتبوم، بۆ کەس نەدرکێنم. لە خۆم ڕادەبینی کە ئەم شتە بشارمەوەو وەکو ڕازێکی ترسناک لە ناخی خۆما لە گۆڕی بنەم، بەخزمەتکارەکەمم گوت ؛ کەواتە هەر ئەو دزانە کلیلەکانی منیشیان دزیوە. دەبێ بە زووترین کات پۆلیس ئاگاداربکەینەوە. تۆزێکی دی ڕادەبم ودەتگەمێ. تاقیقات وکۆڵینەوە لە بویەرەکە پێنج هەیڤی خایاند، بێئەوەی بگاتە هیچ و بێئەوەی بچووکترین توحفەش بدۆزرێتەوە. تاقیقکارانیش، کەمترین بەڵگەیان دەست نەکەوت کە بتوانن دزەکان بدۆزنەوە. هەڵبەتە ئەگەر من ڕازەکەم پێگوتبان، ئەوەم پێگوتبان کە دەمزانی... ئەوا منیان چەپس دەکرد نەک دزەکان، چونکە هەر من ئەو ڕەوشم بینی بوو.

ئا! توانیم بێدەنگ بم و شتەکە سڕپۆبکەم، بەڵام ماڵەکەم ئاوەدان نەکردەوە، ناو ماڵم نەکرییەوە، موبێلە کردنەوەی ماڵەکە فایدەی نەبوو، هەمان دیاردە و ڕەوش دووبارە دەبووەوە. تاقەتی ئەوەم نەبوو بچمەوە ئەو ماڵە، لەبەر چاوم کەوتبوو، ئیدی نە چوومەوە بۆ ئەوێندەرو نەلەوە دوا قەت ئەم ماڵەم بینییەوە. چووم بۆ پاریس. چوومە ئۆتێلێک وسەبارەت بەڕەوشی ئەعسابم کە لەو شەوە کارەساتبارەوە، نیگەرانی کردبووم. ڕاوێژم بە دکتۆران کرد. دکتۆرەکان، ئامۆژگارییان کردم کە بچمە سەفەر، بەگوێم کردن.

( ٢ )

سەفەری ئیتاڵیام کرد. زۆرم سود لە هەتاوەکەی بینی، لەزەرفی شەش هەیڤاندا لە جەنەوەوە چووم بۆ ڤینسیا، لەڤینسیاوە بۆ فلۆرنسا، لە فلۆرنساوە بۆ ڕۆما و پاشان لە ڕۆماوە چووم بۆ ناپولی، ئەوسا بەدوڕگەی سەقلیە دا سوڕامەوە، بەڕاستی گراڤێکی جوانە، سروشتێکی ئەفسووناوی هەیە. پڕە لە شوێنەواری کۆن کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی گریک و نورماندییەکان وخۆی لە ئێسک و پڕوسک وئێسکە پەیکەری قەدیسان و شتە بەهادارەکان دەبینییەوە، پاشان سەفەری ئەفەریقیام کرد. بە سەلامەتی بیابانە ئارام و زەرد باوەکەیم بڕی، وشتر و ئاسک و عەرەبی کۆچەرم بینی کە ئەو بیابانەیان تەی دەکرد. لەم بیابانەدا هەوا خۆشە، پاک وخاوێنە، پیاو نەبە شەو و نە بە ڕۆژەوە دووچاری کەمترین نیگەرانی و واز وازی نابێت.

دوای ئەوە لە ڕێگای مارسیلیاوە بۆ فەڕەنسا گەڕامەوە، هەرچەندە جەوی دەڤەری پرۆڤانس جوانە و گەشکە و زەردەخەنە دەدا بەژیان، بەڵام کەمی هەتاوەکەی لە چاو ئەفەریقیادا، خەمباری کردم. بۆیە وەختایەک بۆ ئەوروپا گەڕامەوە، هەستێکی غەریب دایگرتم. وەکو هەستی نەخۆشێک کەوا هەست دەکات چاک بووەتەوە تا کاتێ وەخۆ دێتەوە هەست بە ئازاری دەردێکی نادیار دەکات ئیدی تێدەگات هێشتا دەردەکەی دەرمان نەبووە.

ئەوسا بۆ پاریس گەڕامەوە، دوای ئەوەی مانگێک تیایدا مامەوە، هەستم بەبێتاقەتی کرد. دنیا پاییز بوو، حەزم دەکرد بەر لە زستان سەفەرێکی باشووری فەڕەنسا بکەم کە پێشتر نەمبینی بوو.

یەکەمجار چووم بۆ شاری (ڕوان) هەشت ڕۆژانی لێمامەوە، ئیدی وێڵ و سەرگەردان، بەجۆش و خرۆشەوە بەناو ئەو شارە کەوتم کە مێژووەکەی بۆ سەدەکانی ناڤین دەگەڕێتەوەو کە بە موزەخانەیەکی سەیر دێتە ژماردن و ژمارەیەکی یەجگار زۆری شوێنەواری قووتی تێدابوو.

ئێوارەیەک، دەوروبەری سەعات چوار، بەشەقامێکی سەیردا ڕێم دەکرد کە جۆگایەکی پێدا دەڕۆیی، ئاوەکەی وەکو مەرەکەب لێڵ بوو پێیان دەگوت ( ئاوی روبیک ) لە پڕ چاوم بە کۆمەڵێک دووکانی بازرگانی شتێن کۆنە، بەریزی یەکەوە کەوت، سەرنجیان ڕاکێشام، پێشتر تەرزی تەلارکاری سەیر وکۆنی ماڵەکانی سەر ئەم شەقامە سەرنجیان ڕاکێشابووم.

بازرگانە دزێوەکان زۆر باشیان کردبوو کە ئێرەیان بۆ کار وکاسبی وبازرگانیەکەیان هەڵبژاردبوو، لە ناو جەرگەی ئەم گەڕەکە غەریبەدا، لەسەر ئاوەڕۆیی ئەم جۆگا خەمناکەدا ولەژێر ساپیتەی ماڵەکاندا کە لەخشت و قرمید دروست کرابوو و هێشتا پانکەی کۆن بە تەقەتەق کاریان دەکرد.

لە کۆتایی ئەم دووکانە کۆنەدا. سیرامیک وپەیکەر وفەفخوری دەسکاری روان یان نوفیر یان موستیە هەڵدرابووەوە، هەروەها پەیکەرێن دارین و شەمایل و پەیکەری حەزرەتی مەسیح و مریەمی پاکیزەو قەشە و پارسایان بەدی دەکران. لەم دووکانانەدا شتێن تایبەت بەکڵێسایانیش دەبینران وەکو جلکی نوێژ و نزایان، جلکی

ڕەبەنان و هەروەها ئەو ئامانانەش کە ئەو قوربانیانەی تیا دادەنرا کە لە نوێژا بەکار دەبران، هەروەها خەزنەیەکی کۆنیش هەبوو بۆ پاراستنی ئەو قوربانیانەی کە لە دارێن زێڕ کفت دروست کرابوون، بەڵام هیچ بایەخێکی ئاینیان نەبوو. بەڕاستی شکەفتی تایبەتی لەو ماڵە بەرزانەدا هەبوو، ئەوماڵانەی پڕبوون لە شتێن عەنتیکە، هەموو جۆرە عەنتیکەیەک، کە لە دوای نەمانی خاوەنەکانیانیش هەر مابوون. دوای بەسەرچوونی قەرن و سەردەمی خۆیان، دوای ئەوەی زەمانێکی یەجگار زۆریان بەسەردا تێپەڕی بوو، هێشتا هەر مابوون و نەوە نوێیەکان وەکو شوێنەواری کەونارا دەیان کڕی.

کە خۆم لە ناوجەرگەی ئەم هەموو شتە کونینە وعەنتیکانەدا بینییەوە خولیای وردە توحەفیاتم کەوتەوە سەر، ئیدی لەم دووکانەوە بۆ ئەودووکان دەچووم، بە دوو بازان بەسەر هەندێ تەختەداری ڕزیودا کە لە سەر ئەو جۆگا ئاوەدا رایەڵ کرابوو کە پێیان دەگوت " ئاوی روبیک " دەپەڕیمەوە.

خودایا ! چ ببینم ! تووشی چ شۆکێک بووم. لە ناکاوا چاوم بە یەکێک لە جوانترین خەزنەکانی خۆم کەوت. لە سەر قوببەیەکی بەرز دانرابوو کە پڕبوو لە شتی کۆن، لە سەردابێک دەچوو کە بچێتەوە سەر گۆرستانێکی شوێنەوارێن کۆن. لەم خەزنەیە نزیک بوومەوە، ساراپام دەلەرزی، بەڕادەیەک دەلەرزیم زاتم نەکرد دەست لەم خەزنەیە بدەم، دەستم درێژ کرد پاشان گێڕامەوە، وێڕای ئەوەش دڵنیابووم کە خەزنەکەی خۆمە، مۆدی سەردەمی لویسی سیازدەیەم بوو، توحفەیەکی زۆر دەگمەن و بێ وێنە بوو، هەرکەسێک بۆ تاقە جارێک دیتبای دەیناسییەوە، لە ناکاوا چاوم بەچەند شوێنێکی تاریکتری ناو هۆڵی نمایشکەدا گێڕا، سیان لەکورسییەکانی خۆمم ناسییەوە، هەروەها دوومێزی خۆمم، کە مۆدی سەردەمی هینری دووەم بوو ناسییەوە، ئەوەندە دەگمەن و جوان بوون خەڵکی بەتایبەتی لە پاریسەوە دەهاتن بۆ دیتنیان. تەسەور بکەن! تەسەوری باری دەروونی ئەو ساتانەی منتان پێدەکرێ! بە تۆپزی خۆم بکێش کرد و چوومە پێشێ، لە هەڵچوونی خۆما هەرەسم هێنابوو، بەڵام لە ئازایەتی خۆما دەچوومە پێشێ. وەکو سوارچاکێکی سەدە تاریکەکان کە خۆی دەکات بە دنیایەکی جادوویدا بەو ئاوایە چوومە پێشێ، لە گەڵ هەر هەنگاوێکدا، شتێکم لە کەل و پەل و توحفە دەگمەنەکانی خۆم دەناسییەوە، ئاوێزەکانم، کتێبەکانم، تابلۆکانم، قوماشەکانم، چەکەکانم، هەمووشتێک جگە لە مێزەکەم کە پڕبوو لە نامە و بە هیچ جۆرێ بەرچاوم نەکەوت. بەهەندێک ڕاڕەوانی نشێودا بۆ کۆمەڵێک هۆڵێن تاریک داگەڕام و پاشان بۆ قاتەکانی سەرەوە سەردەکەوتمەوە. بە تاقی تەنیا بووم، بانگم دەکرد، کەس وەڵامی نەدامەوە. بە تاقی تەنیا لەوێندەر بووم. تاقە کەسێک لەو ماڵەدا نەبوو، هێندە گەورە وپڕ پێچ وپەنابوو، لە ونگە دەچوو.

شەوم بەسەرا هات، ناچاربووم لەم تاریکستانەدا، لە سەر یەکێک لەکورسییەکانی خۆم دانیشم، حەزم نەدەکرد لەم شوێنە بڕۆم، ناو بە ناو دەنگم هەڵدەبڕی و بانگم دەکرد: ئاهای! کێ لێرەیە!

هەڵبەتە پتر لە یەک سەعات لەوێندەر دانیشتم، پاشان گوێم لە دەنگی پێیان بوو، دەنگی سووک وهێواش، نەمدەزانی لە کویوە دێت. لەزگ بوو ڕابم وهەڵێم، لێ لە جێی خۆ وشک بووم وجارێکی دی هاوارم کرد، ڕوناکییەکم لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بەدی کرد. گوێم لە دەنگێک بوو دەیگوت :- زەلام کێی؟

بەرسڤم دایەوە :- کڕیارم.

وەڵام درامەوە:- کات درەنگە، لەوە درەنگترە کڕیار خۆی بەم فرۆشگایانەدا بکات.

وەڵامم دایەوە:- پتر لە سەعاتێکە لێرە چاوەنۆڕ دەکەم.

- دەتوانی سبەینێ بێیتەوە.
- سبەی دەڕۆم، سبەی روان بەجێدێڵم.

نەوێرام بەرەو سەمتی دەنگەکە بڕۆم، خاوەن دەنگەکەش نەهات بۆ دیتنم. لێ هێشتا ئەو تروسکەیەم لێ دیاربوو کە قالیچەیەکی ڕوناک دەکردەوە کە دیمەنی دوو فریشتەی لە سەر نەخشێنرابوو کە بە ئاسمانەوە بە سەر مردوانی شەڕگەیەکدا دەسوڕانەوە. ئەم قالیچەیەش هی من بوو.

گوتم:- دەی باشە تا ئێرە نایەیت؟

بەرسڤی دایەوە:- من چاوەڕوانت دەکەم.

لە جێی خۆم هەستام و بەرەو لای ئەو چووم.

لە ناوەڕاستی ژوورێکی گەورەدا چاوەڕوانی من بوو. پیاوێکی کورتە باڵا بوو، زۆر کورت وقەڵەو بوو. لە عاجبایەتیەکی دزێو دەچوو.

ڕدێنێکی دەگمەنی هەبوو، داوەکانی یەکسان نەبوو. برۆی ئاماڵ زەرد بوو، سەری ساف، داوە قژێکی پێوە نەبوو! مۆمێکی بە دەستەوە بوو، بەرزی کردبۆوە تا من بدینێت، سەرە سافەکەی لەبەرتیشکی مۆمەکەدا، دەتگوت مانگێکی بچکۆلەیە لە ناوەڕاستی ئەم هۆدە گەورەیەی کە پڕ بوو لە شتێن کۆن و کەونارا. ڕوخساری ئەم پیاوە یەکپارچە چرچ و لۆچ و ئاوسا بوو، چاوەکانی زۆر بچووک بوون.

سەودای سێ کورسی خۆمم لەگەڵ ئەم پیاوەدا کرد، یەکسەر پارەیەکی زۆرم دایە، ئەوسا ژمارەی ئەو ژوورەم دایە کە لە ئۆتێل بەکرێم گرتبوو، وارێکەوتین کە سبەی بەیانی، بەر لە سەعات نۆ، کورسیەکانم ڕادەست بکات.

پاشان فرۆشگایەکەم بەجێهێشت. کابرای بازرگان زۆر بە ئەدەبەوە تا بەر دەرگا لە گەڵمدا هات.

پاشان چووم بۆ پۆلیسخانە بۆ دیتنی سەر پەرشتیاری گشتی پۆلیسخانەکە، ئیدی حاڵ وحیکایەتی دزینی کەل و پەل وناوماڵەکەم و دۆزینەوەیانم لەو شوێنەدا کە تازە لێی هاتبوومە دەرێ، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

هەنگێ یەکسەر بە تەلەگراف داوای زانیاری لەو بەشەکرد کە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لە بویەری ئەو دزییە، تکای لێکردم چاوەڕوانی وەڵام بکەم، دوای سەعاتێک زانیارییەکانی پێگەیی کە بە قازانج وبە دڵی من بوو.

پێی گوتم: هەرئێستا ئەمر دەردەکەم کە ئەم پیاوە بگرن و یەکسەر لێکۆڵینەوەی لە گەڵ بکەن نەبا گومانی شتێک بکات وهەمووشتەکانی تۆ بشارێتەوە. تۆ بڕۆ شێوی خۆت بخۆ ودوای دوو سەعاتێک وەرەوە، هەنگێ کابراش دەهینرێتە ئێرەو بە بەر چاوی خۆتەوە و سەر لە نوێ پرس وجۆی دەگەڵدا دەکەم.

بەرسڤم دایەوە:- بەخۆشحاڵییەوە ئەزبەنی پڕبەدڵ سوپاست دەکەم.

دوای ئەوە چووم شێوەکەم لەو ئوتێلەدا کە لێی ئاکنجی بووم، بخۆم، ئەو شەوە زۆرم خوارد. خۆشحاڵ بووم، دەستیان پێێ گەیی بوو.

دوای دوو سەعات چوومەوە بۆ لای ئەو ئەفسەرەی کە چاوەڕوانم بوو، کە دیتمی گوتی:- باشە قوربان، ئەو پیاوەمان نەدۆزییەوە کە تۆ لێی دەگەڕایت. پیاوەکانم نەیانتوانیوە دەستگیری بکەن.

کە گوێم لەوقسەیە بوو، خەریک بوو لە داخا ببورێمەوە.

لێم پرسی:- باشە زانیتان لە کوێ دادەنیشێت؟

- بەڵێ، هەڵبەتە، چاودێریماڵەکە دەکەین وتاقیبی دەکەین تا دەگەڕێتەوە. بەڵام کابرا بە خۆی دیار نەماوە.
- دیار نەماوە؟
- بەڵێ دیار نەماوە، ئەم کابرایە بەزۆری شەوان لە لای ژنێکی دراوسێ بەسەر دەبات کە وەکو ئەو بازرگانی شتێن کۆن و توحەفیات دەکات، خانمێکی دڵڕەشی، گڵاوی، ئەتوار غەریبە. بێوە ژنە، ناوی " بیدوان " ە، بەڵام ئەمشەو کابرای نەدیتووە و هیچ زانیاریەکی دەربارەی وی لە لا نییە تا بماندانێ. دەبێ تاسبەینێ چاوەڕوان بکەین.

دوای ئەوقسانە ڕۆیشتم. ئەها! چەند جادەکانی روان لە بەرچاوم خەمناک بوو، دڵم دەگوشرا، دەتگوت جنۆکە نشینە.

ئەوشەوە خەوێکی زۆر ناخۆشم کرد، هەرکە خەوم لێدەکەوت، مۆتەکە سواری سەرم دەبوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر، بەئەنقەست تا سەعات دە نەچووم بۆ بەشی پۆلیس، بۆ ئەوەی وانەنوێنم کە زۆر نیگەرانم یان پەلەی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەم.

ئەو بازرگانە هیچ پەیدا نەبوو بوو، دووکانەکەی هەر داخرا بوو.

کابرای مامور پێی گوتم: - هەموو کارێکی پێویست کراوە و دەزگای بەرپرس لە مەسەلەکە ئاگادارکراوەتەوە. پێکەوە دەچین بۆ دووکانە و دەیکەینەوەو هەموو شتەکانی خۆتم لەوێ نیشان دەدەی.

گالیسکەیەکی داخراوی دووئەسپی بۆ ئەوێندەری بردین، چەند ئەفسەرێک لەوێندەر لە بەر دووکانەکەدا چاوەڕوانیان دەکردین، قفڵسازێکیان لە گەڵدابوو، دووکانەکەیان کردەوە.

وەختێ چووینە ناو دووکانەکەوە. نەخەزنەی جلەکانم، نە کورسییە نەرمەکان و نە مێزەکانی خۆمم و نە هیچ کەل و پەلێکی ناو ماڵەکەمم نەبینی، هەر هیچ شتێکم نەبینی، کەچی دوێنێ، هەر لەو دووکانەدا، هەرکە لە جێی خۆ دەجوڵامەوە دەکەوتم بە یەکێک لە شتەکانی خۆما.

مامۆرەکە حەپەسا، هەوەڵجار بەگومانەوە سەیری دەکردم. پێمگوت:- خودایا! قوربان، دیارنەمانی کەل و پەلەکان هاوکاتە لەگەڵ دیارنەمانی خودی بازرگانەکەدا.

بزەیەکی کردو گوتی: دروستە! تۆ دوێنێ هەڵەت کردووە کە هەندێ لە شتەکانی خۆتت کڕیوە، ئەم ڕەفتارەی تۆئاگاداری کردووەتەوە.

دووبارەگوتم:- سەیر ئەوەیە ئەو شوێنانەی کە دوێنێ شتە تایبەتیەکانی منیان لێدانرابوو، ئێستا شتی تریان لێدانراوە.

مامورەکە گوتی:- دویشەو وەختی زۆری بە دەستەوە بووە و ئیدی دەرفەتی هێناوە، هەڵبەتە لەو کارەشا شەریک وهاوکاری هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کە هەبێ ونەبێ ئەم ماڵ ودووکانە دەچێتەوە سەرماڵەکانی تەنیشتی. قوربان خەمت نەبێ، بەخۆم لەم دۆزە دەکوڵمەوە، زۆر بەجدی پەیجۆری دەکەم، ئەم دزە لە دەستمان دەرباز نابێت، بە بەردەوامی چاودێری دووکانەکەی دەکەین.

***

ئاە ! دڵەکەم ! دڵە داماوەکەم. چۆن لێی دەدا! پازدە ڕۆژ لە روان مامەوە، بەڵام کابرا هەر پەیدا نەبوو! کێ دەیتوانی بیدۆزێتەوە. یان غافڵگیری بکات!

کەچی بەیانی ڕۆژی شەشەم نامەیەکم لە باخەوانەکەوە کە لە هەمان کاتدا پاسەوانی ماڵە تاڵانکراوەکەشم بوو، پێگەیی. نامەیەکی سەیر بوو، بەم نیوەڕۆکە:

ئەزبەنی،

حەز دەکەم ئەوەتان عەرزبکەم کە دوێشەو، بویەرێک رووی داوە کە هەم بۆئێمە و هەم بۆ پێاوانی پۆلیس نامەفهوومە، هەموو کەل و پەلەکان، هەموو توحفەکان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. هەرهەمووی، تاقە یەک شتی کەم نییە. هەر هەمووی، بچووکترین شتی کەم نییە، ماڵەکە وەکو خۆی، وەکو ڕۆژی بەر لە دزییەکەی لێهاتووەتەوە. کارێکە ناچێتە ئەقڵەوە. ئەمە شەوی شەممە ڕوویداوە. ئەوەی مایەی سەرنجە ڕێگاکەی بەردەم دەرگاکە چاڵ بووە، لەوە دەچێت، هەمووشتەکان بە ڕاکشان برابنە ژوورەوە، من لە ڕۆژی دزینی شتەکانیشدا ئەوەم بەدیکرد.

ئێمە چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتین.

خزمەتکاری دڵسۆزت

رودان، فیلیپ

ئاە ! نا ! ئاە ! نا. ناگەڕێمەوە بۆ ئەم ماڵە. ئەم نامەیە دەبەم بۆ پۆلیسی روان.

پاش ئەوەی نامەکەی خوێندەوە گوتی:- گەڕاندنەوەی شتەکان هەڵوێستێکی زۆر جوانە، با هیچ نەڵێین و شتەکە بەنهێنی بمێنێ، ڕۆژێ دێ کە ئەم پیاوە دەگرین.

***

بەڵام کابرا نەگیرا. نەخێر، نەیانتوانی بیگرن، من حاڵی حازر لێی دەترسم، وەکو ئەوەی هۆڤیەکی دڕندە بێ وتاقیبم بکات، بەو ئاوایە لێی دەترسم.

نادۆزرێتەوە! مەحاڵە ئەم هۆڤیە سەر لووسە ڕەخشانە بدۆزرێتەوە! هەرگیز ناتوانن دەست بەسەری بکەن،

هەرگیز بۆ ماڵەکەی ناگەڕێتەوە، شتەکەی بەلاوە گرینگ نییە، جگە لە من کەس ناتوانێ بیدینێ و ڕووبەڕووی ببێتەوەو منیش ئەوەم ناوێ. نامەوێ بیدین ! نامەوێ! نامەوێ!

خۆ ئەگەر ئەم پیاوە هاتەوەو دووکانەکەشی کردەوە، کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ کە ئەو شتەکانمی بردووە؟ خۆ هیچ بەڵگەیەکی لە سەر نییە جگە لە شایەدی من، کە هەستدەکەم ئەویش بووە بە مایەی گومان.

ئاه! نەخێر! تەحەمولی ئەم ڕەوشە ناکەم! لەوەی پتر ئەم ڕازەم پێ ناشادرێتەوە. ناتوانم بەئاسایی بژیم و ئەم ترسە، ترس لە دووبارە بوونەوەی ئەو بویەرەی روویدا، لە ناخی خۆما هەڵبگرم.

بۆیە هاتم بۆ لای ئەو دکتۆرەی کە سەرپەرشتی ئەم ئاسایشگەیە دەکات و هەموو شتێکم بۆی گێڕایەوە.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر پرسیارپێچی کردم پێی گوتم:- قوربان، ڕازی دەبێت ماوەیەک لێرە وەمێنی؟

- بەخۆشحاڵییەوە، ئەزبەنی.
- دەوڵەمەندی؟
- بەڵێ ئەزبەنی.
- دەتەوێ لە جەناحێکی تایبەتی و بە تەنیا بێت؟
- بەڵێ ئەزبەنی.
- دەتەوێ لێرە پێشوازی دۆستان بکەیت؟
- نەخێر ئەزبەنی، نەخێر، پێشوازی کەس ناکەم، لەوەیە بازرگانەکەی شاری روان، خۆی بگەیەنێتە ئێرە و تۆڵەم لێبکاتەوە.

***

ئەمێستا سێ دانە مانگە بەتاقی تەنیام. کەمێک وەخۆم هاتوومەتەوەو هێوەربوومەتەوە. تەنیا لە یەک شت دەترسم، باشە ئەگەر ئەم بازرگانی کۆنینە فرۆشە شێت ببێت... ئەگەر بۆ چارەسەر بۆ ئەم ئاسایشگەیەی بێنن... زیندانەکانیش ئەمین نین.

ئەم چیرۆکە لە ١٨٩٠/٤/٦ دا لەبڵاو کراوەی ئیکۆدی باری بڵاوکراوەتەوە.

گی دوموپاسان (١٨٥٠ - ١٨٩٣ )

بە دیارترین و بەناوبانگترین ئەدیب دەژمێردرێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە بایەخی بە ئەدەبی نائاسایی و فەنتازتیک داوە، ئەم نوسەرە گەورەیە کە بە هەق شایستەی نازناوی گەورەترین نووسەری کورتە چیرۆکی سەدەی نۆزدەیە، بەرهەمێکی یەجگار زۆری لە پاش بەجێماوە کە برتییە لە نزیکەی سێیەد چیرۆک ((لە دە بەرگا کۆکراونەتەوە) و شەش ڕۆمان وهەڤدە چیرۆکی سەفەرنامەیی، کە لە ساڵانی ١٨٨٠ – ١٨٩١ دا نووسراون.

تێبینی :ئەم پێنج چیرۆکە لەم سەرچاوەیەوە کراون بەکوردی:

الخوف و قصص اخرى/ جی دی موباسان/ ترجمة سحر سمیر یوسف، مراجعة: سلوى لطفی/ المجلس الاعلى للثقافة/ ٢٠٠٥/ القاهرة.